منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

دیوانی گۆران

عەبدوللا گۆران

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دائلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

دیوانی گۆران

عەبدوللا گۆران

نشر پانیذ

١٣٨٦

گۆران، عەبدوڵڵا، ۱۹۰۴-۱۹۵۸ م.
دیوانی گۆران. —تهران:پانیذ، ۱۳۸۲.
ISBN:964-7105-15-0
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
۱.شعر کردی-قرن۱۴.الف.عنوان.
۹۳ گ ۴۰۲ ص/۳۲۵۶ PIR ۸فا۹/۲۱
۱۳۸۲
کتابخانه ملی ایران
۸۲-۱۸۵۳م

نشر پانیذ

دیوانی گۆران

عەبدوڵڵا گۆران

بڵاوکراوەی پانیز

چاپی سێیەم ۱۳۸۶

لیتوگرافی باختر چاپخانه دالاهۆ

تیراژ ۲۰۰۰

تهران :میدان انقلاب خیابان ابوریحان نبش خیابان وحید نظری پلاک ۱۰۰
تلفاکس: ۶۶۴۱۵۹۸۲
nashrepaniz@hotmail.com

۵۰۰۰ تمەن

شابک :۰-۱۵-۷۱۰۵-۹۶۴ ISBN:964-7105-15-0

بۆ هەمو مامۆستایانی بەڕێز کە لە لێکدانەوە و
ڕێکوپێککردنی ئەم بەرهەمە بەنرخە تێمەیان
یاری داوە ڕێز و سپاسی خۆمان در ئەبڕین.

بلاوکەی پانیز

پێرست

لە سێبەری ئاوبە را ١٣
پێشەکی ٢٧
بە کورتی سەرگوزمشتەی ژیانی گۆران ٣٤

کۆمەڵەی یەکەم
بەهەشت و یادگار

پێشکەشی بەهەشت و یادگار ٣٩
سەرەتا بۆ بەهەشت و یادگار ٤٠

بەهەشتی دڵ

ئافرەت و جوانی ٤٣
ڕەوتێکی جوان ٤٤
ئاواتی دووری ٤٥
گوڵی خوێناوی ٤٧
حوزنی پەچە ٤٩
خۆزگەم بە پار ٥٠
سکاڵا ٥٢
بۆ جوانی سەرەڕێ ٥٣
بەستەی دڵدار ٥٤
جوانی لە لادێ ٥٧
لە درزی پەچەوە ٥٨

بۆ خانمێک ۵۹
هەڵبەستی ڕەنجاو ۶۰
هەڵبەستی پەشیمان ۶۱
بۆ گەورە کچێک ۶۲
نیاز ۶۳
جوانی یێناو ۶۵
بۆ کچێکی بێگانە ۶۶
ئاهەنگێک لە ناو ڕان ۶۷
شەوێک لە «عەبدوڵڵاە» ۷۰
بووکێکی ناکام ۷۲
لە لادێ ۷۴

یادگاری کۆن

غەزەلیات

ئەڕۆی ئۆغر ۷۷
هەرچەن ۷۸
ئەی شەوقی گەلاوێژ! ۷۹
تاوێ نەگەڕا ۸۰
لە بەختی تار ۸۱

لاسایی نەدەبی عوسمانی

کەنیشکە جوانەکە! ۸۲
مەدەنیەت ۸۳
سێبەری هیوا ۸۴
ژن ۸۵

کۆمەڵەی دووەم

فرمێسک و هونەر
لەگەڵ دوو هاوینە گەشت

پێشکەش ۸۹
سەرنجێک ۹۰

شیوەنو فرمێسک

هاوڕێم بێکەس!..... ۹۳
لاوانەوەی سەرەڕێ..... ۹۶
لە سەرمەرگی هیوادا..... ۹۷
گوڵی کەمخایەن..... ۹۸
شیوەنی گوڵاڵە..... ۹۹

هونەرە جوانەکان

بۆ بولبول..... ۱۰۳
جیلوەی شانۆ..... ۱۰۶
بۆ گەورەیەکی شیعردۆست..... ۱۰۹
بۆ سالم..... ۱۱۰
دەرویش عەبدوڵڵا..... ۱۱۱
هەڵبەستی دەروون..... ۱۱۳
جواب بۆ جەناب..... ۱۱۴

دوو هاوینە گەشت

گەشت لە هەورامان..... ۱۱۷
گەشت لە قەرەداغ..... ۱۲۱

کۆمەڵەی سێیەم
سروشت و دەروون

پێشکەش..... ۱۳۲

سروشتی جوان

پاییز..... ۱۳۵
هەوری پاییز..... ۱۳۶
سەوزەگیای پاییز..... ۱۳۷
دیمەنێکی بەهار..... ۱۳۸
شەوێکی بەهار..... ۱۳۹
نەی گەلاوێژ..... ۱۴۱

بەسەرهاتی ئەستێرەیەک ۱۴۲
دارچوالەی پشکووتوو ۱۴۳
بەهاری پاش باران ۱۴۴
تازە؟ ۱۴۵
بێداریەک ۱۴۶

دەنگی دەروون

ئاخ، هەزار ئاخ ۱۴۹
ئیلهامی دەاوارە ۱۵۱
کوردستان ۱۵۲
جەژنی نەورۆز ۱۵۴
دیاریی خوای شەڕ ۱۵۵
ڕۆڵەی بێدایک ۱۵۶
نالەی بێکار ۱۵۷
بۆ هیوای کوڕم ۱۵۹
یار ۱۶۱
دوا سەرنج ۱۶۲
بەردەنووسێک ۱۶۵
قاله مرد ۱۶۷
له بەندیخانه ۱۶۸
وەڵامی پرس ۱۷۳
بۆ گوڵی لاولاو ۱۷۴
ئەی ئەی! ۱۷۵
ئاوێنەی هەستیم ۱۷۶
زەنگی پەستی ۱۷۷
گیان ۱۷۸
له کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە ۱۷۹

کۆمەڵەی چوارەم

لاوک و پەیام

لاوکی سوور بۆ کۆڕیای ئازا ۱۸۳
پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجانو قوتابیان له بوخارست ۱۹۱

کۆمەڵەی پێنجەم

لە کۆڕی خەباتا

شەهید ۱۹۹
زیندانی ئەژدەهاک ۲۰۱
بەستەی ئەبەز ۲۰۲
لە بنی بیرا ۲۰۳
بۆ مایکڵ ۲۰۴
بانگێک... بۆ پۆڵ ڕۆبسن... ..... ۲۰۵
لە زیندانا چواردەی تەموز ۲۰۶
بت، بەوان ۲۰۸
شۆڕشگێڕ ۲۱۷
تاسەی دیدار ۲۲۰
بۆ سەربازی جومهووریمان ۲۲۳
مۆسکۆی جوان ۲۲۶
ڕێگای لەنین ۲۲۷
نەورۆز ۲۲۸
بە ڕێگادا... بەرەو کۆنفرانس ۲۲۹
نەورۆزی ۶۱ ..... ۲۳۴
چیرۆکێکی برایەتی ۲۳۶
مۆسکۆی ئەیار ۲۳۹
بێشکەی منداڵ ۲۴۱
تیرو کەوان ۲۴۲
بۆ لاوان ۲۴۵

دڵۆپی مرواری

ئاوابوونێک ۲۵۱
یادی مێکەس ۲۵۲
یادی پیرمێردی بۆتژ ۲۵۳

کۆمەڵەی شەشەم

ئۆپەریێت

ئەنجامی یاران ۲۵۷

ئەنجامی ئەژدەهاک ٢٦٢

کۆمەڵەی حەوتەم

پیەس لە یەک پەردەی کورتا

دوشمنمان مێشوولە ٢٧١
شیوەنی دارستان ٢٧٢
ماستاو ٢٧٣
وڵاتی ئاوا ٢٧٥
جۆقی یۆنسکۆ ٢٧٦
موحاکەمەی مام چەوەندەر ٢٧٩
نق و جق ٢٨١
خۆزگەی هەژار ٢٨٤

کۆمەڵەی هەشتەم

شیعری گەپ

هەرزوحاڵ ٢٨٧
دەنگی مردوو ٢٨٨
جاسووس ٢٩٠
چەقەڵ ٢٩١
سەگوەڕ ٢٩٣
ماکارتی ٢٩٥
ڕازی... ناڕازی ٢٩٦
دانە... دانە ٢٩٨

کۆمەڵەی نۆیەم

سروود

کوردستان ٣٠١
بەری بەیانە ٣٠٢
دەمی ڕاپەڕینە ٣٠٣
نەورۆز نەکەم ٣٠٤
ئەی لاوی کورد ٣٠٧

گۆرانیی قوتابیان ۳۰۸
جەژنەپیرۆزەی ئاشتیخوازان ۳۰۹
چواردەی تەموز ۳۱۰
مارشی ئاشتیخواز ۳۱۱
یادی لەنین ۳۱۳
جەژنی ئایار ۳۱۴

کۆمەڵەی دەیەم
شیعر بۆ منالان

ساوای ئاشتیخواز ۳۱۷
جگەرتانین ۳۱۸
گۆرانیی کەو ۳۱۹
بەرخەکەم ۳۲۱
گۆرانیی دەنکەگەنم ۳۲۲
پشیلەکەم ۳۲۵
کەرۆشک ۳۲۶
بەفر ۳۲۷

کۆمەڵەی یازدەیەم
وەرگێڕراو

گۆڤان ۳۳۱
گەڕانەوە لە زیندان ۳۳۳
دوێنێ ۳۳۴
ئامۆژگاریی ئیمپریالیزم ۳۳۷
ڕاست بنەوە ۳۳۸
قەیسی شەهید ۳۳۹
گۆرانیی لاوانی جیهان ۳۴۲
هەر وەک کەرەم ۳۴۴
لەبارەی شیعرەکەمەوە ۳۴۶
نایەڵێن بڵێین ۳۴۷
داخی دڵ، شیوەن بۆ نامیق کەمال ۳۴۸
فەقێ تەیران ۳۴۹

دڵەکەم ۳۵۰
دەربەدەر ۳۵۱
پرسیارێکی ناسر خوسرەو ۳۵۲
ئاهەنگی موغان ۳۵۳
تەرجیعبەندێکی بەناوبانگ ۳۵۵
داستانی هەیاسی وکاکەهایدین ۳۵۷
هێزی گەل ۳۵۹
خەباتی گەل ۳۶۱
بت ۳۶۳

خەیام بە کوردی

خەیام بە کوردی ۳۶۵

شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو

پیەر لۆتی ۳۷۷
هەورەکان تێنەپەڕن ۳۸۲
ئینسانی گەورە ۳۸۲
باوەڕە کەمان ۳۸۳

کۆمە ڵەی دوازدەیەم

بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زاخاوی مێشک ۳۸۵

کۆمە ڵەی سیانزەیەم

هەمە جۆرە

هەمە جۆرە ۳۹۹

لە سێبەری ئاوێە را

لەم چاپەدا، کە بۆ جاری دووهەم سەرجەم دیوانی گۆران چاپ دە کرێتەوە، پێویستە یادی ئەو هەوڵ و کۆششە بکەینەوە، کە سەرجەم دیوانی گۆرانی بەرهەم هێنا.

بەڵێ ئەو لێژنەیەی کە پێک هاتبوو، لە دوکتۆر عیزەدین و حەمە کەریم فەتحوڵڵا، جەلال دەباغ و کاکەی فەلاح و هۆگری برام و هێرۆی خۆشکم و خۆم، لە گەڵ کاکە محەممەدی مەلاکەریم کە ئەرکی زۆرو ماندوو بوونی تەواو بەو بڕا، هەر لە پارێزگاریی دەستنووسەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوانی لای هۆگری برام، لەگەڵ ئەو چاپکراوانەشدا، کە لە سەردەمی گۆرانا چاپ کرابوون یا ئەوەی هۆگرگۆران ئەنجامی دابوون.

بێگومان ساخکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵە و شوێنکەوتنی کاری وا ئاسان نییە، بۆیە نەک هەرلەبەر پێشە کییە کەی، بەڵام ئەو هەوڵ و تەقەلا بێ پشووەی کاکە حەمە، جێگای سپاس و ڕێزی هەموو گۆراندۆستێکە.

پێم وایە جێی خۆیەتی ڕێزی کاکە دوکتۆر عیزەدین هەر لەو ئاستەدا بزانین بۆ ئەو پێشەکییەی کە بۆی نووسی، هەر وەها وەرگێڕانە کەی بۆ عەرەبی.

ئەم بەڕێزانە و بە کێنیی نووسەران کە لەو سەردەمەدا لە بەغدا، ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتبوو هەروەها خوالێخۆشبوو، کاک عەلی بۆسکانی دەستگیرۆیی قەرزێکی نووسەرانی کوردی کرد بوو لە پێناوی چاپی دیوانی گۆرانا، ئەوەش پاداشتی کە لای خوای میهرەبانە و هەڵی ڕێزی گشت گۆراندۆستێکە لەکاتێکی دوورەوە لە چاپێکی نوێدا، دیوانی گۆران بخەینەوە بەردەست خوێنەران و ئەم دەرفەتەش بەر من بکەوێ کە ئاوا بە تێروتەسەلی سوپاسی ئەو دۆستانە بکەم.

جا لەمە بەدوا لە سەری دێرەوە دە کەوینە باسێکی پێویست سەبارەت بە ژیانی تایبەتی گۆران و هەندێ ڕا و بۆچوون لە ڕووی هۆنەری شیعر و داهێنانە کانی گۆران.

لە سێبەری بەیانیا بە ڕووی نەوەڕەودا

هەرچەندە شنەی فێنکی ئاوێەڕی سەر لە بەیانیان، هەر بۆ ئەوە باشە کە باسی شیعری تیا بکەین، هەر باسێکی کەمان بوو دەیخەینە عەسرو ئێوارە بە دیوی ناو شاری سنەدا، کە هەتا سێبەر دابێ، ئاوێەڕیش گەز گەز باڵا ئەکا.

«گۆران»

لە تەمەنێکی لاوی یا بگرە هەرزە کاریا، کە لە ترسی ئینگلیز ماڵیان چووبووە هەورامان، ڕۆژێ لە سلێمان بەگی کاتبی فارسی، زۆر ئەبێ و بەڕەو هەڵەبجە ئەگەڕێتەوە، کە لە بیارە سەرەو خوار ئەبێتەوە بەهۆی تاریک داهاتنی ئێوارە و چڕو چەخوردی چەمی بن دار گوێز، ڕێ هەڵە ئەکات و لە باتی ئەوەی بەرەو تاوێرە بڕوات ڕوو ئەکاتە چەمی هاوار.

سلێمان بەگی باوکی وای گێڕابووەوە، کە تا ماوەیەک لە تەندورستی فەقێ عەبدوڵڵای کوڕی بە گومان بوو، چونکە دوای ئەو شەوەی چەمی هاوار تووشی شێنکی سەیر هاتبوو.

گوایە لە دووڕەوە چەند تەپکەیەکی ڕووناکی درەوشاوەی بە دی کردبوو، کە لە سەرەتادا زۆر لێیان ترسابوو، وای زانیبوو خێڵی جنۆکەن و لەوێدا هەواریان خستووە. بەڵام لە دواییدا بەردێکیان تێ ئەگرێ و ئەیداڵە یەکێکیان؛ لە پڕ ئەو تەپکە نوورە پەرتەوبڵاو ئەبێتەوە. بەهەوادا ئەکەونە فڕین و لە شێوەی ئەستێرەیەکی وردا دەدرەوشێنەوە. خوالێخۆشبێ عەلی کەمال باپیر وای گێڕایەوە کە لەو شەوەوە گۆران تێ گەیشتبوو کە «گوڵ ئەستێرە» لە بنچکە دڕکێکا پەروەردە ئەبن و دەکەونە فڕین. لە کاتی گەورەبوونیانا شەوانی بەهار، گەلێ دۆڵ وشیو و دەر و دەشتی تاریکی کوردستان دەکەنە بریسک و هۆڕ. بەڵێ گەلێکمان چراخانی گوڵ ئەستێرەمان دیوە.

کاتێک ماڵمان لەهەولێر بوو، گۆران دەستی لەئیش کێشرابووەوە و چاوەڕوانی دادگای ئەکرد. عەسر و ئێوارانـ خوالێبان خۆشبێـ عەلی کەمال باپیر و عەلی ئاگا و عەزیزی کاکە حەمەی موفەتیش مەعاریف و دوکتۆر مارف خەزنەدار و ئازاد شەوقی و مستەفا بەگی مودیری زراعەت و گەلێ هاوشاری سلێمانی کە لەوێ بوون، دەهاتنە میوانیمان و منیش لە بەردەستا چا و ئاوم ئەگێڕا.

گوێم لێبوو گۆران لەمەڕ باسی گوڵ ئەستێرەدا فەرمووی:

دیمەنێکی سەیر بوو، بەتایبەتی کە دوایی زانیم لەناو ئازارا گوڵ ئەستێرە دێتەدەر، لە بنچکە دڕکێکی تیژو نەشتەراویا ئەو جوانییە پەیدا ئەبێ، کە وابوو ژیانی بناری هەورامان و شاری هەڵەبجەی جاف، بۆ خۆی ڕۆمانسیەتێکی سەرەتاییە کە فرمێسکی تیا دائەگیرسێ.

ئا لەوێوە کە ئەنوارین «گۆران» یش بۆ خوی دەفەرموێ:

بۆ شاعیرێک کە گیانی

لێی هەڵەقوڵا جوانی
ئەگەرچی هۆی بەخی خۆی
جوانیی فەسڵ نەبوو بۆی
«هاوڕێم بێکەس»

لە بێکەسی دەموچاو ئاوڵاوی و ورگن و دوور لە جوانیی ڕوو، جوامێری و جوانیی گیان هەڵەقوڵا. لێرەدا جێبەنجەی گوڵ ئەستێرەکان بە دەروونی گۆرانەوە دیارە. جا لە گەڵێ شوێنا «گۆران» ئەستێرەی دیوە، ئەوەتا هەر لە یەکەم هەڵبەستەوە:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
«ئافرەت و جوانی»

هەروەها ئەگەر سەیری هەڵبەستی «نیاز» بکەین:

بە ئاسمانی هیوامەوە ئەستێرەکانم
بە هەزاران شا ئەستێرەی گەش گەشی جوانم
هەموو نوقمی دەریای تەمی ڕەش و تاریک بوون
وەک وەنەوشەی چنراو لە گەڵ سیسبوون خەریک بوون

با لێرەدا زۆر بە دوای نموونەدا نەگەڕێین، بەڵکوو سەرنجێ بدەینە هەڵبەستی «بەسەرهاتی ئەستێرەیەک». هەموو هەڵبەستە کە چەند جارێ بخوێنینەوە و بگەینە داوێنی:

ئەم ئەستێرە بەسەرهاتی دڵگیری
لە کام ڕۆحا نابزوێنێ زوبری؟!

«گۆران» هەر وەک لە هەرزە کاریا ئەوگوڵ ئەستێرانە و دیمەنی ئەوشەوە کاری نێ کردن، لە تاکە ئەستێرەیەکیشدا کە سروشتی پێ ڕازاوەیە دەکەوێتە ژێر تەئسیر و بە دەم لێکدانەوە و سەرسوڕمانەوە لە هەر شتێک کە لە سروشتا نەبینێ. پێوەری شیعریش لای گۆران لە پزیسکی گوڵ ئەستێرەوە دەست پێدەکا، کە لەناو درکا سەر هەڵدەدا. بۆیە هەمیشە سەرچاوەی جوانییەکانو هونەری داهێنان لە گینەڵی ئازارەکانا بە دی هاتوون. ئەنانەت لە هەڵبەستی درامی، «بووکێکی ناکام» دا، لە ناو کۆشک و تەلاری ئاوێنەبەندا، ستەم و زۆری زۆردارمان بۆ دەستنیشان ئەکات، ئا ئەوکاتەی بووکی ناکام لە کۆشکا دانەبەزێنێ، ڕادەی کێشمەکێشی لە نێوان کۆشک و دەشت و دەری بەربڵاوا، لە نێوان توانا و سەربەستیا، کوڕەشوانی دڵدار ئەکاتە ئەو قوربانییەی کە لە پێناویا کچی جوتیار، لەناو ئەو هەموو نیعمەت و نازەدا،

خۆزگەی بە دڵۆپێ فرمێسکی تازەیە. بۆچی؟ بۆ ئەوەی لەرەی فرمێسک بە سەر برژانگەوە تا دە کەوێتە سەر گۆنا هاوار بکاو جار بدا بە دنیادا، کە دەستی زۆرداری، هەرگیز کووڕەی دڵی عاشقی پێ ناکوژێتەوە تا بەو مەبەستە رۆمانسیانە، گۆران لە سروشتەوە، لە شاخەوە، لە بەفر و بارانەوە، لە وەنەوشەوە، لە شاگوڵەوە، مەبەستە کانی بەدی ئەکات و ئاواتە کانی بە ئاسۆیەکی هەمە ڕەنگاهەڵەواسێ و هیوا و ئاواتی گۆران، هیوا و ئاواتی کوردە و ئاسۆی ئاواتە کانی، ئاسۆی دەم کەلی کوردستانە.

ئەگەرچی لە «جوانی بێناوە دا، ڕووبەڕوومان دەکاتەوە لە گەڵ ئەی کچە جوانەکەی... بەڵام، شوێنی لەدایکبوونی ئەم هەڵبەستە و پێناسەی نەمەنی وا بووە کە گۆران کاتێ لە ئێستگەی کوردیی «شرق الادنی» لە گەڵ ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاکا کاری کردووە، عەسرو نێوارەیەکی کەنار دەریای سپی، جوانیی کچێکی هاوسەفەری هێناوەتەوە یاد و لە نێوان جوانیی سروشت و کچە جوانەکەدا، جوانی بێناوی هەمیشە لە یاد بووە، کە ئەویش کوردستانە.

لە هەموو شیعرەکەدا، سەرنجی زۆر ورد ئەماندانە دەست ئەو مەبەستە، بەڵام:

ئەی کچە کاڵەکەا جوانیتر با زۆر بێ،
لەباغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بێ،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،
بە واتەی خەڵکیتر، با ناویان شاگوڵ بێ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە.

بەڵێ: وڵاتانی دنیا جوانن، بەهاریان پڕە لە شاگوڵ و خۆیان شاگوڵی بەرخۆرن، بەڵام گۆران کوردستانە کەی ژێر تووترکی زوڵم کەوتووی گەلێ لاجوانترە.

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە.

هەر لەم هەڵبەستەدا، دەگاتە ئەوەی کە کانیەکی ڕوونی بچووکی بەر تریفەی مانگەشەو، لە چەپەکێک و لاپیەکی کوردستانا، کە وردەزیخی لە بەر تریفەدا بۆنە مرواری و دوڕ و جەواهیر، ئەوەی پێ جوانترە لە شەپۆلی دەریا، کە لە بەر تیشک و ڕووناکیی ڕۆژا دەمەو عەسرێک خۆی ئەنوێنێ و بەوەش واز ناهێنێ و دەیکاتە شڵپ و هوورۆ.

بەڵێ لە بەرچاوی گۆران کانیەکی بێدەنگە کەی کوردستان، کوردستانی خۆر لێ نەدراوی هەمیشە شەوی بەرتریفە، ئەو کوردستانەی، کە هێشتا شارستانیەت دەستی نەداوەتێ هەر بە دارو بەرد و کۆڕەڕێ و گابەردی زل و بێ ئارایشت، لە جوانیدا بەرچاوترە.

ئەی کچە مە نگە کەی بە دەنگی چپەدوو
گەندەموی دەموچاو، مەچەک هەڵنە گرتوو

بەڵێ لای گۆران کوردستانی چەپەک و بێ ئارایشت، بە گەنەموی گژوگیای ناو مێرگ و مێرخوزاری خۆیەوە، لەوانی کە جوانترە. گۆران ئا بەو جۆرە لە سروشتی کوردستان و چیا و دەشت و بناریەوە چاوی بە دنیای شیعر هەڵهێناوە. لەبەر ئەوە سروشت بە هەمو توندو تووشیەکەیەوە، جوانیی تیا بە دی دێ، جوانییە کانی مرۆڤیش لە تۆف و وەیشوومەی عەشقێکا سەر هەڵدەدەن کە هەتا ئەمرۆش کوردهەر عاشقی کوردستانە و جێژوانیش لە دوو توێی سروشتایە.

کە وا بوو سروشت بریتییە لەو زەمینەی گۆرانی تیا ژیاوە، لە کوردستانا، بریتییە لە گۆران، لە ئادەمیزاد، ئادەمیزادی کورد لەنێوان هەرسێکیانا، جوانیی ناوکۆییە، ئەو ناوکۆییەش سەرچاوەی هەمو داهێنانەکانە.

ئیتر لەم باسەدا، ئەوە پێویستە دەستنیشانی داهێنان و تازە کردنەوە بکەین، کە لای گۆران چۆن وەبەر هاتووە. «گۆران» لە ڕووی کێش و سەرواوە دەسی لە شێوەی عەرووزی کۆن هەڵگرت و شیعری کوردیی گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجە (هیجا)ی کوردی کە چ لە فۆلکلۆری کوردییا پەیڕەو کرابوو یا شیعری هەورامیی سەردەمی ئەردەڵانی پێ وترابوو. لە ڕووی فۆرم و بابەتەوە پەیڕەوی سەرهەڵدانی رۆمانسیی کرد، هەر وەکوو خۆی ئامازەی بۆ کردووە کە شیعری تازەی تورکی بەتایبەتی شیعری «عەبدولحەق حامید» و «کەمال نامیق» وگەلێکی دی، کە ئەمانە لە دواجاردا قوتابخانەی «فەجری ئاتی» یان پێک هێنابوو، بۆیە کاتی خۆی لە وەلامدانەوەیەکی خوالێخۆشبوو کامیل بەسیردا دراسەیەکم لە بەیانا بڵاو کردەوە، وەکوو شێوە توێژ هەڵدانەوەیەک لە سەرئەدەبی تورکی ئەو سەردەمە و جۆری بزووتنەوە نوێخوازییەکەیان.

چونکە ئامازەی بۆ شیعری نوێی تورکی کردووە لەگەڵ ئەوەش کە گۆران بۆخۆی بەڕاستی هەرچییەک لە سەردەمی مامۆستای بەڕێز شێخ نووری شێخ سالح و هاوڕێکانی ئەوتریێ لەو بارەیەوە، هەر ئەوەندەیە وەک دیاریکردێک، بەڵام کەسێ نییە پسپۆڕانە، ڕاستەوخۆ لە زمانی تورکییەوە، شێکمان بخاتە بەر دەست، کە ئەمە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی زۆر پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی کە بۆ خۆم هەوڵم داوە، لەو ڕووەوە زانیاریەکی کەمم بە دەست هێناوە و لەوانە ئەتوانم ئامازە بۆ بەیانە شیعرییەکەی دەستە لاوێکی تازە بکەم لەناو قوتابخانەی فەجری ئاتیدا، کە خۆیان ناو نابوو، «گنج قلم لر». کە ئەمە لە ساڵی ۱۹۱۲دا دەرچووە و ئەوەش کە لێرەدا شایانی باسە، ئەوەیە کە ئەم بەیانە شیعرییە، لە بەر ڕوونا کیی تێۆریی فیکری «فوئاد کۆپرلوو» هاتۆتە کایە، چونکە ئەو سەردەمە لەناو گەنجە تورکەکانا، ناوبراو (تێۆریسیەنی) ئەدەبیان بوو.

ئەو بەیانە شیعرییە، لەدوای دیباچەیەکی سەرەتایی و لە ئاستی لێکۆڵینەوەکانیا چەند خاڵ بەرچاو

ئەخات کە وا بزانم سیانیانم لە بیرە، چونکە دوورم لەوڵات و سەرچاوەی ئەو نووسینانەوەشم بە لاوە نیە. ئەو سێ خاڵەش بەم جۆرەیە:

١ـ هەتا بتوانرێ وشەی تورکی بە کار بێت و بەرهەمە شیعرییە کان لە زمانی عەرەبی دوور بخرێنەوە.

٢ـ ئەو وشانەی بە کار دێ لە شیعرا، پێویستە هەمیشە لە شێوە و ناوەرۆکا تازە بن، ئەگەر وشەی تازەت دەست نەکەوت، هەوڵ بدە هەمان وشە کانی پێشووت لە سەر چرۆی تازە پاراو بنەوە، ئەگەر ئەوەش نەبوو، شیعر مەنووسە.

٣ـ واز لە کێشی عەروز بهێنن لە ناو میراتی نەتەوەیی و فۆلکلۆرمانا کێشی هیجا زۆرە، سوودی لێ وەربگرن.

بەڵێ، بەو جۆرە لە ژێر هۆی کاریگەریی ئەو سێ خاڵەدا، یا ئەو بەیانە شیعرییەدا، لاوانی کوردیش لە روانگەی پێداویستی شارستانیەتەوە، لەم مەیانەداکۆششیان کردووە، هەر وەک نووسینە رەخنەیەکی مامۆستا شێخنووریش لە ساڵانی ١٩٢٢دا، بەدەم هەمان زایەڵەوە گوێ هەڵگەخا. ئەوەتا گۆرانیش بۆ خۆی دەڵێ: شیعرە تازە کانی بە وەزنی هیجا هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعردۆستە کانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون... جا هەر ئەو سەرەتایە بە تێکڕا، هەموو هەنگاوە کانی گۆران دیاری ئەکات کە ویستوویەتی کێشی هیجا بە ژمارەدنی برگە کان، وەک بابەتی فۆلکلۆری نەتەوەیی و سەردەمی مەولەوی شیعری کوردی هەڵبەستێ، زۆربەی کێشە فۆلکلۆرییەکان و بگرە شیعرە کانی مەولەویش، کێشی «٥ـ٥» واتە دە برگەیی تیا بەکار هاتووە. بە ڵام گۆران سەرمەشقی تاقیکردنەوەکەی لەوەدایە کە جگە لەم کێشە و هەندێ کێشی وردو کورتی دی، لە چەند شوێنێکا کێشی «٥ـ٦» ١١ یا «٨ـ٥» ١٣ و لە کورتەکانیشا «٤ـ٤» ٨ برگەیی داهێناوە.

نموونەیەکی فۆلکلۆری وەک ئەم بەتە سەیر بکەین:

هەناسەی ساردم کێو لە بن دێنێ
ئاخۆ خواکەی من چیت بەسەر دێنێ
هە نا سەی سار دم ــ کێو لە بن دێنی
ئا خۆ خوا کەی من ــ چیت بەسەر دێنێ

لە بەرامبەر ئەمەشدا، دەتوانین، لەم هەڵبەستە وردە بینەوە:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە.

«ئافرەت و جوانی»

بو نموونەی کێشی کورت و جوولەکان دەتوانین لە هەڵبەستی رەوتێکی جوان وردبینەوە:

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا
بەناو چیمەنی گوێ ئاوا

لە هەڵبەستی ئاواتی دووریشدا ئەتوانین ئەو کێشە درێژە تازەیە بە دی بکەین کە گۆران دایهێناوە:

ئەی چاوا چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەرت
کوا بالە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟

هەر لەو هەڵبەستەدا، گۆرانکاریی کێش، وەک یاری و جێپێی سەمایەکی ڕێکوپێک بە دی ئەکەین، کە لە شوێنی تریشا دووبارە بوونەتەوە.

لەمە بەدوا دێینە سەرباسی زمان و وشەی کوردی و داهێنان لە وشەکانا، کە ئەم باسەش لە گەڵ ئەوەی سەرەودا، «فۆرم» پێک دێنن.

هەر وەک لە باسی کێشدا، لە سەرەتای بەهەشت و یادگارا گۆرانمان بە شایەت گرت. ئەوا بۆ پاکۆی زمان و بەکوردی هەڵبەستن و داهێنانەکان هەر خۆی بە شایەت ئەگرین، کە ئامازە بۆ ئەوە ئەکات هەرچی ئەو هەڵبەستانەی غەزەڵئاسا و وشەی عەرەبیی زۆر تیا بەکار هاتووە ئەوەکۆنن، تا بەکار هێنانەکەش زیاتر بێ، کۆنترن.

بەڵێ «گۆران» خۆی بەم مانایە، ئەوەمان تێدەگەیەنێ، کە پێداویستی تازەکردنەوە بەشێکی گرنگی زمانی کوردییە. خۆی هەر لەبەرەتا یەکێ لە فەرمانەکانی شیعر، کە پێویستە بە جێی بێنی، پارێزگاری و داهێنانی زمانە.

جا بە دوای ئەم ڕایەدا، سەرێ بدەین، لەو هەڵبەستانەی کە زیاتر ئەم دیاردەیەی بە خۆیەوە گرتووە:

ئەگەر تێکڕا بنواڕینە هەڵبەستەکانی بەهەشت و یادگار و دووهاوینەگەشت و گەڵێ لە شیعرەکانی تازە بابەت لە بەشەکانی کەدا، هەست بەوە دەکەین، کە زمانی شیعری گۆران هەتا بڵێی سادە و ڕۆشنە، کە هیچ گرێیەکی داتاشراو بە درەختی دارشتنیەوە نابینی و ئەو وشە سادە و ئاساییانەی کە ڕۆژانە من و تۆ پێی دەدوێین، هەر وشەیە و بۆ خۆی فەرماتێکی تایبەتی پێ سپێردراوە لە وێنەکێشانی هەڵبەستی گۆرانا.

گۆران کە جوانییەکی نەخشاندبێ یا تەنانەت دیمەنێکی ناسۆریشی نەخش کردبێ، وەک خۆی بێ کەم و زیاد، ئەوەی باس کردووە و لە زەینیا ئەو نەخشەی گۆران توانیوێتی تابلۆکان بە ڕەنگ و دەنگ و سیمایانەوە شتێ لای خوێنەر بە جێ بهێڵێ.

«گۆران» شاعیری وەسفە نەک تەنها بۆ جوانی، وەسفی هەموو دیمەنێ، بێ موبالغە وەک خۆی داوێتی بە دەستەوە.

وەک دەبینین:

قژکاڵی لێو ئاڵی، پرشنگی نیگاکاڵ
ئەی کچە جوانە کەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ

سەرگۆنا نەختێ ئاڵ ... کەمێک، نەک وەک پەڕەی گوڵ، سوورێک یەجگار کاڵ. ئا لێرەدا دەرئەکەوێ، کە زمانی شیعری گۆران، لە هەموو خەسڵەتەکانی، وشەکان، ڕەنگ و دەنگی دروست کردووە. لە شوێنێک وەک نەقاشێکی هونەرمەند فڵچەی لە وشەکان وەرداوە و ڕەنگی تابلۆکەی کردووە، لە شوێنێکی دی وشەکان دێنەگۆ و وەک ئەکتەرێکی سەرشانۆ خۆیان لە خۆیان دەدوێن هەروەک لە «جوانی لادێ» دا ئەڵێ:

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەوماڵ
ئەگریجەی تەڕ پە خشە لەسەرکوڵم و خەت و خاڵ
شەڕیانە: شەماڵ، پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ
ئیوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
. . . . . .

وەک لەسەر شانۆیەک یا هەر لە ژیانی دووکەسا، مشتومڕێک پەیدا بێ لەسەر هەڵبژاردنی شتێ. ئەوەتا پەنجە ئەگریجەی ڕەش لا ئەدا و بە شەماڵ ئەڵێ:

دە لاچۆ باکوڵمی ئاڵ دەرکەوێ. شەماڵیش ئەگریجەی ڕەش و تەڕ ئەداتەوە بە سەرکوڵمی ئاڵاو دەڵێ من حەزم لەم ئەگریجە ڕەشەیە...

شەڕیانە... لە سەر ڕەش و، ئاڵ...

مشتومڕیانە و هاتوونەتە قسە، بە دەنگی بەرز، کەوتوونە خۆ، هەر سەرەتای ئەوکۆپلەیە کە دیمەنەکەمان بۆ دەڕەخسێنێ، وەک سیناریستێ، دەستنیشانی ئەوەشی کردووە، کە پێویستە کامێرا بە تەواوی جوواڵە و بزواندنی گۆزەهەڵگرمان نیشان بدات، واتە بە تەواوی کامێرا «کڵۆز» ئەبێت لە سەر گۆزەهەڵگر، تاوەکوو لە بەرەوە لێمان دوور کەوێتەوە، تا بزانین وەک، «نەسیم» لەنجە ئەکات. وەک شتە بایەک تێپەڕ ئەبێ، تا جارێکی کە «دووربین» کڵۆز ئەبێت لە سەر تەواوی دەموچاو، کە پەنجە و شەماڵ شەڕیانە.

جا ئیتر بە دوای ئەوەدا: «لە درزی پەچەوە»، «جوانی بێناوە»، «بۆ کچێکی بێگانە» یا لە «پاییزەدا یا لە «هاوڕێم بێکەس»دا، لە هەر شوێنێ، تووشی دیمەنەکانی گۆران دێیت، تەماشا ئەکەی، هەرشتە بۆ خۆی بە دەنگی خۆی لە خۆی ئەدوێ، هەر ڕەنگە و وەکوو خۆی بە چاوی خۆی، وەک خۆی چاوێکت لێ دائەگرێ. بەڵێ گۆران شاعیری وەسفە، بەڵام هەر شتە بۆ خۆی لە خۆی ئەدوێ، ئەوەش خسڵەتی داهێنانی هونەری زمانپاراوییە لای گۆران.

ئەگەر دریژەی‌پێ نەدەین و لێکدانەوەی شێوە و فۆرمی شیعری گۆران لێرەدا بە جێ بهێڵین، ئەوا دەبێ شتێ لە ناوەڕۆک بکەینە سەرباسێکی تایبەت و لە پێشا بکەوینە دیوی سێبەری عەسرو ئێوارە، بە ڕووی شارەکەمدا، هەروەک ئاغای هەقشناس بە نەزمێکی ڕەوان باسی کردووە و ئەڵێ: «شارەکەم سنە.»

جا ئێمەیش شاری هەڵەبجەی شەهید، شاری هەنار و تایەر و موختار و گۆران، بە یاد دەکەینەوە.

بەڵێ بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە، هونەرمەندێک، یا داهێنەرێک بخەیتە چوارچێوەی، بیروباوەڕیەوە لێکدانەوەی باری ژیان و شوێن و گوزەرانی ژیان شتێکی پێویستە.

هەڵەبجەی شەهید شوێنی لەدایکبوونی گۆرانە لە ساڵی ۱۹۰۴ زایینیدا. لە بنەماڵەیەکی زانا و خوێندەواری سەربەئاین، عەبدوڵڵا بەگی سلێمان بەگی عەبدوڵڵا بەگی کاتبی فارسی هاتۆتە دنیا. وەک لە پاشکۆی ئەم دیوانەدا باس کراوە، بنەماڵەی کاتبی فارسی بەو شێوەیە هاتوونە هەڵەبجە.

هەڵەبجە لە بنەڕەتا بە سیانزە ماڵە ناوبانگی بووە، بە هۆی ئەوەی کە سیانزە ماڵهاتوونە سەر باخ وباخاتی میرو شێخ قادر وکانی ئاشقان و ئەو سیانزە ماڵەش تائێستا بە نەوەکانیان دەڵێن لە سیانزە ماڵەن. دوایی جاف و میرو پاشاکانیان دڵیان پیا چووە و بەرەی وەسمان پاشای برای مەحمود پاشا لەوێ گیرساوەتەوە، ئەگەرچی ماوەیەکیش مەحمود پاشا لە هەڵەبجە و پریس ژیانی بەسەر بردووە.

دیارە جاف بە هۆی ئاووهەوا و پیت و بەرەکەتەوە ئەم شوێنەیان وەک هەموو شارەزوور بە دڵ بووە.

ژیان لەناو کۆمەڵدا، ژیانی مووڵکداری بووە، خاوەندەسەڵات مالیک بووە و بێدەسەڵاتیش ڕەعیەت.

هەر وەک ئەزانین بنەماڵەی کاتبی فارسیش کە هەر جاف بوون و ژن و ژنخوازیش، لە گەڵ بەگزادەدا پلەوپایەی بۆ دیاری کردوون. بەڵام ئەوەندە خاوەن مووڵک و دەسەڵات نەبوون کە ژیانی گۆران بە ئاسانی ڕەخسابێ. لە حوجرە و لە بەردەسی باوکیا خوێندنی ئاینی و ئەدەبیاتی فارسیی بە سەر بردووە، هەر وەک خۆشی چەند جارگێڕاوێتەوە بەشی زۆری تێگەیشتنی لە ئەدەبی فارسیا، بەتایبەتی سەبارەت بە «حافز» لای شێخ بابە ڕەسوڵ زیاتر کەڵکی وەرگرتووە.

مەلا شێخ تۆفیقی بەرزنجە، خوا لێی خۆش‌بێ، بۆی گێڕامەوە کە لە گەڵ باوکما، ڕەفیقە فەقێ بوون. وتی: باوکت سەرچاوەی خوێندەواریی لە ئێمە ڕۆشتر بوو، بۆیە لێم پرسی فەقێ عەبدوڵڵا، ئەم هەموو شتە لەکوێ ئەزانی، وتی زۆر ئەخوێنمەوە. لەم مشتومڕەوە گۆران کێبێ بە دیاری ئەدا بە شێخ تۆفیق، بە ناوی «ژەخائیرو لمەحفووزات» کە بۆی هێنام و سەیرم کرد، بە خەتی خۆی پێشکەشی کردبوو.

بە خێرایی ئاماژەم بۆ ئەندەکێ لە بارەی گوزەرانی گۆران کرد، کە پێویستە لە ڕووی هۆنەرییەوە، پەیوەندییە دەروونییەکانی داهێنەر بدۆزرێتەوە.

جا گۆرانێک له بناری هەڵەبجەدا، چەشنی وشەی کوردیی ڕەسەنی جاف و زاراوەی هەورامانیی تەڕو پاراوو دیمەنی سروشتی پێدەشت، تا لووتکەی بەرزی گەردنکەش، لە پەیوەندێکی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی سەرەتاییدا و سەردەمی نزیک بە داستانی کۆن لە سنووری گوێتا گردانا، دەبێ وەک بەهرەی شیعری بە دەست هێنابێ، سەلیقەی بۆ داهێنانیش لە سنووری چەشێکی ئەدەبیی ئەوتۆدا بێ، کە لە گەڵ باری ڕۆشنبیریی بنەماڵە کەیدا سەرچڵ بێ. ئەم لێکدانەوە بەرکوڵە هەوێنی هزری گۆرانمان بۆ دیاری ئەکات و لە دوو مەزەنەدا گۆرانمان بۆ کۆ دەبێتەوە.

یەکەم ئەوەیە کە جوانیی سروشت و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵسوکەوتێکی ڕۆمانسیدا گۆران دەکاتە شاعیری شەیدای جوانیی سروشت و پێ هەڵدان بە جوانییەکانی سروشتا، تەنانەت وای کردووە کە هەندێ جار، پاییزی لە کەژاوەیەکی ڕازاوەدا خستۆتە بەر هەست و تێڕوانینی خوێنەر، کە لەوەوبەر پاییز بەو چێژ و خۆشییەوە، نەینواندووە لای خوێنەری سەردەمەکە.

ئەوەتا لە «هەوری پاییز»ا کە ئەڵێ:

لە دەریاوە قەتارەی هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ
بەسەر سنگی چیادا، چۆکی داداوە، کشو بێدەنگ

ئەم دیمەنە و ئەم هەڵوێستە کە گۆران لە ڕووی هەوری پاییزا گرتوویەتی بۆ ئەوەیە کە پاییز بەسەر سروشتا بگری و لە جوانترین شێوەدا بۆمان دەگرێتە چوارچێوەیەکی بلوورین و لە ناو ئەو چوارچێوە جوانەدا وێنە کەی کە گۆران پێشانمان ئەدا دێتە دەنگ و بە ڕەنگ و بۆی خۆیەوە ئەڵێ:

بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلووریی
لە چەم هەڵسێ خوڕە و هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنیی

ئەگەر بێت و لەم گۆشەنیگایەوە، لە گۆران ورد بینەوە، ئەبینین کە هەمیشە سروشتی بە جوانیی ژیانەوە بەرچاو خستووە، هەر وەک لە «ئافرەت‌وجوانی»یا ئەڵێ:

بە لام تەبیعەت هەرگیزاوهەرگیز
بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز

یا لە «ڕەوتێکی جوان»ەدا:

ئەوەندە جوان لەوە جوانتر
لە شەی بای شەو ڕەوانتر
هەتا ئەگاتە

یێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا

لەناو سروشتی بێگەردی سەردەمی گۆرانا، ژیان بۆ خۆی هەر وەک هەیە، خاڵی نەبووە لە تراژیدیا ڕۆمانسیە کانی دەروونی پر سۆزو شۆر.
لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی گۆرانا و لە ئاستی نەدارایی ڕۆژگارا، گۆران لە بەردەم هەموو ئەو جوانیانەدا زۆر ناکام ئەبێ، گەلێ پەپوولەی لە دەست بەر ئەبێ و گەلێ گوڵی ئاواتی هەڵئەپڕووکێ:

ئەی چاو چە شنی بازی قەفەس هە لوەرێ پەرت
کوا باڵە تیژە کانی نیگای حوسنی دولبەرت؟
«ئاواتی دووری»

هەر لە دیدار و بیستن و بۆن و لامیسەوە بە هەمووياندا ئەگەرێ سوالی یادگارێکیان لێ ئەکات بەڵام بێهوودەیە. بە ناکامی پەنا ئەباتە بەر خاتیرە و وێنەی خەیاڵی ئەو عیشقەی لێ داوا ئەکا تا وەختی ئیحتیزار

چەشنی ئاوێنە،
دایم بنوێنە:
عەشقی قەدیمی یار
تا وەختی ئیحتیزار

هەروەها «خۆزگەم بە پار»، «سکاڵا» و لە «جوانی سەرەڕێ»دا تەسلیمی جوانی ئەبێت:

تۆیش لە گەڵ هەر جوانێک ئەبینم تا ئەمرم
ئەبێتە مرواری بۆ ملوێنکەی شیعرم

جا لێرەوە گۆران جوانیی سروشت و هەموو ئەو جوانیەی، لە تراژیدیای ژیانی ڕۆمانسیانە، ڕایدەکێشێتە بەردەم واقعی ژیان، کە لە گوڵی خوێناویدا، لە هەردوو شیعری هیوادا، لە هەردوو شینی بێکەسی هاوڕێیا، لە گوڵی ناکاما... بوونی وزەی بەرهەڵستی و ڕوبەڕوو بوونەوە ئەدۆزێتەوە. داهێنان لای گۆران بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بووە، تەنانەت ژیانیشی هەر بەو جۆرە بناوانی لێهەڵگرتووە کە شیعرەکانی کوردستان و سروودەکان و... بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، جائەگەر لەسەر خواستی کەسانی وەک «ڕەفیق حیلمی» و تۆفیق وەهبی، چووبێتە فەلەستین و بەدوای ئەوەدا گەڕاوە ڕێگایەکی باشتر بۆ خۆشی کورد بگرێتە بەر هەر بە نیازی نەتەوەکەی بووە.

گۆران لە کاتێکا تەواو لە بیری کۆمونیستییەوە نزیک بووە، بۆ کۆنفرانسی مامۆستایان ئەو شیعرە پرسۆزو پر شانازییەی تیا وتووە:

ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان
یەک سوڵتانیان پێ ئەگەیان

ئەوشانازییەی گۆران کردوویەتی بە ڕابوردووی نەتەوە کەیەوە، هەمیشە لەگەڵیا ژیاوە و ویستوویەتی وەک ئالای شانازیی کورد بەرە و پێشەوە بشەکێتەوە، بۆیە داوا ئەکات کە ملێونان سوڵتان پێ بگات. ئەوەندەش ڕەگی قوڵی شانازییەکان لە بیری گۆرانا پەخش و داچوو بووە کە بەر لە هەموو شتێ ئاینی نەتەوەکەشی مەبەست بووە:

نەوەی شێرکۆ وسە لاحەدین
پاڵەوانی غەزای ڕێی دین.
ئەوەی بۆ پاسی قە ڵای قودس
وەک بەردی ڕووی شۆڕا بێ ترس
لە بەر شیر و تیرا وەستا
تا دەنگی هەی ئامان هەستا
لە گڕۆی خاچ
کە خاچیان کردبوو بە پاچ
بۆ ڕووخاندن،
بۆ ئاسیا پر لە مردن
پر لە کەلاوەی شار کردن

باوەڕ ناکەم مرۆڤ لە ئاستی ئەم دیمەنەدا، دەستەپاچە بێ. جا دیارە گۆرانی خاوەنمەبەست زیاتر کەوتۆتە سەر ڕەچەی زانینی ڕاستی، ئەوەتا سەلاحەدین ئەوشانازییە ئایینییە، خاچپەرستانیش کاولکەر و دوژمنی دین. بۆیە دێمە سەر ئەوە باس لەوە بکەین، کە گۆران چۆن و چ خزمەتێکی بە کورد کردووە.

هەر بۆ ئەوەش بووە ڕووی لە دەرگای بیروباوەڕی مارکسیزمی کردووە، تا ئەمە خوایە کورد بە شتێ بگا، بەتایبەت بۆچوونی ڕۆشنبیرانی سەردەمی گۆران، لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم، لەمڕووەوە، بەکۆمەڵ و بە تاک لەم ڕێگایەوە، شوێنپێیان هەڵگرتووە.

واتە شوێنپێ هەڵگرتنی مارکسیزم، چ وەک لایەنی ڕۆشنبیری یا سیاسەتی بە کۆمەڵ لە ناو حزبەکاندا بەردەوام، جێی مشتومڕ بووە.

بۆ نموونە تاکۆنگرەی پێنجەمی پارتی دێموکراتی کوردستان ئەگەر ورد بینەوە، دەبینین چەندین جار دروشمی مارکسیەت بەسەر دەرگای پرۆگرامیانەوە بووە و لەم ڕووەشەوە چەندین کێشەی

سیاسی له ناو پارتیدا ڕووی داوه.

هەروەها هەڵپەی داوی ماویستی بە دوای پارتیداکە ئەویش هەر لە مارکسییەت سەرچاوە ئەگرێ، پێناسەی زۆر لاوان وگرووپ وکۆمەڵی ناوکوردستان بووە.

بە پێوستی ئەزانم لای خوێنەری کورد و بە تایبەتی نەوەکانی لەوە دوا، ئەوە بزانن کەگۆران دوای گەڕانەوەی لە شوورەوی ئەو نیشانەی خۆشبینییەی جاران بە ڕوویەوە نەما.

بۆ ئەمەش لە دوو دانیشتنا قسەی خۆی کردووە، ئەوە بوو لە حەفتاکانا یا لە سەرەتای هەشتاکانا مشتومڕێ لە نێوان دوکتۆر عیزەدین و خوالێخۆشبێ، شاعیری نیشتمانپەروەر سالح دیلانا هەڵایسا و لە لاپەڕەی یەکێ لە ژمارەکانی هاوکاریدا لەمەڕ ئەو ڕا و بۆچوونەیان نووسی.

هەر چۆنێ بێ، گۆران هەرچی بوو بردیە خاکەوە، بەڵام شیعرەکانی و ڕێبازی داهێنانی لە ناوەڕاستی سیبەکانەوە گەلێ خزمەتی بە نەتەوە گەیاندووە، بۆنموونە:

١- تووڕ هەڵدانی عەرووزی عەرەبی. چونکە لە ڕاستیا ئەم خاڵە دوو شتی میژوویی بۆ کورد تۆمار ئەکات کە هەمیشە تاجی سەری پۆڵی پێشکەوتنخوازی و داهێنانی ئەدەبی کوردییە.

میللەتی کوردی بێ دەسەڵات و پشت و پەنا کە دوژمنەکانی وایان چاوەڕوان ئەکرد ناوی کوێر بێتەوە، کەچی لە ناوەڕاستی خاوەرمیانەدا پێش هەموو نەتەوەکان کەوت و توانیی هیجای بڕگەیی خۆی بەکار بێنێ.

ئەنانەت هەتا ئێستاش شیعری نوێی عەرەبی، عەرووزی هەڵنەبواردووە، ئەگەرچی ئەمان میراتی نەتەوایەتیی خۆیانە. بەڵام لە ئەدەبی فارسیا، نە نیما و نە ئەحمەد شاملوو، نەیانتوانی کێشێکی خۆمالیی فارسی بدۆزنەوە و بانگەوازی بۆ بکەن.

٢- پاکۆی زمانی کوردی لە ڕێبازی داهێنانی شیعری گۆرانا هەمیشە شتێکی سەرەکی بووە، نەک دروشم. بۆ ئەمەش تا ئێستا لە شیعری تورکی و فارسیدا، وشەی عەرەبی زەق و ناقۆڵا بەکار هاتووە و دێ، کە لە زۆر شوێنا لە جێی خۆی و بە واتا عەرەبیەکەی بەکار نەهاتووە. لە یەکێ لە بەرهەمەکانی شاملوودا، شیعرێکم بەرچاوکەوت «سە سرود برای آفتاب» ٣٨ وشەی عەرەبیی تیا بوو، بەڵام ئەمڕۆ بە زمانی ئەدەبی کوردی بە دەگمەن ڕێ دەکەوێ وشەیەکی عەرەبی لە ناو دەیان نووسەرا وا بە کار بێت. ئەوەش هەوڵ وکۆششی گۆرانە لە داهێنانەکانیا.

٣- پێشکەوتنی میژوویی شیعری کوردی لە بواری نوێخوازی و داهێنانا لە سەر دەسی بەهەشتی و پایەبەرز شێخ نووری و هاوڕێکانیا، پەرەپێدانی لە سەردەستی گۆرانا، بە هەموو خاڵەکانی سەرەوەش دەتوانین بەوەی ڕەچاو بکەین، کە ئەوکارە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی لەناونەچوونی فۆلکلۆر و فەرهەنگی کوردی و لایەنی ئەدەبی کوردی، ئەگەر ملمملانێی سیاسی لە کوردستانا ئەوەندە ئاڵۆز نەبوایە، ئەدەبی کوردی ئاڵای پێشڕەوایەتی و شیاریی میللەتی لە دەستا بووە و لە دەستیایەتی و هیچ ڕێبازێکی سیاسی ناتوانێ لە دەستی بسێنێ.

ئێستر بۆ ئەوەی هەموومان، چ لە ڕووی ئەوەوە یا لە ڕێی هەڵوێستەوە، لەناو شیعرەکانی گۆرانا، ڕووبەڕووی خۆی ببینەوە، منیش لێرەدا هەر بەو نیازە سەرنجێ دەدەمە سەر ئەو شیعرانەکە لە نەخۆشخانەوە ئەڵێ:

بەڵێ دوکتۆر خۆشکان! ماتم
هەر من نیم ماتی وڵاتم
لەناو هەزارانا: تاک، تاک
لێومان هەیە پێ بکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەڵک هەنگاو ئەنێ.

ئێستر هەروەک لێوی ماتی بەسەر خەندەیا لێک نا، لە نەخۆشخانەی بەرلیخە.

ڕۆژی ١٩٦٢/١١/١٨، لە سلێمانی لە باوەشی کوردستانی دایکا، چاویشی بەسەر ماتی و نائومێدیا لێک نا؟

ئەژی گۆران
٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٥

پێشەکی

کە لە ساڵانی ۱۹۵۳ و ۱۹۵۴ دا لەژێر «ل» لە گەڵ مامۆستا گۆران دائەنیشتم، گەلێ جار ئەمدی هەندێ دەفتەرە شڕ لە چەکمەجەی مێزە کەی بەردەمی دەردێنێ و شیعری لەبەر ئەنووسێتەوە و ئەیدا بە پیترێکخەرە کەی چاپخانە و دەفتەرە شڕەکان ئەخاتەوە شوێنی خۆیان[1].

کە لە سەرەتای ئەیلوولی ۱۹۵۴یشدا مامۆستا ژینی بە ناچاری بەجێ هێشت و زۆریشی پێ نەچوو گیرا و دوابەدوای خۆی هۆگر و ئەژیی کۆڕیشی کەوتنە بەر پەلامار و منداڵەکانی تریشی وردبوون، بیرم لەوە کردەوە چۆن ئەو دەفتەرانەی مامۆستا وەرگرمە لای خۆم و نەهێڵم لەبەر نەبوونی کەسێ ئاگاداریان بکا، بڕەوتین. چووم بۆ ماڵی مامۆستا و چوویشم بۆ ئیدارەی ژین. پاش گەڕان و پشکنین هەرچی دەفتەر و قاقەزە شڕەی مامۆستام بەگیرکەوت هەڵمگرتن و هێنامن. بەڵام من خۆیشم لە خۆم ئەمین نەبووم. لەبەر ئەوە هەر زوو بیرم لەوە کردەوە کەسێکی وایان بۆ بدۆزمەوە دەسپاک و دڵپاک بێ و لە هیچیشدا نەبێ. دۆزینەوەی کەسانی وا زەحمەت نەبوو. بەو چەشنە ئەو دەفتەرانەم بە ئەمانەت لای خێزانێک دانا.

کە پاش شۆڕشی پیرۆزی ئەموزی ۱۹۵۸ بە نیازی سەردانی دۆست و برادەران چوومەوە سلێمانی، سەرم لەو خێزانەیش دا. چەندم پێ خۆش بوو کە بیانووی ماڵ پاش بەخێرهاتن و هەواڵپرسین و ئاو و چا بۆ هێنان، هەڵسا چوو سندووقی جلەکانی خۆی کردەوە، دەفتەرەکانی بۆ هێنام و خستنیە بەردەستم.

* * *

پێش ئەوەی لە دوادوایی ساڵی ۱۹۵۲دا گۆران بناسم، ئاشنای شیعریشی نەبووم. بەڵام کە پاشان بووین بە دۆست و هاوڕێی کار و بیر، وامان لێ هات لەوانەیە بڵێم ڕۆژ نەبوو نەچمە لای بۆ ژین و بەڵکوو لە بەردەستیشیدا بووم بە «ڕۆژنامەنووس»، دیوانە چاپکراوەکانی خۆی پێشکەش کردم و بە دەستی خۆی و بە وشە ڕەنگینە کانی ڕستەی دیاریی لەسەریان بۆ نووسیم. چەشی ئەدەبیی تیا پەروەردە کردم و بوو بە مامۆستام. منیش دیوانەکانیم پتر لە جارێ خوێندەوە و هەموو هەفتەیەک شیعرە تازە بلاوکراوەکانیم لە لاپەڕەکانی ژینەوە ئەقۆستەوە.

کە لە ناوەڕاستی ۱۹۵۷یشدا ئازادیم دەسگیر بووەوە و لە کەرکووک نیشتەجێ بووم، ماوەیەک

سوودم له ماوەی بێکاری و پاشان له کارکردنی ناو کتێبخانەی گشتی کەرکووک وەرگرت و دەستم کرد بە گەڕان بە دوای شیعری کۆنی گۆراندا. بۆیە کە پاش شۆڕشی تەموموز، وەک وتم، ئەو دەفتەرانەم کەوتەوە دەست، ئەوەم بە دەسکەوتێکی ئێجگار مەزن دانا. ڕاستە کەشی وابوو. ئەی ئەگەر لە ڕۆژێکی ڕەشا بفەوتانایە، یا ئەو خێزانە بە دڵسۆزییەوە هەڵیانە گرتنایە، من چیم پێ ئەکرا لەوە زیاتر کە هەندێ خەمی تاڵ بخۆم و میللەتی کوردیش گەنجینەیەکی تری ئەدەبی، وەک سەدان گەنجینەی تری لە کیسچوو، لە کیس ئەچوو...

* * *

دەفتەرەکانم لە گەڵ خۆم بردەوە بۆ کەرکووک. دانیشتمە سەر ڕاستکردنەوەی ئەو شیعرانەی لام بوون لەبەر دەفتەرەکان و نووسینەوەی ئەو پارچانەیان کە نەمبوون. جا کە لێبوومەوە و دڵم ئاوی خواردەوە، دەفتەرەکانم وەک دیاریەکی بەنرخ هەڵگرت و هەڵسام چووم بۆ سلێمانی بۆ لای مامۆستا گۆران و پێشکەشیم کردن. هەر مەپرسە ئەویش چەندی پێ خوش‌بوو، باوەڕ بکەن لە خۆشییانا وەخت بوو شاگەشکە بێ ... ئەو ئێوارەیە تا درەنگێکیش هەر پەڕە کانیانی ئەم دیوو ئەودیو ئەکرد.

* * *

پاش ماوەیەک گۆران ئاگاداری کردم کە نیازی لە چاپدانی کۆمەڵە شیعرێکی تری بە ناوی «سروشت و دەروون»ەوە هەیە کە لەمێژ بوو گفتی لەچاپدانی دابوو. منیش نوسخەیەکی تەواوی شیعرە بلاوکراوە و بلاو نەکراوەکانی لای خۆمم بۆ نووسییەوە و بۆم نارد. «سروشت و دەروون»ەکەی خستە ژێر چاپ و فۆرمەیەکیشی لە چاپخانەی ــ وا بزانم ــ کامەرانی لە سلێمانی لێ چاپکرا. ئێستر نازانم لەبەر چی بوو پرۆژەکەی تەواو نەکرد و تا سەری نەبرد؟ ڕەنگ بێ لەبەر نەدارایی خۆی و ناچیزیی ئەو یارمەتییە ٦٠ دیناریە بووبێ کە وەزارەتی مەعاریف گفتی دابووبێ بۆ لەچاپدانی ٦ فۆرمە بیداتێ!

لەوەپاشیش من هەر ڕێگاکەی خۆمم بەر نەدا. گۆران هەر شیعرێکی نوێی دائەنا، لای خۆم ئەمنووسییەوە. لە پەیجۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کۆنەکانیشا هەر بەردەوام بووم بەڵکوو شیعرێکی پێ‌نەزانراوی‌تری بدۆزمەوە. بەم جۆرە، ئەتوانم بڵێم، من بووم بە سەرچاوەی یەکەمی شیعری گۆران. دەستووسە کانی لای من، بوون بە نوسخەی یەکەم و چەند دانەیان لەبەر نووسرایەوە. گۆران خۆیشی هەر بەمچاوە سەیری ئەکردم. تەنانەت کە دواجار لە هاوینی ١٩٦٢دا لە مۆسکۆ گەڕایەوە، ئەو دەفتەرەی شەش پارچە شیعرە دواییە کەیی تیا بوو کە لەوێ دابنابوون، بەرلەوەی لە هیچ گۆڤارێکا بڵاو بکرێنەوە، بە منی دا.

گۆران لەو ماوەی دواییەی ژیانیدا و بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی دواجاری لە مۆسکۆ، زۆر بە پەرۆشەوە بوو نەمرێ تاکۆمەڵەی شیعرەکانی لە دیوانێکدا ئەبینێ. دیار بوو لەوێ دیبووی چۆن کۆمەڵە شیعری شاعیرە مەزنەکۆن‌و تازەکانی ئەو وڵاتە لە بەرگی قەشەنگ و لەسەر قاقەزی گرانبەها و بە نەخش و قەڵەمکێشیی جوانەوە، بە دەیان هەزار دانە بلاو ئەکرێنەوە و خەڵک چەند مانگ پێش کەوتنە

بازاڕیان ناوی خۆیانیان بۆ ئەنووسن و سەرەیان بۆ ئەگرن. بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەی لە گەڵ خۆی بردە گڵو بەدیهێنانی بەجێ هێشت بۆ دۆستانی شیعری. ئێستر لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ ئەم ئاواتە پیرۆزە لە دڵی منداء وەک لە دڵی سەدان کەسی تریشدا، گێنگڵ ئەخواتەوە و گەلێ جار، گەلێ کەس بیریان لەوە کردۆتەوە هەوڵێ بۆ لە چاپدانی ئەم دیوانە بدەن، بەڵام مەسەلە کە هەرگیز لە سنووری بیر لێ کردنەوەیەکی ڕووت دەرنەچووە. تا دواجار لە ١٩٧٨دا لێژنەیەک لە هەندێ لە ئەدەبدۆستان و کەسان و دۆستانی گۆران پێکهات کە بریتیبوون لە هێرۆ و هۆگر و ئەژی گۆران ود. عیزەدین مستەفا و کاکەی فەللاح و حەمە کەریم فەتحوڵڵاڵ و جەلال دەبیاغ و بنووسی ئەم چەند دێرە بۆ کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی دیوانە کە و ئامادە کردنی سەرەتایەک بۆی، بە هیوای ئەوەی پاشانیش پەخشانە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و نووسینە کانی کەیشی لە دوو بەرگی تردا بلاو بکەینەوە. دەسگای چاپەمەنیی «پێشەنگان»یش گفتی دا ئەو بەرهەمانە لەسەر ئەرکی خۆی لەچاپ بدا. سەرەتای کاری ئەم لێژنەیە ئەو شیعرانەی گۆران بوو کە پێشتر من کۆم کردبوونەوە. بۆیە بانگەوازێکمان بۆ هەموو ئەدەبدۆستان بلاو کردەوە لە ڕۆژنامە کاندا[٢] بۆ ئەوەی چی شیعری بلاوونە کراوەی گۆرانیان لا بێ بۆمانی بنێرن. لە گەڵ ئەوەش کە زۆر کەس بە دەنگمانەوە هات، لە پارچە شیعری منالانی «بەفر» بەولاوە شیعرێکمان دەسگیر نەبوو نەمانبێ.

کاری لێژنە کە هەر ئەوەندە بوو، بەڵام لەناو ئەندامە کانیاکاک جەلال سەرلەنوێ لە بەر دەستووسە کانی من، سەرجەمی شیعرە کانی نووسیەوە و بابەتبەندیی کردن و ڕەزامەندیی ڕەقابەی بۆ لە چاپدانیان وەرگرت. دوکتۆر عیزەدینیش بڕیار بوو سەرەتایەکی تێروتەسەل بۆ دیوانە کە بنووسێ، بەڵام پاشان وا بە باش زانرا سەرەتاکە بکرێ بە «دیراسە» و پاش بلاوبوونەوەی سەرانسەری بابەتە ئەدەبییە کانی گۆران بنووسرێ، تا هەموویان بگرێتەوە.

زۆری پێ نەچوو دەسگاکەی گفتی لە چاپدانی بەرهەمە کانی دابوو، تێکچوو. بۆیە من مەسەلە کەم خستە بەردەستی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەویش بڕیاری دا چیی پێ بکرێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێ و هەوڵی بۆ بدا. جا ئێستاکە بە دەستپێشخەریی یەکێتیی نووسەرانی کورد و بە یارمەتیی مەردانەی کاک عەلی بۆسکانی کە پارەیەکی باشی بۆ لە چاپدانی ئەم دیوانە بە قەرز دا بە یەکێتییە کەمان و بە هاوکاریی پیرۆزی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاریی عێراق کە ڕازی بوو تێکڕای بەرهەمە کانی گۆرانمان لە چاپخانە کەی خۆیدا بۆ لە چاپ بدا و بە تەقەلای چالاکانەی بەڕێوەبەر و کرێکارانی چاپخانەی کۆڕ، ئەم خواستە بەجێیەی هەموو ئەوانە دێتە دی کە بەتەنگ کولتووری کوردەوەن، ئەبێ ئەم کارە بە گەورەترین کاری ئەدەبیی ئەم ساڵانەی دوایی گەلە کەمان و بە باشترین زیندووکردنەوەی یادی ٧٥ ساڵەی لەدایکبوونی گۆران دابنێین کە لە ساڵی ڕابوردوودا بەسەرمانا تێپەڕی و لە هەمان کاتا سوپاسی گەرمی هەموو ئەم لایەنە بەشدارانەیش بکەین.

له سەردەمی ژیانی گۆران خۆیدا دوو کۆمەڵە شیعر و قەسیدەیەکی درێژی له چاپدراوە، جگە لەوەکە زۆربەی شیعرەکانی بە درێژایی ٣٠ ساڵ ژیانی ئەدەبیی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکوردییەکانی عێراق و دەرەوەی عێراقدا لە چاپ دراون:

کۆمەڵەی یەکەمی «بەهەشت و یادگار»ە کە لە ساڵی ١٩٥٠ دا لەسەر ئەرکی مامۆستا عەلائەددین سەججادی لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لە ٧٥ لاپەڕەدا لەچاپ دراوە و بڕیار وا بووە بێ بە ئەڵقەی یەکەمی «زنجیرەی دیوانی تازە»کە لە سەردەمی گۆران خۆیدا تەنها ئەڵقەی دووهەمی بە دوادا هات و ئەوە بوو «فرمێسک و هونەر لە گەڵ دوو هاوینە گەشت»یش هەر لەو ساڵەدا لەسەر ئەرکی کاک ڕەشید عارف و بە پێشەکیی مامۆستا عەلائەددین سەججادییەوە ولە هەمان چاپخانە لە چاپدرا.

«بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر لە گەڵ دوو هاوینە گەشت» جارێکی تریش لە ١٩٧١دا لە سلێمانی لەسەر ئەرکی کاک عومەر عەبدوڕەحمان خاوەنی «کتێبخانەی سلێمانی» پێکەوە لەبەرگێکدا لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی لە چاپ درانەوە.

قەسیدە درێژەکەشی کە هەر لە سەردەمی خۆیدا بڵاو کراوەتەوە، «پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجان و قوتابیان لە بوخارست)»ە کە لە ١٩٥٤دا لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی لە چاپ دراوە.

پاش مەرگی گۆران، لە لایەن هۆگری کوڕی و براکانییەوە لە ١٩٦٨داکۆمەڵە شیعرێکی تری بە ناوی «سروشت و دەروون لەگەڵ تۆپەرێتی ئەنجامی یاران» لەچاپدراوە. جا نازانم ئەو «سروشت و دەروون»ەی کە مامۆستا خۆی نیازی لە چاپدانی هەبوو لە ١٩٥٨دا و خستیشیە ژێر چاپ و تەواوی نەکرد، هەر ئەو پارچە شیعرانەی تیا ئەبوو کە لەم کۆمەڵەدا هەن یا جیاوازییان هەیە؟

ئێمە لەم بەرگی یەکەمی «سەرجەمی بەرهەمی گۆران»ەدا کە تایبەتییە بۆ شیعرەکانی، هاتووین «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر»ەکەیمان، وەک چاپە کەی سەردەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە، ئەوە نەبێ کە سەرەتاکەی مامۆستا عەلائەددینمان لابردووە کە بۆ «فرمێسک و هونەر»ی نووسیوە و دیارە هەڵەکانیشمان ڕاستکردۆتەوە. ئەم کتێبەی ئێمە لە ١٣ کۆمەڵە پێکدێت کە «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر»ەکەی کۆمەڵەی یەکەم و دووهەمینی مامۆستا گۆران، وەک خۆی لە داوێنی «بەهەشت و یادگار»ەکەیەوە نووسیویە، وبستوویە لە «زنجیرەی دیوانی تازە»دا «دوو هاوینە گەشت» و «فرمێسک و هونەر» و «سرشت و دەروون» و «شیعر بۆ منالان» بڵاو بکاتەوە. ئەوە بوو خۆی پاشان «دوو هاوینە گەشت» و «فرمێسک و هونەر»ەکەی خستە پاڵ یەک و پاش و پێشی پێ کردن. وبستیشی «سروشت و دەروون»ەکەی چاپ بکا، بەڵام تەواوی نەکرد. ئێمەیش هەر بە نیازی شوێن پێ هەڵگرتنی مامۆستا خۆی لەم دیوانەدا، وەک وتمان، «بەهەشت و یادگار»ەکەیمان کرد بەکۆمەڵەیەک و «فرمێسک و هونەر» و «دوو هاوینە گەشت»ەکەیشیمان پێکەوەکرد بەکۆمەڵەیەکی تر. ئەو شیعرانەیشی

که به بۆچوونی خۆمان له گەڵ بابەتی «سروشت و دەروون» یەک ئەکەوتن، بەم ناوەوە کردمانن بە کۆمەڵەی سێیەم. کۆمەڵەیە کێشمان بۆ «شیعر بۆ منداڵان» دانا کە کۆمەڵەی دەهەمە. «لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا» و «پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجان و قوتابیان لە بوخارست» یشمان لەبەر دڕێژی و هاوبابەتی کرد بە کۆمەڵەیەکی تر. کۆمەڵەکانی تریش ئەمانەن: «لەکۆڕی خەباتا»، «ئۆپەرێت»، «پیەس لە یەک پەردەی کورتا»، «شیعری گەپ»، «سروود»، «وەرگێڕراو»، «بۆ زاخاوی مێشک» کە ئەو مەتەڵە شیعرییانەی تیایە مامۆستا وەختی خۆی بۆ خوێندەوارانی ژینی داناون و لەوێدا بڵاوی کردوونەتەوە. دوا کۆمەڵەیش شیعری «هەمە جۆرە». دیارە ئێمە لە جوێکردنەوەی ئەم کۆمەڵانەدا لە «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر» دا نەبێ ئەوەمان ڕەچاو کردووە هەر پارچە شیعرێک لە شوێنێکا دانێین کە بۆی بگونجێ[3].

بەمشێوەیە کارێکمان کردووە ئەوەی ئارەزووی لە هەر جۆرە شیعرێکی گۆران بێ، لەجیاتی ئەوەی بەپێرستی سەرانسەری دیوانە کەدا بگەڕێ، بتوانێ بەپێی بابەت پێرستی کۆمەڵە کەی تەماشا بکا و شیعرە کە بدۆزێتەوە.

* * *

مامۆستا گۆران خۆی هەندێ وردە پەراوێزی لە «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر»ە کەیدا و هەروا لەسەر چەند پارچەیەکی کۆمەڵەی «سروشت و دەروون»یش نووسیوە. ئێمە ئەو پەراوێزانەی ئەومان وەک خۆیان بڵاوکردۆتەوە و خۆیشمان لە هەندێ شوێندا هەندێ پەراوێزمان نووسیوە. بە مەبەستی تێکەڵی یەک نەبوونی ئەو پەراوێزانەی ئێمە و مامۆستا، لەداوێنی پەراوێزەکانی خۆمانەوە نیشانەی (م.م. ک)مان داناوە. بەمجۆرە هەر پەراوێزێک لەم دیوانەدا ئەو نیشانەی پێوەبێ هی خۆمانەو هەرکامیش پێیەوە نەبێ هی مامۆستا گۆران خۆیەتی.

* * *

ئێمە پێبزانین گۆران شیعری بڵاونەکراوەی زۆر کەمە. هەرچی وتووە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراقدا بڵاوکراوەتەوە. بەپێی ئاگاداریی ئێمە گۆران لە گۆڤاری «هاوار»ی سووریا و ڕۆژنامەی «ژیانەوە» و «ژین» و «ئازادی» و گۆڤاری «گەلاوێژ» و «دەنگی گێتیی تازە» و «هیوا» و «شەفەق» و «بەیان» و «بڵێسە» و «ڕووناهی» و نامیلکەی «دیاریی لاوان» و «یادگاری لاوان»ی عێراقدا شیعری بڵاوکردۆتەوە. لەم دیوانەیدا هەرچی شیعرێکی کە پێمان زانیبێ، بڵاو کراوەتەوە، سێ پارچە نەبێ کە یەکەمیان لە سەرەتای نیسانی ساڵی ۱۹۵۴دا لە ڕۆژنامەی «ئازادی»دا بڵاو کراوەتەوە و دووەمیشیان هەر لەو ساڵەدا لە ڕۆژنامەی «دەنگی داس»دا بە ناوونیشانی «دەرەبەگ» بڵاو کراوەتەوە[4]. تا ئەم دیوانەش پێشکەشی ڕەقابە کرا ئەو دوو پارچەیەمان دەسگیر نەبوو[5]. سێیەمیشیان هەرچەند بە دەستەوە بوو، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوە دەستی نەئەدا. بێستوویشمانە پارچە شیعرێکی بچووکی بە ناوونیشانی «ڕەشەبا» هەیە[6] ئەویشمان دەسگیر نەبوو. مامۆستا «ڕەفیق

حیلمی‌ەیش باسی غەزەلێکی حەوت بەیتی ئەکاکە گۆرایە یەکەم پارچە شیعرەکۆران داینارە، بەیتی یەکەمی لە بەرگی دووهەمی «شیعر و ئەدەبیاتی کوردی»یە کەیدا بلاّو کردۆتەوە و ئیتر ئەوی دیکەی دیار نییە. ئیمەیش ئەم ئاقە بەینەمان لە کۆمەڵەی «هەمەجۆر»دا بلاّو کردۆتەوە[7]. سەرەڕای ئەمانە کۆمەڵێ سرووديشی لە بەندیخانە داناوە دوانیانمان بە ناتەواوی لا بوو هەروا بلاّومان کردنەوە. ئەوانی‌تری فەوتاون، مەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئەرشیفی تایبەتیی بەندیخانە کاندا بدۆزرێنەوە.

لە بیرمە، ڕۆژی ۲ یا ۳ی تەموزی ۱۹۵۵ بوو، مامۆستا گۆران لە ژووری ڕیازەی بەندیخانەی کۆنی بەعقوبەدا هەردوو قۆڵی بە بەرزەوە بەسرابوونەوە. بنووسی ئەم چەند دێڕەش لە گەڵ مامۆستا سەعید ناکام لە بەرابەری ژووری کەی ئەوەوە لە ژووری‌ێکی تاکەکەسیی زیندانی نوێدا دەرگامان لەسەر داخرابوو، لە پەنجەرەی ژووری کەوە بۆمان ئەڕوانیو قسەمان لە گەڵ ئەکرد. ئەو ڕۆژە لەپاش دەمەقاڵەیەکی توندوتیژ لەنێوان مامۆستا و بەڕێوەبەری بەندیخانەدا، بەڕێوەبەر فەرمانی دا شارە زەردەوالّەیەک لە ژووری کەدا بوو بیوروژێننە گیانی. دیارە ئەویش بە دەستی هەڵواسراوەوە هیچ داکۆکیەکی لە خۆی نەئەکرا، ئەو تراژیدییەکۆمیدیاییە پارچە شیعرێکی بۆ هێنا، لەوێوە بانگی لێ کردین و لەوبەرەوە بۆی خوێندینەوە. بەداخەوە نە شیعرەکەمان پێ لەبەر کرا و نە دەسەڵاتی نووسینەوەیشیمان هەبوو. پاشان کە یەکمان گرتەوە زانیمان خۆشی لە بیری نەماوە ... بێگومان ئەو شیعرە ئەگەر بمایە یەکێک ئەبوو لە شاکارەکانی ئەدەبی زیندانەکان ...

لەم دواییەشدا دۆستی بەڕێز و ئەدەبپەروەرمان عەلی بەگی حەسەن بەگی جاف پارچە شیعرێکی بۆ ناردین لەو بابەتە سەرپێیانە بوو کە مامۆستایانی قوتابخانە لە موناسەباتدا بە ناچاری بۆ قوتابیانیان ڕێک ئەخەن تا بیانڵێنەوە. لەبەر ئەوەی زمانی شیعرەکە زۆر کۆن بوو لە بەریش نووسرابوەوە و ئەگەر ڕاست بێ هی گۆرانیش بێ هیچی لە شیعری ئەو زیاد نەئەکرد، تۆمارکردنیمان بە پێوست نەزانی.

کاک ئاکۆ غەریب مەعروف ناوێکیش لە ڕێگای کاک کەمال میراودەلیەوە پارچە شیعرێکی بۆ ناردین گوایە لە مەلا ئەحمەد ناوێکی پیری بێتووە لە بەر بۆی خوێندوەتەوە. کاک ئاکۆ لە گەڵ ئەم پارچە شیعرەدا حیکایەتێکی درێژیشی نووسیوە کە گوایە ئەو مەلا ئەحمەدە بۆی گێڕاوەتەوە چۆن گۆرانی دیوە و گۆران چۆن و لە چ موناسەبەتێکدا ئەو پارچە شیعرەی وتووە. هەرچەند پارچە شیعرەکە شەقڵی گۆرانی پێوەیە، بەڵام شەقڵەکە شەقڵی گۆرانی نوێیە. سەرگوزەشتەکەش وەک ئەو مەلا ئەحمەدە بۆ کاک ئاکۆی گێڕاوەتەوە ئەبێ بەر لە ساڵی ۱۹۴۰ ڕووی دابێ چونکە مەیدانی سەرگوزەشتەکە هەڵەبجەیە و مامۆستاش لای کەمی لەوکاتەوە هەڵەبجەی نەدیوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە سەرگوزەشتەکە خۆیشی لە دەستهەڵبەست ئەچێ. لەبەر ئەم هۆیانە و هۆی‌تریش کە لێرەدا مەودای باسکردنیمان نییە، ئیمە لەم پارچە شیعرە بەدگومانین، بۆیە نەمانخستە بڕبڕەی دیوانەکەوە. بەڵام ئەم دوو بڕگەیەی کە لەنگ نەبوون، لێرەدا ئەخەینە بەرچاو:

ئەی دیدە پڕ ئەشک، ئەی دڵ پڕ لە خەم،

گولاّله سوورەی گویّ ڕووبار و چەم!
تیرتیر نەتمژی لە مەمکی ژیان،
تا دەرکەی چرۆ
ختووکە و خەندەت لێ بوو بە گریان،
کاتی گفتوگۆ ...

* * *

لە دوادواییی ئەم چەند دێرەدا ئەمەوێ خۆشحاڵیی زۆری خۆم دەربڕم کەوا ئەم کارەگەورەمان بۆ مەیسەر بوو و بەشێکی گەورەی شکۆی بەجێهێنانیشی بە من بڕا و، ئاواتەخوازم بتوانم هەروا لە بڵاوکردنەوەی بەرگی دووهەمیشیدا کە سەرانسەری وتارە ئەدەبی و پارچە پەخشانە کان و موحازەرە کانی بەشی کوردیی کوللیپەی ئاداب وکارە ڕۆژنامەنووسیپە جۆربەجۆرە کانی ئەگرێتەوە، بەم جۆرە بەشدار بم.

محەمەدی مەلا کەریم

---

۱) لە ژمارەکانی ۱۲۲۸-۱۲۳۱ی ڕۆژانی ۱۰-۱۴/۲/۱۹۷۶ی ڕۆژنامەی «التآخی»دا زنجیرە وتارێکم لەمەڕ کتێبە بەنرخەکەی دوکتۆر حوسەین عەلی شانۆف (کورد ئوغلی): شعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گوران، بڵاو کردەوە کە مامۆستا شوکور مستەفا کردوویە بە عەرەبی. لە یەکێ لەو وتارانەدا بە شێوەیەک گومانم لەوە دەربڕیبوو کە عەلی شانۆف بە زمانی مامۆستا گۆرانەوە گیراوبێتەوە کە مامۆستا باسی «دەفتەرە کانی بەندیخانە»ی خۆی بۆ کردووە. ئێستا کە ئەم سەرچاوەیە ئەنووسم وام بە دڵدا دێ کە من بە هەڵە چووم و مەبەستی مامۆستا لەو دەفتەرانە ئەم دەفتەرە شرانەیە کە خۆم لێرەدا باسیان لێ ئەکەم.

۲) بڕوانە ڕۆژنامەی «بیری نوێ»، ژمارە ۲۷۷، پاشکۆی عێراق، ژمارە ۱۲ - ۱۳.

۳) ئەم بابەتەندیەماندا کەڵکمان لە بابەتەندیەکەی کاک جەلال دەباغیش وەرگرتووە کە پێشتر لێی دواین.

۴) بۆ ئاگاداریی پتر لە بارەی ئەم دوو پارچە شیعرەوە سەیری وتاری «لە گەڵ مامۆستا گوراندا لە باغەی ئەحمەد دڵزار بکە لە ژمارە «۲۵»ی ڕۆژنامەی «بیری نوێ»دا.

۵) ئێستاش هێشتا دەستگیرمان نەبوون.

۶) سەیری ژمارە «۳۱۶»ی ڕۆژنامەی «بیری نوێ» بکە.

۷) سەیری لاپەرە «۳۵۵»ی ئەم دیوانە بکە.

بەکورتی سەرگوزەشتەی ژیانی گۆران

• گۆران، یاخود عەبدوڵڵا بەگ کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگ. باوکیشی و باپیریشی لە شیعر و ئەدەبدا بەهرەیان بووە و بە کوردی و بە فارسی نووسیویانە و شیعریان وتووە، بەتایبەتی عەبدوڵڵا بەگی باپیری، کە گۆرانی بە ناوەوە ناو نراوە لە زمان و ئەدەبی فارسیدا دەستێکی درێژی بووە و هەر بۆیەش بە (کاتبی فارسی) ناو براوە.

• گۆران لە ١٩٠٤ یا لە ١٩٠٥دا لە هەڵەبجە لە دایک بووە. بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەی «میران بەگی» بوون لە ناوچەی «مەریوان» و عینایەتوڵڵا بەگی کوڕی ئەمانوڵڵا بەگیان بە خۆی و خێزانیەوە دێتە سلێمانی و لە ناوچەی قەرەداغ ماوەیەک دائە نیشێ. زۆری پێ ناچێ کۆچی دوایی ئەکا، عەبدوڵڵا بەگی کوڕی ــ باپیری گۆران ــ لە گەڵ هەموو خێزانە کەیاندا کە لە برایەکی بچووکی و دایکی و ژنەکەی و منداڵەکانی خۆی پێکهاتووە ڕوو ئەکەنە هەڵەبجە چونکە خۆیان بە جاف زانیوە و لەوێ جێگیر ئەبن. لەو سەفەرەدا دایکی عەبدوڵڵا بەگ و براکەی بە «سێبەرۆ» ئەمرن و ئەمێننەوە عەبدوڵڵا بەگ و منداڵەکانی خۆی کە ئەمانە بوون: مستەفا بەگ، نووری بەگ، نەفێ خان، سلێمان بەگ، حەبیبە خان. لەمانە نەفێ خان شوو ئەکا بە مەجید بەگی عوسمان پاشا. حەبیبە خانیش شوو ئەکا بە یەکێ لە شێخانی خانەگای لای پاوە. مستەفا بەگ و نووری بەگیش کەسیان لە پاش بە جێ نامێنن. بەڵام سلێمان بەگ ئەم منداڵانەی ئەبێ: عەلی، شەمسە، محەمەد، عەبدوڵڵا. عەلی و شەمسە بە لاوی مردوون. محەمەدیش کە مەشهوور بووە بە «حەمە بەگە ڕووشە» پاش مردنی باوکی بە دوو ساڵ ئەکوژرێ. بەمچەشنە لەم بنەماڵەیە هەر عەبدوڵڵا ــ گۆرانی دوارۆژ ــ ئەمێنێتەوە.

• گۆران لای باوکی قورئان و سەرەتای خوێندنی خوێندووە. پاشانیش لە «مزگەوتی پاشا»ی هەڵەبجە بووە بە فەقێ و تەنانەت ماوەیەکیش بە «فەقێ عەبدوڵڵا» ناسراوە.

• لە دوا ساڵەکانی جەنگی یەکەم و سەرەتای هاتنی ئینگلیزدا، بۆ ماوەیەک هەڵەبجە چۆڵ ئەبێت و خەڵک ڕوو ئەکەنە لادێکانی دەوروپشت. مالّی باوکی گۆرانیش لە بەهاری ١٩١٩ وە تا پاییزی ئەو ساڵە ڕوو ئەکەنە چەمی بیارە و لەوێ لە باخێکدا هەوار ئەخەن و بۆ پاییز ئەوسا ئەگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە.

• گۆران خۆی بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی گێڕاوەتەوە، وتوویە: «لە بیرمە کە یەکەم قوتابخانەی

زەمانی تورک لە هەڵەبجە دانرا، بۆ پۆلی یەکەم وەرگیرام، بۆ پۆلێک وەرگیرام کە مودیرە کەمان، بە رەحمەت بێ، تاهیرئەفەندیی مەلا ئەمینی جەففار پێی‌ئەوت پۆلی ئیحتیات». وەک گۆران خۆی گێڕاویەتەوە دەوامی لە قوتابخانەی «رەسمی»یشدا پچڕ پچڕ بووە. پۆلی چوارەمی لە سەردەمی داگیرکرانی هەڵەبجەدا لەلایەن ئینگلیزەوە نەواو کردووە.

• هەر لە ١٩١٩دا سلێمان بەگی باوکی گۆران کۆچی دوایی ئەکات. پاشان لە ١٩٢١دا محەمەد بەگی برای، بە هاندانی مستەفا سائیب، لە گەڵ عەبدولواحید نووریی خاڵۆزایدا ئەیانێرێ بۆ قوتابخانەی عیلمییەی کەرکووک بۆ خوێندن، بەڵام هەر لەو ساڵەدا مومحەمەد بەگی برایشی ئەکوژرێ. ئیتر گۆران کەسی وای نامێنێ گوزەرانی خوێندنی خۆی و ژیانی دایکی بیا بە ڕێوە، لەبەرئەوە دەست لە خوێندن هەڵئەگرێ و لە ساڵی ١٩٢٢ەوە تا ساڵی ١٩٢٥ گەلێ دەستەنگی ئەچێژێ.

• گۆران بۆ یەکەمجار لە ١٩٢٥دا بە مامۆستایی لە قوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوە و تا ١٩٣٧ لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ئەشغاڵ ــ بەشی کاروباری ڕێگاوبان و تاگیرانی یەکەمی‌لە ١٩٥١دا، جگە لەو چەند ساڵەی کە لە گەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی‌تری کوردا ئەچێ بۆ یافا و لە تێسگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە مەبەستی بەشداری لە خەباتدا لە دژی فاشیزم بەشی کوردستان ئەکەنەوە، لە ئەشغاڵدا ئەمێنێتەوە.

• لە تەشرینی دووهەمی ١٩٥٢دا لە بەندیخانەی یەکەمی دێتە دەر و ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و ئەبێ بە بەرپرسی ڕۆژنامەی «ژین». تا ئەیلوولی ١٩٥٤ لەسەر ئەم کارە ئەمێنێتەوە. لە ١٧/ ١/١٩٥٤دا بۆ جاری دووهەم لە گەڵ کۆمەڵێ لە ئاشتیخوازانی سلێمانی ئەگیرێ و حوکمی ساڵێ بەند و ساڵێ خستنە ژێر چاودێریی پۆلیسی بەسەرا ئەدرێ. ماوەی حەپسەکەی لە سلێمانی و کەرکووک و کووت و بەعقووبە و نوگرە سەلمان و ماوەی چاودێرییە کەشی لە بەدرە بەسەر ئەبا.

• لە ١٢/٩/١٩٥٦دا ئەم حوکمەی تەواو ئەکا و بەرئەبێ و ئەچێتە بەغدا چەند ڕۆژێک لەوێ لە یەکێ لە پرۆژە حوکومەتییە کانی بینادا ئەبێ بە چاوەش عەمەلە. زۆری پێ‌ناچێ دیسانەوە لە هێرشی میریدا بۆ سەر نیشتمانپەروەران بەبۆنەی دەسدرێژییە سێقۆڵییە کەی سەر میسرەوە، ئەگیرێتەوە و لە ١٧/١١/١٩٥٦دا دادگای عورفی لە کەرکووک حوکمی یا سێ ساڵ بەندی یا بە بارمتەدانانی هەزار دیناری نەختی ئەداکە تا سێ ساڵ ورتەی‌وای لە دەم دەرنەیەت و کردەوەی‌وای لێ نەوەشێتەوە میری پێی دڵگران بێ... گۆران نە هەزار دیناڕە کەی ئەبێ‌و نە ئەشیەوێ گفتی‌وا بە میری بدا، بۆیە ئەخرێتەوە بەندیخانە و تا ١/٨/١٩٥٨ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەموز تیا ئەهێڵرێتەوە. گۆران ئەم ماوەیەی لە بەندیخانەی کەرکووک‌و بەعقووبە بە سەر بردووە.

• پاش بەربوونی لە زیندان ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و پاش ئەوە بە ماوەیەک لە گەڵ وەفدێکی میللی سەر لە بە کێتیی سۆڤیەت و چینی میللی و کۆریای دیموکراتی ئەدا.

• لە سەرەتای ١٩٥٩دا سەرپەرشتیی گۆڤاری «شەفەق» ئەگرێتە دەست و بە ناوی «بەیان» دەری‌ئەکا و لە ئیسکانی سلێمانیش دائەمەزرێ و تا ناوەڕاستی ١٩٦٠ کاری تیا ئەکا. ئەنجا بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە بێ‌پرس کاری بەجێ‌هێشتووە ــ کار بەجێ هێشتنە کەی بۆ چوون بووە بۆ شەڵاوە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی دووهەمی مامۆستایانی کوردداــ لەسەر کار لای‌ئەبەن.

• لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠دا دێتە بەغدا و ئەبێ بە موحازەرەدەر لە بەشی کوردیی کوللیێەی ئادابی زانکۆی بەغدا و بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی.

• لە سەرەتای ١٩٦٢دا ژانەسەک زۆری بۆ ئەهێنێ. دەرئەکەوێ کە گەدەی تووشی نەخۆشیی «شێرپەنجە» بووە، عەمەلیاتێکی سەرکەوتووی لە بەغدا بۆ ئەکرێ، بەڵام بەداخەوە پاش واده.

• پاش ئەو عەمەلیاتەِ لە نیساندا ئەچێ بۆ مۆسکۆ و سێ مانگێک لە نەخۆشخانەی «کرێملین» و سەنەتۆریی «بەرفیخە» بە سەر ئەبا و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ عێراق.

• پاش گەڕانەوەی بە ماوەیەکی کەم نەخۆشییە کەی سەر هەڵئەداتەوە و تەنگی پێ هەڵئەچنێ. لەبەر ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لە جێدا ئەکەوێ.

• لە سەعات نۆو نیوی سەبەتێی ١٩٦٢/١١/١٨دا چاوی بە گجاری ئەنێتەوە.

سەرچاوە:

١. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ڕەفیق حیلمی.
٢. نامەیەکی تایبەتیی کاک ئەژی گۆران بۆ ئامادە کەری ئەم دیوانە.
٣. ئاگاداریی تایبەتیی خۆم. م.م.ک.

کۆمەڵەی یەکەم

بەهەشت و یادگار

پێشکەشی بەهەشت و یادگار

پێشکەش بۆ:

ئەو شۆخ و نازدارانە کە جوانییان وەک تیغ نابڕێ،

وەک چرا پێش چاو ڕووناک ئەکاتەوە!

سەرەتا
بۆ بەهەشت و یادگار

«بەهەشت و یادگار» کۆمەڵە شیعرێکە لە دیوانەکەم سەرانسەر لەگەڵ بابەتەکانی جوانیی و دڵداری خەریکە. هەڵبەستی وای تیایە بیست‌وپێنج ساڵ، بەڵکوو زیاتر، لەمەوپێش دانراوە، هەروەکوو هی چەند مانگێک لەمەوبەریشی تیایە. بەشی زۆری کۆنەکان بە وەزنی عەرووز و کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان کۆنە یان وەک هی «سالم» و «نالی» لەسەر پێوشوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تیا کراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا «م. نووری» و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرت و لە سەردەمێکی سنووردارا ـ ١٩٢٠ - ١٩٣٠ ـ شیعری کوردیی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە.

ئەم کۆنانە زۆربەیان، بە ناوی یادگاری کۆنەوە، کراون بە بەشێکی جیاواز، خراونەتە لای دواوەی ئەم نامیلکەیەوە. بەڵام گەلێکیان لە باری سەرنجی نرخی ئەدەبییانەوە ـ دیارە بەپێی بۆچوونی خۆم ـ لەگەڵ تازەکان تێکەڵ کراون.

شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە ـ هیجا ـ هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعردۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی رانەهاتووڤ، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتیی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خەسائیسی زمانەکەمان چاتر ڕێک‌ئەکەوێ، بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبیی خۆما، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی، ـ لاڵمواید بۆ ئێجگاری ـ بەڕەڵلا کرد، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕوو بدا.

هەر وەکوو وتم تا چەند ساڵێک لەمەوبەر بە وەزنی عەرووز شیعرم وتووە، بە وەزنی پەنجەش لە زۆر کۆنەوە، بەڵکوو لەگەڵ وەزنی عەرووز شان بە شانی یەک، دەستم کردووە بە هەڵبەست دانان. ئەمانەش لە دابەشکردنی ناو دیوانانا، زۆرتر بابەتیان، نەک ئوسلووب و وەزن و زمان، خراوەتە بەر سەرنجی بایەخ. لەبەر ئەوە ڕێگای هەرە چاک بۆ جوێکردنەوەی تازە و کۆنیان، وردبوونەوە لە زمان ولوغەتی پێنووسینیان ڕاسپێری ئەکەم، هەچ هەڵبەستێک وشە و تەرکیبی عەرەبی و فارسیی زۆر تیا بێ، بە ئەندازەی ئەو زۆرییە، کۆنە، پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە!

دوایی، لەکاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا بۆ چاپ، لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشە و تەعبیری چەوت تووش هاتم ئەمتوانی بیانگۆڕم بە وشەی کوردیی پەتی، یان بە چەشنێکی پەسەندتر و دڵگیرتر دەستکاریان بکەم. بەڵام ئەمە، لە باری سەرنجی ئەوکەسانەوە کە بە شوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد و چۆنیەتیی گەشەکردن و گۆڕانی زمانی کوردیدا ئەگەڕێن، زیانی زۆرترە لە سوود، با بێزاریی خۆیشم لەوڵاوە بوەستێ لە تەقەلای شاردنەوەی خەوش و ناتەواویم بەچەشنێکی لە ئەندازە بەدەر، بەڵکوو لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەڵقی تریشا.

لەبەر ئەوە بڕیارم دا دەستی دەستکاریان کەم و زۆر بۆ دڕێژ نەکەم و هەر وەکوو هەن و بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست!

گۆران ـ هەولێر: ١٩٥٠/٦/٢٥

به هەشتی دڵ

ئافرەت و جوانی!

بـــە ئـاسمانەوە ئـەستێرەم دیـــوە،
لە بـاخچەی بـەهار گـوڵم چنیوە،
شـــەونمی درەخت لە ڕووم پـژاوە،
لە زەردەی[1] زۆر کـەل سـەرنجم داوە،
پـەلکەزێرینەی[2] پـاش بـارانـی زۆر،
چـەماوەتەوە بـەرامـبەر بـە خـۆر،
هـەتاوی نـەورۆز، مـانگی جـۆدرەو[3]
زۆر هاتوون و چوون بە ڕۆژ و بە شەو.
خـوڕەی قـەڵبەزی[4] کـەفزیوینی چـەم،
لە هـەزار چـەشنە پـرشنگی نـاو تـەم،
مـیوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ،
جریوە و جـووکەی دارسـتانی شـاخ،[5]
لە گەرووی شـمشاڵ، لە تـەلی کـەمان
گەلێ هەڵـاوە ئاوازەی جوان جـوان.
ئـەمانە هـەموو جـوانـن، شـیرینن،
ڕۆشـــنکەرەوەی شـــەقامی ژیـــنن!
بـە لام تـەبیعەت هـەرگیزاوهـەرگیز،
بـــێ ئاوازەیـــە دەنگـــە نـــەرمەکـــەی
بـــێ ئاوازەیـــە دەنگـــە نـــەرمەکـــەی
کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
کام ڕەشی ئەگا بـە ڕەشـیی چـاوی؟
کام بەرزی جوانە وەک بەرزیی باڵای؟
کام ئاسە، کـام مـەیل، کـام چـاوەنواڕی
نـــەلیـــماویە وەک هـــیی دڵـــداری؟

---

۱) زەردە: هەتاوی ئێواران.
۲) پەلکەزێرینە: قەوس و قەزەح.
۳) مەبەست لە مانگی مارت، و مایس،ە.
۴) قەڵبەز: شەلاڵ.
۵) مەبەست لە دەنگی باڵداری ناو دارستانە.

ڕەوتێکی جوان

لەژێـــــــر زەردەی خـــۆرەتاوا، بـــەناو چـــیمەنی گـــوێ ئـــاوا،
چـەن بـە ئـاهەنگ، چـەن سـیحراوی ئـــە گـەڕێ قـاز، یـان مـراوی!
یـــا کـــەو لەســـەر بـــەفری نـــزار، بـــۆ لووتکـــەی هـــەزار بـــە هـــەزار،
چەن تیـکـووک، چەن گـورجـوگۆڵ ئەکشێ: پشت لە تـۆی[1] تـەختی دۆڵ!
یـــا کـــەرۆشکی تـــێر و قـــەڵەو لە بـــــەر تـــریفەی مـــانگەشەو
چـەن جـوان ئـەڕوا بـە قـونەقون ســـرکەوگـــورج‌و ســـپی‌و خـــرپن!
یـــا پـــۆڕ لە گـــوێڕێگای دەشـــتا لەگـــەڵ ســـایەقەی پـــاش وەشـــتا[2]
چـەن ورد و جـوان، بـە لەنجەولار ئـــەشێلێ ســـەوزەگـــیای بـــەهار!
یـــا کـــۆتری حـــەوشی مـــزگەوت چـــــەن خـــنجیلانەی لێ دێ ڕەوت!
ئـــەوەندە جـــوان، لەوە جـــوانـــتر لە شـــنەی بـــای شـــەو ڕەوانـــتر
لە لەڕەی پـــشـــرشنگ، ئـــاوازە لە خـــوڕەی ئـــاو، شـــیعری نـــازە
بـــە ئـــاهەنگتر، بـــە خـــورۆشتر بـــە گـــوێچکەی دڵ دەنگـی خـۆشتر
پـــێی نـــاز ئـــەنێ بـــەسەر ئـــەرزا جـــوانـــێ لە بـــەژنێکی بـــەرزا!

---

۱) مەبەست: تۆ لە بنی دۆڵە کەدا بە گوێچەما دەڕۆی، کەوەکانیش بەڕەو لووتکە بە یاڵا هەڵەگەڕێن پشت لە تۆ، لێت دوور نە کەونەوە.
۲) وەشت: باران.

ئاواتی دووری

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت،
کوا باڵە تیژە کانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟
کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ بروّی پەیوەست؟ کوانێ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵوگەش؟
کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێمیسال؟
ئەی گوێ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم!
دەنگێ لە یاری دوورەوە، چیبکەم لە زیلو بەم[1]؟
با بێ، خەندەی پڕ ئاهەنگ بێ!
نەغمەی نازی شۆخ و شەنگ بێ!
زڕەی بازن بێ!
بەرەو لای من بێ!
هاڕەی هەیاسە کەی،
ورشەی کراسە کەی! ...

ئەی حیسی شامەم! لە چاو و لە گوێچکە مەئیووسم،
بۆنێ لە یارەوە دێنێ خیتامی ئەفسووسم؛
با بێ: بۆنی هەناسەی بێ
پڕ بە سینەم وەک تاسەی بێ!
با بێ بۆی مەمەی
لە درزی سوخمەی
بۆنی وەنەوشە، گوڵ
میخەک، عەتر، سمڵ ...

ئەی لامیسە! ئەگەرچی نەبوو دەنگ و ڕەنگ و بۆ،
وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ!
کوا تەماسی[2] لەشی نەرمی؟
کوا لەزەتی کۆشی گەرمی!
کوا مەمکی پڕ چنگ؟
لیمۆی باخی سنگ؟
کوا ماچی لێوی ئاڵ
جورعەی[3] ئەبەد، خەیاڵ؟

ئەی خاتیراتی عومری گوزەشتەم، دەخیلی تۆم!
خنکاوی بەحری دووری نەکەی عەشقی ڕەنجەڕۆم؛
جیلوەت لە چاوم ون نەبێ
هەرگیز لای تۆ نوستن نەبێ!
چەشنی ئاوێنە
دائیم بنوێنە:
عەشقی قەدیمی یار
تا وەختی ئیحتیزار[4]!

---

۱) زیل و بەم: تیژ و بڕ یا باریک و قەبە (سیفەتن بۆ دەنگ لە مۆسیقادا)
۲) کوا تەماسی: لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە وەکواتەماسی. ئاشکرایە هەڵەی چاپە. م.م.ک.
۳) جورعە: فوم، فڕێ لە شتی خواردنەوە. ۴) ئیحتیزار: سەرەمەرگ.

گوڵی خوێناوی!

(١)

کوڕ:

بڕوانە! شایی‌یە، چۆڕییە، لەو ماڵە
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!
زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە
لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە!
سا تو خوا خێراکە با بڕۆین دەست بگرین
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

کوڕ:

کچ لە ڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا
کچ لە ڕێی نیونیگای هاتوچۆی کانیتا
پایزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،
گوڵ کوانێ؟ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە!

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!
بتدایە دڵ بە من، بە هەموو مەعناوە
دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە! ...

کوڕ [ئەڕوا و لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ]:

باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە
خێڵی دوشمن دەورەی داوە

ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە
ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!

[بەرە بەرە لە دێ دوورکەوتەوە.]

(٢)

کوڕ:
بە باغچەی پاشادا وردگەڕام، خوار و ژوور
زەرد هەبوو، بۆم چنیت؛ چنگ نەکەوت گوڵی سوور
نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟

کچ:
نایەم، گوڵ ماوبەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!

کوڕ [یەخەی مراخانیی ترازان]:
ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟

کچ:
هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی؟
ڕاکشێ ئاوێ سەر بێرە سەر ڕانم؛
با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم!

حوزنی پەچە

ژنێکی شۆخ لە چاوی بەڵەک بە مەئیووسی
خلی ئەکردەوە هۆن هۆن دڵۆپی مرواری،
بە ئاو ئەبوو دڵی بەردین لە ئاهو ئەفسووسی[1]،
بە ئاوی ساردی پەتی نا، بە مایعی ناری!

وتم: فیدایی جەمالت بم ئەی پەریشێوە!
ئەوا توایەوە هەستیم بە سۆزشی گریەت:
چیبە کە هەیکەلی مەرمەر، غوباری وا پێوە،
ئەمەر شکات‌و سکاڵا ئەکا لە هەوری خەفەت؟

سەری بە عیشوە لەقان‌و بە لەهجەیێکی حەزین
وتی: بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات،
کە کەوتە گۆمشەیی گیرفان گوڵێکی ئاوریشین
چیبە ئەفاوتی بوون و نەبوونی، قیمەتی لات؟

وەیا هەتا لە دەروونی ڕەشی گڵاڵ ئەنوێ،
بە چی لە زیخی دراوسێ فەرق ئەکا گەوهەر؟
ئەوە حسێبە بە گەوهەر، ئەگەر دروشت ئەوێ
کە بۆتە جازیبی ئەنزاری عام بۆ ئەفسەر[2]!

منیش ئەگەرچی بە جیلوە، بە جازیبەی جوانی
گەلێ لەفەوقی گوڵام و گرانترم لە گوهەر،
وەلێ لەبەر ئەوە، هەیهات! ئەسیر و زیندانیم
مەداری فەخر و سروورم بووە بە قوتبی کەدەر!

* * *

بەڵێ! هەتاکوو جەمالی پتر بێ دیلی پەری
دیارە مەیلی زوهووری زیاترە، ئەگری:
ئەکا لە سیقلەتی بەندی ژیانی خۆی نەفرەت!
ئەکا لە پیاو و لە جەهل و تەعەسسوبی لەعنەت!

---

۱) ئەفسووس: ئەسەف، حەسرەت. ۲) ئەفسەر (افسر): تاج.

خۆزگەم بە پار

بلّێن بە یار، بلّێن بە یار، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار!
خۆزگەم بە پار!

خۆزگەم بە سالّی ڕابوردوو،
عومری کورتی دلّداریم بوو،
لەپڕ هات و لەناکاو چوو...
یەک: پڕ بە دنیا ئارەزوو،
دەریایەک تاسە ... ئەمە دوو،
جێ‌مابووم لە پاری مردوو!

بلّێن بە یار، بلّێن بە یار، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار،
خۆزگەم بە پار!

ڕۆژ نەبوو چاوم بە دیدار
شاد نەبێ، نەسرەوێ ئازار،
ڕۆژ نەبوو یار بە لەنجەولار،
چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار،
بە بەردەسما نەکا گوزار،
نەمێکێ نیونیگای خومار!

بلّێن بە یار، بلّێن بە یار، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار،
خۆزگەم بە پار!

هەر ڕۆژە عیشوەیەک، نازێ،
هەر خەڵوەتە چەشنە ڕازێ،
لەو توانج، لە من نیازێ!
بۆ ماچێ، نوقورچێ، گازێ،
هەر بەزمە دەنگێ، ئاوازێ،

به چاو بینینی دڵخوازێ
بڵێن به یار، بڵێن به یار، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆزگەم به پار، منی هەژار،
خۆزگەم به پار!

بڵێن به یار بێ ناوچاوێ
دیسان له تاو دووری، تاوێ
ئەپڕشت له فرمێسک لافاوێ
ئاخی هەڵنە کێشا تاوێ
به یادی باڵا لاولاوێ،
چاوڕەشێ، ئەگریجە خاوێ!

بڵێن به یار، بڵێن به یار، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆزگەم به پار، منی هەژار،
خۆزگەم به پار!

پرسیی کێ؟ بڵێن داماوێ،
هێلانەی دڵ لێ شێواوێ،
دوانزە مانگ له یار بڕاوێ،
دوانزە مانگ! بۆ یار گریاوێ،
بەئاستەم نووزە تیا ماوێ،
ئەیوت: ناونیشانی ناوێ،
ئەزانێ یار، خۆی، کام هەژار، ڕۆژی سەد جار،
ئەکا هاوار: خۆزگەم به پار! خۆزگەم به پار!

سکالا ...

له سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا
تاقە ستارە!
نەبووی لە وزەی دەستکورتیی منا،
ئاشکرا و دیارە!
هەر لەبەر ئەوە ڕووم لێ وەرگێڕای
بە کەم تەسادوف
دڵەی حەساس نا، بەردم پیشاندای
بەڵام تەئەسوف:

وات‌زانی کە من موستەغنی‌و غەڕڕام
حەریستربووی لێم
تێ‌هەڵچووی بە دەم، ئیشارەت، پەیغام
پەیمانت دا پێم!...

هەیهات! مەلی دڵ، خوێنگەرمی شەباب
تەفرەی ئاسان بوو،
کەوتە شوێن قسەت، فڕی بە شیتاب،
وێڵی ئاسمان بوو

کەچی نەیشتهێشت بێ لەسەر سینەت
بنیشێتەوە؛
لاتبرد لە ڕێگای هەوای مەحەببەت
دوورت خستەوە!

* * *

مەلی ناو فەزای ناموتەناهیم!
دڵی لاوم ڕۆ!
مانووی ئینتیزار ڕێی وەعدەی واهیم[1]:
نووری چاوم ڕۆ!

---

۱) واهی: عەبەس، بێهودە.

بۆ جوانی سەرەڕێ

بۆ یەک شەو لای‌دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم،
بەیانی، ڕۆژ هەڵهات، سوار ئەبم جێی‌دێڵم

وەک ساوای یەکشەوە کە دێ پاش نەمانی
چۆڵ ئەبێ بە یەکجار لە ناو و نیشانی،

ئەم دێیە جێ‌دێڵم: بێ نیشان، بێ شوێنپێ،
ئەی پەری! سڵ مەکە، لا مەدە بۆ لاڕێ!

ئەو نیگا نیوکەچەی ئەو چاوە مەستانە!
شۆڕ مەکە بۆ بەرپێ، بەرز و گەش بڕوانە!

پەنجەی ناز بەر بدە لە چمکی مشکیی شەرم،
دەرکەوێ لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم،

سڵ مەکە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینم،
پیاوێکم جوانیە قیبلەگای ئاینم؛

سەرنجێک من ئەیدەم لەو بەژن و بالأیە،
لە سینەی پاکەوە بۆ جوانی ئەنایە،

ئەمەوێ کە دەرچووم لەم دێیە بەیانی،
خاتیرەم هەڵگرێ جوانترین نیشانی!

چونکی ئاخ! ئەگەرچی ئێوە من ئەمرێنن،بەڵام
تۆ،خۆت و «دێ»ت لای من هەر ئەمێنن؛

ئاوێش لەگەڵ هەر جوانێک ئەبینم تاگەمرم،
ئەبیتە مەواری بۆ ملوێنکەی شیعرم!

بەستەی دڵدار

لەژێر ئاسمانی شینا،
لەپاڵ لووتکەی بەفرینا،
کوردستان گەڕام،
دۆڵاودۆڵ پێوام؛

* * *

نە لە شار و نە لە دێ:
نەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ!
تۆیت و بەس
کچە کوردێک دڵ پێی شاد
وەک فریشتە و پەریزاد بێ!

* * *

نە باریکی، نە گۆشتن،
نە کچۆڵەی، نە شاژن،
نە زۆر چاوڕەشی
نە تێجگار گەشی
بەڵام بە نیگای شیرین:
نەمدی کەس
وەک تۆ بە تین
تۆیت و بەس!
لێت بێ بزەی مانگەشەوی!
بەژنڕێک و ڕەوتی کەوی.

* * *

لەو ڕۆژەوە تۆم دیوە
عەشقێک لە دڵ چەسپیوە!
سانێ دوور بی لێم،

گڕ بەرئەبێ تێم!
کە دەست لە یەخەت گیر نابێ!
لە لای کەس
دڵ ژیر نابێ؛
تۆیت و بەس
پەنای هیوا و خەوبینینم،
ئاواتی گیانی شیرینم!

* * *

ئەوساکە تۆم نەدیبوو،
ژینم تاڵی و ترشی بوو؛
بێ شادی و ئارام،
بێ هیوا و ناکام،
ئەژیام: ژینی سەرسەری؛
نەمبوو کەس
بۆ ڕابەری؛
تۆیت و بەس
ڕێگای هیوا نیشاندەرم،
سەختیی ژیان ئاسانکەرم!

* * *

ئەی گەورە کچی «زەووس»[1]!
خوشکە جوانە کەی «ڤێنووس»[2]!
تو ئەپەرستم،
بۆیە وا مەستم!
بۆ ئایینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس؛
با جارِ بدرێ:
تۆیت و بەس

* * *

قیبلەی ئایین‌و باوەڕم،
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم!
وەک سەرەڕۆی شوێن ئامانج،
نە زازا ما نە کرمانج،
گەڕام کوردستان،
گەرمیان و کوێستان:
نە لە شار و نە لە دێ،
نەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ؛
تۆیت و بەس
کچە کوردێک وەک گوڵ وا بێ،
کوردستانی پێ ئاوا بێ!

---

۱) زەووس: باوەگەورەی خوایەکان ـ بەکان ـ ی یۆنانی کۆن. ۲) ڤینووس: ئافرۆدیت (خوازنی جوانی)، ئەستێرەی زوهرە.

جوانی له لادێ

ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه،
ڕێی‌کانی قوبان[1]! مونته‌زیری جیلوه‌یی نازه؛
به‌رده‌رگه که‌تان قیبله‌یی ڕووی ئه‌هلی نیازه،
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

سه‌ر جاده موعه‌تته‌ر که به بۆی خونچه و میخه‌ک،
به‌و له‌نجه‌یه‌وه به‌سته بڵێت ورشه‌یی خامه‌ک،
هاڕه‌ی که‌مه‌ره و پڵپڵه و گواره و کرمه‌ک ...
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

چه‌ن جوانی به‌ره‌و مه‌غریب ئه‌چی زه‌رده ئه‌دا لێت،
پرشنگی خشڵ ئه‌بڵه‌ق ئه کا ده‌وروبه‌ری ڕێت،
ڕۆژی ده‌می که‌ل حازره بۆ پێشکه‌شی به‌ڕێت،
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

ئێواره‌یه وا، ده‌رکه‌وه سا جوانه کچی دێ،
ئه‌ی ویردی قسه و به‌سته‌یی گشت کوڕگه‌لی سه‌ر ڕێ!
سووتاوی جوانیتن هه‌موو کێیی کوڕی کێ!
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

وه‌ک سوێسکه بڕۆ، ئاسکه‌نیگای چاوی ڕه‌ش و مه‌ست
پرعیشوه بچه‌رخێنه، ئێتر هیچ مه‌به ده‌ربه‌ست:
چه‌ن ماڵ ئه‌رمێ[2]! چه‌ن شل ئه‌بێ هێزی دڵ و ده‌ست!
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

وه‌ختێ که ئه که‌ی چه‌شنی نه‌سیم له‌نجه به‌ره‌و ماڵ،
ئه گریجه‌یی ته‌ڕ په‌خشه له‌سه‌ر کوڵم‌و خه‌ت و خاڵ،
شه‌ڕیانه شه‌ماڵ، په‌نجه له‌سه‌ر ڕه‌نگی ڕه‌ش و ئاڵ!
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه
ڕێی کانی قوبان! مونته‌زیری جیلوه‌یی نازه،
به‌رده‌رگه که‌تان قیبله‌یی ڕووی ئه‌هلی نیازه!
ئێواره‌یه وا، هه‌ڵگره ساگۆزه‌یی تازه!

---

۱) قوبان: سووککراوی قوربان. ۲) چه‌ن ماڵ ئه‌رمێ: چه‌ن ماڵ ئه‌رووخێ.

لە دەرزی پچەوە

جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی،
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی:

بۆ سەوزایی دەورو پشتم، بۆ ئاسمان،
بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان

ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی، کش و مات،
لاشە ست و دڵ کەبڵی تاسە و ئاوات!

لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،
بەرامبەرم بەژنێک دەرکەوت وەک پەری!

لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵابوو،
لە دیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو،

بەاڵابەرز و بچکۆلەیێ و ئیکارین[1]؛
گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین!

ئەڕۆیم و دزەی نیگام جارجارێک،
لە ژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک:

بە ڕەوتی کەو، لەنجەی تاوس و قومری
گورج گورج، جوان جوان ئەهات و جادەی ئەبڕی

مابووی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ،
درزێ کەوتە پەچە و دیم نیگای چاوێ،

دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک
چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!

قۆڵ و مەچەک ساف و سپی وەک شووشە،
سەرپەنجەکان یاقووتێک بوون بە ورشە،

بێنە سەر چاو: چاوێک، بڵێم چ چاوێک؟
کانیی سیحر، دەریای عیشوە، گێژداوێک،

کەواکەوتە بەر شەپۆلی هەستی من،
لەو ڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرەو بن!

---

۱) ئیکارین: قوندەرەی پاژنە عانەیی یە.

بۆ خانمێک

قاسید وتی پێم:بگرە سەبر، خانم ئەوا دێت؛ ساڤەرموو، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت!
حەسرەنکەشی ئەو شان و مل وگەردنەڕووتەم، وەختە بسمرم بۆ نەفەسی بۆنی تواڵێت!
ئاهم بووەتە هەوری بەری تینی هەتاو بۆت، فرمێسکم ئەدانم، لە هەموو ساحەیی سەر ڕێت!
هەر دیاری کە دا حاشیەیی حوسنی ملووکیت: بۆ ڕەسمی سەلام نەبزی دڵە زەربی ترامپێت!
گەر بێت و بڤەرمووی، مەلیکەم! مەیلی نشیمەن[1]، بەو خوایە لەسەر دیدە ئەکەم تەسویەیی جێت!
ئەمجا بە پەڕوباڵی تەڕ و فێنکی بۆسە، تێرتێر ئەسڕم، خانمە کەم، گەردی سەفەر لێت
نازانم ئەبێ چۆن بگەمە باسی ویسالت تۆ خواڕنی جوانیت و ئە کەم فەرتی حەیالێت؟

---

۱) نشیمەن: جێگای دانیشتن.

هەڵبەستی ڕەنجاو

کەی تۆم دیوە؟ کەی ئەتناسم؟ کەی؟ کەی؟ کەی؟ — دڵداری چی؟ پەیمانی چی؟ حەی! حەی! حەی!
وەک سیحرباز هاتووی بەندی دەڵەسە — ئەخەیتە پێم، دیلم ئەکەی، نابەسە!
بەس تەفرەم بە، بەس بە ئەفسوون[1] گێلم کە، — بەس کوێرم کە، ئەمجا دوشمنشێلم کە!
گوێم پڕ بووە لە ئەفسانەی[2] دڵداری، — بەڵەعنەت بێ زوهرەی جوانی و عەیاری!
عومری جوانیم لە هێلانەی بێڕەنجا، — چەن بێتاسە، چەن ئاسوودە ئەگونجا؟
تا ناسیمت، تا خۆت هاویشتە سەر ڕێم، — تا دێوجامەت[3] ڕاگرت نیشانت دا پێم؟
هاوار! تۆمەز لەودیو پەردەی گوڵگوڵین، — لە کارا بوو! بیری بەد، دەستی خوێنین!
بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانی سروشتی[4]، — دائەفلیقێ هەر دڵێ کەوتە مشتی!

---

۱) ئەفسوون: سیحر. ۲) ئەفسانە: ئوستوورە، خەرافات. ۳) دێوجامە: پەردەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە ڕاوەدا بەکاردەهێنرێت. ۴) زوهرە: قینووس، ئەستێرەیەکی گەش (گەلاوێژ؟). سروشت: تەبیعەت یان خیلقەت.

هەڵبەستی پەشیمان

کـــفرە لای مـــن لە یـــار ڕەنـــجان
پێی لێ ئەتێم ئەی زوهـرەی جـوان!

هەرزە گـۆییم[1] کـرد هـەرچیم وت،
وا ئـــەو چـڵکەم بـە فـرمێـک شت،

بـــــە فـــــرمێکی پـــــەشیمانی،
ئەی زوهرەی ناز، زوهرەی جوانـی!

مـــــن ژیـــانم، گـیانم، هـــەستیم،
هـیوام، تـاسەم، شـادیم، مـەستیم،

بـیرم، هـۆشم، هـــەرچـیم هـــەیە
بـــەهرەی جـیلوەی ئـەو زوهـرەیە

کەڕووی لێ نیشت گـەردی شـیعرم،
هەی جوانەمەرگ خۆم! هەی بـمرم!

ئـەی ڕوونـاکـیی ڕێـی بـاوەڕم!
خـــــوای بـــەهەشتی دڵـــی تـــەڕم!

قـیبلەی عـــەشقم! هـۆی ئـاوازەم!
هـــێلانەی هـــــەڵبەستی تـــازەم!

چـــۆن ئـەتوانـم بـــڕەنجم لێت،
هەی خاک بـەسەر ئـینسانی شـێت؟

تـــۆ بـــی زەردەخـــەنەی چـاوت
لێـــــوی بـــــەعاستەم تـــــۆڕاوت،

تـــۆ بـــی ســـپێەتیی شـــانۆو مـــل
لە عـاستی ڕووتـی و یـەخەی جـل،

تـــــۆ بـــــی بـــەستەی ڕۆیشـتنت،
لەوحـــــەی ڕەســـــمی دانـیشتنت،

تـــــۆ بـــــی بـــــەبێترین نـــەغمە:
شـــڵەی مـــاچی ئـــەو نـــاو دەمـــە!

تۆ بی هـەموو جـیلوەی[2] جـوانـیت:
لێـــم خـــۆش بـــە، دڵـــم ڕەنـجانیت!

ئەی زوهرەی ناز! زوهرەی جوانـی!
گـــــەردنکەچی چـــــاوەڕوانـــــی

وەســـتاوم، ســـا دڵـــم خـــۆش کـــە،
شـیعری پـیشوومم فـەرامـۆش کـە[3]!

---

۱) هەرزەگۆیی: نامانووڵ وتن، نامانوولی کردن.
۲) جیلوە: لە وجلی،وە، دەرکەوتن، دەرەوشانەوە.
۳) فەرامۆشکردن: لەبیربردنەوە.

بۆ گەورە کچێک

ئەی گەورە کچی دڵبەرو شۆخ! وەختی منالّیت
دابووم دڵێکی پوختە بە ئەو ڕۆحە عەفیفەت،
تۆزێ ون‌ئەبووی کرپەی ئەبەست عامیلی ئولفەت
گەردی لە دڵم ئەسڕی پەڵو پەنجەیی بازیت!

گا ئەموشی ئەو ڕوومەتە نەرمە بە بەری دەست،
گا شانە و گوڵباخم ئەدا لەو قژە زەردەت،
گا ماچم‌ئەکرد لێوی قوت و چاو و برۆی مەست،
چەن ساتێ وەها ئولفەتی تۆم بووبوو بە عادەت،

تاکوو لەبڕاکەوتمە ناو دۆزەخی[1] غوربەت،
کەم‌کەم سپی بوو یادت[2] لەسەر لەوحی خەیاڵم
ئێستا کە لەپاش بووردنی شەش ساڵە بە عەودەت،
دڵشادم و تۆ دەم‌دەم ئەکەی پرسشی حاڵم!

بۆ ڕاستی نەڵێم گەورە کچی عیشوە سەراپا،
ئەوسا نیە تا ناخی[3] نیگای دیدە بەری بێ
ئەوسا نیە تا ناوی قەشں دیوی دەری بێ،
ئەوسا نیە، ئەوسا نیە، ئەوسا نیە بەخوا!

---

۱) دۆزەخ: جەهەنەم.
۲) ئەم وشەیەی کەلیمەی «یادت» لەسەر شێوەی سلێمانی تەلەفوزی پێ ناکرێ.
۳) ناخ: قەعر، بن.

نیاز[1]...

سەردەمێک بوو دنیای گیانم تاریک و چۆڵ بوو؛
کام «بەڕۆچکە»ی گەرمە دڵم، چەشنی سەهۆڵ بوو؛
قەدیحەم وشک، تەبیعەتم زەرد و ژاکاو بوو
زەردەخەنەم ئاخی سەرلێو، فرمێکی چاو بوو!
بە ئاسمانی هیوامەوە ئەستێرەکانم
بە هەزاران شا ئەستێرەی گەشی گەشی جوانم،
هەموو نوقمی دەریای تەمی ڕەش و تاریک بوون،
وەک وەنەشەی چنراو لە گەڵ سیبوون خەریک بوون،
سەردەمێک بوو بێنەغمە بوو باغچەی ژیانم،
بێورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم،
لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکابوو؛
شەپۆلی بای بەهرە و جۆشم مەنگ ڕاوەستابوو.
تەلی عوود وکەمانم پس،[3] کونی شمشاڵم
بەسرابوو وەک گریێ دڵ و زمانی لاڵم!
سەردەمێک بوو: نە تریفەی مانگی هاوینم،
نە گزنگی هەتاوی سەر لووتکەی بەفرینم،
نە لەرزینی چینی سەر ڕووی گۆماوی شینم،
نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم،
نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم،
نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم
چەشنی جاران دایەخورپان ناخی دەروونم،
ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵین سەرچاوەی ڕوونم!
سەردەمێک بوو، سەردەمێکی دوورودرێژ بوو،
نوێنی ئارام بۆ من لەسەر چەرپایەی لێژ بوو،
نە خەوم خەو، نە خەیاڵم وەک خەیاڵ وا بوو،
هەستیم وێنەی ئوقیانووسی ژێر ڕەشەبا بوو،
لەشم بێهێز، گیانم بێزار، دڵم غەمگین بوو،
هیوام تاریک، مەبنی عەشقم نابووتی ژین بوو!
ناهومێد بووم، وام ئەزانی دەردێکە کاری،
بەرەو پیری چوون هێناویە دیاریی ئێجگاری!

ئـــیتر ئـــەبێ کـــونجێ بگـــرم، دۆش دابـــمێنم،
لەســـەر مـــەرگی عـــومری جـوانیم یـاسین بـخوێنم!
چاوە نوارِ بم ساکەی گەردوون، گـەردوونی بێباک،
جـــانەوەری گـــۆڕ هـــانئەدا بـــمکاتە خـــۆراک؟!
بـــەڵام ئـــەی یـــار، یـاری نـازدار، شـۆڕەژنی شـۆخ!
بە لێـوی ئـاڵ، بـە چـاوی ڕەش، چـاوی ڕەشـی تـۆخ
بـــە بـاڵای بـەرز، بـە ئـەندامـی نـەرم و شـل و جـوان،
ڕەوتی شـیرین، عـیشـوە و نـازی گـفتوگۆ و جـووڵان،
بـــەم جـــوانـــیانە کـــە زیـــنەتی بـــەهەشتی دنـــیان،
بـــەم جـــوانـــیانە کـــە لە تـــۆدا هـــەموویان پـــەیدان،
لەو ڕۆژەوە دیـــومە ســیحری زەردەخـــەنەی تـــۆ،
دنـــیای دەروون مـــەلەکـــانی هـــاتوونەوە۴ گـــۆ
ســـەرچـــاوە کـەی عـومری جـوانـیم هـاتۆتەوە قـوڵ،
بـــاغچەی ژیـــنم پـــڕ بـــۆتەوە لە نـــەمامی گـــوڵ! ...
ئێستا ئەگـەر بێت هـیچ نـەبێ لوتـفی تـۆ جـار جـار،
بـــملاوێنێ ئـــەی ژنـــی شـــۆخ، ئـافرەتی نـازدار!
قـــەسەم بـە تـۆ! قـەسەم بـە نـاز! قـسەم بـە جـوانـی!
هـــەموو هـــەستیم ئـــەچێتەوە دۆخـــی جـــارانـــی! ...
قـــوڵپی گـــەشی خـــوێنی جـــوانـــی دێـــتەوە لەشـم،
دیـــسان شـــەبەق ئـــەدا ئـــاسۆی ئـــاسمانی ڕەشـم ...
ئـیتر ڕابـــوورد مـــن پـــیر بـــبم، یـــان دڵـم بـمرێ،
یـــا بـــلووری شـــادمانیم هـــەرگیز گـــەرد بگـــرێ!
ئەمجا ئەی یار، ئەی خواژنی عـەشقم، ئـەی ڤـێنووس،
ئـــەی هـــەیکەلی بـــەدەن لە عـاج، تـوالێت ئـابنووس،
هـــیچ نـــەبێ تـــۆ، بـــۆ خـــاتری جـــاهی ئـــەپۆلۆ۵،
مـــــەلی شـــــیعرم مـــەیدان مـــەدە بکـــەوێ لە گـــۆ!

---

۱) نیاز: ڕجا. ۲) بەڕۆچکە: بەر ڕۆژ. ۳) پس: لە پـشتەوە، [بەمەعنا] پچڕان و خاوبوونەوە هاتووە.
۴) هاتوو ئەوە: لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە «هاتوتەوە». ئێمە لامان وابوو ئەوە هەڵەی چاپەو ڕاستەکەی «هاتوونەوە»یە. م.م.ک. ۵) ئەپۆلۆ: خوای شیعرو حیکمەتی یۆنانی کۆن.

جوانی بێ‌ناو

قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە مەنگە کەی بە دەنگی چپە دوو،
ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەیێسکووک،
ڕاستە من ڕێبوارم، سەرپێیی ئەڕوانم،
ئەڵێی نەک هەر ئێستا، عومرێکی درێژە
ئەی کچە کاڵە کە! جوانی‌تر با زۆر بن،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!
لە تەختێک هەڵدەستێ هەزار و یەک نەغمە:
کانیە کی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ‌سنوور
قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ،
دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەست نیم ڕەوتەنیم،
هی ئەوەی نیگارێک[1] لە یادم کێشراوە،

ئەی کچە جوانە کەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ!
گەندەمووی دەموچاومەچەک هەڵە گرتوو
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک!
بەڵام وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم،
بەو دەستو پەنجانەت بڕینم ساڕێژە!
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن،
بە واتەی خەڵکی‌تر با ناویان شاگوڵ بێ،
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە!
لە بنیا بەرزیێ مرواریی زیخ و چەو،
شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شڵپ و هوورِ!
ئەی کچە جوانە کەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ!
ئەزانی شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم؟
شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە.

---

۱) نیگار: ڕەسم، سوورەت.

بۆ کچێکی بێگانە

زۆر قسەی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم،
زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم،

شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد،
سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەک بەرد،

بەژن و بالای کەڵە گەت و شۆخ و شەنگ،
لەشولاری کەمێک گۆشتن، کەمەر تەنگ،

پێستی سپیی بە خوێنی گەش مەیلەو ئاڵ،
کولمی قەڵەو، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ،

دەم و لێوی وەک گوڵی بەربەیانی،
ئەمانە گشت، گەلێکی تریش جوانی،

وەک لەنجەولار، زەردەخەنە، نەغمەی دەنگ،
شەرمی تاوتاو، نازکردنی ڕەنگاوڕەنگ

هەموو دیون، کاریان کردۆتە هەستیم،
سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم.

هەموو: یەک یەک، یاخۆ دەستە بە دەستە
ناخی گیانیان بۆ پڕ کردووم لە بەستە!

ئەمانەم گشت لا جوان بووە و لا جوانە،
بەڵام هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمانە

بۆی نەشکانووم تویتەتی و ئارەزووی دڵ،
هەرگەڕاوە مەلی بەرسیم چڵاوچڵ

لە هەچ باخێک گوڵێکی سوورم دیبێ،
بۆی چووم هەزار دڕک لە پێم چەقیێ!

هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم:
ناشارەزا و پەپوولەی دوور بە دوور بووم!

ئەمجا ئیتر کەوتومەتە بەیایی
بۆ جوانێکیتری پێش ئاشنایی

جوانەیتریش هەر وەکوو ئەم جوانانە،
نەیتوانیوە دامرکێنێ ئەم گیانە،

هەر سەرگەردان، هەر ئاوارە، هەر برسی
«بۆچی؟» باشە پێت بڵێم با، ئەپرسی:

چونکە کاتێ دێتێتە دی خۆزگەی دڵ،
جوانیی گیانیش هاوکاری بێ، جوانیی گڵ،

لەش با هەردەی بەهار بێ ئارایشتی،
ئاسمانێکی ئەوێ فەڕ با بە گشتی!

بۆ کڵۆڵیم، ڕەنجەڕۆییم، بەدبەختیم،
تا ئێستاکە هەر نازداری من ناسیم،

بە ڕواڵەت چەن پرشنگدار و شیک بوو،
پێچەوانەی ئەوە، دڵی تاریک بوو؟

کۆشی گەرم و دەروونی سارد و سڕ بوو،
زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بوو!

لەبەر ئەوە، ئەی قژزەردی بێگانە،
جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە،

بەڵام ئەوەی لێی ڕووژاندم هەستم،
ئەوکێبی شیعرەبە داتە دەستم!

گران هەتا دوا هەناسەی ژیانم،
لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم:

دیوانەکەی «برۆنس» کە نەغمەی شیعری،
ئەڵێی کچە پێتە کەنێ، یان ئەگری!

ئاهەنگێک لەناو ڕان

ڕێبوار [بە لای ڕانا تێپەڕێ نزیک بە میرگی بەهار]:

هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور،
تا نەگەڕێ میرگی بەهار
دەم ناتێتە ناو دەمی یار!

شوان:

بەڵام منی شای گشت هەنگی هەردەی بەهاران،
بۆ بینینم خۆیان ئەگرن ڕێی دەشت نازداران!
سۆزی شمشاڵ ئەخەمەکار دەمی ئێواران:
پۆل پۆل ئافرەت، شیردۆشی جوان، ئەکشێ بۆ ناو ڕان!

ڕێبوار:

هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور؛
چۆن بە پێی خۆی دێ گوڵی گەش
بۆ لای شوانی کەپەنکەڕەش؟!
نەک گوڵێک و نەک سیان و چوار،
چەن لە دێدا هەبێ نازدار؟!

شوان:

کە مۆڵم دا میگەلی تیر لەسەر سەوزە گیا:
زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێڕ ڕووی دەشت و چیا؛
هەر نازدارە، بۆ هەڵپەڕکێ جۆشێ لە سەریا،
لە شمشاڵم ئەنێ بە ناز ڕووی نیازی جیا!

ڕێبوار:

هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور؛
لەناو دێوە پۆڵ پۆڵ نازدار
ئەشێلن سەوزە گیای بەهار
بۆ لای شوانی شمشاڵ پڕ جۆش ...
هەی بەختی باش! ژیانی خۆش!

شوان:

حەڵقەی چۆپی لەسەر فەرشی گیای قەراغی ئاو،
لە بەردەمما هەڵئەپەڕێ گا گورج و گا خاو؛
• منیش چەشنی پەپوولەیەک گوڵ دابێتە ناو
کێ زۆر شۆخ بێ لە بەرپێما ئەوەستم تاو تاو!

ڕێبوار:

هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور؛
هەر لە دێوە هەتا ناو ڕان
بە لەنجە دێن شێردۆشی جوان،
هەڵئەپەڕن بۆ شمشاڵەکەن
هەی بەختی باش! ژیانی شەن!

کۆمەڵێ ئافرەت [لەخێک لە دوورەوە] :

هۆ شوانی بەهرەدار! تێخوڕە، چاوەڕێین،
ئارایشت تەواوە، ئامادەی هەڵپەڕکێین!
پەرۆشی ئاوازەی بەسۆزی شمشاڵین،
بێ سیحری فووی دەمت، بەزم و نۆش بەئاڵین،
تێخوڕە، ئامادەین پاداشتی ئاوازە
تێرت کەین لە فوونی دڵکە جوانی و نازە!

هۆ شوانی بەختیار! تێخوڕە، درەنگە،
بێ شمشاڵ لە دەشتیش وەکوو ماڵ دڵ تەنگە!

تێخوڕە، تێخوڕە،
مێ[1] تیر وگوان پڕە،
کاتی ڕان مۆڵدانە،
تا بڵێی دەشت جوانە!
لێو بەرە بۆ شمشاڵ،
بە سۆز و ناڵەناڵ:
بلەرزێ لەشی کێو!
بجۆشێ دڵی دێو!
نەوەستێ هەڵپەڕکێ:
تا بارەی بەرگەل دێ!

---

١) مێ: لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گوران خۆیدا نووسراوە «من»، بەڵام دیارە هەڵەی چاپە. م.م.ک.

شەوێک لە «عەبدوڵڵا»[1]

«هۆڵ[2]»ی زۆر گەورە، ئێجگار ڕووناک — هەموو شت جوان، هەموو شت پاک
«جەوە»ی لێی ئەتکێ شادمانی، — بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانی
هەر مێزە و کورسی دەورەی داو، — تێکڕژاون ئافرەت و پیاو
ئافرەت: چرای کۆڕی ئاهەنگ، — لەنجەی جوواڵان، مۆسیقای دەنگ،
لەسەر هەر مێزە، یەک دوانێ — بۆ چەشنی جوانی نیشانێ!
یەکێ قژزەرد، یەکێ چاوڕەش، — یەکێک لێو وەک گوڵغونچەی گەش.
یەکێک جوانیی وەک هەتاوە، — تین و تیشکی لە پێش چاوە؛
یەکێک مانگی شۆخ و شەنگە — سیحری جوانیە کەی بێدەنگە؛
یەکێک شێوەی دوان خۆشە، — جوان نییە بەڵام جوان‌پۆشە! ...
هەر ئافرەتە هێندە ژیرە، — پەرداختر کات کۆێی دڵگیرە:
پێست‌پەمەیی لەش نەرم و شل: — نیوەڕووتی تەنکیی جل،
کەمگۆشتی نەختێک کەڵەگەت: — نەخشێکە بۆی شان و چاکەت،
قژ ئاوریشمین بە تواڵێت — عەتر و سیحری لێ ئەتکێت،
چاوڕەش بە کل ئەوەندەی تر — بۆ تەماشاکەر گورچکبڕ؛
شۆخی مەڕمەڕگەردن و سنگ، — لەسەر سنگی ڕووت بۆ پرشنگ
ڕستێک مرواریی دانساوە، — مایەی ڕێشکە و پێشکەی چاوە!

* * *

تاک تاک مێزی وەکوو هیی من — دەوری داوە کۆڕی بێژن
ئەمانەش یا بادەنۆشن، — یان بە تەماشا سەرخۆشن!
تاوێک چاو ئەبڕنە جوانێ — دانێکی نایاب ئەزانێ،
پێ و پل و چەرخەی هاتوچۆ — جوان جووت ئەکا لەگەڵ تانگۆ[3]
تاوێک نەغمەی «ڤاڵس» و خەیاڵ، — لەگەڵ نەشئەی سناوتی تاڵ،
دەستیان پێ ئەداتە بەر سەر، — بیریان ئەڕوا بۆ دنیای دەر!
تا کەی؟ بەڵکوو تا دوای[3] دانس، — «چەپ...چەپ...»چەپڵەی پاش نەغمەی ڤاڵس!

* * *

سەعات فڕی، شەو درەنگ بوو. هێشتا نیوەڕۆی ئاهەنگ بوو!
تازە باندی[5] پشت سێپای نۆت: گەرمی هەوای فۆکسترۆت!
تازە شۆخی هەڵبژاردەم کەوتۆتە سەرنجی دەم دەم،
بە دوو چاوی وەک دەریای شین، پڕ لە زەردەخەنەی شیرین
بەڵام منی بێگانەی کۆڕ، شەونشینیم لێ نایە زۆر،
ناچار لەگەڵ هاوڕێم هەڵاین، خەو ئەم بەهەشتەی لە کیس داین!

---

۱) عەبدوڵڵا: جێگایەکی دانس و مۆسیقایە لە بەغدا.

۲) هۆڵ: قاعە.

۳) تانگۆ: مقامێکی مۆسیقای ڕۆژاواییە. فاڵس و فۆکسترۆتیش هەروەها.

۴) دوایی: لە چاپەکەی سەردەمی ماموستا گۆران خۆیدا بەمجۆرە نووسراوە «دوایی». بەڵام بە بیری من ئەوە هەڵەی چاپە و ڕاستەکەی «دوای»ە چونکە بەمجۆرە مەعنای بەتەواوی قورڵتر ئەبێ. م.م.ک.

۵) باند: فیرقەی مۆسیقا، نۆت: دەفتەری نۆتەی مۆسیقادا کە لە بەردەمی مۆسیقاژەندا لەسەر سێپایەک دائەنرێ.

بووکێکی ناکام

هەی سوار سوار بێ! هەی تفەنگچی دەست باتە تفەنگ!
هـەی ژنـی جـوان ئـارایشـی خـۆی کـا بـۆ ئاهەنگ!
لەژێـــر تـــارای ســـورمەچنا هـــەرە جـــوانـــی دێ،
«کـچی جـووتیار!» بـەرەو کـۆشکی ئاغا کـەوتە ڕێ
کـــــۆشکی ئـــاغا گـــەچکاریە، ئـــاوێنەبەندە،
کـــەس نـــازانـێ بـە ژمـارە، پـەنجەرەی چـەندە!
حـەوز و فـوارەی حـەوشی مـەرمەر، باغچە و چیمەنی
بـــەسەرناچێ هـــەرگیز ســـەوزی و گـــوڵی دەگـــەنی!
جـــوانـــی لادێـــی ڕووتـــی وەکـــوو تـــەڵی وەنـــەوشە
بـە ئـاوریشم و بـە ئـاڵتوونی ئـەم کـۆشکەو حـەوشە
لە تـەوقی سـەر تـا بـەری پـێ پـەرداخت و پـۆشتە،
ســـوار کـــراوە، شـــۆخ و نـازدار وەکـــوو فـــریشتە
خـــراوەتـە ڕێ بـۆ پـەردەی ئـەتڵەس و گـوروون،
بـۆ بـاخەڵی ئـاغای پـێش چـاو بـە چـلچرا ڕوون!.
ئـــاغای خـــاوەنهێز و شکـــۆ، خـــاوەنسامداری،
لەکـــاتێکا درێـــژ ئـــەکـــا دەســـتی دڵـــداری
بـــۆ گـــەردنی گـــوڵی کـێوێی لە جـێ هـەڵکەنراو،
نـمی فـرمێسک بـە دی ئـەکـا لەسـەر کـلی چـاو!
مـــووچرکەیەک بـــە ســـەرتاپای لەشـیا ئـەگـەڕێ:
ئـاگـادارە فـرمێسکی سـۆز، دێـتە خـوار بـۆ کـێ!
کـــچی جـــووتیار بـۆ بـەهەشتی ژیـن و دڵـداری،
لەگـــەڵ کـــوڕی شـــوان بـــەستبووی پـــەیمانی یـــاری!
کـوڕی شـوانـی بـرژاوی ئـێش، لە بـەر هـەتاو قـاڵ،
مەچەک ئەستوور، لەش کەڵەگەت، دەفـەی نـاوشان چـاڵ.
تـــیری خـــوای عـــەشق هـــەتا شـاپەڕ دڵـــی ســـمیبوو.
کـــچی جـــووتیار لە بـــەرچـاوی بت بـوو، پـەری بـوو!
ئـــەم نـازدارەش بـە شـەو و ڕۆژ نـەخشی خـەیاڵی
کـوڕی شـوان بـوو: بـاڵای بـەرزی، نـاوشانی چـاڵی!

ئـــیتر ڕێگـــای دارســـتان و نـــاو ڕان و دێـــبەر
بـــوو بـــە شـــانۆی ســەرگروشتەی دڵـــدار و دڵـــبەر:
هـــەر بـــن‌دارە، بـــن‌دەوەنە، هـــەر بـــتە خـــاکـــە
ئـــاگـــاداری چـــەن بـــەندێک بـــوو لەم عـــەشقە پـــاکـــە!
هـــەتا ڕۆژێ بـــۆ کـــڵۆڵی ئـــاغای شکـــۆدار،
لەســەر ڕێی ڕاو، کـاسەیەک دۆی وەرگـرت لە نـازدار،
گـــڕی لەشـــی دامـــردەوە بـــە دۆی ســەرتەزێن،
بـــەڵام کـــوورەی دڵـــی کـــەوتە بـــەر بـــای بـــاوەشێن!
دەست و کـاسە و پـەنجەی دۆگـیر، نـیگای چـاوی ڕەش،
هـــەستیی ئـــاغای فـــرێدایـــە نـــاو ئـــاگـــری گـــەش!
پـــیاوماقوولی ڕاســپێری کـــرد تـــارەک[1] ســـازبکرێ،
زوو ئـــەم شـــۆخە نـــەرمونۆڵەی بـــە بـــووک بـــۆ ببرێ
کوڕی شـوانـەکـە ئـەمەی بـیـت شێت بـوو، دایـە کـێو،
زەویـــی داگـــرت بـــە تـــفکردن، ئـــاسمان بـــە جـــێو!
چـــەن جـــارێ شـــەو مـــاڵی ئـــاغای دایـە بـەر تـفەنگ،
دەغـــڵی ســووتان، بـاغی بـڕی، بـۆ ئـەتک و بـۆ پـەنگ:
کـــلک‌و یـــاڵی چـەن چـارەوێی قـەڵ کـرد بـە خـەنجەر،
بـــەســەر ڕانـــی ئـــاغایا دا و مـــەڕی دایـــە بـــەر
تـــاکـــو دوایـــی ڕۆژێ بـــەختی نـــۆکـــەری ئـــاغا
خـــەوی لێ خـت لە ســێبەری درەخـــتی بـــاغا؛
پـــەنجەی کـــینە لەســـەر پـــیلکەی تـــفەنگ کـەوتە کـار،
کـــۆستی دڵـــی بـــۆ ئـێجگاری کـەوت کـچی جـووتیار!
ئـــێستا ئـــەوا هـــەرچـــی بـــڵێی نـــیعمەت و نـــازە
هـــەمووی ئـــەدا بـــە یـــەک دڵـــۆپ فـــرمێسکی تـــازە،
لەبـــەر دەرگـــای چـــاوی ڕەشـــا بـــلەرزێ و بـــڵێ:
دەســـتی زۆردار ســـەد ســـەر ئـــەکـــا، نـــاگـــانە دڵـــێ!

---

۱) تارەک: دەبێ کورتکراوەی (تەدارەک) بێت، واتە (ئامادەکاری).

لە لادێ

کـــراس‌کـــەتانی کـــەواســـەوزی بـــەژنوبالآبەرز،
بە شان و گۆزەوە چەن جوانی ئەی پەریی سەر ئەرز!
لە دوورەوە چ نـــــمایانە پـــــێچو ســـــەرپۆشت!
چ زوو ئەگـاتە دەمـاخم شـەپۆلی بـۆی خـۆشت!
شـــەماڵی ڕێگـــەیی کـــانی ئـــەخاتە بـــاڵاکـــەت،
لەرانـەوەی لەشـی زیـوینی شـۆڕەبیی کـەڵەگـەت!
ئەڕۆی بە عـیشوە، بـە لەنـجە، بـە وەزنـی گـۆرانـی
ئەڕۆی ... زڕەی کەمەڕەت دێ هەتاکوو بەرکـانی!
ئـەگـەیتە کـۆمەڵی پـیاوانـی بـەردەمی مـزگەوت،
سڵێک ئەکەی وەکو ئاسک لە سێبەری ئەشکەوت!
لە ڕێگـــەتا هـــەبە پـــۆل پـــۆل لە لاوی دێ کـــۆمەڵ،
کە هەریەکـەگـوڵی هـێناوە چـەشنێ، پـڕ بـاخەڵ!
هەموو بە عـەزرەتەوەن گـوڵ فـڕێدەنە بـەر پـێت،
خـوایـە ئـاخۆ گـوڵی کـێ بـە دڵـتەوە ئـەلکێت؟...

یادگاری کۆن

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

غەزەلیات:

ئەڕۆی ئۆغر

کلاوڵار، گـورجـی کـەوڕەفتار! نـەزەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
لە تـیری ئـاهی نـاکـامیم حـەزەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
بـە دووتـا ئـەشکی حـەسرەت خـوێن ئـەبارێنێ بـەسەر دەشـتا،
تـــەماشای لالەزاری ڕاگـــوزەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
لە لای خـەڵقی گـەدایـە گـەردی ژێـر پـێی مـوڵکی دڵـداری
بـە سـایەت وەک هـوما تـاجم لە سـەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
بـــە لەرزە و زەلزەلەی ئـــەو پـــڵپلاتەی دەوری پـووشینت،
بـنای هـەستیم هـەموو زێـرو زەبـەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
ئـەوا واعـیز ئـەڵێ لادە لە قـیبلەی عـەشق و جـوانـیی ڕوو،
سـەماعی وەعـزی سـەرتاپا زەرەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
فـریشتەی یـا پـەری یـا حـۆری ئـەی شـۆخی مـەلەکشێوە؟
بە عیشوە و خـوو لە هـاوجینـی بـەشەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
بە تای دوڕڕی غەزەل ئـەچنم لە حـەسرەت ڕشـتەیی گـێـووت[1]،
مـەتای عـومری دڕێـژکردووم لەبـەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
ئـەڕۆی ئـۆغر؟ ئـەڕۆی ئـۆغر؟ نـەزەر نـاکـەی ئـەڕۆی ئـۆغر؟
حـــەیام، عـــەقڵم، دڵ و دیـــنم هـــەدەرناکـــەیئەڕۆی ئـــۆغر؟

---

١) ئەگەرچی لەچاپەکانی پێشوودا (دووری) نووسراوە، بەڵام ئاشکرایە ئەوانەی دیوانەکەیان ئامادە کردووە لێی ئاگەبشتوون. ڕاستیەکەی ئەوەیە لێرەدا نووسراوە(وانە بە تاڵی دوڕڕی غەزەل... هتد).

هەرچەن...

هـەرچـەن بـە بـەر مـەلالی فـرەم تـەنگە قـافیە،
یەک عـومری خـەم هـەناسەیەکـی سـاردی کـافیە!
خۆزگەی خەمم بە قەڵبەزی سەرچاوە کـەی «زەڵـم»،
چاو وشکـی کـرد و ئـەو وەکـوو خـۆی تـافەتافیە!
لای من چ جامی نـەشئە چ مـیحرابـی دیـنی عـەشق:
ئـەم چـاو و ئـەو بـرۆی کـچە کـوردێکی جـافیە!
زنـجیری زوڵـف و چـاهی زەنـەخ وا لە ڕێگـەیا،
کـێ لەو حـیجازی حـوسنە ئـومێدی نـەوافـیە؟
تا دێ سروور و سـیحـەت‌و سـەبرم زەعـیف ئـەبێ،
هـەر تـەبعی تـا سـەما لە فـی راقـا مـونافیە!
تـف لەو ژیـانە کـە بـێ دەردی‌عـەشقە ئـاسوودە،
بـەخ لەو مـلەی کـە زوڵـفی نـیگارێ تـەنافیە!
«گـۆران»، تـەماعی مـاچ و ویـسالی بـڕیوە لێت،
بـەک ئـیلتیفات و نـیوەنیگایەک کـەفافیە!

ئەی شەوقی گەلاوێژ!

ئــەی شــەوقی گــەلاوێژی بــەیان نــووری نیگاهت!
ئــەی عــەتری ســەبا بــۆی نــەفەسی زوڵفی سیاهت!
ئەی حوسنی تـولووع وێـنەبەکـی فـەیزی حـوزووڕت،
ئەی حوزنی غوروروب ڕۆژی ڕەشی دووریـی تـەباهت!
ئەی کۆشک و سەرای بـاغی بـەهەشت مـەبلی سـەوابت!
ئــەی ئــاگــری دۆزەخ شــەرەری خــەشمی گـوناهت!
ئەی عـیففەتەکـەت داغـی حـەسـەد بـۆ دڵـی جـبـریل،
هــەر بــۆ هــەوەس و عــیشوەیە خــۆ لارەکـولاهت!
چــۆن مــەحکەمەیی عــەشق نـەدا حـەق بـە جـەمالت؟
خــەندەی لەبــی مــەعــوومە ئــیفاداتــی گــەواهت!
وەک بـلبلەکـەی فـەجری ئـەزەل وێـردمە ئەی یـار:
بــۆ ئــەوگــوڵە وا خــەڵقی ئەکـا حـەمدی ئـیلاهت!
بــێ عــەشقی هــەوای پــاییزە بــۆ قــەلبی فــسردەم،
ئــەی ڕۆژی بــەهار مــەرحــەمەتی[1] تــبینی پــەناهت
بــێداریــیــەکــەم زوڵــمەتی شــەو بــردی قــەراری،
تــۆ و زوڵــفی پــەشێو، دەربــخە ســا چـیهرەیی مـاهت!
ئــەستێرە هــەموو داغــی ســەمای ســینەتە «گـۆران»،
ئــەی عــەرشی عــەزیم نــاڕەحەتی دووکــەڵی ئـاهت!

---

١) مەرحەمەتی:لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا هەر ئەوەندە نووسرابوو:مرحمۀ.ئێمە وامان بۆ ڕاستکرایەوە.م.م.ک.

تاوێ نەگەڕا...

تـاوێ نـەگـەڕا چـەرخـی مـوخالیف بـە حـیسابم،
بـــێئاڵە نـــیە ســـانیەیەک تـــاری ڕوبـــابم!
هەر لەحزەیەکی مەهدی هـەزار گـریە بـوو، ئـەفـووس،
ســـاڵانی مـــناڵیم و هـــەموو عـــومری شـەبابم!
گـەر ڕاسـتە مـەلەک نـامەیی ئـەعمالم ئـەنووسێ
بـا سـوور بـێ وەکـوو خـوێنی جگـەر خـەتتی کـێتابم!
شـــەمعێکە لەســەر لێـوەلەڕەی مـەینەتی مـن ڕۆژ،
ئـــەسێرەیی شـــەو شـاهیدمن ســەختە عـەزابـم!
ئـــێستە خـــەلەلی عـــافیەتیش بـــاری بـــەدەنمە،
هـــەر دەردە ئـــەدا پـاچی لە بـونیانی خـەرابـم!
تـوخوا دڵـەکـەم کـوانـێ خـوتووراتـی جـوانیت؟
بـۆ ڕەش بـوو هـەموو ئـوفقی خـەیاڵات و سـەرابـم؟
هـــەیهات، چ بـــێمیهر و وەفـا دەرچـوو نـێگارم،
حـاڵی بـەگـەرم پـرسش ئـەکـەم، سـاردە جـەوابـم!
زیـاتر ســەبەبی عـەقڵ و شـوعوورە خـەفەتی مـن،
بـــۆ غـەفڵەت و نـیـیانە هـەموو نـۆشی شـەرابـم!
سـاقی بـە فـیدای دیـدەیی مـەخموورت ئـەکـەم دیـن:
لێـوڕێژم ئـەوێ پـیاڵەیی مـەی ئـەجری سـەوابـم!

له بەختی تار...

له بەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت، شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایەت!
نیە فایل بەرێبنی ڕاهی دووری وەکوو پەرچت کشاوە بێنیهایەت!
بە هیچ خاکەرێ ناگەم نەکا بۆم لە ئەنجامی لەهیبی حوب حیکایەت!
کە تیری نیونیگات چەرخانە ئینسان، قەفەس خاڵی ئەکا مورغی دیرایەت!
لە چاوی بەد، خوا عومری جوانی قوبوڵ کا لێم بە پاداشتی ویقایەت!
خەوی منداڵ و سەهری عاشقی زار، ئەبەخشێ حوزنی نەغمەی لایەلایەت!
هووەیدایە لە ڕەنگی ئاڵی دەستت[1] کە دائیم پیشەتە قەتڵ و جینایەت!
هەتاکەی، بادەنۆشی عەشقی تۆ بم، هەتاکەی، بێ مەزەی ماچی کیفایەت؟
دەخیلت بم هومای زولفەینی دڵبەر، بەسەر سەرما بکێشە فەیزی سایەت!
بە «گۆران» ناکرێ قەت ئەرکی سەودا، کلا نابم لەسەر جادەی هیدایەت!

---

۱) دەستت: لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە «دەشت». دیارە هەڵەیە. م.م.ک.

کە نیشکە جوانە کە!

کەنیشکە جوانە کە بۆچی فریبی‌حوسن و جەمال
هەڵتەداتە سەمایی تە کەببور و عەزەمەت!
والی الابدە نیە بۆ کەس مەلاحەت و شەوکەت
هەمور بەهارێ مروری سەربعە بەرقی‌میسال!
کەنیشکە جوانە کە: گوڵباغی شۆخ و ڕەونەقدار،
کە ئێستە مەوقیعی بالایی، سەرتە مەستی غروور،
ئەبینی ئاخری ڕۆژێ سوقووت ئە کا مەقهوور،
لەژێری پێیی عەجووزا ئەبێتە تۆز و غوبار!
کەنیشکە جوانە کە: ئێستا ئە گەر بە سیحرو فسوون،
هەزاری وەک من ئە کێشیتە داوی شۆر و جنوون،
بە ئیبتیسامی نەوازش لەبت بکەی تەهزیز،
دڵی هەزاری وەکوو من لە عەشق ئە کەی لەبریز
بەڵام سبەینێ کە پیری وەکوو حولوولی خەزان،
بە ڕەنگی زەردەوە دەستی لە گەردنت ئالان؛
ئە کێشی ئاهی تەحەسور لەبەر خەساری دڵان:
دڵانی پڕ لە شەباب و غەرامی جانبازان!

مەدەنییەت

مەدەنییەت: گوڵی بەهاری حەیات،
مەدەنییەت: هەوایی نەشئونوما،
مەدەنییەت: وەسیلەیی ئیحیا،
بۆ هەموو میللەت‌و عوموومی ولّات!

مەدەنییەت، ئەلەکتریک، قەمەر
ئەی زیابەخشی حالّی نەوعی بەشەر!

قەومی کوردی هەژاری بێچارە
وێڵی تەیهی جەهالەتە، هاوار!
ماندوو، مردووە غەرقی تۆز و غوبار
تەی ئەکا ئەم موحیتی ئەسرارە!

سەرسەری، بێ‌نەسیبی ڕوئیەت و گوێ،
ژێری پێی دوومەڵ و بەدەن توێ توێ!

مەوقیعی پڕ دڕندەیە، خەتەرە،
ناوپەلی فیلە، کۆشی عیفریتە،
چاوی مەرگی هەمیشە لێ زیتە
ئاخ کە ئەم قەومە چەندە قوڕبەسەرە!

مەدەنییەت، ئەلەکتریک، قەمەر،
ئەی زیابەخشی حالّی نەوعی بەشەر!
ئەی شوعاعی هەتاوی حەقق و نەجات،
مەدەنییەت! دەخیلە سا پەلەپەل؛
پڕ زیاکە سەمایی تاری ئەمەل؛
با ببینین بەهەشتی ڕاستی حەیات!

سێبەری هیوا

تەسادوفەن کە جوانیت، جەمالی بێوێنەت
بەرامبەری نەزەرم ناگەهان تەجەسسومی کرد،
لەبەرئەوەی بەشەرێکم زەبوونی دڵ، هەڵبەت،
حەقم بوو پەردەیی شەرمو حەیام درێ، لامبرد!
بڕیمە نەخشی جەمالت، بەبێ حەزەر لە قـەت،
لە هەردوو چاوەوە نووکی بڵێسەیی سەودا!
لە وردترینی دەمارم وەکوو پزیسک پژا
تەحەسـوساتی دڵێکی پەرۆش بۆ ئافرەت!
بەجۆش و کوڵ، هەیەجان وا موازەنەی تێکدام،
هەموو مەراکیزی حیـسم مەزەننە کەوتە غەڵەت:
کە دیم لە چاوی بەڵە کتا تەلەمموعاتی غەرام
وەکوو بریسکە بریسکی نجوومی شەو دەرکەوت:
کە نیوە زەردەخەنەی ناز و عیشوەیی گەرمت
بە درزی لەعلەوە گرتی خەتێکی مرواری،
کە هاتە گوێمەوە دەنگت بە نەغمەیی نەرمت،
وتت: چمفتە تەماشا بە نرخی بێعاری!

ژن

ژنه‌که جیلوه‌یی حوسنی به عیشق ئه‌کا په‌رواز،
ژنه‌که قووه‌ت ئه‌خاته خه‌یاڵی ڕه‌قسئه‌نگیز،
ژنه موزه‌للیدی عیشق‌و ژنیشه عیشق‌نه‌واز،
ژنه‌که تاری ڕوبابی حه‌یات ئه‌کا ته‌هزیز!
سه‌مایی واسیعی دڵ گه‌ر له ژن بکه‌ی خاڵی
ته‌جه‌للیاتی به‌دایع غرووب ئه‌کا، ده‌یجوور
به‌سه‌ر سه‌مایی ته‌هیدا گوشاد ئه‌کا باڵی،
له‌که‌وکه‌بی ئه‌مه‌لت ون ئه‌بێ ته‌به‌سسومی نوور!
ژنه‌که گه‌وهه‌ری سه‌ر تاجی ئیحتیرامه، ژنه:
به نووکی نه‌شته‌ری ئه‌ڵماسی تیژی عیشق و غه‌رام،
خوتووتی قودسییه‌تی حه‌ککراوی قه‌لبی منه!
به سیحری خاریقی ژن پڕ قه‌ریحه‌مه ئیلهام:
له‌کونجی خاتیره‌ما تا ژێکی شۆخ نه‌کا
په‌ری سیفه‌ت به په‌لوپۆی جه‌ماله‌وه جیلوه،
له‌کوێ له سه‌تحی زه‌مینا، له سینه‌یی فه‌له‌کا،
ئه‌بێته مه‌نبه‌عی شیعرم به‌دایعی ئه‌شیا؟

کۆمەڵەی دووەم

فزیک و هونەر

لەگەل دوو هاوینەگەشت

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

پێشکەشە بۆ

ئەو گیانە پیرۆزانەی لەپێناوی هونەری

جوانا فرمێسک و ئارەقی زۆریان رشتووە!

«گۆران»

سەرنجێک

لەبارەی خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەوە، هەرچی پێویست بێ پێشەکی بوترێ، هەر ئەوانەن کە لە سەرەتای بەرگی «بەهەشت و یادگارە»دا نووسراون. لەبەرئەوە لەم بەرگەدا چاومان پۆشی لە پێشکەش کردنی سەرەتا.

شیوه‌ن و فرمیک

هاوڕێم بێکەس!

ئەی فریشتەی شیعری جوان! کۆستی کەوتووی هەردووکمان،
بۆ ئەم‌جارە بێکەسە کە وتمان بێکەس، بەسە!
شاعیرێک بوو، فەنان بوو، ئەدای خوڕ، خرۆشان بوو،
بۆ باغچەی کزی کوردی بولبول بوو نەغمەی وردی:
سەرەڕای بەهرەی فەننی دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی،
نرکەی شیعری ڕزگاری، بێکەس، شتێکە دیاری:
لە هەموو کوردستانا، لە ناو بیرئازادانا!

* * *

پەریی شیعری شۆخ و شەنگ! تۆ دڵتەنگ و من دڵتەنگ.
با سکاڵا بۆ یەکتر لەگەڵ ئاخی سارد و سڕ
دوورودرێژ هەڵڕێژین: مەیتی بێکەس ئەتڕژین!
ئاشنای تۆ بوو، هاوڕێی من، لێی داگیر کردین مردن!
ئەی پەری ناڕەوایە فرمێسک لە چاومان نایە
چونکە بێکەس بچووک بوو، پایەی کۆمەڵێی سووک بوو!
کام پیاوماقوڵ، کام گەورە کە بەرزیی جێی ژوور هەورە،
وێنەی ئەو جوامێر بوو! بەرامبەر دوژمن شێر بوو؟
لە کاتێکا ئەوانە نۆکەر بوون بۆ بێگانە،
دەست لەسەر سنگ ئەوەستان، یان بۆ پایە، یان بۆ نان
بێکەس بوو وەک پاڵەوان پەنجەی لە چاوی چەقان،
پەنجەی تیژی سەرزەنشت، داخی دڵی خۆی پێ ڕشت!
بەڵێ بێکەس نابووت بوو، جار جار برسی بوو، ڕووت بوو،
بەڵام کام تێر، کام پۆشتە وێنەی ئەو، ئەی فریشتە،
بێباک وەستا بەرامبەر نووکی سونگیی سەمگەر؟
کێ وا: لەژێر زنجیرا ئازادیی هات بە بیرا؟
بە شیعری جوان نەڕانی: بە یادی کوردستانی!
ئەی شۆخو شەنگ، ئەی پەری، زۆرتر بۆ ئەوەی بگری:
کە بێبەرگیو بێنانیی خۆی لە ڕووی تۆ ئەزانی،
لەگەڵ ئەوەش تا مردن نەکەوت لە تۆ پەرستن!

مـلکەچی قـبیلەی ڕووت بـوو، دێرانەی عیشوە و خووت بـوو...
وەک هـەندێ شـاعیری‌تر ـ تا رادەیەک گورچکبڕ ـ
تـەماع هـەڵینەفریوان شـیعر بـفرۆشێ بـۆ نـان؛
ئابڕووت بەرێ وەک بردیان، بـەو کـردەوانەی کـردیان!

* * *

لەپـاشانا ئـەی پـەری! نـابێ لە بـێکەس بگـری،
کـە گـیرۆدەی مـەستی بـوو، مـەستیی ئـەو مـەبەستی بـوو!
نـاوچە و سـەردەمی ژینی پـڕ بـوو لە نـاشیرینی،
وڵاتـی پـەرێشان بـوو، بـو هـاووڵات زیندان بـوو؛
نـەتەوەی هـەموو هـەژار، مـایەی ڕەنجیان بـۆ زۆردار،
هـەموو بـرسی، دەغـەزار، نـەزان و نـەخوێندەوار...
دیـل بـوون هـەم بـۆ بێگانە هـەم بـۆ ئـەو زۆردارنـە،
کـەم خـۆیشیان ئـەیانمژین، بـۆ خـەڵقیشیان سـەرئەبڕین!
ئـەمجا کـە ئـەیدی ئـاوا: کـەشتی بـۆ گـەرداو ئـەڕوا،
هـەزاران هـاوار بکـرێ کەس نیە ڕێی ڕاست بگرێ،
ناچار خۆی سەرخۆش ئەکرد، هەستیی فـەرامـۆش ئـەکـرد!
جار جار، کە زۆر پەست ئـەبوو، کـەمێکیش بـەدەست ئـەبوو:
داخـی دڵـی خـۆی ئـەڕشت، بە جوێن، توانج، سەرزەنشت!

* * *

ئـەی فـریشتەی چـاوخومار! بـەڵام بـێکەسی هـوشیار،
بـێکەسی دنـیای نـووسین، دانـەری بـەستەی شـیرین،
مـەبەستی مـن و تـۆیە، بـۆ ئـەوە ئـەم«ڕۆ ـ ڕۆ»یـە!
تۆ: پەریی شیعر و جـوانـی، من: هـاوڕێی گـیانی گـیانی،
دانیشین بە جووت، دڵـتەنگ، بـڕێژین فـرمێـکی مـەنگ،
بۆ شاعیرێک بێ کـەس بـوو، بەڵام «کەس» ئێمەی بەس بوو!
سا بـاڵای بـۆ ڕەشـۆش کـە، گـڕی شـیوەنی خـۆش کـە،
بـە پـەردەی نـزمی مـاتەم، بەستەی کـوردیی پـڕ لە خـەم
لەسـەر مـەیتی بـخوێنە، وەفـای جـوانـی بـنوێنە،
بـۆ شـاعیرێک کـە گـیانی، لێـی هـەڵنەقوڵا جـوانـی،
ئەگەرچی هۆی بـەختی خـۆی جوانـیی فـەسڵ نـەبوو بـۆی!

ناقۆلاّ و تێکسڕاو بوو، ڕووەت کونج، کزی چاو بوو
هونەر بۆ ڕووخۆشیی بوو کە خەوشی[1] داپۆشیبوو!
بەڵام پەری! تۆ ژیری، خاوەندی هۆش و بیری؛
جوانیی بااڵ و دەموچاو، بەهرەی تا سەر نین بۆ پیاو؛
هەزار چاوجوان، قەدباریک کەوتوونە چاڵی تاریک،
چی بە جێ ما لە دوایان بوو دۆست و ئاشنایان؟
یا جوانێک تا «پیری» ما کام گیرۆدەی بیری ما:
خوێنی کوڵمی چەن گەش بوو؟ چاو و برۆی چەن ڕەش بوو؟
یەک جوانییە: بای پایز گەڵای زەرد ناکا هەرگیز،
کە لە گیان، سەرچاوەی دڵ سەر هەڵدەدا قوڵەقوڵ:
وەک ڕۆحسووکی، ڕووخۆشی، خوێنگەرمی، خزمەتکۆشی[2]،
دڵی باش، دەروونی پاک، بیری ڕوون، کردەوەی چاک،
پێشتری گشت ئەمانە: بەهرەی هونەری جوانە!
بەڕاستی ئەو فەنان بوو، سەلیقەی شیعری جوان بوو!

* * *

ئەی شێوەشۆخ، ئەی پەری! دانیشە لای ژوور سەری،
وەک یاری وەفادار بە، بەڕاستی خەفەتبار بە!
قژی زەرد با پەشێو بێ، بەستەی خەم لەسەر لێو بێ:
تۆ بڵێ و منی هاوڕێ، تا دەستم قەڵەم بگرێ
ئەنووسم: دێڕ دێڕ، بەن بەن، بۆ بێکەس شیعری شیوەن!

---

۱) خەوش: عەیب، نانەواوی. ۲) ڕووخۆشی؛ خزمەتکۆشی: لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خوێدا نووسراوە «ڕووخۆش؛ خزمەتکۆش». ئیمە وامان ڕاست کردەوە. م.م.ک.

لاوانەوەی سەرەڕێ

لە بـەغدا دەرچـووە، سـەیوانـە ئـامانجی،
ڕێ چۆڵ کەن بۆ مەیتی ڕێبواری مات و زیز،
بـا کـەم بـا ڕەشـەبا لە لەشـی سـاردوسڕ،
ئـەی بـرای کـرمانجی! ئـەی بـرای زازایـی!
ئەو مەحمود جەودەتەی کە قیبلەی هیوا بوو،
ئەو مەحمود جەودەتەی کـە ڕۆژی تـەنگانە
ئەو مەحمود جەودەتەی سروشتی خاکی بوو
ئەو کوردە، ئەو مەردە، ئەو ڕۆڵەی هەڵکەوتە،
وەک تاجی سوڵتانی، دەک لاڵ بم، لەکیس‌چوو،
بـا بـڕوا پـۆ سـەیوان تـابووتی،

ڕێ چۆڵ کەن ئەی برای زازایی و کرمانجی،
توخوا! باکەم تـەڕ بـێ بـە فـرمێـکی پـاییز!
نەک بەردی سەرەڕێ بێتە گـۆ، بـێ بـە گـڕ!
مـەبەنە سـەر مـەینی لێشـاوی خـۆڕایـی!
ئەو مەحمود جەودەتەی فەڵا بوو، پەنا بـوو،
تـۆڵەی بـۆ ئـەسەندین لە ئـۆردووی بـێگانە،
سەرتاپای کردەوەی پاکی بوو، چاکی بـوو،
ئەو زانا و ئەدیبە، ئـەو مـەحمود جـەودەتە!
ئەی برا بۆچ ئەدەن پەلاماری بێـسوو؟ ڕێ بەردەن،
چاو شۆڕ کەن لەعـاستی تـوانـج و تـانووتی!

لە سەرەمەرگی هیوادا

ڕۆڵـــەی تـاقانەم، هـیوای ژیـانم، ئـەستێرە گـەشەی بـەری بـەیانم،
ڕۆژی نـەورۆزی پـرشنگ‌زێرینم، تـریفەی سـپی مـانگی هـاوینم،
شـــنەی شـەمأڵی کـەلی بـەهارم، لەرەی ئـاونگی مـێرگی ئـاودارم،
جریوە و جـووکەی شـادیی هـێلانەم، شەوبۆی پەخشانی ئەم گشت هەردانەم،
خونچەی پشکووتووی باغی جوانیم، ڕۆڵەی شـیرینم، ئـەی گـیانی گـیانیم!
تـوخوا بـەو جـوونە چـاوە شـینانە، ئـاخرنیگاتە تـێر بـۆم بـڕوانـە!
بـا بـە کـڵۆڵی، بـە ڕۆڵـە ڕۆیـی، کـە دانـیشتم کـز، وەختـی بـێتۆیی:
بە یادی دوو گۆم، دوو گـۆمی بـێبن، کە هۆ گریان بوو ماسیی ڕۆحی مـن،
هۆن هـۆن فـرمێسکم بـڕژێتە داوێـن فرمێـسکی تا سەر جـەرگ ودڵ‌تـاوێن

* * *

هـیوا! ئـەو لێـوەی بـە زەردەخـەنە، گـــزنگی ڕۆژی گـــوڵانی مـــنە،
بـۆ زەردەخـەنەی ئـێـستا تێ‌نازێ؟ بۆ لەژێـر هـەوری مـەرگا ئـەلەرزێ؟
هەی هاوار، هەی داد هیوای شـیرینم گیان ئەدەی، ئـەمریی، ئـیتر نـاتبینم!
ئیتر... ئـاخ ئـیتر... نـاتبینم هـەرگیز، لە خـەوا نـەبێ، شـەو شـەوی پـایز
جار جار وەک بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو دێیت و نـاشکێنی تـاسە و ئـارەزوو!

* * *

سـا بـۆم بـڕوانـە تـێر بـەو چـاوانـە! ڕۆڵـــە مـــردنە و فـــرمێـکبارانـە!
هـیوا ڕۆڵـــە ڕۆ، کـۆرپەم ڕۆڵـە ڕۆ! ئـــەو کـــوڵمە ئـاڵە نـەرمونۆڵە ڕۆ!
ئـــەو قـژە زەردە، ئـەو چـاوانـە ڕۆ! ئەو نەغمەی «دایە»و «بابە» جوانـە ڕۆ!
تا دەمـمان لە گۆ ئەکـەوێ وەک تـۆ: هـیوای دایـە ڕۆ! هـیوای بـابە ڕۆ!

گوڵی کەمخایەن[1]

بۆ جوانێکی سیلکوشتوو

لە بەربەیانی شەباب و جوانیا ئەی گوڵ،
گوڵی گەشی پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار!
لە خەندەتا ئەگەڕا جیلوەیی تولووعی بەهار،
لە نەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزش و کوڵ!

لە چاوتا دوو گەلاوێژی ڕۆشنی پڕ تاو،
لەناو شەپۆلی فسوونا نیگای ئەخستە مەلە،
لە پێشی پێیی حوستا سەرانی دانووشتاو،
سەری سجوودی عیشق بوون بەرامبەری قیبلە!

وەهام ئەزانی کە ئەی گوڵ، نیگاهی شەوقی زەمان
لە سەیری شێوەیی شۆخت هەمیشە تێر نابێ،
وەهام ئەزانی کە هەرگیز کزەی گەلاڕێزان،
بە ناسکیی پەلوپۆی تۆ «مەحاڵە» فێر نابێ!

کەچی چ زوو، چ کتوپڕ لە پەنجەیی وەرەما
لەشی شل و پەمەییت، ئەی گوڵی جوان، ژاکا!
چ زوو توایەوە حوسنت لە قرچەقرچی غەما،
دو پێشە ما... ئەویش ئەڕزێ لە سینەیی خاکا!

لە لالەزاری جوانیت نیشانەیەک مابێ:
هەر ئەو فوغانەیە ئەڕژێ لە ماتەمی باران،
هەر ئەو دڵۆپەیە ئەتکێ لە دیدەیی گریان!
بەڵام ئەمین بە! شەو و ڕۆژ هەتا بەرو دوا بێ،

فوغانوگریە بەشوێنتا بڕانەوەی نایە،
فوغان و گریەیی پاش تۆ هەتیوی سەودایە!

---

۱) خاپەندن: خاپاندن، دەوام کردن.

شیوەنی گوڵاڵە

کـــچم، مـــایەی ژیـــانم، یـادگاری
شـــەبابم، نـــۆبەرەی شـــیرینی داری

غـەرامـی کـەمدەوامـی عـومری لاویـم،
دڵـۆپی خـوێنی گـەرمی ئـاگـراویـم!

جگـەرگۆشەی عـەزیزم، نـووری چـاوم،
ســەری تـاڵە دەزووی ئـامالی خـاوم!

چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،
چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گـۆم؟

چ زوو کـەوتیتە بن گـۆمی عـەدەم؟ خۆ
بـە ئـۆخەی تـەڕ نـەبوو لێـوم وتـم ڕۆ!

دەمـێ پشکـووتی ئێر بـۆنم نـە کـردی،
گوڵاڵەی خـۆشەویست دەرلەحـزە مـردی!

ئەجەل دادا ئاسمان دادا عەرشی خـوا دادا!
حەکیم، علیمی بەشەر، دەرمـان، دەوا دادا!

کچێکم بـوو، کـچێ، تـەنیا کـچێ، بـەس!
ئەویشت ئاخری کوشت چەرخی نـاکـەس!

قەبر! ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریک:
دڕنـدەی لاشـەخۆری بـاوک و دایـک،

لە دەورت هەڵچنیم خوشک و بـرا پـاک،
کـچێکم بـوو ئـەویشت کـردە خـۆراک!

چ داوێکـــە؟ چ ئـــینـافێکە، زاڵـــم؟
جەهەننەم تـاو ئـەدەی ئـەیکەی بـە حـاڵم؟

لەبەر یەک لوقمە، یەک پڵ گۆشتی مەعسووم،
منت بۆچ کرد لە نووری دیدە مـەحرووم؟

ئـەگـەر، ئـەی خـاکـی زاڵـم، ئـیختیارت
نـــیـە، نـــاچاریـە تـــۆیش کـــاروبارت،

لەکـــردارت ئـــەگـەر مـەسئوول سـەمایە،
تەبیعەت، هەرچـی... حـەتتا زاتـی خـوایـە

بەڵێ: هەرچی و هـەچکەس بـێ سـەبەبکار،
پـــرۆتستۆی[1] ئـــەوم مـــەتڵوبە ئـــێجگار:

ئـــەڕێژم ئـەشک، ئـەکـێشم ئـاهی بـێبن:
ســـیلاحی عـــاجزی زنـــجیر لەگـــەردن!

کـــچم خـــۆ تـــۆ نـــەماوی تـــا بـــبینی
کـــە بـــاوکت چـــەن بـە ناسۆرە بـرینی!

نـــە تـۆی پـێ دێتـەوە نـە عـەقڵی ئـەبڕێ،
لەسـەر تۆ کـام یـەخە، کـام ئـەستۆ بگـرێ؟

کـــچم تـــەنیا گـــوڵم، نـــەشئەی ژیـــانم،
دڵـــی شـــادم، تـــرووسکەی چـــاوەکـانم،

کچم، ڕۆحـم، کـچم، هـەیهات! هـەیهات!
چ کۆچێ بوو! چ کۆچێ؟ وا کش و مات؟!

---

۱) پرۆتستۆ: ئیحتجاج.

هونەرە جوانەکان

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ بولبول[1]

ئەی بالّداری ئێکسوک! بولبولی دەنووکچووک!
باغچە بە باغچە ئەفڕی؛ وچانێکی لێ ئەگری:
کام سەرچڵ دڵت گرتی دەنگێ لێ هەڵەبڕی:
کام ئاوازە شیرینە، ڕوونا کی و نەشئەی ژینە،
بە چوار دەوریا ئەپژینی، دنیا پێچە کەنێنی
لەو گەرووە پچکۆلانە ئەم نەغمە بەرزو جوانە
چۆن دێتەدەر؟ چۆن ئەڕژێ؟ واگیان ئەسمێ، هۆش ئەمژێ؟
یا ئەو تۆزقاڵە دڵە چۆن ئەوەندە بە کوڵە؟
یا چۆن ئەو نەختە مێشکە بۆ فەن بووە بە بێشکە؟
چۆن؟ توخوا چۆن؟ ئەی بولبول، ئەی بالّداری بەهەزل،
نە پەریت، نە ئینسانی، نە قوتابیی فەنانی،
کام بەستە، کام گۆرانی سیحری ڕووتە، ئەیزانی؟

* * *

مینیش لای خۆم هەمیشە شیعرم کردووە بە پیشە،
وەک تۆ، بەڵام ئەم و ئەو: یەکەم ڕۆژە، دووەم شەو!
شیعری من کامیان چا بێ ئەمجا بێ فرمێسک نابێ؛
هەر خەمە و هەر هەناسە، یادە و ئەندێشە و تاسە
شیعری تۆ، گشت نموونە، ئاوی سەرچاوەی ڕوونە،
سەربەست ئەڕوا و خوڕەی دێ؛ ئەمیان لەکوێ، ئەو لەکوێ؟
ئەم شیرینی، ئەو تاڵی، ئەم فەساحەت، ئەو لاڵی،
ئەمیان ئاوازەی شادی، ئەویان نووزەی بەربادی
بەڵام بولبول، ئازایی ئەوەیە نەبی بایی،
بەم بەهرە و بەم هونەرە! ئەگەر یەزدانی گەورە
لەو نیعمەتەی پێی داوی، تۆزێکی نەک تەواوی
بەم شاعیرە هەژارە ڕەوا بدایە، دیارە،

مـــــنیش له تـــۆ زیـــاتر، پـــەسەندکەر و گـــوێلێ گـــر،
ســەری بـــۆ کـــەچ ئـــەکـردم، ســوجدەی ئـەبرد، وەک بـردم!

* * *

مـــنیش دەروونـــم شـــاد بـــێ، مـــلم لە بـــەند ئـــازاد بـــێ،
دەوروپشـــتم گـــوڵزار بـــێ، عـــومرم یـــەکـــەر بـەهار بـێ،
بـــەرەڵلا بـــم، بـــاڵدار بـــم، دوور لە مـــەینەتی شـــار بـــم،
پـــەرداغـــی ئـــاوم گـــوڵ بـێ، جـــێی حـــەسانەوەم چـــۆل بـــێ،
خـــواردنـــم، جـــل و بـــەرگم بـــە ئـــابڕووم، خـوێنی جـەرگم
نـــــەبێتە مـــاڵ لەســـەرم، بـــێمنەت بـــێ و بـــێشەرم،
دڵـــم ئـــەوەندە مـــەست بـــێ، کـــونجێ نـــەبێ کـــە پـــەست بـــێ،
عەشقم وەک عەشقت پاک بێ، پـــڕ لە هـــیوا و ڕووناک بـــێ،
ئـــەبەدی بـــێ و پـــڕجۆش بـــێ، ئـــەوەندەی هـــی تـــۆ خـــۆش بـــێ
مـــنیش ئـــەی مـــەلی پـــیرۆز، بـــە یـــەک چـــرپکەی پـــڕسۆز،
بـــەستەی وات بـــۆ ئـــەخوێنم، کـــە جـــوان جـــوان بـلەرزێنم،
ڕووی کام گـــۆم شـــین و مـــەنگە، کـــام درەخت شـــۆخو شـــەنگە!
کام شاخ کـــە ســـەخت و بـــەرزە، بـــــــیخەمە بـــــوومەلەرزە!
کـــــام ئـــاسمان بـــێبنە، نـــاخی پـــڕکـــەم لە شـــنە!
یـــا کـــام دەریـــا زۆر قـــوڵە بـــــنی بـــــخەمە جـــــوڵە!
بـــەڵام، داخـــی داخـــانم، مـــن مـــەل نـــیم و ئـــینـانم!
لە دڵ، لە مـــێشک یـــەزدان بـــــەخشیویە بـــە ئـــینسان
چـــەشنێکی زۆر لای ڕەشـــبین: بـــۆ دنـیای گـیان، دنـیای ژیـن!
ئـــێمە عـــومرمان تـــا ســـەر ئـــــەندێشەیە و دەردی ســـــەر،
تـــرسە و تـــاسەیە و پـــرسیار یەک لە شوێن یەک: سەد، هەزار:
بۆچی زاین؟ کەی، چۆن ئەمرین؟ چـــیمان لێ دێ کـــە مـــردین؟
چـــی ڕاســـتە؟ چـــی درۆیـــە؟ کام شت ئـــەنجام؟ کـــام هـــۆیە؟
یـــان تـــەنانەت بـــۆچ ئـــەگـریین؟ فرمێسک لە چاو بـــۆچ ئـــەسڕین؟

ئـــیتر لەم چـــەشنە پـــرسیار، یەک لە شوێن یـەک بـە قـەتار:
ئـەمیان یـەخەمان ئـە گـرێ، جـوابـی ئـەمان پـێ نـادرێ،
ئـــەوی نـــر دێـــنە پـــێشێ ورد وردگـیانمان ئـەکـێشێ!

* * *

ئـەی بـولبول! هـەژار خـۆمان، بـــێدەستەڵات، پـــڕگومان،
بـــە دەشـــتی ژیـــنا وێـــڵین، لەو جـــێگایەی جـــێ دێـــڵین،
هـــەچکوێ ئـەچین بـیابانتر، جـــێگای تـــرس و گـــومانتر
ئـەی وەستای بـەستەی شـیرین! ئـــێمە هـــەتاکـــو ئـــەمرین،
بـا ئـەپرسین، یـا ئـەگـرین، ئـــێر چـــۆن بـــخوێنین،
وەک تۆ، وەک گشت سەرخۆشێ پـــیاڵەی دڵـــخۆشی نـــۆشێ؟![2]

---

۱) هەڵبەستی To A Skylark، هی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز پرسی بیش شیللی، سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرانەیە.

۲) لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا لەجیاتیی «سەرخۆشی»و «نۆشی» نووسراوە «سەرخۆش»و «نۆش». ئێمە ئەوەمان بەلاوە هەڵەی چاپ بوو. م.م.ک.

جیلوەی شانۆ

بۆ پەریی سەما

لە جەرگی[1] پەردەوە تک تک دڵۆپی عوود ئەڕژا،
بە نووکی تەشیری
تەرەب ئەهاتە خرۆش، تالعی سروور ئەپژا!
بە ئاهی دڵگیری:

کەمان ــ شەهیق و زەفیری فریشتەیی ئەلحان ــ
ئەکەوتە ناو دڵی مردوویش هەناسەیی[2] هەیەجان!

نەوایی مۆسیقی،
کە مەخرەجی سیحری
تەلیکە[3] پێنە کەنێ یاکونیکە حوزن ئەگری،
بە سۆزی تەشویقی،

مەتاعیبی گوزەران،
هێواش هێواش ئەتکێتە دەروونی نیسانێک
کە ڕەمزی لەززەتە، میفتاحە بۆ تەلیسمی ژیان،
ژیانی ئینسانێک!

* * *

لەپڕ کە باڵی ڕەشی هەڵبڕی فەلی پەردە:
پەریی جوانی، فریشتەی سەمایی نادیدە،
لە عەرشی شانۆدا
بە عیشوە پەیدا بوو:

نیگاهی مەست وەکوو شوعلەیی هیدایەتی سەودا
تەبەسومی موتەوالی شیفای هیوای مردوو
ئیشارەتی هەموو نوتقی فەسیح و ئەلحانی
وەکوو کیتابی موقەددەس بڵند و ڕۆحانی!

بە سنعەتێک ئەلەقێ پووزی وەک ستوونی سپی،
وە پێی بچووکی مەهارەت لە ئەردی زەربە ئەدا،

به دڵ بوایه زەعیف بوو مەتانەتی دنیا
لە ژێریا ئەتەپی!

چ جوان دوو باڵی بلوورین وەکوو لقی مەڕمەڕ
نەرم نەرم ئەلەری،
شەپۆلی لێ ئەوەری،
شەپۆلی سنعەت‌و ئیلهام، شەپۆلی جیلوە و فەڕ!
کە چاوی ئاسمانی

لە بەحری بێ‌بن‌و دوڕی خەیاڵی بەرز ئەبڕی،
ئەکەوتە لەرزی لەتافەت لەرانەوەی جوانی:
لەشی لەکوڵمەوە تا سنگی نەرم‌و مەمکی خڕی،

کوڵم کە مبوەیە کە ئاڵ‌و مزری سەرلقی لەش
وە نەرمی سینە کە لانەی خەوێکە یەزدانی
ــ خەوی عیشق، گڕی عیشقی هەمیشە گرپە وگەش!ــ
وەگۆی مەمک کە تەماس وگوشینی وەک دوگمەی
ئەلەکتریک، ئانی
ئەخانە سەر ڕەگی لەش کارەبایەکی تۆخەی!

دەمێک ئەبوو بە شەی با بە ڕەوتی نەرم و نیان،
دەمێک ئەبوو بە پەڕێکی خەفیفی ئاوریشمین:
بەگەردەلوولێ حەزین
ئەکەوتە بەر جەرەیان بێقەرار و سەرگەردان!

سەما، سەمای سنعەت:
حەیاتی جوانی، جەمالی بزووتن وگیانی
وجوودی عیشوە و ناز،
لە خواوە بەهرەیەکە پڕ بە پێستە بۆ ئافرەت؛
ئەویش بە سەد ئیعجاز
زیای سروور ئەڕژێنێتە ژینی ئینسانی!

* * *

فیدات ئەبم ژنی جوان، ئەی جەمالی سنعەتکار،

بەڵێ! دەلیلی سەعادەت ئەخەیتە پێش ئەنزار،
بەڵام هەموو تاوێ
دەوام ئەکا... لەپڕێکا وەکوو مەلی ئاوات
کە تۆ فڕیت هەبهات!
ئەویش لە پەردە ئەپێچرێ، نیشانەیەک، ناوێ

لە تۆ بمێنێ: پەنابە بە خاترەی مەئیووس،
وەلێ لە ئەو، لە سەعادەت: سفر... سفر... ئەفسووس

---

۱) جەرگ: دیوی ناوەوە (بە مەجاز). ۲) هەناسە: تەنەفوس،نەک ئاخ. ۳) وەک تەلی وتاری، کەمان و کوونی شمشاڵ.
۴) فریشەی: لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستاگۆرانا نووسراوە «فریشتە»، بەڵام دیارە هەڵەی چاپە. م.م. ک.

بۆ گەورەیەکی شیعردۆست

شیعری جوانت ئەوێ، قوربان، شیعری جوان،
شیعرێک گەشە و زەردەخەنە با بە ژیان!

شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ،
ڕوون بێ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ،

وەک بولبولی ناو هێلانەی گەرموگوڕ،
ئاسوودە بێ و بەستە بڵێ سەرومڕ!

شیعرێ کە وەک ساوا نازدار و جوان بێ،
خۆراکی گۆشتی دڵ، شیلەی ژیان بێ!

شیعرێ کە هەر دەنگێکی زرنگەی زەنگ بێ
هەر کەرتێکی نەخشێکی ڕەنگاوڕەنگ بێ!

شیعرێ گیانی تیا بێ و بڕژی و ببزوێ،
زوبانی دڵ بزانێ و باش پێی بدوێ

قوربان، ڕاستت ئەوێ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ «کوجا مەرحەبا!»

لەپێش هەموو شتێکا چونکی کوردم،
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم،

باڵی فڕین، دەنووکی هاوارکردن،
زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن!

بولبولیش بم مادام قەفەسم تەنگە،
زمانم لاڵ، نەغمەی شیعرم بێدەنگە!

جگە لەوەش لە هەموو شت خواپتر:
دڵ خاڵیە، کوورەم تیا نییە ئاگر،

پەڕەی دڵێ زامدار نەبێ بە تیری
خوای دڵداری، زوهرەی جوانی زنجیری

لەگەڵ ڕیشە و ڕەگی نەئاڵۆزابێ،
دڵێ پیری خۆی لێ دابێ و ڕزابێ...

ئەو دڵە، کەی جێگای پەریی ئیلهامە؟
گۆشتی بێگیان خۆی کامە، شیعری کامە؟

لەپاشانا، قوربان ڕەنگە بزانی،
مەئموورێکی بچووک، وەک من، ژیانی

گەردنکەچی نانە، حوکوومەت، نانیش
بۆی ژەم بە ژەم حیساب ئەکا بەپێی ئیش!

تا شان و مل وەک قەیدی کۆن تۆز نەگرێ
ئیش بۆ میری، سەما بۆ ژووردەست نەکرێ

تا ماندوو بوون، نا کفرم کرد، تا مردن،
کەی بۆ مەئموور ئەلوێ، قوربان، نان خواردن؟!

مێشکێ ئاوا دەردی سک ئەندێشەی بێ،
لەناو دەریای ئیشاگیرە وکێشەی بێ،

کەی چاو بە دنیای جوانییا بگێڕێ،[1]
هەرچی بینی بیخاتە پێنج شەش دێرێ؟!

ئەمجا، قوربان، هیوام هەیە لە «گۆران»
ئیتر داوا نەکەن هەڵبەستی جوان جوان!

بەسەر شیعرا کەسێ زاڵە سەربەست بێ،
بەرەڵڵا بێ، بەعارەقی عەشق مەست بێ،

بۆ من وەها ئەلوێ ئیتر خامۆش بم،
با لە مەیدان ون بم و فەرامۆش بم!

---

۱) لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆرانا لەجیاتی «کەی»، نووسراوە «کێی». ئێمە ئەوەمان بەلاوە هەڵەی چاپ بوو. م.م.ک.

بۆ سالم

به یادی تۆ ئه‌گریّ ده‌ستی عاجزم خامه
ده‌هایی ڕۆشن و به‌رزت ئه‌گاته ئیمدادم،
هونه‌ر نییه که ئه‌نالێ ڕوبایی ئینشادم،
ته‌زه‌ککورت سه‌به‌یی سانیحات و ئیلهامه!

له دائیره‌ی سه‌له‌فا ئه‌ی قه‌ریحه ڕوون و ڕه‌وان،
که‌سم نه‌دی که وه‌کوو تۆ خوڕه‌ی بێ ئاهه‌نگی،
به حوزنی پڕ له به‌دیعه وه‌کوو «که‌لیم» گریان،
ئه‌گه‌رچی وێنه‌یی «حافز» به غه‌لغه‌له و شه‌نگی...

له ئاسمانی فه‌خردا شیعر بوو باڵێکت،
ئه‌وی ترت به ته‌بیعه‌ت شعووری میللی بوو،
له شه‌وقی حوسنی بتێ بوو ئه‌گه‌ر خه‌یاڵێکت،
ئه‌وی ترت خه‌م و عه‌شقی وه‌تەن مه‌ئالی بوو.

نه‌بوو فه‌ڕی له نیگاهی غه‌ریبتا تاران،
سه‌ریر و ئه‌فسه‌ری شاهیت ئه‌کرد فیدایی وڵات،[1]
که که‌وته په‌نجه‌یی غه‌در و جه‌ور زه‌ویی بابان،
به‌قه‌د غه‌در غه‌زه‌لت وت، به‌قه‌د جه‌ور ئه‌بیات!

وتت به حه‌زره‌تی «نالی»[2] ڕه‌فیقی ده‌ربه‌ده‌رت:
«خه‌یاڵی عه‌وده‌تی مووڵکی ئه‌سیر نه‌خه‌یته سه‌رت
زه‌لیلی نه‌جم‌و هیلاله[3]، شه‌وه سلێمانی
غوروویی کرده‌وه ڕۆژی شکۆهی بابانی...»

بنوو له قه‌بره که‌تا موسته‌ریح به ئه‌ی سالم،
له تۆ کوردتره ئێستا نه‌زان هه‌تا عالم![4]

---

۱) به‌م مه‌عنایه سالم به‌ینی زۆری هه‌یه.
۲) ئیشاره‌ته بۆ قه‌سیده دڕێژه‌که‌ی که وه‌ڵامی قه‌سیده‌ی نالیی پێ داوه‌ته‌وه.
۳) نه‌جم‌و هیلال: نیشانه‌یه بۆ به‌یاخی تورکه‌کان.
۴) ئه‌م مسراعه وه‌زنه‌که‌ی له‌نگه، ره‌نگه له ئه‌سڵدا
به‌م چه‌شنه بووبێ: له تۆ که کوردتره ئێستا نه‌زان هه‌تا عالم!

دەرویش عەبدوللا[1]

بۆ فریشتەی مۆسیقا

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەرویش
حەزم‌کرد بەستەیەک بیبەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،
لە سیماتا بەدیم‌کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش،
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ!

بەڵێ، دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا،
بەڵام تەختی روفاهو تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کونکوندا

سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەریی نەغمە!
برای دەرویش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی،
بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس وبستنی لوقمە،
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی!

بەڵام چی بکەین لە ناوچاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە،
وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن،
ئەگەر خلیقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن؟!

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی،
سیرف بەرزیی زەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت،
هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە تووڵانی هەتا کورتی،
بە سەرپەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت!

* * *

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەرویش عەبدوڵڵا،
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای‌ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا
دە، ئەی دەرویش، سکاڵا یەک لە گەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە!...

---

١) دەرویش عەبدوڵڵا شمشاڵزەنێکی بەهرەدار بوو، چارەکە چەرخێک لەمەوبەر دیومە. زۆرتر لە هەورامان ئەژیا.

هەڵبەستی دەروون

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!

لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:
بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم!

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین...

دەرکەوتایە: مانای مەنگی دەریایی،
کە نەرمەبا لە ڕووی ئەدا ئەسپایی

دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری
بێ فرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسک ئەگری

زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو
تێژگێک ئەدا ڕ وونا کنرە لە هەتاوا...

بەڵام ئەفسووس! کە ئەو شیعرە جوانانە
بەڵدارێکن جێناهێڵن هێلانە،

لە ناوەوە نەجربوێنن، ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن!...

جواب بۆ جەناب [1]

ئەی «ژیان» پاش شکایەتی دووری؛ ماچ کە چاوی جەنابی شێخ نووری!
ماچ کە چاوی بە تاسەوە، کە جەناب دەرسی ئەوەڵ گەیشتە خەتمی کێتاب!...
ڕاستە شیعری ڕەواج و قیمەتدار، باوکی تۆ بوو بنێری بۆ بازاڕ،
ڕاستە تێستەش بە دۆسیە و [2] دەفتەر داخراوە لە مێشکی شەشدەر...
لاکین ناخۆ چ شاعیرێکی‌تر، شیعرە پیشەی بە دائیمی، سەرومڕ؟
باوکە، تۆی، منم، ئەمە یا ئەو هەوڵی نانە بە ڕۆژ و شیعرە بە شەو
چارەنووسی بەشی ئەزهلمان، داد، پیشەیەکە شیعر وتن: بەریاد!
«مع ما فیه» تەبیعەتی شاعیر، نە وەزیفە و زەروورەتی قاهیر،
نە بڕینی‌زمان و پەلبەستن بولبولی مە نع ئەکا لە مەیلی وتن!

---

۱) وەڵامە بۆ هەڵبستێک کە م. نووری بە ناوی جەنابی کوڕیەوە لە ڕۆژنامەی ژینا بەرامبەر بە دانەری شیعر بڵاوی کردبووەوە.
۲) لە چاپەکەی سەردەمی ماموستا گوران خۆیدالەجیاتی «دۆسیەو» نووسراوە«دۆسیە». ئێمە ئەوسان بەڵاوە هەڵەی چاپ بوو.م.م.ک.

دووهاوینه‌کەشت

ـ ١ ـ

گەشت لە هەورامان

سەرەتا

ئەم گەشتنامەیە کە سەردەمی هەڵبەستنی نە گەڕێتەوە بۆ بیست ساڵێک لەمەوپێش، لە هەڵبجەوە دەستپێ نە کا. مایەی ئینتیباعاتی تاقە گەشتێک نییە، بەڵکوو هەست و بینینی چەن گەشتێکی کات و وەرزی[1] جیاجیای پێشوو لە بیرەوەریما پەنگیان خواردەوە، هەتا بۆ جاری دوایی لە گەڵ چەن هاوڕێیە کی گیانی، بۆ چەن ڕۆژێک، بە پێکەنین و گۆرانی وتن بە ناو باخە زۆرە کان و یاڵە بەرزە کانی هەورامانا سوورایەوە. ئیتر ئەم هەڵبەستە لە خۆڵاسەی هەموو ئینتیباعاتی گەشتە کانی کۆن و تازەم هاتە دی.

«گۆران»

دیمەنی[2] ڕێگا و بان

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردنکەش،
ئاسمانی شینی گەرتۆتە باوەش؛
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی،
بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیماو:
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو.
هاوار و هاژەی کەفچەڕێنی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم!
تووڵەڕێی باریک، تووناوتوون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن
ناو ڕێگا تەق تەق[3]، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تڵ!
گا سەرەوژوورە[4]، گا سەرەوخوارە
ئاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوارە!

ڕێگای ناوباخ

پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ
ئەکشێتە ناو باخ تووڵەماری ڕێ.
شنەی سێبەری داری گوێز و تووت
ئەسرێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو.
تەسکینیی ڕێگای باخەوباخی وێڵ
«ماندوو نەبی»یە: لەم کێڵ[5]، بۆ نەوکێڵ!
سەلامون‌عەلەیک، مامەی بن دارگوێز،
سڵاوی لە ماندوو لە پیری بێهێز!
ـ مەرحەبا سەر چاو، بەچکەی کاکۆڵ[6] قیت
سۆزەی سەر دار، ڕۆڵەی زرنگ و زیت!
ئەڕۆی، هەر ئەڕۆی... تەڵانە[7] و تەڵان،
ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەرمالان

دێ

کـام بـەربەرۆچکەی زۆر بـاسەفایە — چـەشنی دڵـی شـاد دێیە، ئـاوایـە!
خـانووی بـەگـزادە لە سـای درەختـا — ئـارامـیی بـووکە لە کـۆشی بـەختا
خانووی ئـەهالیش زۆریـان دوونـهۆم: — هەندێ قنج و قیت، هەندێ لار و کـۆم
یەک لەسـەر یەکتر، بەرەولوونکەی کێو — بۆ ئاسمان ئەچن وەک پێڵکەی[8] دێوا
لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاوکەوت: — مـاڵی ئـاغایە و خـانەقا و مـزگەوت!

ژینی دیوەخـان

کـە گـەیشتیە بـەر دەرگـای گـەورە — هـەر خـزمەتکارە و لێت ئـەدا دەورە،
ڕێت پێشانئەدەن تـاکـوو دیـوەخان، — ئـیتر دیـوانـە و مـەرحـەبای مـیوان
دەستەی خزمەتکار: فیشەکدان لە مـل، — بە چـەفتە و مشکـی سـەر و تـەپلە[9] زل
دەست لەسـەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان: — چ بـۆ سـەربڕین، چ بـۆ سـەر دانـان!
هـەچکەسێک تـازە بـێتە دیـوەخان، — کڕنووشێ[10] ئـەکـا بـە سـەر دانـەوان،
گـەرمە دیـوانـی شـەوی بـە گـزادە، — نـێکەڵ و پـێکەڵ بـابەت و مـادە!

مەلای دیوەخـان

لە ژێـر مـێزەرا مـەلای نـووشتاوە، — ڕیشی بۆ سـەر سـنگ پـرش و بـلاوە،
قیافەت پـەڕپووت وەک کـێبی کـۆن، — زمـانی شـیرین، سـیمای نـەخێ مـۆن،
بازی ڕۆحی چەش بە شـیعر و ئـەدەب، — بەڵام شێوەی زووی عـەجەم و عـەرەب
بـۆ مـیوان بـێ مـایەی ئـەسـەلا — لە کـۆڕی شـەوا: مـەلایە و مـەلا!
تۆ و مەلا و شیعر و فـەلسـەفەی ئـیسـلام، — گـوێڕاگـرتنی ئـاوئاوی عـەوام،
بە بـێ زیـاد و کـەم دێنێتە پـێش چـاو: — سـەرنجی کـوێران لە نـامەی نـووسراوا
کە دیوان چۆڵ بوو، چووینە ناو جێگا، — دەستئەکەیتە مل خـەوی پـاش ڕێگـا!

بەیان

«ئەڵڵاهوئەکبەر»، مەلابانگانە، تاریک و لێڵی بەری بەیانە
مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو زەردە لە ترسی قاسپەقاسپی کەوا!
ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل کز کز ئەنکێتە ناو بەفری سەرکەڵ!
لە ڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ، لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!
وا بە تەواوی دنیا ڕ ووناکە، هەر سیحری ڕووتە سروشت تێستاکە!
لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر: جموجوولّیەتی چەشنی سەودای سەر!
لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی،
بەڵام تا خولّقی نەکا چێشتەنگاو[11] نایەنە ناو دێ پرشنگی هەتاو!

مزگەوت

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەم، ڕوو بەرەو قیبلە، پشت لە جەمەنەم!
مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ: وەک مردوو کفنی بێدەنگی بە کۆڵ!
سووورەچناری لق و پۆپ درێژ سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردەنوێژ!
جار جار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز: سەرسنگ ماچ ئەکا ڕیشی بە وەنەوز!
کەسێک بانگ ئەدا، ئەشلّەقێنێ گۆم، ئیمام هەڵدەستێ: دار بە دەست، پشت کۆم!
تا تەواو ئەبێ «ئەڵڵاهوئەکبەر» پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر
نوێژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بڵاو، چەن پیرێک ئەبن بە خلّتەی لافاو:
سووچێک گەرم ئەکەن بە ڕازی جوانی، ئاخ بە با ئەدەن بۆ دنیای فانی!

کانیی ژنان

سەرچاوەی ئاوێک: کەڵەکێک[12] لەسەر: ژنێک نێی ئەچێ، ژنێک دێنەدەر
ئەمەش لە ڕێدا کانیی ژنانە، قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە!
تێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول، سەرەڕێ ئەگەرن، سەرگەرم و عەجوول،
هەرچەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک، لە هێلانەی دەم ئەفڕی: ئامانێک!

ژن

ژنـی هـەورامـان: سـەرتاپای خشڵ، سـەرچاوەی بۆنی مێخەک و سـمڵ،
تـا بڵێی نـەرپۆش، نـاڵ و والا جـل، بەژن و بالا جوان، بـەدەن نـەرم و شـل!
نیونیگای: خـەندەی ئـەستێرەی ئـەمەل، نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل!
ژیـنی: بـەهاری عـەشق و جـوانـی! جیلوەگای حوسنی: ڕڵی باخ و کـانی!

گۆرانی

عـەشقی ئـێوارەی سـەرەڕێی کـانی، بـەرئەداتـە چـەم کـڵپەی گـۆرانـی!
ڕۆژ ئـاوا ئـەبێ، چـەم تـاریک دایـە، دەنگی «کنا لەیل[13]» هـەر دوایـی نـایە
مانگ بە تریفەی ناودێ ئـەکـا کـەیل، هێشتا هەرگەرمە نالەی «کـنا لەیـل ...!»
«سـیاچەمانە[14] ... سـیاچەمانە ...» بـەهەشتی عـەشقە ئـەم هـەورامـانە!
ئـەوەندەی داو و بـەردی هـەورامـان، ڕەحمەت لە ژنـی بـەژن و بـالا جـوان!
«سـیاچەمانە ... سـیاچەمانە ...» هـەورامـان جـێگای سـیاچەمانە!

---

۱) وەرز: مەوسیم. ۲) دیمەن: مەنزەرە. ۳) تەق‌تەق: ڕێگای بەردەڵانی پلە پلە. ۴) سـەرەوژوورە: هـەوراز. سەرەوخوار: نشێو. ۵) کێڵ: خانووی هاوینەی ناو باغ. ۶) کاکۆڵ: جۆرە سەر و گوودلەیەکە لە هەورامان باوە.
۷) تەڵان: لە ناوەندی دوو ڕیز درەختا کۆڵانێکی درێژە. ۸) پێیلکە: فاڵدرمە. ۹) تەپلە: کلاوێکی ڕەقە لە خوری، هەورامی لە سەری ئەکا. ۱۰) کرنووش: سـەلام بە خۆنوشتاندنەوە بۆ پێشەوە.
۱۱) مەبەست: لەبەر بەرزیی شانەکانی ئەتراف ئاکاتی چێشتەنگاو تیشکی ڕۆژ لە ناودێ نادا.
۱۲) کەڵەک: دیواری وشکە بەرد. ۱۳) کنا لەیل: کچێ، یار. ۱۴) سیاچەمانە: چاوڕەشە، چاوڕەش!

ـ ٢ ـ

گەشت لە قەرەداغ

سەرەتا

بە پێچەوانەی «گەشت لە هەورامان»، ئەم هەڵبەستە وەسفی هەست و بینینی ئاقە گەشتێکە کە لە گەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ پێک هاتووە. وەکوو یادگارنامە (مذکرة)، هەستکراو و بینراوەکانی هەنگاو بە هەنگاوی گەشتی بە وردی ـ ئەوەندەی هەڵبەست ماوە بدات ـ تیا تۆمار کراوە.

گەشتی ڕاستەقینە لە سلێمانییەوە دەستی پێ کرد، بەڵام وەکوو لە گەشتنامە کەدا پێشان دراوە لە دێی «سەیوسێنان» تەواو نەبوو. سەردان و بینینی ناو قۆپیی قەرەداغ ـ دارستانێکی چڕی بەناوبانگە ـ هیی کۆنستانی بەرزی داریزەرد، هیی پەیکەری تەڕیخیی دەربەندگەورەیشی لەسەر بوو، داخەکەم بۆم ڕێک نەکەوت ئەو دیمەنە جوانانەش بە چەن بەندێک بکەم بە مایەی ڕازاندنەوەی گەشتنامە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە چەن جارێک هاوام لێ کرا و خۆیشم بەڕاستی ئارەزووم کرد.

(١)

عاسمانی شین و ئەستێرەکانی — پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی؛
گڵۆپەکانی سەرجادە و کۆڵان؛ — زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان.
دەڕۆا لەسەردا کەزەبای بەیان، — ئەیلەراتەوە کوڵە و پەردەکان.
شاری پەنجەرە و دەرگا داخستوو: — وەک یەک گیاندار و بێگیان تیا نوستوو
ئا لەم کاتەدا کە خەو زۆر خۆشە، — هەستە و بەرگی ڕێ خێرا بپۆشە؛
کۆڵانە و کۆڵان بڕۆ بەرەوخوار — بگەرە شوێنی کۆمەڵی ڕێبوار[1]!

(٢)

لە بەر دەرگای «بەگ» چارەوێ[2] وەستاو، — هەندێک زین پۆشتە، هەندێک ناتەواو!
سەر و تووڕەکە بەرەو زەوی شۆڕ، — بە کرمەکرمی ئالیک گەرمە کۆڕ
کورکە و نیوحیلەی ئالیک دواکەوتوو — خەو ئەتارێنێ لە هاوسێی نوستوو
دووسێ لادێیی و یەک دوو خزمەتکار، — فیشەکدان لە پشت، تفەنگ جانبێزار[3]،
هاتوچۆیانە بە گورج و گۆڵی — بەڵام پێکەنایە ئێش بۆ کڵۆڵی:
دوان لە هاوڕێکان هێشتا نەهاتوون، — ماڵی «بەگ» تازە خەریکی تۆشوون!
ئاخ، هاوڕێی تەمەڵ، حەڵوای ئاردی جۆ! — چۆنتان خستبێنە گەرمای نیوەڕۆ؟

(۳)

سوار بووین، کەونینە بناری سەیوان[۴]، ڕووی دنیا ڕووناک، بەیانی زۆر جوان!
شینایی دەشتی «نەکیە[۵]»و بەرەوخوار پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار!
گوڵەبەڕۆژەی قژزەردی چاوکاڵ، ملکەج ومستابوو: سەرگەرمی خەیاڵ!
لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان، وەک بووکی نارا سەوزی ئاودامان،
ڕوو لە عەرشی پاک ئەلەرایەوە، بۆ گیانی مردوو ئەپارایەوە!
سەیوان کەوتە پشت، بەرەو تانجەرۆ بە نەرمەغار و ڕەوتی خۆش بڕۆ!
لای «قەرەتۆغان[۶]» سەرم هەڵبڕی، ئاڵتوونی زەردەی لووتکەکانم دی!

(۴)

ڕێگای دیهاتی دەمی بەیانی، قەڵەباڵغە بۆ سلێمانی
پۆل پۆل ژن و پیاو لە دووی کەر و بار، سڵاوێک ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار!
ئەم کۆمەڵانە تیایەتی جار جار، جوانێکی لاوی کۆڵەوانە لار،
سەرتاپا خشڵی زیوی وا پێوە، ئەڕوا و هاڕەی دێ و ئەبریقێوە!
لەعانت سڵێک ئەکا بۆ لاڕێ، بە نیونیگای مەست تێیشت ئەنواڕێ
ئەی جوانی لادێ بە سەرنج و سڵ، لێت وروژ اندم خەیاڵاتی دڵ،
ئیتر ... جڵەوە شلە و سەرە شۆڕ، ئاوات خواستنە و خەو بینینی زۆرا

(۵)

ڕۆژ ڕمێک بەرز بوو، داپەڕینە چەم[۷]، ئاو شین، مەرەزە سەوز و گوڵ بە دەم
عەکسی سەوزایی ڕووی پڕ لەرەی ئاو، تیا ئەشکایەوە پرشنگی هەتاو!
ڕەنگ ڕەنگ پەپوولە ئەفڕی زەلاوزەل؛ گا کناچەی پۆڕ، گا جریوەی مەل.
هەوای پرشنە چەمی ئەلەرزان، پێی ئەهاتە جۆش کوورەی شادیی گیان!
لە ژوورمانەوە پردێکی ڕووخاو، سێبەری کرکی ئەکرد بۆ پەنگاو[۸]!
شارەمێروولەی ناو پەنگاوی قوڵ: پۆل پۆل ماسی بوو ئەیکرد جموجوڵ!
نامانە مل چەم سوار لە شوێن سوار، شڵپ و هووڕ کەوتە ناو ئەنکاوی بوار؛
وڵاخ ڕووی ئاوی ئەکرد سمکاری، ئەپڕا بارانی دوڕ و مرواری!

(۶)

له چـــاخانه‌کـه‌ی «کـانی سـپیکه»[۹] ژانـــه‌سه‌ری چـا و ئـاره‌زووی نـیکه،
ڕاگیری کردین سێ‌چاره‌ک سـه‌عات؛ تونشوو نیوه بوو، ورده[۱۰] دوایی هـات.
چـای عـاده‌تیمان بوو به پێنج و شـەش، کەمخۆر له زۆرخۆر زیاتر ئەیویـست بـەش!
فـڕان فـڕانـی حـەڵوا و پـەنیر بـووا زرمه و بناگوێی خورما و هـەنجیر بـوو.
بـێزۆر دائـەنیشت کـز بـه نـابووتی، «ئەق!» گوێزێک ئەیداله لووتکه‌ی‌لووتی؛
بۆ قـوازتنەوەی تـا ئەکـەوته کـار، «زۆردار» لێی ئـەڕان بـه‌کـەم پـەلامار!
به هەچ دەردێک بـوو نـان و چـا خـورا دیســان بـۆ ڕێگـا نـاوی خـوا بـرا.

(۷)

وا هـەناو گـەرمه ڕووی زەوی داخـه، ڕێگـای ئـێستامان بـناری شـاخه[۱۱]؛
دیـمانەت بـه خـێر یـه‌کـەم «داربـه‌ڕووا گـابەردی لاڕێـی لاڵ و پـاڵ کـەوتووا
تاکـوو ڕزگـار بـووین له بـناری شـاخ، کـردینی بـه ئـاو ڕۆژی پـرشنگداخ،
بەڵام سەرەوژوور ڕۆیشتین کـەم کـەم، بـای فـێنک کـەوته شـنەی دەمـاودەم
بـۆنی درەخت و دەوەنـی نـاو کـێو تـازەی کـردەوە نـیوگیانی سـەر لێـو،
قەمچیمان وەشان سـەرەوژوور دیـسان، شەق، نـاڵ بوو ئـەیدا له ڕێـی بـەردەڵان!
وڵاخ بـــه پـــڕمه و هـــەناسەبڕکێ، بـــەسەر پـــلەدا فـــڕێی‌ئەدا پـــێ.
بڕۆا بەم ڕەنگـه، پـێچاوپێچ، دەی دەی، ئەمجا لەسەر شـاخ تێر ئـەڵێی ئـۆخەی!

(۸)

تـاوێک لامـان دا، بـۆ پشـووی وڵاخ، دانـــیشتین: پشـــتەو دۆڵـــی قـــەرەداخ
بەردەممان دەشتی سـەوزی شـارەزوور، شاخ گرتوویه لێی دەوراندەوری دوور!
دەشتی تەخت و پان، دەریای سەوزایی، خاڵ خـاڵ تـیا دیـاره شـوێنی ئـاوایـی.
تاک و تووک دێی دوور دووکەڵی چین چین بـەرز ئـەکـاتەوە بـۆ ئاسمانی شـین!
بووکی تانجەرۆی ناو دۆشەکـی سـەوز. ئـەتروکێ چـاوی شـینی بـه وەنـەوز.
جۆگه وردەکان ئەکشێن سـەرەوخوار، ئـەبریقێنەوە، وەک تـوولەی ڕەشـمار!
وەر گـەڕایـنەوە بـۆ دۆڵـی ئـەودیو، شاخ بوو لەسەر شاخ، شیو بوو لەسەر شیو
تـەپۆڵکەی، یـاڵی، دۆڵـی، نـزاری: گا شاش بـوو، گـا چـڕ دەوەن و داری!

(۹)

له «دارمازملّه»[۱۲] به پێ چووینه خوار، کەوتینه سەر ڕێی ناو دەوەن و دار.
ئەمجا تێخوڕە، بڕۆ خوار و ژوور، لێو وشکی گەرما، ژاکاوی ڕێی دوور!
یەکەم دێی ڕێگات، کە «قارەمان»ە، هەشت نۆ ماڵێکی ناو دارستانە
هەر دوانمان وەستاین لە بەر چەپەڕێ،[۱۳] پیاوێک دەرنەکەوت جلّەومان بگرێ،
یەک دوو بچکۆلە و دوو سێ پیرێژن، بە کاسە دۆوە بەرەو پیر هاتن،
لە داپیرێکی سەرسپی بێدان تێگەیشتین هۆی چۆڵیی «قارەمان»ە:
تەمەز خەڵقی دێ لەسەر فرمانن، خەریکی کێشە و شەن و خەرمانن!

(۱۰)

ماڵ ئاوابەیمان کرد لە پیرێژن، ڕۆیشتین تا دێ لە چاومان بوو ون؛
نەختێک بە بێ ڕێ نامان بۆ چەپ مل، لامان دایە ژێر دەرەختێکی زل
بەردەممان چەم و تووترک و بی بوو، دەورەمان وەرد و جاڕ و زەوی بوو.
لێی ڕاکشابووین گشت لە بەر سێبەر، چاو بەستراوێکی فەرەنجی لەبەر،
کوتەکوت دەرکەوت بە گۆچانەوە، لای دایە لامان بۆ حەسانەوە.
ـ عەلەیکەسەلام! کاکەی کوت و کوێر، بەم قرچە قرچە ئۆغرتان بە خێر!
بەری دەستی برد بۆ سەر ناوچاوان، بە دەم ئێشەوە سەری ڕاوەشان،
وتی: دوو مانگە گل لە چاومایە. ڕێی دوور پێوانم بۆ نووشتەی بایە!
یا پیر، بە یەک گەز ڕیش کەی ڕەوایە: بۆ چاو بێت، لە ڕێ کوێرایی دایە؟!

(۱۱)

ئێستا بڕیاری کۆمەڵ ومەایە: بچینە «ولیان»[۱۴]، تا فێنک دایە.
سوار بووین، بڕیمان دۆڵاودۆڵی گەرم، ڕەش داگیرسا ڕەنگ، کارژی دەردا چەرم!
تووڵەڕێ ئاڵا لە ڕیزە گردێ، لە بەردەمیا بوو دارنووی زۆر و «دێ»!
ئیتر زەلام و سەگ بوو، ڕاکردن: پەلاماردان و جلّەو لێ گرتن!
بەردینیانە بن کۆمەڵێک دارتوو، لێفە و بەڕەیان بۆ داخستین زوو!
وەک بەچکەی قولی گوێ ئاگری خۆش، دەم کرا چوار پێنج مەسینەی حەوجۆش؛
دوو سێ قۆریەی ڕەش پشتێن تەنەکە، ئەکوڵا و هەڵمچوو ئەتوت کەشکەکە.

چای خەست تێکەڕا بەکەوچکی چێو[15]، دەرمانێوش کرا بەپاڵەی لێوان لێوا!
ئەپارایتەوە «مامە، تو خوا بەس!» نەرم نەئەبوو خانەخوێی ناکەس؛
هەر تێی‌ئەکرد بۆت یەک لەسەر یەکتر، بە پیاڵەی چڵکن چای خەستی وەک قوڕا

(١٢)

کە کۆمەڵ ڕێ‌کەوت بەرەو قەرەداخ، سێبەر کشابوو بۆ پێدەشتی شاخ.
ڕۆژی بەرەو کەل بە پرشنگی زەرد، وارنیشی ئەدا لە بەرڕۆژی هەرد
نەشتەی سێبەری لاپاڵی زۆر خۆش، دەنگخۆشەکانی هێنابنە سەر جۆش!
سۆزی شەپۆلی «ڕۆ... ڕۆ»ی پڕ بە دەنگ، ئەیلەرزان دۆڵی قووڵی سێبەر مەنگ!
بە بەستە و ناهەنگ ڕێمان بردە سەر، نۆرەمان زۆر کرد بە زەردە و سێبەر،
تا گەیشتینە بەر «باسکە درێژە»[16] کشایە «زەردی‌ئاوا» ڕێگای لێژ
سێ‌چوار گەڕەکی خانوو کەلاوە شینایی و باغچە چواردەوری داوە.
سەرای گەچکاری لە چاڵی وەستاو وەک سەرپۆش‌بەسەر، جوان دێتە بەر چاو.

(١٣)

چوونە بەر دەرگای مەکتەب دابەزین، ئەمجا «ئەفەندی»ی سەر کورسی و مێزین...
کۆڕی بەر باغچەی مەکتەب گەرم بوو، بەخێرهاتنکەر ئەهات و ئەچوو...
دەستی «سەر چاوان» بۆ سەرسنگ بردن «مۆرە» هەڵدان بوو «گێلە» هاوردن!
کۆڕی دانیشتن تا ئەهات ئەکشا، کورسی جێی چوار بوو دەی نێ‌ئەترشا!
سەر بوو بناگوێ و دەنگوباس پرسین «کێ مرد لە بەرلین؟ کێ کوژرا لە چین؟»
سوێن ئەخوێن بە بارکە هیچ نازانین، زیاتر سەر دێننێ بۆ زۆرتر پرسین!
ئێستر هەڵڕێژە درۆی ناچاری تا وێسران ئەبێ مەڵی لاساری!

(۱۴)

شەو دانیشتبووین گشتمان لە سەربان، پیاوێک پەیدا بوو خەڵقی دێی دووکان؛
بۆ سەر زەماوەن خوڵقی ئەکردین، کەوتینە ڕاوێژ: «بچین یا نەچین.»
من لەبەرئەوەی بێ‌وڵاغ مابووم، لەعاستی «بچین!» ترشم‌ئەکرد ڕووم.
پاش لێکدانەوەی زۆر و پەک و دوو کە دیم وڵاغم بۆ جێ‌بەجێ بوو،
ئەمجا دەستم کرد بە کۆمەڵ هاندان، بۆ ڕۆیشتنی سەر شاییی دووکان،
لەوێوە بووک تا «سەیوسێنان» بردن، بینینی هەردوو پەردەی ژن بە ژن!

(۱۵)

بەیانی سەعات دەوری هەشت کۆمەڵ ڕێ‌کەوت چەن سوارێک ئەعالیش لەگەڵ
هەموو جلگۆڕیو، سەر و ڕیش تاشیو، لە ئەسپ درابوو ڕەخت و ڕەشوەی زیو.
فەقیانەی سپی و شان و سەڵتەی شین، خۆ لەخشاندنی ناو قەڵتاخی زین
ئێستا و تاوێ تر حیلەی ئەسپی شێ، غار و ڕ مسابازیی تەختایی لاڕێ
وای خەریک‌کردم بە خەیاڵەوە کاتێکم زانی بە فەدیاڵەوە
«دووکان» دیاریی دا لە بناری شاخ، ژووری ئاش و بی، خواری شیو و باخ
لە خواری دێوە هەندێ کەپری شاش، شایی و هەڵپەڕکێی تیادەرئەکەوت باش!
کە لەناو کەپران جەڵەویان گرتین، زەردەی لووتکەکان پاش و پێش ئەفڕین!
دوو تەختی گەورەی کۆنی دۆشەک‌پۆش هەشت نۆ دەیەکی لێ گرتینە کۆش.
لە بەردەمانا هاوڕێکانی تر، بە چۆکا هاتن وەک یەخی حوشترا

(۱۶)

لەبەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئاگر، دای بە تاریکیی شەوی ناودێ دڕ
شمشاڵ بە ناڵەی لەرە و لەرزەدار دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار
لە دەوری ئاگر حەڵقەی چۆپیی کوڕ ترپەی پێی ئەهات وەک لێزمەی خوڕ!
سەرچۆپێکێشی قۆزی چۆپیزان، پاش هەڵسانەوە و نووکی پێ بادان،
لە ژوور سەریەوە دەست و خەنجەری چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەهەری
شمشاڵژەن ئەینا بۆ هیچ لایەک ڕوو ئەو لایە کەللەی زۆرتر گەرم ئەبوو.
هەر چۆک‌دادان بوو هەڵسانەوە و «هەی!» سۆزی هاواری ئاکا «وەی، وەی، وەی!»[۱۷]

مەستی بێشەراب هەرزەکاران «عیوا» خەفەت بابردوو دەردەداران «عیوا»
زاوای بەردەرگای ئاواتی دڵ «عیوا» بووکی پازاوەی جوانتر لە گوڵ «عیوا»
حەڵقەی چۆپی «عیوا»، شمشاڵیدەر «عیوا» ئاسمان، ئەستێرە، دێ، دەشت و دەر «عیوا»

* * *

کوڕگەل! هەمیشە گیان و دڵ شاد بن، دەست لە مەلاتی بووکی مراد بن؛
نۆرەی خۆتان کرد، شیرین هەڵپەڕین، ئاسمانتان لەرزان بە تەوژم و تین!
نۆرەی ئافرەتە ئەمجا هەڵپەڕێ، سا هێز دەست بەردا، جوانی دەست بگرێ!

(۱۷)

کە هەڵمانهێنا چاو لە خەوی خۆش، گزنگی هەتاو دابووی لە «کۆڵۆش»[۱۸]؛
لەشکر ڕووی نابوو بۆ دەشتی لاڕێ، هەر ڕێچکەی سوار بوو ئەملاو ئەولای دێ.
تا دەرچوو لە دێ تارای سووری بووک، ڕمبازی سارد بوو، تەقە تاک‌و تووک!
بەڵام دیمانەی تارای باشەکێن، بۆ کوورەی دەروون بوو بە باوەشێن.
لەشکر ورووژا، سوار فڕێن فڕێن، کەوتە شوێنی سوار: ئاوزەنگی‌تەقێن!
قرچەی دەستڕێژی دەمانچە و تفەنگ، ئەشریخایەوە پڕ بە دۆڵی تەنگ!
لە ڕێگەوزەری بووکا بەرامبەر دوو ڕیز: دوو دوو سوار لێی ئەهاتە دەر!
رەشسواری ئەبرد شێسوار بە گاڵە گا بە نەرمەغار، گا بە چوارناڵە!
لێی ڕائەپەڕی لەوبەر کوتوپڕ، ئەسپسوارێکی کلک و مل جوانگر.
شێوار! بۆی دەرچۆ سا چنگ لەسەر شان، چبت کرد باڵدارت لە خۆت خرۆشان؟

(۱۸)

نەختێک ڕۆیشتن نەما جێگای غار، چەشنی مێروولە کشا ڕێچکەی سوار
شنەی بای ناودۆڵ فێنک و عاستەم، ڕێ لاپاڵی شاخ، لای خواروومان چەم.
سەرانسەری چەم داری ژاڵەیە، ئەو داوێنەوزی سەرلق ئاڵەیە!
ڕۆژ: ڕۆژی شایی، کات: بەیانییە، تەبیعەت مەستی بزەی جوانییە!
بووکی ژێر تارای ڕەنگئەرخەوانی شۆخ و شەنگە وەک گوڵی بەیانی!
ئێمەیش «لەشکرین» بۆ خوای دڵداری: خاتوو زین بۆ مەم ئەبەین بە دیاری!
سا نوخوا دەنگخۆش دەی قەتارە کەت، «کوڵەنجە ڕێ ڕێ»و «هەوری لارە» کەت!
ئاخۆ (کیوویید)[۱۹] دیاریی جوانیی بۆ ژیان ئەوێ، یان بۆ قوربانی؟

(۱۹)

لەکلکەی «کۆڵۆش» لەوبەر «دێوانە»،[۲۰] بـــە چـەپڵەڕێزان، ئـامان لەرزانـە،
لەشکـر و بـووکی ئـەولا پـەیدا بـوو، دیـسان دوو لەشکر پێکا هـات و چـوو
وەک دوو ئەستێرە دوو بووک لێکیان‌دا: دەم نـرایـە دەم، دەست لە مـل کـرا!
ئێتر کۆمەڵ بوو بـە دوو دەستـە، گشت، ئێمەو دوو بووک نا، وەرگەڕا بۆ پشت[۲۱]،
ئێمە کـەوتینە دەستـەی «سـەیوسێنان»، نـا گـەیشتینە سـەر ئـاوێکی جـوان،
لەوێ بـەو گـەرما و قـرچـەی نـیوەڕۆ، دانیشە: حەڵوا و پشـی[۲۲] بـووک بـخۆ!
ئەمجا سوار بووین و بۆ ڕاست وەرگەڕاین، لە پـێـدەشتێکا دێ خـۆی پـێشان‌دایـن،
لەوبەر وشکەشیو گـەڕەکـی گـەورە مـزگەوتێکە و مـاڵ لێـی‌داوە دەورە؛
لە دەشـتی ئـەمبەر گـەڕەکـی بـچووک تیایەتی مـاڵی کـوێخا و زاوا و بـووک!
شـاخی کـۆڵۆشی پشـتی «سـەیوسێنان» کەوتۆتە مەعبێن ئـەم دێیە و دووکـان

(۲۰)

خـەوە، خـەیاڵە؟ عـەردە، بەهەشتە؟ هـەڵپەڕکێی ژنـە یـا هـی فـریشتە؟
پـــەلکەڕەنگینەی[۲۳] ئـێوارەی بـەهار لە عەزرەت تارای سوور کەوتۆتە خوار،
ئـێستا سـەرگەمی ئـیلتیفاتی بـووک جـموجوولێـتی و هـەڵپەڕێ سـووک!
«ئـامان لەرزانـە! هـارەی لەرزانـە!» بـــەستەی هـەڵپەڕکێی بـاڵابەرزانـە.
گـۆرانـیـێژ بـێ و بـچۆ و خـۆت بـادە کـێ ئـەوەندەی نـۆ دەروونـی شـادە!
وەک هەنگ بگـەڕێ و گـۆرانـی بڵێ، لادە جـارجـارێ بـۆ بـەرپێی گـوڵێ.
گـوڵ بـە ئـاهەنگی «ئـامان لەرزۆ کـە» پـێـیە دابـنێ و پـێ‌یە بـەرزۆ کـە!
بـە نـاز لار بگـرە سـەری بـێ‌پووشین، با بریقەی بـێ کـلاوزەڕ[۲۴] چـین چـین!
پێچکەی پشتەسـەر لەسـەر[۲۵] زوڵفی ڕەش بـا بـجـریوێنێ وەک ئـەستێرەی گـەش!
شانی بۆ شـل کـە و خـۆت هـەڵسـێنەوە، سـوخمەی سـەر مـەمک بـلەرێنەوە:
با پێچکەی نقێم[۲۶]گورج گورج بە ئـاسە لێـسـو بـسـنێتە سـەر کـوڵمی هـەیاسە!

* * *

ئـەی گـوڵ وا هـەڵسا گـۆرانـیـێژت، هـەڵبڕە چـاوی شـەرمی کـلرێژت!
چاوەڕێم چـەرخـەی نـیگای تـیژتێـپڕ لە چاوما بکات هەستی ئـەشکی[۲۷] تـەڕ!
بـەشکوو لە عـاسـتم زەبـری دڵـنەرمی ئـیتر نـەبڕێ لێت سـەرنج بـە گـەرمی.
منیش بـەردەرگای حـەڵقەی هـەڵپەڕکێ بگـرم بگـەڕێم: بـەرامبەر بـە کـێ؟

بەرامبەر بە تۆو دوو چاوی ڕەش ڕەش کە ناز ئەفرۆشن بە کەچ‌نیگای گەش!

(٢١)

ڕێبواری ماتووی چۆپی‌و ڕمبازی تا کەی ئاهەنگ‌و گۆرانییازی؟
جوانی دێ نووستن، زاواو بووک نووستن، خەو لۆکەی خستە ناو گوێچکەی بیستن.
دەشت و دەر بێدەنگ، ناودێ بێدەنگە، بێدار[٢٨] هەر دوانی وەک تۆی دڵتەنگە
ئێو لێک نێ ئێتر شایی تەواو بوو، هاوڕێت سەفەرین لەگەڵ شەبەق زوو!
ڕێی گەڕانەوەی شارت[٢٩] لەبەرە، چ وادەی جۆشی کەڵکەڵەی سەرە؟
سەبەینێ کە ڕۆژ هەڵهات لە ئاسۆ، ئەدا لە پرچی خاوەن چاو، بێ تۆ!
ئێتر تا ماوی رابووردە سەیوسێنان، پێشانی تۆ بات هەڵپەڕکێی چاوجوان!

---

١) شوێنی کۆمەڵ بەێی بەڵێن و بڕیاری پێشوو. ٢) چارەوێ: ئەسپ و ماین (بەرامبەر بە خەیلی عەرەبی).
٣) جانێزار: ئەهەنگی پێنجێری عوسمانی. ٤) سەیوان: گۆڕستانی بەناوبانگی سلێمانی. ٥) تەکیە: جێگایەکی دەشت و شاییە لە ناوەندی گردی سەیوان و شاردا. ٦) قەرەتۆغان: گوندێکە نزیکی سلێمانی. ٧) مەبەست لە چەم، چەمی تانجەرۆیە. ٨) بەنگاو: پێچەوانەی تەنکاو (تەنک ئاو) عاستی قووڵ و مەترسی لە ئاو.
٩) گوندێکە بە ڕابەرسلێمانی لە بناری شاخی دارمازەڵە. ١٠) وردە: وردەی پارە ١١) شاخی دارمازەڵە.
١٢) دارمازەڵە: بەکەم شاخی ڕیزگایە لە سلێمانییەوە بۆ قەرەداغ. ١٣) چەپەر: دەرگایەکەڵەشوولێک دروستەکرێوەکتەپەمان.
١٤) ولیان: دێیەکە بە تەرەتووی باش ناوی دەرکردووە. ١٥) چێو: دار. ١٦) بەسکە درێژ: ئاوی بەڵێکە شۆڕئەبێتەوە بەسەر (زەردیاوا)ی مەرگەزی ناحیەی قەرەداغدا. ١٧) ناکا: موختەسەری ناکاو، کتوپڕ.
١٨) کۆڵۆش: شاخێکە لە ناوەندی دووکان و سەیوسێناندا. ڕاستی ناوەکان (کەڵۆمش)و (سێوسێنان)ە. م.م.ک.
١٩) کیووید: خوای دڵداری بەێی ئەفسانەی بۆنانی کۆن. ٢٠) کلکە: پێچی نیهایەتی شاخ. دێوانە: چەمی دێوانەی ناو دۆڵی قەرەداغ، ئەڕۆتە سیروان. ٢١) دەستەی دووکان گەڕایەوە بۆ دووکان، دەستەی سەیوسێنان گەڕایەوە بۆ سەیوسێنان م.م.ک.. تێبە و دوو بووکەکە نەێ، ڕاست ڕۆیشتین و نەگەڕایەوە بۆ پشتەوە.
٢٢) پشی: کولیچەی بووک. ٢٣) پەڵکە ڕەنگینە: قەوس و قەزەح. ٢٤) کڵاوزەر: کڵاو ئاڵوون، هی لادێیی لە زێوە.
٢٥) پشتەڕە، پشتەڕە: جۆرە خشڵێکە لە دەوری سەر ئەدرێ. ٢٦) نقێم: مەبەست لە نقێمی پڵپڵەداری نیهایەتی موورووی مەڵە (ملوێنکە). ٢٧) تەشک: فرمێسک. ٢٨) بێدار: ئەنوستوو، بەخەبەر. ٢٩) مەبەست لە شار سلێمانییە.

کۆمەڵەی سینەما

سەروشت و دەروون

سروشت و دەروون، پێشکەشە

بۆ: خاوەندی ئەو دەروونە ڕووناکە کە دەرسی پێشکەوتن
لە سروشتی جوان وەرئەگرن.
بۆ: گیانی ڕابەرەکان و سەربازە نەبەزەکانی ڕاپەڕین!
ج مردوو، ج زیندوو، ج هێشتا نەزاو.
«گۆران»

سروشتی جوان

پاییز!

پاییز! پاییز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز[1]:
هەردوو هاوەردا!

من فرمێسکم، تۆ بارانت؛
من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛
من خەم، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە: دادم[2]، دادت،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!

پاییز! پاییز!
شان و مل ڕووت،
من مات، تۆ زیز،
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ‌سپس ئەبێ بگرین
ئاڵتوونی[3] دار ئەڕژێ بگرین،
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،
بگرین.. بگرین.. چاومان نەسڕین،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!

---

۱) زیز: عاجز، مات. ۲) داد: عەدڵنا، هاوار. ۳) نیاز لە وەرینی گەڵای زەردی درەختانە.

هەوری پاییز

لە دەڕیاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ،
بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە،کش و بێدەنگ
بە سەر پاییزی زەردا با بە خوڕ بگری، بە کوڵ بگری،
لەسەر ئاخر گەلا ، ئاخر چلی نەنایی گوڵ بگری!
بە خوڕ بگری، بە کوڵ بگری: بەسەر دەشت و دەری وشکا،
بەسەر داری گەلاڵەردا، بەسەر پووشا، بەسەر درکا،
بەسەر سەرچاوەیی کزرا، بەسەر زیخی چەمی دێما،
بەسەر هەر وشکێکا وا لە هاوینی گەرم جێ‌ما..
بەڵێ بگری، بە کوڵ بگری، هەتا ئاخر دڵۆپ بگری،
بە گریەی هەوری پاییز با نوقوم بێ سینەیی کزری!
بەفر ئاسۆی[1] بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلووریني،
لە چەم هەڵسێ خوڕە و هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی[2]!
دڵۆپی سارد و فێنک با لەسەر دار و دەوەن بڕژێ،
پەپوولەی[3] زەردی ئاڵتوونی لەسەر لق هەڵوەرێ، بمژێ
بەڵێ! بگری هەور، بارانی پاییز، بێ‌وچان بگری،
لەسەر باغچەی گوڵێ واسیس ئەبێ ئاخر چلی عومری!
بگرمێنێ، تەپ‌ونم دابکا، بیکاتە شەست، هەرگیز،
نەوەستێ قوڵپی گریانی[4]، نەوەستێ هەورەکەی پاییز؛
تەبیعەت زەرد و ژاکاوە، لە حاڵی گیانکەنشتایە،
نیشانەی ماتەمی پاییز لە فرمێسکی درشتایە!

۱۹۳۳

---

۱) ئاسۆ: ئوفوق، مەبەست بەزریی شاخەکانە لە ئاقاری ئاسۆ. ۲) مەبەست لە ئاوی خوێنین ئاوی لێڵە.
۳) پەپوولە.. تاد: مەبەست لە گەلاڕیزانی پاییزە. ۴) قوڵپی گریان: واتا کوڵی گریان، وەکقوڵپقوڵپی‌مەنجەڵ.

سەوزەگیای پاییز

بۆ گیانی بەرزی مەولەوی

گیا وردەی پاییز، سەوزی نەرمونۆڵ، قەیفەپۆشی ڕووی نەختی خاک و خۆڵ!
دڵگیری، جوانی، بێ درک و داڵی، دوا یادگاری بەدیمی ساڵی!
هەج ئێوارەیەک دیدەنیت ئەکەم، سەمای پاییزم تیا نامێنێ تەم!
مەستی بادەی حەز، پڕ نەشئە و خەیاڵ، ئەسووڕێمەوە لەم یاڵ بۆ ئەو یاڵ[1]؛
ئەنجا دێم، لەسەر سینەی نەرم و شل ڕائەکشێم ناوێک، نوقمی تەئەممول..
ناوێک نەغمەی مەل، ناوێک شنەی با تا ئەودیو شاخی[2] ئەندێشەم ئەبا:
خۆم بە خۆم ئەڵێم: یاران من چیم کرد؟ بۆچ عومری جوانیم وەک پیر بەسەر برد؟
مەنیش لە دایکی تەبیعەت زاڵم، بۆچ کردەوەی ئەو نابینێ چاوم؟
ها، وا بە سەر چوو خەزانی پیریش، کەچی ئەو زیاتر ئەکا ئارایش!
تازە سەوزەگیا سەرلەنوێ نەڕوێ، مەل لە ماجەرای عەیش و نۆش ئەدوێ!
تازە سروەی بای قودسیی ئیسا فوو، گیان ئەکاتەوە بەر دنیای مردوو!

* * *

ئەی گیا سەوزەکەی دڵ فەرەحاوی، وەک تۆ سەرگەرمی سەودای هەتاوی،
مەنیش لەمەوپاش وایە بڕیارم تیژگی خۆر بێ لام نازخەندەی یارم؛
تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم، ئێتر واز بێنم لە ئاشنایی خەم!

---

۱) یاڵ: باسک، بەرزایی تەسک و درێژی شاخ. ۲) نیاز لە دیوی ڕووناک، باری چاکبینی تەفکیرە (تەفائول).

دیمەنێکی بەهار

ئەمڵا یەک پەڵە، ئەولا یەک پەڵە: هەوری ڕەنگاوڕەنگ؛
لە ئاوەڕاستا: بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ!
سەوزەگیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ،
درەخت تازە شین، سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ
سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواریی ئاونگ[1]،
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگ
نەسیمی بۆنخۆش، کزەبای فێنک، وەک نەوای ئیلهام
سەمای[2] جوانیی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئەنجام!
قاسپە قاسپی کەو، نەغمەی چۆلەکە و بولبولی دەنگخۆش
پیاڵەی نەشئە، حەنتا بە ڕۆحی بەردیش ئەکا نۆش!
وەک بگری بە کۆڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین،
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین!

* * *

مەلی سەرپنجک، پەلوپۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم،
لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر، پێتان بڵێم چیم:
منیش وەک ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم[3] بچووک،
حەنتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ، بە دەنووک!
بەڵام وەک ئێوە لە دڵما ئە گڕێ مەیلی سەربەستی؛
ئەمەش ئایینم وەک ئایینتانە: هەردەپەرستی![4]

---

۱) ئاونگ: شەونم. ۲) سەما: دانس. ۳) لێرەدا گەردم لە باتیی فڕەڕەوە بەکارهێناوە.
۴) ئایین: من لە هەموو کاتێکا ئایین لە باتیی دین بەکارئەهێنم.

شەوێکی بەهار

تاریکە شەوێ: نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا،
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەر و دەشتی حەقایق،
چوویوونە پەنا پەردەیی خەوکەون و خەلایق
موستەغریقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا!
تاریکی، تەمی دەشتی دڵ و تانەیی سەر چاو،
شابااڵی پەخش کردبوو تاکوو ئەبەدییەت
بێدەنگی لە چوار لاوە موهاجیم وە خرۆشاو،
وەک زوڵمەتی شەو نەبوو ئەویش نووک و نیهایەت

جار جار لە ئوفوق ڕائەومشا شیری بروسکە،
گرمەی غەزەبی گوێی کەڕ ئەکرد هەورەتریشقە؛
باران سەرەتای ریققەتی بوو: نم نم ئەگریا،
وەستابوو زەوی تینوو زەلیلانە لە بەریا!
ئەمجا بە خۆڕەم باری، لەپاش یەک دوو دەقیقە،
ئافاقی ئەمەل ڕەش بوو، نەما پێوە تروسکە!

تاوتاو لێی ئەدا ئەپڵی هوموم ئەرزە بە ئاهەنگ؛
وەختێ کە ئەهات حەملەیی با تونگ و خرۆشان،
ئەیرشتە دڵی پیاوی سەبوور کەڵکەڵەیی جەنگ،
هەروەک دڵی خەووافی ئەترسان و ئەلەرزان!

لەمحاڵەتەدا ڕۆحم وەکوو چاوی گلاوی،
ئانێکی بە قەد ساڵێ پڕی زەهری ئەلەم بوو؛
ناگا: هەمیسان نیشتەوە لافاوی تەبیعەت،
ئاهیستە[1]... نەما زەلزەلە و نەعرەیی حیددەت!
کەوتە تەنکی هەوری ڕەش و چڵکنی پێشوو،
ئەلوانی قەزەح تێکەڵی بوو، کون بووە ناوی؛

ئەستێرەیەکی جوانی گەشی پڕ لە تەبەسسوم
دەرکەوت وگەیشت لێوە بە دڵ زەوقی تەماشا
بەحری هەوەس و شەوقم وەها هاتە تەلاتوم[2]:
بۆسەیری جەمال کردنی دنیایی بەیانی،
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە سەحرا،
وەک شێت... بە ڵام شێتی شیعر، شێتی جوانیا

---

۱) ئاهیـــت: بەتەسایی، لەسەرخۆ. ۲) تەلاتوم: شڵەقان و شەپۆلدان.

ئەی گەلاوێژ!

بەشەوگەشت وگوزاری خاتیرات[1] هەروەک شنەی شەوبا،
لە ڕۆحی پڕئەسـورما ئەکا سـەرەی خـەفەت بـەربا!
ئەڵێی بەحرێکی قـوواڵ و مـەنگە دنـیای پـڕلە بێدەنگی،
بـەسـەریا هـاژەهاژ ئـەڕژێ ئـەنینم[2] سـۆزی ئاهەنگی!
هەتا سـەر ڕووی زەوی چین‌چین نەوبوە پەردەیی تاری،[3]
لە خۆیشم دیـار نـیە وێـنەی دڵـۆپی ئـەشکی[4] بـێداری!
دڵم وا گـێژ ئـەداگـەرداوی یـەئس و نـائومێدیی ڕەش،
مەگەر تۆ بێیتە ئیمدادم، گەلاوێژ، ئەی سـتارەی گـەش!
مەگەر تۆ، ئەی گەلاوێژ، ئەی بزەی لێوی سـەحەرگاهان،
مـەگـەر تـۆ بـسـرەوێنی فـوڵیی ئـێشی قـەلبی بـێ‌سامان!
لە چـاوی تـۆوە پـرشنگێ ئـەگـاتە ڕۆحـی بـەدبەختم،
ئەکا مەستی تەسـەللی تا شـەوی دوایی سـەری سـەختم!
دەسا ئەی شا سـتارە، ئـەی گـەلاوێژی گـەش‌و تـابان[5]،
کە هەڵهاتی بە ئەگریجەت بشـۆ چـاوی شـەوی گـریان!

---

۱) خاتیرات: زیکرەبات، یاد. ۲) ئەنین: ئاخ‌و ناڵە. ۳) تاری: تاریکی. ۴) ئەشک: فرمێسک.
۵) تابان: شەوقهاوێژ، ڕووناک.

بەسەرهاتی ئەستێرەیەک

بانگی شێوان: لە ئاسمانی خۆرنشین،
ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ: گەش، شیرین!

دەور و پشتی دەریای شینە[1] و بەئەنیا
سەرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیا!

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ،
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ!

وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازداری،
تێر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەنواڕێ!

مێنیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم،
دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم؛

لەسەر گردێ بەرامبەری ئەوەستم،
کەیلی بزەی[2] ئەبێ سەرنجی مەستم!

تاریک دایە.. ئەستێرەی تر بەر و دوا
فڕێ ئەدەن چارشێو[3] لە عاستی دنیا

بەڵام ئێستا ئەو ئەسپایی، بەرەوخوار
هەڵئەخلیسکێ، کز کز، ئەگاتە لێوار؛

لێوی تینووی کەل وەک دڵۆپ ئەیمژێ،
ئەی داخەکەم، مەرگی نیشتن ئەیکوژێ!

ئەم ئەستێرە، بەسەرهاتی دڵگیری
لە کام ڕۆحا نابزوێنێ سا زوبری؟![4]

---

۱) مەبەست لە دەریای شین دەریای ئاسمانە. ۲) بزە: زەردەخەنە. ۳) چارشێو: پەچە.
۴) زوبر: وەکوو زیز، واتە عاجز و مات.

دارچوالەی پشکووتوو

لە گەڕانەوەدا بە چەمی قلیاسانا

لەپـــاش بـــڕینی مـــاوەیەکـــی دوور، گـــیانی وەڕســـی ڕێگـای ســەرەوژوور
دی: «پـــاس» کشـایە نـاو پـێچێکی لێـژ؛ لای چـــەپ: چـناری بـاریک و درێـژ
ڕەپ ڕ اومســـتابوون لە کـــەناری ڕێ، ســەربازی پاس بوون بۆ پشت ســەری کێ؟:
ڕیـــزێک نـــەمامی دارچـــوالەی نـازدار کە ڕێک وەستابوون لەســەر گـیای بـەهار
وەک بووک ئەندامیان لە سوورا و نـابوو، لەنجەی تـاو تـاویان بـۆ چپەی بـا بـوو
پەڕەی هەڵاڵەی چـوالەی سـووراوڕەنگ جار جار ئەوەری بە خشەی پێی هـەنگ،
هـــەروەک پـــەپوولەی بـــاڵ فـڕەفڕکەر ئەنیشتە ســەر یـەک لەســەر گـیای ســێبەرا
لەگـــەڵ لێشـاوی پـەڕەی گـوڵ بـارین: با بوو شەپۆلی «بۆنخۆشی»ی چـین چـین

* * * ٠

چـــەمی تـــانجەرۆی ســـەردەمی نـیسان پڕە لە وێـنەی ســروشتیی جـوان جـوان؛
بـــەڵام من چـاوم گـێڕا خـوار و ژوور، لە ڕ یـــزە داری چـــوالەی تـــارا ســـوور
جوانـترم نـەدی وەک بـووک وەستابێ، ســـەپرانگـــای چـەمی وا پـێ نـاوا بـێ!

بەهاری پاش باران

وشکەچەم وەک جەوری سەردەم هەڵساوە؛ بەرگی سەوز و نەرمی بەهار ژاکاوە.
هەر هێڵی گاسنی وەردی کێڵراوە هەتا چاو بڕ ئەکا جۆگەلەی ئاوە.
جوونیاری نەقیزەی درێژ سەرشانەر بەرەو ماڵ لەقەلەق گای داوەتە بەرا
تا ئەژنۆ لە قوڕدا و کەپەنەک بەسەر، بۆ ڕانی تەریوی هەڵپە و خەملەبەر،
مامەی شوان، وەکوو خۆی، بەرخی باوەشی تەڕتەڕە و هەڵدەستێ هەڵم لە لەشی!
کچانی کۆڵە گیای کوڵاندن بە کۆڵ ڕووەو دێ ڕەویون وەک مامزی چۆڵ.
لە ئاو هەڵکشاوە پەل و پۆی باڵدار، ڕەنج ئەدا فڕەفڕ ناگاتە سەر دار.
تەڵاڵی ناو باخی پڕ فەرشی گیای سەوز ئێڵاوی باراناو کردوویە بە حەوز؛
لە ئیواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون ساوان و ئەلەرزن لەتاو نوقوم بوون!
درەختی هەڵووژەی بەفر داپۆشیو، دارسێوی ڕازاوە بە پۆیلانەی زیو،
هەڵاڵەی وەرانەووون تەوژمی باران، وەک بووکی ڕووتکراو کەوتوونە گریان!
لە بەرپێی نەمامی چواڵەدا سەوزاو لە ڕ ووومەت تکاوە ڕژاوەتە ئاو.
گوڵباخی گەشاوەی گەڵا تێکشکاو بە کوڵمیا دێتە خوار ئارەق لە گوڵاو،
وەک باری شەرمنی دەس لە مل ئاڵاو بە گوپچڕ دەریازبووی شانە و قژ شێواو!

* * *

ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان: پێشێلی ستەمەگشت شتێکی جوان،
تا هەوری ڕووی ئاسمان دڕ ئەدا و هەتاو ئارامیی شیرینتر نەخاتەوە ناوا!

تازه؟

که شەو هات‌و پەردەی ڕەشی کەوتە سەر
جوانیی تەبیعەت، کەژو دەشت‌و دەر
هەموو نووست، هەموو مرد، کش و بێ‌ئەسەر:
سەما، تازە جیلوەی ستارەی نەزەر؟

کە گوڵباخ، نێرگس، زەمەق، یاسەمەن
هەموو نوقمی بەحری تەمی ئەم شەوەن؟
هیلاکی گروشمەن[1]، وەنەوزێک ئەدەن:
سەما، تازە جیلوەی ستارەی نەزەر؟
کە کپ بوو قەراغی چەمی پڕ لە قاز،
لەسەر ڕووەی نەما زینەتی ئیهتیزاز؛
لەسەر لێوی لاچوو بزەی نووری ناز:
سەما، تازە جیلوەی ستارەی نەزەر؟

کە دڵ کەوتە ناو دۆزەخی دەردەوە،
کە عیشق و شەبابی خوا بردەوە،
گڕی شاعیرییەت کە دامردەوە:
سەما، تازە جیلوەی ستارەی نەزەر؟

---

۱) گروشمە: کریشمە، ناز و عیشوە.

بێداریيەک ...

ژوورم تەنیا و دنیای بەر پەنجەرەی ژوور،
بە چواردەوری باخچەی کۆشکا، هەتا دوور،

دارستانی سەروە و سنەوبەری سەوز
شەو ڕوونـاکە و چـاوم یـاخی لە وەنـەوز

ئـەی بـولبولی شـەبەقی شـەوا! بـخوێنە،
هـەستی ەجوانـی پـەرستیەم بـوروووژێنە

با بـە زەبـری مـەستیم بـە ئـاوازەی نـوێت!
وێڵی دارستان بم کاتێک: خەڵک ئەنوێت!

ئەگەر عەشقی هونەر، وەک تۆ، ئەی بولبول،
لەنـاو ڕەگـما لەگـەڵ خـوێنا بـدا پـل،

منیش وەک تۆ، خـەوم ئـەخەمە ژێـر پـێم،
دێـم بـە چـڕی دارسـتانا ئـەگـەڕێم.

بـە لای لەشـی سـپیی پـەیکەرەکـانا
تـێنەپەڕم، دەسـتی چـەپ لەگـیرفانا،

ئـەشێلم گـیای بـن داری نـوقمی ئـاونگ،
بـای دارستانلەرزین ئـەمژم پـڕ بـە سـنگ

بـە شـەپۆلی گـەڵای سـەوزاکـە ڕوانـیم،
سـۆزی لەرەی نـوێ ئـەچێتە گـۆرانـیم؛

وەک شووشەی عەتر وشەکـانی هـەڵبەستم
ئـەگـرن بـۆنی گـوڵی لەیـلاخی دەسـتم

ئـەوسـا مـەگـەر، زاتـێک بـێتمە بـەر خـۆ،
دەم لە جوانـیی تـۆ بـەم هـەواری مـۆسکۆ!

هەواری بەرفیخە
١٩٦٢/٦/٦

دەنگی دەروون

ئاخ، هەزار ئاخ ...

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ! تا قیامەت ئاخ و داخ!
من کە سنگم بەردە، تەبعم بەرزە چەشنی شاخ و داخ؛

من کە خوێنم ئاگرە،
چوونە جۆشم حازرە،

من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم،
تاقە ڕەنگی ئابڕووم

مەردی، بێباکی، دلێری بوو هەموو...
کوا؟ مەگەر ئەسڵی نەبوو؟

بۆ سەرم نەرمە لە عاستی بەندی دیلی، داخە کەم؟
بۆ لە نزمی و پەستییا وەک گۆمی لووتە[1] شاخە کەم؟

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ!
نەگبەتیی کوردی هەژار، ئاخ!

بۆچی ئەو سنگەی سپەر[2] بوو بۆ پەلاماری عەدوو
بوو بە پەردەی سەر قەفەز بۆ دەربڕینی ئارەزوو؟

بۆ زوبانی بێگرێم
نایەڵێ سەربەست بڵێم:

ڕێبوارم، سەربەخۆیی کەعبەمە؛
دەشتی خوێن گەر ڕێگەمە،
بێخوتوورەم، بەردەبازم کەللەیە،
تا ئەگەم بەو قیبلەیە!

بۆ نەهاتە سەردەمم ئەم چەشنە گوفتارانە قەت؟
بۆ نەبوومە پاڵەوانی کردەوەی ئازانە قەت؟

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ!
غیرەتی کوردی هەژار، ئاخ!

ئەی، ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بەپێی خاک و زمان،
دای بە هەر قەومێ نگین[2]و تاج و تەختی حوڕ ژیان!

کوا نگینی بەختی من؟
کوانێ تاج و تەختی من؟

بۆ لە خاکی پاک و زاری بێگرێم،
غەدر ئەکەی؟ نابەخشی پێم؟

یا ئیلاهی حەققی خۆم داوا ئەکەم:
کوا نگین و تەختەکەم؛

بۆ لە عەرشی دادپەروەر، بۆ دڵی کوردی هەژار!،
تاقە تیرێکی ستەم عەکسی بکات و بێتە خوار؟

ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ!
خالیقی کوردی هەژار، ئاخ!

---

۱) گومی لووت: بەحری مەیت لە فەلەستین کە لە ڕووی دەریا زۆر نزمتر کەوتووە. ۲) سپەر: فەڵەکان.
۳) نگین: ئەموستیلە، مۆر.

ئیلهامی «هاوار»

بۆ مەفکوورەی بەدرخانییەکان

دەرویشێکم دی لەسەر دەخمەی شا ـ شای سەلاحەددین ـ بە کۆڵ ئەگریا؛
هاواری ئەکرد، ئەیلاوانەوە! دڵی ئینسانی ئەتاوانەوە!

* * *

دەرویش میرێک بوو خێوی تەخت و تاج چەرخ لێی وەرگەڕا کەوتە بەر تاراج
ئەی چەرخی غەددار، ئەفەربازیچە، بە حەسیرگیری فەرش و قاڵیچە،
سەری ڕاهاتووی تاجی سەربەستی کەی ئەنەوێ بۆ زیندانپەرستی؟
سنگێ کە تەختە جێگای ئارامی کەی قنیات ئەکا بە بای ناکامی؟
وەک شێر نرکانی، وەک ئاگر هەڵچوو زنجیری پچڕان، لە زیندان دەرچوو!
گەلێ هەڵمەتی برد بۆ پێچکەی تەخت بەڵام نەخووسا بەردی دڵی بەخت،
گەلێ کێشای دەست بۆ جقەی ئەفەر بەڵام ناوچاوی نەنووسی زەفەر!
سەری خۆی هەڵگرت، ڕووی کردە شاران تۆشووی ڕێی تەنیا عەشقی کوردستان!

* * *

ئێستا لە دەشتی شام لەسەر قەبری بایپری گەورەی، بۆ وڵات ئەگری،
بۆ وڵات ئەکا شیوەن و هاوار... کورده غیرەتێک زینهار! سەد زینهار!
بە کۆمەڵ بگرن گوێ لە هاواری: کۆمەڵ جەلب ئەکا ڕیققەتی باری!

گۆڤاری «هاوار»
ژمارە ١٠، لاپەڕە ٥
١٩٣٢/١٠/٢٣

کوردستان

کوردستان: جێگامی، جێی هەزارسالّەم؛ / پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلووتکە و یالّەم!
هەناسەم تێربۆنی بای کوێستانە، / دوو لێوەم پاراوی بەفراوانە،
سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەڕکەفتە، / بە زەردەی سەر بەفری ئێوارەوەختە؛
گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵەزە، / لەو عاستەی ژوور بەفرە، داوێن گیای سەوزە؛
زمانم پشکووتووی قسەی جوانە، / قسەی ناو گۆرانیی شاخەکانە،
هیی ناو چیرۆکی گوێ ئاگردانە، / هیی نساو لایە لایەی منالّانە!
قوڵپێ با خوێنی ناو دەمارەکانم، / بە زەبری عەشقی تۆ ئەیدا، ئەزانم!
عەشقی تۆ، ئەی دایکی خۆم و هاوخوێنم، / هەر لە پشتی باوکا چووە هەوێنم،
ئەشچێتە هەوێنی کوڕ و کوڕەزا، / تا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا!

* * *

کوردستان: ئەگەرچی دووره دنیای تۆ، / دۆڵ و دارستانی چۆڵ و تەنیای تۆ؛
دووری لە شارستان، لە ژینی تازە، / لە شەوی ڕووناک و پڕ لە ئاوازە،
پڕ لە پێکەنین و پڕ لە نەنوستن، / پڕ لە سووڕانەوە و پڕ لە کۆڕبەستن...
ئەگەرچی تۆ دووری لە ڕۆژی شاران، / ڕۆژی پڕ لە گەردش، هاتوچۆ و جوولّان،
ڕۆژی پڕ لە زانست، پڕ لە فەننی جوان، / کتێب و ڕۆژنامە، هەیکەل و مەیدان!
ڕۆژی پڕ لە خۆراک بۆ گیان و بۆ لەش، / ڕۆژی پڕ لە باغچەی گەش...
ئەگەرچی تۆ دووری لەم گشت جوانیە، / جوانیە کی تر هەیە کوردستانیە:
جوانیەک کە دەستی هونەری یەزدان / نەخشی کێشاوە، نەک سەلیقەی فەنان!
جوانیەک: کۆن نابێ هەرگیزاوهەرگیز، / زستان و بەهار و هاوین و پایز:
جوانیی شاخی سەخت و دۆڵی قوول و مەنگ، / ملەی[1] بەرز، پلەی خز، دەربەندانی تەنگ،
مێرگی سەوز، چەمی خوڕ، دارستانی چڕ، / دێی بناری دەشتی پەناگردی خڕ،
دەعبای ناو ئەشکەوت و ماسیی گۆمی شین، / باڵداری ڕەنگاوڕەنگ، پەپوولەی نەخشین!

* * *

بەڵێ! ئەگەر بێت و ڕۆژێ لە ڕۆژان، / لە کۆشنا لێکبدەن جوانیی هەردووکیان،
ئەو حەلە سەرانەر ئەبێتە بەهەشت، / لە لووتکەی شاختەوە تا پانتاییی[2] دەشت!
کوردستان، کوردستان، کوردستانی جوان! / دەرەنگیش بێتە دی ئاوانی گۆران

دەربەست نیم، سێبەری پیرەدار بەڕووم، ئەو تاوەی ئەشکێنێ ناسە و ئارەزووم:
کە ماویە پۆژی زەرد بگاتە دەم کەل، لای ژووروی سەرتەوە ئەجریوێنێ مەل؛
پۆلی ژن، زەرد و سوور، ئەکشێ بۆ ناو ڕان، شوان ئەڵێ بە شمشاڵ: «هەوری لار، ئامان!»
بەڵام ئەگەر بێت و بە دوو چاوی خۆم بتوانم ببینم بەری هیوای تۆم،
ئەو حەلە: کوردستان، کوردستانی جوان، هەڵپەڕین لە من و بەستە لە ژیان!

---

۱) مله: لووتکه، جێگای بەرز لە شاخ. ۲) پانتایی: نەختایی، ناوەڕاستی پانایی.

جەژنی نەورۆز

بـە سـوورێکی‌تر ئەستێرەی ئینسانگر[1]،
قـەومی کۆنی خـستەوە جەژنی ئاگـر،

کام قەومی کۆن، کام جەژنی بەرز و پیرۆز؟
قـەومی مـادی! جـەژنی بڵندی نـەورۆز!

ئـەو نـەورۆزەی کـە هـەزاران بەهارە،
لە دێـی کـوردا گـڕی ئاگـری دیـارە،

بـاوباپیرمان، هـەتا ئەڕۆن پشتاوپشت،
لەم ئاگرەیان دەورە داوە، چین چین، گشت!

لە چواردەوری ئەم ئاگرە: ڕەنگاوڕەنگ
کـۆڕ گـیراوە، بـە پێکەنین و ئاهەنگ؛

بـانگی شـێوان هـەتاکـوو بـەربەیانی،
چۆپی بووە و بەزم و نـۆش و گـۆرانـی!

لەوسـایەوە، تـا ئـێستاکـە بـەمچەشنە:
هـەموو سـەری ساڵی تـازەمان جەژنە؛

میوانی کۆن بـە ڕێ ئـەکـەین و تـازە،
بـە پـێکەنین ئـەگـاتە بـەر دەروازە!

خـۆشیت هـێنا و فـەرت هـێنا و شـیرینی..
تـۆ بـۆ ئـێمە بـەهەشتی خـەوبینی!

بە هاتنت بای بـەستەڵەک، بـەفری دەشت،
گیانی سپارد؛ گـوڵی ڕوا جێگای گـەشت

لە تـاریکی، لە چـۆاردیـواری زسـتان،
سەرفەراز بیت، سەرفەراز بوو مـەلی گـیان!

ئێستا ــ ئۆخەی! ــ ئاسمانێکە و هـەتاوێ،
گیایە و گوڵە و مـەلە و خـورەی چـەماوێ

چی خۆشترە لەوەی تـەبیعەت جـوان بـێ،
ماوەی سرنج پـاناییی گشت ئـاسمان بـێ؟!

گیانی سەرمەست، باڵداری ڕێی هـیوا بـڕ،
بـەرز بـێتەوە بـە پـەڵەی هـەور بـدا دڕ؛

بـەفڕێ، بـڕوا بـۆ کـوردستانی ئـاوات،
ماندوو نەبێ، هەر بـڕوات و هـەر بـڕوات

هەتا ئەگاتە لوونکەی شـاخی نـەربەست،
بێزنجیریی گـەل ئـەبینێ و ئـەبێ مـەست![2]

---

۱) مەبەست لە کەوکەبی ئەرزە کە ئینسانی تیا ئەژی.

۲) مامۆستا گۆران، ئەم پارچە هەڵبەستەی لە ۱۹۵۲ دا بەمجۆرە لە ژین‌ـدا بڵاکردۆتەوە. بەڵام پێشان دواشیعری بەجۆرێکی‌تر و چەند شیعرێکی‌تریشی لە گەڵ بووە. وا لێرەدا جۆری پێشووی دواشیعر و شیعرەکانی پاشەوەی ــ بۆ خاتری مێژووی بیرو ئەدەبی مامۆستا گۆران ــ ئەنووسینەوە:

هـەتا ئـەگـاتە لوونکـەی شـاخی سـەربەست، تـاج ئـەبینێ و تێر ماچ ئەکا پێچکەی نەخت!

* * *

ئـەی جێی هیوام، ئەی جێی خەوی بێدارێم، ئـەی ڕۆشـنیم، ئـەی جـەژنی یادگارێم!
هـەزار سـوپاس، هـەزار دروودی بێدەنگ، بـەڵام بـە کـوڵ، بگـا بـە گـیانی هـۆشەنگ،
هـۆشەنگی بـاپیری ئـێمە و ئـێرانـی، داهـێنەری بـێنچینەی ئـاوەدانـی!،
کـە سـاری کـوشت و بـەردی دا لە بـەکـتر؛ پـزیـکی دی و ئـێتر نـەلیسمی ئـاگـر،
بـە کـەڵکی خـۆیەوە بـە نـۆوە ئـەورۆز، بـوو بـە فـەڕ و ڕژایـە ژیـنی پـیرۆز!

شایانی وتە مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی بۆ ڕەشید نەجیب، نووسیوە. م.م.ک.

دیاریی خوای شەڕ

دیاریی خوای شەڕ: خەشمە و قینە، دوشمنییە و رقە و کینە،
بەدخواهییە و نیهادی پیس: باری لێکدانەوەی ئیبلیس!
دیاریی خوای شەڕ: پڕ بە دڵ ترس یەک زمان و سەد هەزار پرس؛
گومان لە ڕاست، بەڵام باوەڕ بە درۆ: «ئاخ، دیاریی خوای شەڕ!»
دیاریی خوای شەڕ ڕەنجە و ئازار، مەرگی لەشکر، وێرانیی شار؛
بۆ دایک: تاقانە کوشتن، بۆ کۆڕپەی ناز: هەتیو خستن!
خوای شەڕ ئینسان لە هاوجینسی ئەکا بە گورگێکی برسی؛
ئاگر، قورقوشم، غازی خنکێن[1] ئەداتە دەستی و پڕ لە جوێن
ئەکا دەمی و پێی ئەڵێ: «هەرش! بۆ بن دەریای تاریک‌و ڕەش،
بۆ ناو هەور و بروسکەی بەرز، بۆ جێی دوور دوور لەسەر ڕووی ئەرز...
عەرش! وەک درندە، وەک هار عەرش! دنیا ڕەنگ کە بە خوێنی گەش!
پەلامار دە، دەستوبرد کە، بگرە، ببڕە، بدڕە، ورد کە:
قەڵا، تەلەن، شووڕا، سەنگەر؛ حەیوان، ئینسان، شاری، عەسکەر،
ژن، پیاو، پیر، جوان، دەست، قاچ، سنگ، سەر... پێشێل کە هەرچیت دێتە بەر!
بێووچ بکوژە، سەربەست دیل کە، دەرگای مێشک و دەم کلیل کە،
کۆمەڵ برسی، وڵات لات کە، نەخۆشی زۆر، دەرمان قات کە،
قوتابخانە، بیمارستان، کۆگای فەنکردی کۆن و جوان،
شوێنی بەکەڵک گشت خاپوور کە، بنچینە و بان خوار و ژوور کە!
دەزگای شارستانی تێکدە: ئەمڕۆ ڕۆژی مەحشەر لێکدە!

---

۱) غازی خنکێن: خنکێنەر، غازی موخنیق.

ڕۆڵەی بێ‌دایک

نـــە ئـاخ لە سـینەدا ئـەخواتـەوە پـەنگ،
نـــــە زمـــان ئـــەوەستێ لەمـــە زیـــاتر،
نە فام لە جێگای خۆی ئەمێنێ، نـە هـۆش؛
کـــێ دایکـێ ئـەتوانـێ بـێتـە بـەرچـاو،
دامـــایێ لە دەشـــتێ؛ هـــاواری بـــە کـــەس ــ
ئـــا، ســـەیری دیـــمەنی وەهـــا کـــاریگەر
بەڵام ئاخ، ئەوەی من دیم بـەم دوو چـاوە
نەک دایکی کوڕمردوو، دیم کۆرپەی ساوا
کـــەوتبوو بـــە بـێ شـیر، بـێ لاوانـــەوە،

نە فرمێـــک ئەتوانێ بـــڕژێ بـــە بـــێ دەنگ
نە قەڵەم وەک لاشەی مردووی سارد و سڕ
دیـــمەنێ مـــن بـــینیم بـــەرد دێـــنێتە جـــۆش
بە مەرگی تاقانەی جەرگی هـــەڵقرچـاو،
نەگا هیچ، هەر خۆی بێ و مەبتی کوڕی و بـەس!
کام ویجدان ئاداتە بەر نـووکی نـەشتەر؟!
مـــــەینەتێکی ســـووکە ئـــەمەی بـــەلاوە:
لای مـــەیتی دایکـیا، فـرمێـــک لە چـاوا،
نـــاو جـــەرگی ئـــینـــانی ئـەچووزانـــەوە!

نالەی بێکار

تـــا هـــێزی بـــزووتن لە لەشـــما بـــە گـــۆڕ بـــوو،
مـــن کـــۆڕ بـــووم بـــۆ ئـــاغا و ئـــاغا بـــاوکی کـــۆڕ بـــوو؛
لە «مـــــاندوو نـــــەبون»ی ســـەرایشـــم واق‌وڕ بـــوو،
عـــــەماری لە بـــــەری تـــــەقەلام پـــــڕڕ بـــــوو
«نـــــامەخوا!» و «ئـــــافەرین!» ســـــەری لێ شـــێوانـــم،
دڵـــــــۆزی بـــــۆ ئـــــاغا ئـــــەوەندەی ڕەتـــــانم:
تـــــا ڕادەی ئـــــەوپەڕی شـــــە کـــــەتیی گـــــەیانم!
پـــــە کـــم کـــەوت.. نـــەخۆشی لەشـــی تـــێکشکانم!
نـــەخۆشی نـــاوجێ بـــووم: بـــێ شـــۆربا، بـــێ دەرمـــان،
بـــۆ زمـــان تـــەڕ کـــردن «نـــەختێک ئـــاو!» ئـــەمناڵان،
بەر گوێم کەوت باوکی کوڕ «نەک ئێستا، هـــی جـــاران!»
قـــسڕانـــــدی: بـــــۆ نـــایەن فـــڕێی‌دەن لە کـــۆڵان!
ئـــــەو دەســـــتەی لە کـــــۆڵان گـــەیشتە فـــریای مـــن
دەســـتێ بـــوو بـــە تـــۆز و عـــارەقی ئـــێش چـــڵکن؛
زۆر دوور بـــوو لەو دەســـتە خـــاوێنەی وەک هـــی ژن،
پـــاروویی چـــەور ئـــە گـــلێنێ بـــێ‌رەنجی ئـــێشکردن!
ئـــــەو دەســـــتە چـــڵکنەی دوولێـــوەی تـــەڕ کـــردم،
دڵـــــۆپی فـــــرمێسکی کـــــەوتە ســـــەر ڕووی زەردم،
بـــــە قـــــووتی دەمـــــی خـــۆی ڕایگـــرتم نـــەمردم:
ڕەنـــجبەر بـــوو، نـــۆکـــەر بـــوو، هـــاوپیشەم، هـــاودەردم!
تـــــا ڕۆژی کـــــەوتنم گـــــەیشتە شـــەش و حـــەوت،
ژووڕســـــەری بـــــەرنەدام هـــــاودەردی بـــێ‌سەوت؛
بـــــە زەبـــری دڵـــــۆزی ئـــەوەندەم نـــزیک کـــەوت:
پـــەتاکـــەم[1] تـــووشی بـــوو لەلامـــا ئـــەویش خـــەوت!
وا ئـــێستا ئـــەو کـــەوتوو، مـــن لە جـــێ هـــەڵـــاوم،
کـــــوناوکون ئـــــە گـــــبڕم لەشـــــی تـــــێکشکاوم؛

لە فـــرمان ئـــەپرسێ: زمـــانم، گـــوێم، چـاوم
بـــۆ قـــووتی ڕۆژی خـــۆم، هـــیی هـــاوڕێی دامـــاوم!
فـــرمانێک، قـــەی‌ناکـــا قـــورسیش بـــێ بـــە شـــانم،
لەژێـــریا لێک‌دەرچـــێ گشت جـــومگەی ئـــێسقانم،
هـــەر تـــیا بـــێ چـــەن فـــلـێک، هـــیچ نـــەبێ بـتوانـم:
نـــان بکـــرم بـــۆ خـــۆم و بـــۆ هـــاوڕێی نـــیوگیانم!
فـــرمانێ، ئـــەی کـــۆمەڵ! فـــرمانێ، فـــرمانێ
بـــۆ دەردی بـــێکاری چـــارەیەک، دەرمـــانێ،
زۆر شـــەرمە لە چـــەرخـــی بـــیستەما ئـــینـانێ
بـــێئیش بـــێ و سکـــی خـــۆی هـــەڵوشێ[2] بـــۆ نـــانێ!

---

۱) پەنا: وەبا، نەخۆشیی ساری. ۲) هەڵوشێ: هەڵگوشێ.

بۆ هیوای کۆرم

هیوا، مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری!
لە چاوی بێقەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟
کۆڕی خۆم! کۆڕپەڵەم! میوانی دنیای تازە خولقاوم!
ئەداگریەت بە زەربەی چنز، لە ڕۆحی پڕگلاراوم!
چیبە ئەم گریە بێغایە، کڕووزەی نیوەشەو خورێن؟
چیبە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێمەتاڵ ئەڕژێن؟
لەگەڵ ئەو غونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ
چیبە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکوو سیس ئەبێ ئەنوێ؟
وەکوو ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لە دایک بوو،
لەبەر چی نەشتەیی یاری هەڵتناداتە سەر پاشوو؟
ئەڵێی ئەو زەرنەقووتەی[1] پەپکەمارە فەرشی هێلانەی:
چ ئێشێکە، کۆڕم، بۆچی لەسەر ئەم هەڵکڕووزانەی؟
چیبە تۆخوا؟ چ سڕڕێکە وەها مەحکوومی گریانی،
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی؟ لە مەعنای گریە نازانی؟
ئەگەر وەک باوکە حەسرەتدیدەکەت زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بە دەم باوە بپێژایە؛
لە ناوکڵپە[2] و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکەر،
بووتایە بەهاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر!
بەڵێ، ڕۆڵەم، ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو، ڕۆژی ڕووناکیش،
حەقت بوو عەرش بلەرزینی بە ناڵەی ڕۆحی پڕئێشت،
لە ئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێکی دڵی ڕێشت!
حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهووم و بێمەعنا:
زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!
حەقت بوو بێوچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕکەی لە تسف، بیدەی بە ناوچاوانی باوکیما!

بەڵام، ڕۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای،
لە بەر دەرگای تەڵیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای،
بە چی مەعلووم بە شوێنی هیی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خوڕڕەمی نابێ خەمی عومرت؟
بەڵێ، بەرخم! ئەگەرچی هەر وەکوو یەک ژینی گشت لایە
لە بەینی بێشکە و قەبرا، بڕینی عەینی ڕێگایە!
هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەرزەمێکین
هەموو دێین و دەڕۆین، تاکوو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین،
وەلێ[2] کۆچی ژیان کۆچێکی پڕسیحر و پڕئەفسونە:
لە یەک سەرچاوە دوو قەترە: یەکێ لێڵە، یەکێ ڕوونە!
هەیە وەک من بە سەر درکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە،
هەیە هی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاوریشمی گوڵزارە!
ئەوەندەی ڕۆحی مەئیووس و مەلوول تاریک ئەکا دنیا،
ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا!
کوڕم! هەر وەک لە ئوعجوبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری،
شێکیش ــ بەختیاری ــ پێکەنین گرتووبە چواردەوری!
بە خۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لەئێستاوە!
بە چی مەعلووم کە چی لەو ئەختی ناوچاوانە نووسراوە؟

---

۱) زەرنەفوونە: یێجووری تازە هەڵهاتوو لە عێلکە. ۲) لە سلێمانی ئەڵێن وکرپە، گڕی ئاگر. ۳) وەلێ: بەڵام.

یار

یار، یار!
شیرین لەنجە و لار!
چاوم ڕوا،
سەبرم سوا،
هێزم لێ بڕا،
هەر نەهاتی، دەرنە کەوتی،
بۆچی نوخوا؟
یار، یار، شیرین لەنجە و لار!

* * *

ژماردم گشت ئەستێرەی شەو،
تاقتاقکەرەم کردە خەو؛
لەبەر کزەی بای سارد تەزیم،
لە گەڵ گەڵای درەخت لەرزیم،
ئاونگ وەک گیا نەڕی کردم،
هەر نەهاتی، ئەوا مردم...
چارەڕوانم،
پەرێشانم،
پەرۆشە گیانم...
سا بمگەرێ هێزی ژیانم...
یار، یار، شیرین لەنجە و لار!

* * *

نیگام تینووی تەماشاتە،
دادووراوی سەر ڕێگاتە،
گوێم عەزرەتی ترپەی پێتە،
هەمیشە ئاراستەی ڕێتە،
دڵم پڕ تاسە و پەرۆشە،
دۆزەخێکە وگەرمی جۆشە،
یار، یار،
دەرمانی ئازار!

دوا سرنج...

بۆ قژزرەدی بەردەرگا، لە سەرەڕێی
بەندیخانەما لە موسڵەوە بۆ هەولێر

ئەی قژ زەرد! ئەی بەژن و باڵا کەڵە گەت!
بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەری من؟
بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت،
لە عاستی دیمەنی دەربەدەریی من؟

ئەو چاوە کاڵانەت نیگای دەربەستبوون
لەبەرچی ئەگرنە گرفتاریی من؟
سرنجت ڕووی دەمی پرسکردنی ڕوون
ئەکاتە کەلەپچەی دەستی دیاریی من؟
ئەبینم: پەپوولەی نیازی گفتوگۆ،
دوودڵ ڕاوەستاوە لەسەر گوڵی لێو:
ئاخ، خۆزگە هەڵئەفڕی، ئەمزانی ئاخۆ
ڕاسپێریی چی پێیە بۆ گیانی پەشێو؟

ئەی قژ زەرد! بە بەژنی ناودەرگاگرتووت،
هەروەکوو پەیکەری شۆخی خەمخواری!
مەڵێ بووم لە باخچەی هونەرا بێجووت،
بۆ جوانیم ڕێکئەخست شیعری دڵداری!

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیسکەر
بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی؛
ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیسکەر
جێی چینەی لێ تەنیم بە داوی وردی...

وا ئێستا ئەبینی گیرۆدەی داوم؛
لە بەردەم جوانێکی وەک تۆی دڵنەرما،

لە گەڵ «گارد» لە «پاس»دا راوەستێنراوم،
تا داخی گرانتر خول با لە سەرما!

ئەی قژ زەرد، ئەی گەردن بە ناز لارگر تووە،
دیوێکم لە پاسا تۆی، دیوێک باخە؛
ئەگەمە هەچ دیوێک نیگای ئارەزوو:
بۆ گیانی «قەفەسی»م سەرچاوەی ئاخە!

بۆ لای باخ ئەڕوانم: بەهار وەک پەری
فستانی گیا و گەڵای سەوزی پۆشیوە؛
زەرد و سوور گوڵباخی داوە لە سەری؛
ئارەقی سەر کوڵمی دڵۆپی زیوە!

بۆ لای تۆ ئەڕوانم، قژ زەردی نازدار،
ئەبینم دوو چاوی ناو ڕیزی برژانگ
پرشنگێک ئەگرنە نیگای گرفتار،
نەمدیوە لە گۆمی بەر تریفەی مانگ!
پرشنگی نیگایەک کە لە ڕووی ڕووناک
هەڵئەستێو تیژ ئەکشێ تا ناخی دەروون،
کڵپەی نوێ ئەخاتە کووڕەی عەشقی پاک
دەفری گیان لیپ ئەکا لە خۆزگەی بەربوون!

بەڵام ئاخ، دوو گاردی چاو لێم داپچڕاو
چەپ و ڕاست وەستاون بۆم دوشمنانە،
کەلەپچەی لە دەسما تون کلیلدراو
نیشانەی ڕێگامە کە بۆ زیندانە!

هەر ئەوەم لە دەست دێ، هەتا ئەتوانم،
تا لەم هەڵوێستەدا، هەل بە کار بێنم؛
وەک تینووی چاو لە ئاو بە کوڵ بڕوانم؛
ئەو چاوەی تێمبڕیت نەیتروو کێنم،

بۆ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم
نیگاریّ هەڵکەنم شێوەی لێت بچێ؛
تا هەرچەن گازی گرت لە لەش زنجیرم
ئازارم سووکتر کا خەیاڵی کچێ:
کە شۆخەو قژ زەردە و باڵا ڕێک و بەرز،
خەمخواری نەناسە وەک فریشتەی عەرز!

بەردەنووسێک

لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێک هەڵکەنراوە

لە خاکی گڵکۆما ئەی گۆڕستانگەڕ
ئاخێک بێژە؛
بە کێلی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ
لە چاو بڕێژە!
لە دنیای ڕوونا کتا منیش گیانێ بووم
لە لەشی جوانا؛
وێنەی پەپوولەیەک ئەهاتم ئەچووم
بەناو گوڵانا!

کۆشی گەرمی دایک جێگای نازم بوو،
گیان بووم لای باوک؛
ناوبانگی چاوڕەشی ڕشتەی ڕازم بوو،
بووبوو بە لاوک؛

بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان
زوو مەستی کردم،
بە ڕێی عەشقی پاکا نام مل و ئاوان
بۆ لا ڕێی بردم!

لاوێکی نامەردم نووش هات لە ڕێما،
بە سوێن و پەیمان،
وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نوست لەناو جێما؛
ئابڕوومی تکان!...

پاش ئەوەی ماری پیس زەهری خۆی ڕژان،
کشایەوە کون؛
هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی ژان
کەتنکەری ون...

ڕووی نیازی زەردی دایک و باوک و خۆم
بێسود کەوتە گەڕ،
خۆیشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم،
گوێی لێ کردین کەڕ!

ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو،
بە دەستووری گەل
ناپاکیی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو،
بەڵام، ئاخ ئەجەل!
منی «کچ» مامزی بەندیخانەی ژین:
سزای تاوانم،
بە دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین!
پرچی پەخشانم،

تلا لە خوێنەوە و کەوتە سەر چاوم،
ئیتر نەمبینی:
لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم
چۆن بوو بڕینی؟

یان دایکی دڵسۆزم وێڕای بە بێ شەرم
بۆ جوانەمەرگی
وەک دایکان شیوەتێک بگێڕێ بە گەرم؛
ڕەش کا بۆی بەرگی؟

قاله مرد

عـــاسمانی شـــینی ئـەیلوولی قـــژەرد!
نـــازانـــی کـــزەی هـــەناسەی بـــێتین،
بـــە ڕەنگـی فـرمێـسک لێـیان نـووسرابـوو،
شـــاغونچەی خـــەڵفی تـــافی جـــوانـــی،
عـــاسمان ســـا بگـــری بـــە بـــێهیوایـــی،
فـرمێـسکی تک تک، لێکـدانـەوەی مـەنگ،
قـــاله مـــرد، قـــاڵەی ئـــایشەخان و کـوورد،
قـــاڵەی خـــوشکان و قـــاڵەی خـــزمانی
کـزەی بـای مـەرگی پـێش‌واده دای لێـی،
ئـــاقە نـــەمامی نـــاوباغی بـــوو، ئـاخ!
لە نـــاوەڕاســـتی شـــەقامی عـــومرا،
قـــاله تـــیری مـــەرگ پـێش واده پـێکای،
نـــا، نـــەمرد قـــاله، تـــەنیا قـــاڵەی لەش،
بـــەڵام قـــاڵەی گـــیان، قـــاڵەی دروســتی،
یـــادی گـــەورەیی و شـــیرینی و چـاکـی:

نـــازانـی ئـینووی فـرمێـکە ڕووی هـەرد؟
چـــەند گـــەڵایەکـــی زەردی بـــۆ هـــانین:
قـاله مـرد، هـەی داخ، بـاخ بـەرەڵلا بـوو؟
بـــوو بـــە داخـــی دڵ گـــەڵاڕێزانـــی!...
فـــرمێـسک بـــڕێژە: تک تک، ئـــەسپایی!
نـیشانەی جـــۆشە بـــۆ دڵـی زۆر تـەنگ!!
قـــاله نـا، دایکـی قـاله مـرد، کـورد مـرد؟
ڕووناکـــیی چـــاوی گشت ســـلێمانی
ئـــیتر ئـــێجگاری تـاریک داهـات جـێی،
ئـــاقە نـــەمامی نـــاوباغی بـــوو، ئـاخ!
ئـــایشەخان، ســـا مـەرگ! قـاله ون کـرا...
ڕۆڵەی گەورەت مرد، ئای ئایشەخان ئـای!
کـەوتە ئـەودیوی پـەردەی ئـەودیوڕەش؛
هـــەرگیز ون نـــابێ لە بـــاغچەی هـــەستی!
بـــەڵگەی مـــانە بـــۆ ژیـــانی پـــاکـــی!

لە بەندیخانە[1]...

تـاوانـم[2] کـرد، گـەل پـێوەی نـام مـۆری نـاپاکـی،
بـۆ زیـندانـە کـۆچی ژیـنم، دنـیای ڕوونـاکـی!
وتـم: گـەل، نـە ەلگـەلفرۆشی دەزگـا و دووکـانگێڕ
عاری تێرپۆش، خەوشی[3] بـرسی مـوو بـە مـوو ژمـێرا
دزی تـێر و بـێ‌پێویـستی نـاردە سـەر بـرسی،
وتـیان دزە و پـرسیارێکی زۆریـان لێ پـرسی
کـابرای بـرسیی بـێتاوانـیش مـلکەچ و سـەرشۆڕ
چـۆنیان لێ وێـت بـۆی هـەڵڕشتن وەڵامـێکی[4] زۆرا
کـار تـەواو بـوو، قـۆچی دزی، بـوو بـە سـندووقبڕ!
مـێشک مـاندوو، دڵ بـرینـدار، گـوێ لە تـوانـج پـڕ
لوولەی تـفەنگ[5] لە بـڕبڕەی پشـتی قـایم بـوو،
تەقەی پۆستاڵ بـە شـوێنەوە: هـەر هـات و هـەر چـوو
ئـەوا ئـێستا بـاغچەی ژیـن و شـیعر و خـەیاڵی
بـسوو بـە ژووری بـەندیخانەی تـاریک و خـاڵی!
سا خوات لە گەڵ دنـیای جـوانـی! دنـیای ڕوونـاکـی!
تـاوانـم کـرد، گـەل پـێوەی نـام، مـۆری نـاپاکـی!
ئـێستر مـن هـیچ نـە ئـادەمیم، نـە نـیشتمانی،
نـە ئـەندامـی ئـەم کـۆمەڵەم، نـە کـوردستانی
نـا، بـۆ کـوردێک کـفرە ئـێستا کـوردستان وتـن،
چـەرچـیە کـانی ئـیستعمارم لێ ئـەبنە دوشـمن!
لە عـێراقـا و بـەقانوون و پـێڕۆی عـیراقـی:
کـوردێک گـیرا و بـەند و زنـجیر کـرایـە لاقـی،
حەقی وەک کورد هەر نەبووە و هی وەک عـیراقـییش
بـزر[6] ئـە کـا، لە بـەندیشا و لەپـاشی بـەندیش!

* * *

ئێستا من و خەڵقی ئەودیو ئەم چواردیوارە
لە بابەتی جوێ شێڵاوە، هەستیمان[6]، دیارە!
ئەوان چەشنی فریشتەن و بێگەرد و پاکن،
دنیا هەر بۆ ئەوان خوڵقا ئەوەندە چاکن!
بۆیان هەیە بەپێی دڵخواز بخۆن، بنۆشن،
سەربەست بژین، بەختیاری پێک پێک بنۆشن،
گوێ بگرن تێرلە ئاوازەی مۆسیقای شیرین،
کۆڕی بەزم و ئاهەنگ بکەن پڕ لە پێکەنین،
بەناو جوانیی تەبیعەتا بێن و بچن مەست،
بۆ کام میوەی زۆر سەرچڵە درێژ بکەن دەست
بەڵام من و وەک منەکانی بەندیخانە،
دروست بوونمان لە قورپێکە ئەهرەمەنانە!
بۆ تاریکی، بۆ شەرم و عار، بۆ خەم خوڵقاوین،
لە بەهەشتی ئەودیو دیوار بێبەش کراوین!
مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی خواش لەگەڵ دەشت و دەر،
قانوون ئەڵێ: قەدەغەیە دەرحەق تاوانکەر!

* * *

ئەی مانگ و ڕۆژ، ئەستێرەی شەو، هەڵمەبەن ئێستر
بۆ ئەودیوی بە نسهێنی لە تاوانکەر پڕ!
بۆ ئەودیوی بەئاشکرا فەزیلەتفرۆش،
لە پەناوە پاسکەری دز، واعیزی سەرخۆش!
بۆ ئەودیوی شێخ و مەلا بەشی زۆر جاسووس،
زوربەی ئاغا بە پێست مەرد و بە ئێک بێناموس
بۆ زۆرداری ناوخۆ دڕ و لەلای بێگانە
دەست لەسەر سنگ لەبەرئەکەن جلی ژنانە!
بۆ ئەودیوی کە زۆر پیاوی گەورە و ناوداری[7]
گیانی چەور و چڵکنە وەک لەشی هەژاری!

بـــۆ ئـــەودیوی پـــڕ لە درۆ و پـــڕ لە دەســـبە،
بـــۆ ئەودیوی کە هـیچ نـەبێ وەک ئـەمدیو پـیـە!
ئـەی تـیژگی ڕۆژ! ئـەو ولاتـەی کـۆمەڵی پـاکـە،
ئـەندامـێکی وەک مـنی تـیا ئـازاد و چـاکـە؛
ئـەندامـێکی وەک منی بـۆ شـیعر و ئـەدەب زاو،
تـــیا نـــایێتە پـــارەدزی بـــرسی و نـاتەواو!
دزی بـــرسی یـــان تـــەمەعکار! دەوری فـرمانی
نـاگـرن، هـەتا بـە قـوڕ بگـرن مـاڵی وێـرانـی!
ئـەو کـۆمەڵەی خـواپـێداوە، خـاوەن بـەهرەی فـەن
بۆپیانازین بـەخێو ئـەکـا، نـەک ڕیـسوایـی و پـەن!
بـــوڵبوڵێ بـــووم ئـامادە بـــووم هـــەتا بـــمێنم
بـە نـانی وشک، بـەرگی پـەڵاس، بـۆ گـەل بـخوێنم
بـــەڵام گـــەلی بـــە شـــریقە خـــەو لێ خـــراوم
گـــوێی نـــەدامێ هـەتاکـەوتم، چـڵکن بـوو نـاوم!

* * *

ئـەی تـریفەی مـانگی سـپی دەرکـی دەلاقـە[8]،
با پـیس نـەبی، خـۆت مـەدە لەم کـوردی عـیراقـە!
ولاتـــە کـــە داگـــیرکراو، نـــەتەوە[9] دیـــلە،
بـاو لای دوشـمن نـامەردێتی، مـەردی زەلیـلە!
کـای لەبـەر سـەگ دانـراوە، ئـێسقان بـۆ ئـەسپە!
سـەر لە جێی کلک بەند کراوە، کلک لە سـەر چەسپە!
شـێوێنراوە بـە دەسـتی قـەست شـیرازەی کـاری،
تا ئـاسان بـێ بـۆ سـوورفلی چـرچ، ئـیستیعماری؛
وەک بـــزنمڕ دەم بـــێتە جـــوانـاوی نـــەوتی،
لێـــی دەرهـــێنێ دوا دەنک و فـلسی دەسـتکەوتی!
ئەی مانگی بەرز، سا هانا بـێ، مـل بـنێ بـۆ دوور،
بۆ ولاتێک جێی نیزام بێ و سەربەست و ڕووسوور،

بـــۆ ولاتـێک هـــاونیشتمان تـــیایا ئـــازاد بـــێ،
ژیـری دڵـسۆز بـاوک بێت و گـەلێش ئـەولاد بـێ!
هـــەر ئـــەندامـــە بـەپێی بـەهرە و لێـهاتنی خـۆی،
مـــاوە و جـێگای فـرمانکردن پێکەخـرابـێ بـۆی.
ئیش بکات و نان بخوات و بـەرگی خـۆی بـدرێ،
بـــە بـــێئەوەی نـــاچار بـــێ ڕێـــی تـاوان بگـرێ!
ئـــا لەو خـــاکـە پـرشنگڕێژیی پـرچـی زێـڕینت،
ئەی مانگی جوان سـەنگین ئـەکـا نـرخـی بـینینت!

* * *

ئەی ئەستێرەکـان! بـەرز و گـەش و دوور،
ئـــەگـــەرچـــی مـن نـاتانبینم لەبـەر سـەقفی ژوور،
بەڵام دیارە، ئـێستا جـوان جـاو ئـەتروکێنن،
ڕووی ئـاسمانی شـینی ژوور سـەر پـێ ئەکـەنێن!
ئـاخ، نـازانـن خـاوەنچێژان[10]، فـرمێسکی چـاویان
ڕێگـــا نـــادا بـــڕوانـــە زیـــنەتی ئـاسمان،
لەم وڵاتەی کە ڕووی خـاکـی گـوڵ گـوڵیی داغـە،
بـــرینی جـــەرگ لە بـاغچەیا لە جـێی گـوڵباغە!
خـــواتـــان لەگـەڵ، ئێوەش بـرۆن، لێـرە ئـاوا بـن،
با نـەکـەون وەک مـن کـەوتم، ئـەستێرەی چـا بـن!

* * *

ئەی دنیای جوان، دنیای بەهار، دنـیای ڕوونـاکـی،
تـاوانـم کـرد، گـەل پـێوەی نـام مـۆری نـاپاکـی،
فـڕێی دامـە پشـتی دەرگـای ئـاسن و پـۆڵا،
لە ژوورێکـــی تـــەنگەڵانی تـاریک و چـۆڵا،
لەگـەڵ ئـەوەی گـیانم تـیایە بـە هـەناسە و نـەبز،
ئـەڵێی مـردووم خـزاومـەتە ژێـر ئـەلحەدی فـەبز؛
بـە قـەدکـونی دەلاقـەکـەم ئـاسمان دیـارە،
ئـــەمە هـــەمـوو نـــاونیشانی ڕۆژی بـــەهارە:

بـۆ بـەندیەک کـە زیـندانـی دڵـی خـەمباری
دوا دەڵاقـــەی گـــیراوە لە ڕۆژی بـــەهاری،
بـۆ بـەندیەک کە پـەیوەندی لەگـەڵ دنـیای دەر
بـەدەستی «داد[11]» پـچڕێنراوە؛ هـاوڕێ و بـرادەر
لە کـــردەوەی نـــاشیرینی لێـــویان گـەزیوە،
لە هـــاوڕێیەو بـــرادەریـــی دەســتیان ســڕیوە
بـۆ بـەندیەک، کـە هـیچ نـەبێ تـا بـەرەڵلا بـێ،
بـــەپێی قـانوون کـۆشی مـناڵ، مـناڵی نـابێ
کوڕی خەرجـیی لێ وەرنـاگـرێ، کـۆشی نـابینێ،
کـــچی ســاوا ــ کـێ چـوزانـێ ــ هـەتا بـمێنێ!؟

---

۱) مامۆستا گۆران ۶م پارچە شیعرەی پاش گرتنی بەکەمجاری لە زیندانا وتووە و هەر لەوێوە نـاردوویەتە دەرەوە و لە ژمـارە ۱۱۰۲ی ڕۆژنامەی «ژین»ی ڕۆژی ۱۹۵۲/٦/۵دا بڵاوکراوەتەوە م.م.ک.

۲) تاوان: جورم، جەریمە. ۳) خەوش: عەیب، نانەواوی. ۴) وەڵام: جواب. ۵) بزرکردن: ونکردن.

٦) هەستی: وجوود، پێچەوانەی عەدەم. ۷) ناودار: بەناوبانگ. ۸) دەڵاقە: کون، پەنجەرەی بچووک.

۹) نەبوو: قەوم. ۱۰) چێژ: زەوق. خاوەنچێژ: وانە خاوەنزەوق. ۱۱) داد: عەدالەت.

وەڵامی پرس

پێشکەشە بۆ: ئی. ئی. قاسیلیڤا، لە پزیشکەکانی
نەخۆشخانەی کرەملین، لە مۆسکۆ

ڕاکشابووم لەسەر پشتم،
دوکتۆرەکەم
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم...

ناڵێم: وەک دایکێکی دڵسۆز
فرمێسکی بۆ هەڵەڕشتم،
بەڵام، تەواو وەک کچی خۆم،
دەستی ئەخستە ناو مشتم،
بە چاوی پڕ لە هەستی جوان
ئەیکرد تەماشای سروشتم،
ئەیپرسی لێم: «بۆچ وا ماتی؟
بۆچ هەمیشە خەمبار دیاری؟»
بۆ من ئەم پرسە وەک هەنگوین
ئەتکایە سەر لێو لە زاری
بەڵام بۆ خوشکانی بەردەست
سیسکردنی گوڵ بوو کاری...
دوو سێ کچ بوون وەک دوکتۆر خۆی،
خەمخواریان لێ ئەباری،
نەک هەر بۆ تیماری دەردم،
بۆ چارەش، بۆ باغچەی زەردم!

* * *

بەڵێ، دوکتۆر! خوشکان! ماتم،
هەر من نیم ماتی وڵاتم،
لەناو هەزارانا، تاک تاک
لێومان هەیە پێبکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەڵک هەنگاو ئەنێ!

١٩٦٢/٥/٢٥

بۆ گوڵی لاولاو[1]

بەکوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ!
لەبە رچی سیس ئەبی وا زوو؟ چیە ئەسبابی ژاکانت؟
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ
ئەژاکێی؟ تۆخوا، ئەی گوڵ، سەبر، دەستم بە دامانت!

سەبر تۆ بی‌خوا! تاوێکی‌تر ڕاوەستە، تا عومرم
وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوا بێ؛
منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم!
منیش خلیفەت وەکوو تۆ، وانەبێ زۆرم لەگەڵ چا بێ!
منیش، وەک تۆ بەقام کورتە و بەهارم تیژ و کەمفرسەت،
گەشەم مەیلە و زەواڵە چەشنی تۆ، چەشنی هەموو دنیا؛
وەکوو بارانی هاوین زوو فەنایە عومری بێ‌مروەت؛
تەبەخخور مایەیە، هەیهات، بە چەشنی شەونمی سەرگیا!

---

۱) بنەڕەتی بیری ئەم هەڵبەستە لە شیعری ئینگلیزی وەرگیراوە.

ئەی نەی

ئەی نەی چیبە وا بە سۆز و سازی؟
بۆچ تۆش وەکوو ئیمە عیشقبازی؟
یا مەحرەمی ڕازی عاشقانی؟
بۆ ئاهی دەروونی تەرجومانی؟

لەبڕێزە دڵی زەعیف و زارم،
لەو عیشقە مەئالی ئیزتیرابە،
لەو تایەکە پێوە بێقەرارم،
لەو سەممەکە موهلیکی شەبابە!
ئامالی عەزیزێ نەوجەوانیم
پامالی مەزالیمی زەمانە؛
هەر سانییەیەک لە زیندەگانیم
عەسرێکی هەموو خەمی جیهانە!

ئەی نەی دە بە نەغمەیی خرۆشان
ئەم ناوە بە جارێ پڕ سەداکە؛
بۆ ڕۆحی شکستەباڵی نااڵن
لاوانەوەیەک بەکوڵ ئەداکە!

ئاوێنەی هەستیم

هەر زەڕەیەک لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم،
هەرچی حوجەیرەکانی[1] هەیە کوورەیی دڵم
مەشبووعی عیشق و جەزبەیە، بۆجوانی باقڵم[2]
قابیل نییە فەراغەتم، حەتتا کە بیشمرم!

نەمدی دەمێ لە وەختی تەفەککور وە مەشغەڵەم
لێی تێک نەدا خەیاڵی حوسنی ڕابیتە و قەرار؛
بیرم نەچوو لە گەرمەخەوا زیکر و فیکری یار،
هەر عیشقی بێبڕانەوە بوو عومری کورت و کەم!
هەرچەن بتی جوانی بە عەکسی پەرستشم،
هەر دووڕە لێم، لە هەیکەلی حوزن و قەلەندەریم
هەڕسڵ ئەکات و بێبەشی ناز و نەوازشم
لاکین چباک؟ ڕاستییە کەی: چدەستەڵات؟
مایەو مەداری تەسلیەتی عەشقی مەعنەویم:
بووکی خەیاڵی شۆخمە سەرگەرمی ئیلتیفات!

---

۱) حوجەیرەکان: خەلایا. ۲) باقڵم: بەعەقڵم، واتەزانم.

زەنگی پەستی[1]

ئــەوا دیـــان لە گـــۆشەی نــادیاری
دڵـــم، هــەڵـا زرپەی زەنگــی فگــاری[2]؛
بــە ئــەسپایی، بــە بــێهێزی، بە عـاستەم،
هــەوای ڕۆحــم ئەخاتە ســەر لەرەی خــەم!
بــە ئــەسپایی، بــە لەرزۆکــی، هــەژاری،
ئـــــەناڵێنێ لە شـــــوێنی نـــادیاری!
زمــانێک دێــتە گــۆ هــەرچــەن زرپەی دێ،
کــە تــێر نــابم لە گــوێگرتن بــە دوو گــوێ!
زمانێک، بەستەیەک، دەنگێک، نــەوایــەک،
ســکــاڵایەک، هــەناسە و ئــاخ و ئــایەک
کــە تــێناگــەم، کــە نــازانــم ئــەڵێ چــی،
بــەڵام خــوڕخوڕ لە گــەڵیا ڕۆحــم ئــە گــری!
چـــیە ئـــەی ڕۆحـــی بـــێڵێوار و بـــێپەی
لە تـــۆ نــاشارەزایـــی مــن هــەتاکــەی؟
چـــیە ئــەم دەنگــە؟ ئــەم ئــاوازە دوورە؟
کــە پــێ‌هەڵهێنەری چــاوی شــوعوورە؟
کــە دێ پــەستم، کــە نــایە ئــارەزووی دڵ
بــە دوویــا وێــڵ ئــەبێ: مــەنزڵ بــە مــەنزڵ!
چـــیە ئــەم زەنگــە زرنگــەی دێ بــە مــاتی
کــە ژێــر تــەم کــەوتووە شــوێنی وڵاتــی؟

۱۹۴۰

---

۱) هەندێجار، لە قوواڵایی دڵما، هەستی پەستیەک ئەکەم، لە چەشنە مەستیەک ئەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیر و خەیاڵ و لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ، ئەکەنم ئەکات. کەچی ئەگەر سەردەمێکی نەخێنێ درێژ خۆیم لێ بشارێتەوە، گیانم وەکوو منداڵ، ئەکەوێتە بەیایی بەکی بە کوڵ بۆی... وێستم ئەم بیرانەم لەقاڵبی شیعردا دارێژم، هەرچەن تێکۆشام، هەر توانیم ئەمە بڵێمە دی.

۲) فگاری: پەستی و عاجزی.

گیان

نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟ یاری نازداری ژیان،
هێزی لەش جوولاندنم، هۆی گەرم و سارد چەشتنم،
تینی دڵەی پڕجۆشم، بزوێنی[3] بیر و هۆشم،
هاوڕێی هەمیشەی عومرم: لەوساوە بووم تا ئەمرم!
نازانم تۆ چیت؟ من چیم؟ تۆ من نیت؟ یا من تۆ نیم؟
تۆ دنیامی؟ یا دنیام: تۆی تیا هاتوویتە ئەنجام؟
تۆ و ژیان کامتان کامن؟ کامتان نەوتی چرامن؟
یاخۆ پرشنگ کامتانن؟ یا هەردووکتانن؟
نازانم و حەیرانم، ئەی تەلیسمی ژیانم!
هەر ئەوەندم لێ ڕوونە: ئەنجام لە یەک جوێبوونە!
ڕەڕێک، سەی، دووسەی؟ عایەن نییە چۆن، یاکەی،
تۆ ون ئەبی، لەش ئەمرێ؛ لەش بە یادگار قەبرێ
جێ دێڵێ تا زەمانێ؛ بەڵام، ئەی گیان، تۆ کوانێ
بەڵگەی مان و نەمانت: قەبرت یا ناونیشانت؟

---

۱) بزوێن سووککراوی بزوێنەر، موحەڕڕیک.

لە کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە

ئەی دایە، ئەگەر ئەپرسی حاڵم:
«ئێ: تۆیش وەکو باقی بێ‌ڕەحم نیت،
تۆزقاڵێ، کەمێ ڕەحم ئەزانیت!»
ڕاستی شەو و ڕۆژ هەر دەنااڵم!

دەگریم و دەسووتێم هەروەکوو مۆم،
ئاهم ئەگاتە گۆشی گەردوون؛
مات و کز و مەلوول و مەحزوون
بۆ حاڵی غەریبی، بێکەسیی خۆم!

کەرکووک: ١٩٢١

کۆمەڵەی چوارەم

لاوک و پەیام

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

لاوکی سوور بۆکۆریای ئازا

پێشەکیەک بەکورتی

ئاشکرایە کۆریاییە باکووریەکان (شیمالیەکان) کۆمۆنیستن. هەرچی منیشم بە ئایین موسوڵمان و بە باوەڕی سیاسی دێموکرات و بە شەرەفی جینسیە هاونیشتمانێکی عیراقیم. بەڵام جیاوازیی ئایین، جیاوازیی ئایدیال، جیاوازیی پێڕەوی فەرمانداری (نیزامی حوکم) چییان هەیە بەسەر هەست و عاتیفەیەکەوە کە لە قوڵایی سەرچاوەی ئینسانییەوە هەڵئەقوڵێ؟ بە دوو چاوی زەق ئەبینم چەقۆ خراوەتە گۆشتی نەتەوەیەکی ئازای ئازاد، تەنیا لەبەرئەوەی چۆن خۆی ئەیەوێ وا ئەژی، پاسەوانە ڕاستەقینەکانی دێموکراتییش بە هەموو دڵڕەقییەک ئەڵێن: نەء، ئیمە چۆنمان ئەوێت ئەبێ وا بژییت!

هیچکەس نەزانێت، ئیمە (دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) باش ئەزانین ئەمانە ئەیانەوێ کلۆڵی داگیرکراوی ژێردەستیان چۆن بژی!

ئەمجا، ئەگەر بە بۆنەی بەسەرهاتی داماویی کۆریاوە فرمێسکێکی دڵسۆزانە بەسەر بریتی هەردوولای ئەوانیش وەخۆشمانا بڕێژم، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ زاتی ڕێڵێ گرتنم بە دڵا بهێنێ.

گـۆران

هەولێر، ساڵی ١٩٥١

«گوڵاڵە برایمە... گری... گری
چووینە غەزای ناوگاوری»
(فۆلکلۆری کورد)

ئازادیخواز! گری... گری... کەوتە ژێر پێی درنج، پەری:
کۆریای ئازاد: سەرانسەری دیانەوە بۆ «سینگمان ری»[1]،
تەخت و تاراجی تێک درا لە فەرمانی «ماک ئارسەر»!!
ماک ئارسەری[2] خوای سینگمان ری ئازادیخواز! گری... گری...

* * *

نیشتمانێک هەبوو: کۆریا، گەلێک، سەربەست ئیایا ئەژیا،
گەلێک ئەیویست بەری ڕەنجی خۆی بیخوا و کلیلی گەنجی
نەداتە دەست ئیمپریالیست؛ لێی قوڵ بدا نۆزدە لە بیست.
گەلێک ئەیویست فەرمانداری، ئاغای نەبێ و ساماندارى،
تا دەست باتە دەست ئیستیعمار بۆ مژینی خوێنی هەژار.
گەلێک ئەیویست ئاغای خۆی بێ کەڵکی گشت: ئامانج و هۆی بێ
نەهێڵێ تێر هەرگاخۆر بێ، سکی برسیش تا دێ زۆر بێ،
پۆشتە لە جەل دۆڵاب پڕ کا، بەشی لات هەر دەرپێی شڕ کا؛
گەلێک ئەیویست کە ڕێی ژیان، بۆ پێش چاوی هاونیشتمان
ڕوونکاتەوە و ڕوونتری کا. لە بەهرەی خوێندن پڕی کا.
دەرگای دەزگای پیشە و هونەر، بۆ ڕۆڵەی جووتیار و ڕەنجبەر،
وا بخاتە سەر گازی پشت: خۆزگەی بێتە دی کۆمەڵ گشت،
گەلێکی وا ئازا و سەربەست، بە باوەڕی ئازادی مەست،
مێشک ڕووناک، پڕ لە هێز لەش، خۆبەختکەر، بە خەبات چەش،
زنجیرێکی ئێ ئالابوو هەر هەڵقەی هەزار بەڵا بوو.
زنجیر: زنجیری دیلی بوو، بۆ ئیستیعمار زەلیلی بوو.
کلیل بەدەستی زنجیری «کۆیسلینگ»[3]ی ماک: سینگمان ری
چاوی زەق، ڕەپ گوێچکە کانی، چەشنی تووڵەی پاسەوانی
تا «دەی!» ئەکرد ئاغای ماکی چەشتر ئەبوو بۆ ناپاکی

* * *

ئـــازادیـــخواز! گـــری... گـــری... کـــەوتە ژێـــر پـــێی درنـــج، پـــەری:
کـــۆریای ئـــازاد: ســـەرانســـەری دیـــــانەوە بـــۆ «ســـینگمان ری»
تـــەخت و تـــاراجـــی تـــێک درا لە فـــەرمانی «مـــاک ئـــارسەر»!!
ماک ئارسەری خوای سینگمان ری ئـــازادیـــخواز! گـــری، گـــری.

* * *

تـــەکـــانی دا نـــەتەوەی مـــەرد، بـــڕبەندی نـــا لە هـــەڵقەی بـــەند.
قـــەف قـــەف بـــڕیی هـــەڵقەی زنـــجیر، وەک لە مـــۆم بـــەی، بـــە دەمـــی شـــیر.
بـــەڵام، هـــێشتا پـــەرچـــێک مـــابوو؛ نـــرکەی خـــوای دۆلار پـــەیا بـــوو:
خـــوای بـــە دراو بـــەرچـــاو گـــێژکەر، بـــاوەڕی لەق لە خشـــتە بـــەر،
خـــوای شـــەڕ، گـــوناهـ ستەم، ئـــاوان، ئـــەهرەمەنی گـــەورەی دێـــوان.
مامسام خـــۆی و ئـــەکـــوانـــی دێـــو «جـــۆنپۆڵ»ی پـــیر، قـــلیان بـــە لێـــو
لەگـــەڵ ســـوپای وردە درنـــج دایـــانە بـــەر دەشـــتی بـــرنج،
دەم ئـــەمـــاخنراو لە جـــــێوا وروووژان لە دەریـــــا و کـــێوا،
لە کـــێ؟ لە نـــەتەوەی کـــۆریا! بـــۆچی؟ چـــونکە مـــەردە و وریا!
مـــل کـــەچ نـــاکـــا بـــۆ ئیستیعمار بـــۆ نـــاپاکـــی نـــاوخـــۆی زۆردار،
ئـــەیەوێ ئـــازاد، یـــەکگـــرتوو بژی، نەک وەک کوردی نوستوو.
ئـــەهرەمەن، ئـــەکـــوان لەگـــەڵا، بـــۆمبای ئـــەتۆم لە بـــاخەڵا،
ســـەر پـــڕ لە ســـەودای بـــەدکاری، زۆر بـــە ســـووری و بـــە لاســـاری
بـــۆ ســـەر کـــۆریا تـــاوی داوە هـــەر کـــۆریای چـــی؟ کـــۆریا داوە
دانـــراوە بـــۆ کـــۆتری شـــین: مـــەلی ئـــاشتیی بـــەهەشتی ژیـــن.
بـــە ڕاست و چـــەپا ئـــەگـــەڕێ: خاپوور ئەکا و ئەکوژێ و ئـــەبڕێ،
وەک دڕنـــدە لاشـــەی نـــێچیر شـــڕ شـــڕ ئـــەکا بـــە کـــەڵەی پـــیر.
شـــەرمیش نـــاکـــا، دارزیـــوە، بـــــە لمـــۆزی خـــوێناویوە،
ڕووی دەم ئـــەکـــاتە ئـــەنجومەن ــ ئاخ دەست ناگاتە ئەنجومەن! ــ
ئـــەڵێ: هـــەر خـــۆمم پـــاسەوان بـــۆ کـــۆتری ئـــاشتیی جـــیهان!
خـــۆمم قـــەڵای دیـــموکراســـی، بـــەخێوکەری لات و بـــرسی!
خـــۆمم لە دەست جـــەور و ئـــازار، ڕزگـــارکەری کـــۆریای هـــەژار!
خـــۆمم، خـــۆمم، خـــۆمم، خـــۆمم... بـــە کـــۆشکی دووســـەد نـــهۆمم،
بـــە بـــانقی پـــڕ لە مـــلیارم، بـــە کـــەرخـــۆری دەنـــووکلارم،[۴]
بـــە نـــەوسی ســـەر ئیستیعمار چـــووم، بـــە ویـــژدانی هـــەر زوو مـــردووم،

بـــه قـیزم له پـێستی بـەدڕەنگ: زەرد و ڕەشـی وەک شـەوەزەنگ.
بـــه ڕقـــی زۆر زۆر بـــه قـینم لەو ژێـــردەستەی لێـــی ئـەبینم:
پـــــەلەفرتێو داد و بـــــێداد بـــۆ ژیـــێکی نـەختێک ئـازاد.

* * *

ئـــازادیـــخواز! گـــری... گـــری... کـــەوتە ژێـــر پـــێی درنج، پـەری:
کـــۆریای ئـازاد: ســەرانســەری دیـــــانەوە بـــۆ «ســینگمان ری»،
تـــەخت و تـــاراجـــی تـێک درا لە فـــەرمانی «مـــاک ئـارسەر»!!
ماک ئارسەری خوای سینگمان ری ئـــازادیـــخواز! گـــری، گـــری.

* * *

ئەی ماک ئارسەر، ماک ئـیتیعمار! هـــێزی پـــێشێلکەری هـــەژار!
ئـەی چـەنگێزی ژێـــر بـــاڵی دااڵ! کـــۆنە تـینووی خـوێناوی ئـاڵ!
تـــێغی زۆر و ســـتەم ســماو دە ئـــەسپی جـــیهانگیری تـــاو دە
بـــڕۆ بگـــرە و شـــەق و پـــەق کـە... لە دیـــلی گـــیراو چـــاو زەق کـە،
پـێش پـێ تـێنان شـار خـاپوور کـە، ئـاسمانی وەک تـەنوور سـوور کـە،
بـــە ئـــاگـــری نـــیرۆن[5]ـواری، بـــا بـــووتێ شـــارە و شـــاری،
ئـــــەمجا لە پشت مـــۆسیقاوە، بـــــە دەم تـــریقەی قـــاقاوە،
بـــچۆرە ســـەر جـــێی بـەرزی شـار تـــێر بـــمژە هـــەوای بـۆچڕووکدار!
ڕەنگـە خـۆش بـێ، پـاش پـیرۆزی، «ساوای سووتاو»[6] بۆی بۆ کڕووزی!
بـــەڵام، نـــەشـتەی جـــەور و ســـتەم، دڵـــنیا بـــە، مـــاک ئـارسەر، کـــەم
بـــــخایەنێ و نـــــەخایەنێ، ڕۆژێک ســـزای هـــەر ئـەدەنێ.
ئـەمە خـولی چـەرخـە و تـەئریخ، شیری تیژی دەست خـوای مـیڕیخ[7]
ڕۆژێک ئـــــەبێ ڕوو لە زۆردار وەربگـــــەڕێ و ئـــەمجا کـوشتار
بکـــــەوێتە بـــــەرەی نـــاحەق، خـــــاوەنبڕوا و بـــــەرنامەی لەق.
ئەوسا، ئەی مـاک تـۆ و تـرووما[8]، بـۆ لێـبووردن، بـۆ هـەی ئـامان!
ڕووی زەردی شەرم، ڕووی داوەشین، ئـــە کـــەنە کـــام خـــاوەنبرین؟!

* * *

ئـــازادیـــخواز! گـــری، گـــری، کـــەوتە ژێـــر پـــێی درنج، پـەری:
کـــۆریای ئـازاد: ســەرانســەری دیـــــانەوە بـــۆ «ســینگمان ری»،
تـــەخت و تـــاراجـــی تـێک درا لە فـــەرمانی «مـــاک ئـارسەر»!!
ماک ئارسەری خوای سینگمان ری، ئـــازادیـــخواز! گـــری... گـــری...

ئەی سینگمان ری! ئەی سینگمان ری! پـرسەی مـەبتی کـۆریا نـاگـری،
بـۆ مـاک ئـارسەر پـێڤە کـەنی، شـــەرمەزار بـی، چـەن خـایەنی!
چـەن بـە پـایە دەسـخەڕۆ بـووی! چـۆن دۆلار لە خشـتەی بـردووی!
گریمان: نەک سەرەک، تـۆ شـای، خـێری خـوار و ژوورێ کـۆریای،
بـــەڵێ م، عـــەرشی نـاو کـەلاوە جێگای «بـووە»، نـەک هـی پـیاوە.
دۆلارێک، لێـــــی کـــیسەپڕی هـــەرگیز نـاتوانـی پـێی بکـڕی
یـەک تک چـیە، لەوگشت ئـاوە کـــە لای گـەل لە ڕووت تکـاوە،
لە پـــاشانا تـــۆ پـــاشا نـــیت، نـــۆکـــەرێکی ئـــاغایانیت،
هـەر ســوورفلێک لێت پـەیا بـێ، لە هـەچکۆێ و هـەچکاتێکا بـێ،
ئـەتوانـێ چـۆن ئـارەزوو کـا، لە پـووشی حـورمەتت فـوو کـا،
دەس بـــاتە جـــڵەوی کـــارت: چۆن بۆی بـلوێ قـورس کـا بـارت،
ئـــەم شـــوورفلەی چـــەتەوڵە، موو پووشڕەنگەی، ڕووی پێست شڵە
ئـەم بـاڵڕووتی، دوو لاق ڕووتـە، هـــەڵقەمچاو چـەناگـە و لووتـە،
پێویست نـاکـا مـاک ئـارسەر بـێ، ســەرەک، یـا وەزیـری دەر بـێ،
هەر «بانکی» بێ، «جۆن» بێ، «جاک» بـێ، بـــە خـــوێن لە ڕەگـەزی پـاک بـێ،
گـــۆشی شـیری ئـیتیعمار بـێ، بـــا تـــەنانەت خـزمەتکار بـێ،
مـــادام هـــاتە مـــوستەعمەرە، گـــەر خـوا نـەبێ، پـێڤەمبەرە...
ئـیتر، شـای، وەزیـری، سـەری هەرچی تۆ هەی ئـەی سـینگمان ری!
ئـەبێ کـــە دیت چـــارەی «بـانکی»، گوێی خۆت ڕەپ کەی چەشنی «دۆنکی»[9]!
چـۆن بـارت کـاو بـتداتـە بـەر، ورتـــــەت لە دەم نـــەیەتە دەر...

* * *

ئـــازادیـــخواز! گـــری... گـــری... کـــەوتە ژێـــر پـــێی درنج، پـەری،
کـــۆریای ئـازاد: ســەرانـــەری دیـــــانەوە بـــۆ «سـینگمان ری»،
تـــەخت و تـــاراجـــی تـــێک درا لە فـــەرمانی «مـــاک ئـارسەر»!!
ماک ئارسەری خوای سـینگمان ری ئـــازادیـــخواز! گـــری... گـــری...

* * *

ئـەی نـەتەوەی کـۆریای نـەبەز! ئـەی سـی ملیۆن لە زەرد ڕەگـەز!
تۆ هەر ڕەنگ بی، من هەر ڕەنگ بم گـــەر نـــەتپەرستم بـــە پـــەنگ بـم!
گـــەر نـــەمەوێ ســەرفەرازیت؛ بـــە هـــەستی خـۆتا شـانازیت،

گـــەر دوژمـــنی ئـازادیـــی تـــۆ
بـــە دوژمـــن نـــەزانـــم بـــۆ خـــۆ،

خـــوایـــە بـــەشم هـــەر دیـــلی بـێ!
هـــەر ڕووزەردی و زەلیـــلی بـــێ!

چـــونکە، کـــۆریا، هـــەردوو لامـــان
بۆ یـــەک دەرد ئـــەخوازیـــن دەرمـــان:

کـــــۆنەپەرستی نـــــاوخۆمان
بـــــۆتە شـــــملێکی شـــەڕ بـــۆمان،

ڕایکـــــێشاوە دەســـــتی یـــــاری
بـــــۆ بـــــێگانەی ئـــــینیعماری،

بـــە هـــەردوو دوژمـــنی خـــوێنمژ،
بەگشت چەکێ: لەشکـوژ، بیرکوژ،

ئـــێمان بـــەربوون، ئـــەیانەوێ:
هەڤمان هەرگیز چـنگ نـەکـەوێ.

تەکانێک بەین بـۆ حـەق سـەندن:
وەک تـــۆ دات، نـــەتەوەی مـــەزن!

بـــــە هـــــەڵپەی دەم ئـــــەنەڕێنن،
دنـــــیامان لێ ئـــــەوروژێنن،

بـــەڵام پـــەشمە و خـــەیاڵی خـــاو...
چـــەرخـــی تـــەئریخ بـــە چـــاووڕاو

بـــۆ هـــیچ هـــێزێک ڕانـــاوەستێ،
دەســـتی حـــەقدار کـــەس نـــایبەستێ.

ڕاستە: ئەمڕۆ یەکـمان نـوستووین،
ئـــــەوی‌ترمان زەدە و مـــــاندووین،

بـــەڵام ڕۆژ دێ و ئـــەڕوا و مـــاوە
لە هـــــیچ کـــــامـمان نـــــەگـیراوە.

ئـــەمـمان لە خـــەو بـــێزار ئـــەبێ،
ئـــەو تـــۆز لە پشـــتی ئـــەتەکـــێ.

ئـــــەوسا دووبـــــارە پـــــەڵامار
ئـــاسانە بـــۆ ســـەر ســتەمکار

* * *

ئـــازادیـــخواز! گـــری... گـــری...
کـــەوتە ژێـــر پـــێی درنـج ، پـــەری:

کـــۆریای ئـازاد، ســەرانســەری
دیســـانەوە بـــۆ «ســینگمان ری»،

تـــەختو تـــاراجـــی تـــێک درا
لە فـــەرمانی «مـــاک ئـــارسەر»!

ماک ئارسەری خوای سینگمان ری...
ئـــازادیـــخواز! گـــری، گـــری.

* * *

ئـــەی نـــەتەوەی کـــوردی بـــرسی!
عەرەب، هیندی. هەرکەس، هەرچی!

ئـــەم قـــەوماوەی کـــۆریا، پـــەندە
بـــۆ گشت گـــەلی دیـــل و بـــەندە.

بـــە زمـــانی وەک ئـــاو ڕەوان،
ڕوون وەک ڕۆژی بـــەری ئـاسمان،

تـــێمان ئـــەگـــەیەنێت دوژمـــن،
جـــــانەوەری درِ و نـــــەوسن!

بـــەم گشت کـــاسەی خـــوێنگێڕیە،
گـــــــلاراوی پـــــــێشمەرگیە.

تـــەئریخ لە پـــــەڕەی بـــــێباک
وا ئـــــەنووسێ و درۆ نـــــاکـــــا

ئـــەڵێ دەوری ئـــینیعمار خـــۆی
هـــەڵێ کـــەنێ بـــۆ خـــۆی گـــۆڵکۆی.

تـــا ئـــەو زیـــاتر داگـیرکراو،
بـــــداتـــــە بـــەر کـــەڵەی ســـواو،

قـــــەڤی زنـــجیر ئـــەستوورتر کـــا
لەشکـــر ســـەوقی ڕێـــی دوورتر کـــا،

دیـــاره چـــین و گـــەلی چـــەوساو زووتـــر لە خـــەو هـــەڵدێنن چـــاو،
زیـــاتر خـــواستی بـــۆ ڕزگـــاربوون، ئـــەیانخاتە جـــۆشی هـــەڵچوون،
ئـــەوسا دەزگـــا و دووکـــانی لەق، خۆت تـوند بگـرە بـۆ شـڵپەی شـەق!
خۆت تـوند بگـرە، ئـەی ئـیـتیعمار! ئـــەهرەمەنی جـــەور و ئـــازار،
لەبـــەر هـــێزی حـــەقخوراوا، هـــێزی وەک ئـــاگـــر جـــۆشاوا،
هـــێزی ڕۆژی بـــەرامـــبەر شـــەو، هـــی وریـــایی بـــەرامـــبەر خـــەو،
هـــی یـــەکێتی، هـــی زات، بـــاوەڕ لەخـــۆبوردووویی... بـــەرامـــبەر:
هـــێزی تـــرس و لەرز و ســـتی، هـــی گـــومان و خـــۆپەرستی!
خـــۆت تـــوند بگـــرە هـــێزی گـــومڕا، تـــا مـــەرگانت دێ لەپـــڕا،
تەپ ها! ترپەت دێ و لنگە و قـووچ، بۆی ئەکەویت دەعبای وەک حووچ!

---

۱) سینگمان ری: شەڕۆکی ئەودەمەی کۆریای باشوور. م.م.ک.

۲) ماک ئارسەر: ئەرماندەی گشتیی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتە ئۆکەرەکانی بوو لە کۆریا کە خۆیان ناو نابوو هێزی ئەتەوە یەکگرتووەکان. م.م.ک.

۳) کۆیـلینگ: بەڕێوبەرێکی ئەرویجی بوو لە جەنگی دووهەمی جیهاندا، بە پێچەوانەی سوودی خەباتی ئازادیبەخشی وڵاتەکەی، دەستی لەگەڵ نازیيەکانی ئەڵمانیا تێکەڵ کرد. م.م.ک.

۴) مەبەست لە دروشمی دەوڵەتی ئەمەریکایە. م.م.ک.

۵) نیرۆنوار: لە چەشنی نیرۆن. نیرۆن ئیمپراتۆری ڕۆما بووە، هەروا بۆ سەیر شاری ڕۆمای ئاگر تێبەرداوە. م.م.ک.

۶) لە دەستووسێکدا لەجیاتیی «ساوای سووتاو، نووسراوە «گوشتی ساوا». م.م.ک.

۷) میترێخ (مارس): خوای شەڕ لای یۆنانیيەکان. م.م.ک.

۸) تڕوومان: سەرکۆماری ئەو سەردەمەی ئەمەریکا. م.م.ک.

۹) دۆنکی: بە ئینگلیزی واتە گوێدرێژ. م.م.ک.

پەیامی کورد

بۆ میهرەجانی چوارەمی کەنجان وقوتابیان لە بوخارست

(۱)

ئەی کۆترە سپیە کەی ناو هێڵانەی بەرز!
لە گیانی پیکاسۆ ئیلهام ئەکەم قەرز

ئەمەوێ بتخەمە سەر باڵی فڕین
بە ڕاستی بتێڕم نەک بە خەوبینین.

بۆ شارێک: هەزاران لاوانی جیهان
بۆ ئاشتی ئەبەستن تیایا میهرەجان!

لاوانی حەوت کیشوەر لە بوخارستن،
بە هەوای برایی و ئاشتی سەرمەستن!

بە سەدویەک دەم و زمانی جیاواز
لە گەڵ یەک گەرم ئەکەن گۆرینەوەی ڕاز

بە سەدویەک دەم و زمان ئەوترێ:
«ئەی هاوڕێی دوورولات، تۆم زۆر خۆش ئەوێ!»

قسەی وا پیرۆزی پڕخۆشەویستی
تێی ئەگا هەر لاوێک، بە گوێی دڵ، بیستی...

بزە و لەبزی شیرین، نیگای گەرموگوڕ،
چوونەکۆڕی یاری و، دانسی کێچ و کوڕ،

مۆسیقا و هەڵبەستی نەبزی دڵ یەکخەر،
نیگاری بە جوانی سرنجڕاکێشەر،

لە باغچە و مەیدان و جێگا گشتییەکان
بە ڕاستی بێزمان دێنەنە زمان!

چینی بۆ بالقانی ئەبێ بە بولبول،
کۆریایی و «یانکی»ی باش دەست ئەکەنە مل،

لاوی کورد، دەست لە دەست بۆ لای عەرەبا،
دەردی دڵ بۆ لاوی گشت جیهان ئەبا،

تەنانەت لاوانی میترۆپۆڵەکان
دانئەنێن بە حەقی کوردا بۆ ژیان!

(۲)

ئەی مەلی پەلوپۆ سپی وەکوو چۆر!
لە لووتکەی شاخەوە باڵ بگرە بەگوڕ

شاخەوشاخ، دەشتاودەشت، دەریا بە دەریا،
هەر بفڕە و مەوەستە تا ڕۆمانیا،

پایتەخت: بوخارست، شاری پێشکەوتوو
لە کۆنەپەرستی خۆ ڕزگار کردوو،

جەمەی دێ لە لاو و ئاشتیخوازانا
جوانترە لە جاران لە میهرەجانا!

ئەو لقە زەیتوونەی ناو دەنووکی سوور
بە سەرا بگێڕە حەوت جار خوار و ژوور!

هێزی لاو یەکبگرێ بۆ ئاشتییدنیا
شەڕفرۆش مەگەر قوڕ بکا بە سەریا!

نە تەقە لە کۆریا، نە لە هیندی چین
ئەمێنێ، نە ئێمەیش نووشی شەڕ ئەبین

بۆ ئەوەی «خێو»ەکان لە واڵستریتا
گۆشتاومان زڵفنج کەن لە گەڵ تریتا

ئەم دنیا ڕووخاو و ڕوو بریندارە
ماوەی چنگ ئەکەوێ دەرد بکا چارە:

هیچ نەبێ هەتیوێک ئەگا بە دادەدە،
بەندییەک لە زنجیر ئەبێ ئازادە؛

ورگێکی خەوێران پڕ ئەکرێ لە نان
نەخۆشێک شیفای دێ بە داو و دەرمان

ڕووتەیەک پارچەیەک جلی پێ ئەبڕێ
بۆی ئەلوێ پێک بێنێ چەپەرە شڕێ.

پیرێکی پەککەوتوو، یان ژنی دامار
لە برسا مردنیان دڵ ناکا بە ئاو،

یا ساوای لە چەقی ڕێگا تووڕدراو
گەل ئەبێ بە دایکی و ئەیهێنێتە ناو

سەگ نایخوا، وەک پلێک گۆشتی بێتاوان
تا ئابڕووی ئەم عەسرەی پێ بەرێ ئینسان!

(۳)

ئەی کۆتر! ئەی ڕەمزی ئاشتی و ئاسایش! ئەمەیە ــ کە لاوان کردوویانە ــ ئیش...
بۆ ئاشتی گەلێرن، بۆ خۆشەویستی لە ڕێگای ئامانجا لاو ناکا ستی...
دڵنیاین دەزگای شەڕ سەرەوژێر ئەکەن ئەمڕۆ بێ، سبەی بێ، بە ئامانج ئەگەن...
ئەو تۆوەی ئەپچڕێنن، بە نیازی پاک بەهەشتێک ئەڕوێنێ بۆ گشت لە ڕووی خاک!
لاوانێک لە پشتی ئەوان دێنە خوار دنیایەک ئەبینن دوانزە مانگ بەهار.
نە فرمێک، نە نااڵە، نە هەناسە و خەم ئەو دنیا جوانەیان ناخاتە ژێر تەم!
ئینسانی ئەو حەلەی بۆ خۆشی هەوڵدەر بێخەم و بەختیار ژین ئەباتە سەر!

(۴)

ئەی کۆتر! ئەی شابااڵ مەشخەڵی سپی! بۆ گەشتی بوخارست ئەبێ ڕابەر بی
ڕێگای ڕاست پێشاندەی بە لاوانی کورد دوشمن ڕێی تەنیون بە داوی ورد ورد.
دوشمنی گەورەی کورد، ئیستعماری پیر، نۆکەری هاندراوە دەست بدەنە شیر
بە ڕاست و بە چەپا مل بپەڕێنن سزای ئاشتیخوازی لە گەل بێنن!
ئەم چڵکاوخۆرانەی ئیمپریالیزم، پااڵەوان کەچەڵی ڕێگای فاشیزم
هەر بەکە لە لایەک دیکتاتۆرێکن بۆ بێشەرمیکردن ئێترە تۆڕێکن!
جووتەمان لێ ئەدەن، گازمان لێ ئەگرن، نەختێک حەق داواکەین لە داخا ئەمرن.
ڕەخنەیان لێ بگرین ڕەخنەیەکی ڕاست سوێن ئەخۆن بەخەروار، کە زۆر ڕەش بوو ماست!
بڵێین: «ئەڵ» وەکوو هار دەستئەدەنە شیر ئەوەندە ترساون لە ئازادیی بیر!
ترساون، بەڕاستی ئەوەن ترساون، هەموو لەش هەرگوێچکەن، هەموو لەش چاون!
حیابی جووڵەی موو، دەنگی نەبزی دڵ ئەپرسن لەو لاوەی کە لێی ئەکەن سڵ!
بۆیە تۆم پێویستە بۆ ڕێی میهرەجان لاوەکان لە دەستم نەچن، کۆتری جوان!
کورد لاوی هۆشیار و نەختێک خوێندەوار ئافە یەک شک ئەبا ــ بەڵکوو! ــ لە هەزار!

(۵)

لاوی کورد: زنجیری دەرەبەگ لە مل شەو و ڕۆژ ڕەنجئەدا بێ نانو بێ جل
یان لەپڕ ئەیگرن، ئەیخەنە ژێر چەک بۆ ئیمپریالیستی ئاغای دەرەبەگ
یان لە ئیحتیکاری نەوتا پااڵیە ڕۆژی چەوساوە، شەوی نااڵیە
یان کەمەرشکاوی کۆڵی گرانە بە ئەرزاکشانی بۆ سواڵی نانە
یان لەسەر سووسەیەک بیرو بڕوای سوور ئەیتڕن زنجیربەند بۆ زیندانی دوور!

ئەگەر هات بەڵگەیەک کەوتە دەست میری!
هەر سەرە و ئەپەڕێ بە دەمی شیری!

وا قورس بێ چەپۆکسی کۆنەپەرستی
ئێستر لاو چۆن بـا بـۆ قـەڵەم دەستی؟

ئـەم لاوە کـەمانەی کـە خـوێندەوارن،
ڕێگـاپێشاندەری گـەلی ژێـر بـارن،

تـا لەبـەر ئـەوەیە زۆر بـە خـەمخواری
ئـەسپێرێ بـە تـۆ لاو لە کـوردەواری!

لە ڕەمـزی بـەرزی تـۆ وەهـام تکـایە:
شـابالّی سـپیتی بـۆ بکـەی بـە سـایە

تـا ئـەیبەی ئـەیخەیتە کـۆڕی میهرەجان
بـا دەمـی بگـاتە لاوانـی جـیهان

لەو کـۆڕە پـیرۆزو بـەرزەی لاوانـا
بـنوێنێ «ئـاشتیخواز» لە کـوردستانا!

(۶)

ئـەمەوێ لاوی کـورد بـخاتە سـەر دەست:
ئەو دڵـە گـەرمەی خـۆی کـە پـڕە لە هـەست

بـیگێڕێ بـە نـاو گشت دەسـتەی لاوانـا
هـەستی خـۆی جـاڕ بـدابـەناو جیهانا!

نـەڵێ مـن کـوردمو دوا کـەوتوو و بـچووک
ئـەترسم بـبینرێم بە چـاویلکەی سـووک.

شـەبەقێک هـاتۆتە ئـاسۆ بـۆ ئـینسان:
نـانوێنێ بـچووکی و گـەورەیی گـەلان...

شـەبەقێک لە ڕۆژی مـارکس و لەنـین
مـەشخەڵ بـوو بـۆ دەسـتی هـاوڕێ سـتالین

ئـێستا کـە خـەلیفەی گـرانـبەهای ئـەو
جـیهانی پـێ ئـەبا بـۆ ئـاشتی بـەدەو...

ئەو ڕۆژەی کە ڕەنگی پێـت، ژمارەی سـەر،
جیاوازیی چین و دین ئـەگرێ بـەرامـبەر

لە ڕۆمـانیا چـەند ڕۆژێک هـەتاو
بـۆ لاوی کـورد ئـەکـا بـە زاخـاوی چـاو!

ئـەگـەڕێ، تـەماشا ئـەکـا و ئـەبینێ:
گـەلێکی تـێکۆشەر ئـەژی، چۆنێ؟

لە شـوێنی کـەلاوەی وێـرانـی مـێژوو
دایـناوە چـکـۆشکێ بـە مـێشک و بـازوو

کـەچی شـەڕفرۆشی خـاوەنـەرمایە
دەسـتێکی مـیکرۆبە و دەسـتێک بـۆمبایە

مـرقی خـۆش کـردووە ئـەم دەزگـا جـوانـە
خـاپوور کـا و بـایەقوش تـیا بگـرێ لانـە!

(۷)

بـەڵام، ئـەی بـاڵداری سـپی ئـاشتی!
دووبـارە پـێت ئەڵێم گـەرچـی پـێم وتی:

لاوانـێک کـە ئـێستا لە بـوخارستن
نـوێنەری گـەلانی ئـاشتیپەرستن!

بـڕوانـە مـاسوولکەی لەشـی پـۆڵایان
بـڕوانـە پـرشنگی عـەزمی نـیگایان

بـڕوانـە یـەکـیەتیی مـێشک و دڵـیان،
بـڕوانـە ئـارەزووی بـۆ ژیـن بـەکـۆڵیان،

ئـەمانە خـۆیان و گشت هـاوتەمەنیان
بـۆ پـاسی ئـاشتیی دنـیا و وەتـەنیان،

لەشکـرین، ئـامادەن بـبن بـە عـەسکەر،
پـێویست بـێتە پـێشێ درێـغ نـەکـەن سـەر!

نـاخۆشە ئـەگـەرچی لە ژیـان بـووردن،
بـەڵام نـاخۆشترە بـە سـەرجـەم مـردن!،

(٨)

لاوی کـوردکـه گـرتی ڕیـێ گـەڕانـەوە
بـەبداخـێک هـەڵەکـا وێـنـەی تـۆ لەسـەر
ئـەو حـەلە دوژمـنی بـە شـەڕ قـنیاتکەر
دوای ئـەمە ئێمەین و نـوێکردنەوەی مـاڵ:
ئاوی چەم ئەکێشین بۆ سەر لووتکـەی شـاخ
لەسەر هـەر لووتکـەیەک، تـەپۆڵکە و یـاڵێ
درێـژیی نـاو دۆڵ و پـانایی نـاو دەشت
زەوی‌وزار بـە بـەری ڕەنـجی تـراکـتۆر
نـەوتمان، کـارگامان، بـەرهەمی کـانمان،
چ خـێری نـیشتمان، چ ئـارەقی ڕەنـج
بـاغچەمان سـەرانـەر گـوڵی ئەپۆکۆێ
تـەنانەت لە بـێشکەی سـاوامـان، گـریان

بـە دیـاریی ئـەم بـیر و بـاوەڕانـەوە،
بـۆ گشت لای وڵاتـی ئـەکـا بـە سـێبەر،
وەک لاکـێک لە مـاڵمان ئـەکـێشینەدەر
هەر دە ساڵ لە تەئریخ ئەبڕین بە یەک سـاڵ،
بەردی ڕەق دەردێنین، جێی ئەکەین بـە بـاخ
هـەر بـن‌دار بـەڕوویەک، ئـەکـەین بـەماڵێ
بە تەلاری جوان جوان ئەکەین بـە بـەهەشت
عـەمارمان پـڕ ئـەکـات لە گـەنمی زۆر
نـادزرێ و نـرخـەکـەی دێتە گـیرفانمان.
کـوردستان سـەرانـەر پـڕئەکـا لە گـەنج!
بـولبولمان فـێر ئـەبێ بـە ئـاوازەی نـوێ
ون ئـەکـا، مـوعجیزەی بـەختیار ژیـان!

کۆمەڵەی پێنجەم

لە کۆڕی خەباتا

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

شەهید

بە یادی شەشی ئەیلوول، شەڕی بەردەرکی سەراوە

هەزار و نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات:
غریوی وێستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی؛
«هەڵۆ بە گ» ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات،
لەپێش جەمعێکەوە تا بەرسەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.

لە گەڵ یارانی ئەیوت: «ئەی حوکوومەت! تا نە کەی تەسبیت
حوقووقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئێتیخاباتت؛
ئەوانەی بانگکران و تۆ بە قووەت دەوریان ئە گریت:
دەنی و قازانجپەرستن، هیچ نەبێ پێیان موبالاتت!

ئەوانە کەی لەمیللەت بوون هەتا تەمسیلی ڕەئیی کەن؟»
حوکوومەت! تێمە کوردین، وا ئەڵێین: «نامانەوێ نوواب
کە داوێنی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست، وەتەن بەردەن!
نە کەی، مەشرووع نیە، دەرکە لە سەر سەودایی ئێتیخاب...»

ئەمە جوملەی قسە و ئامالی یارانی هەڵۆ بە گ بوو،
نە نامەشرووعیی تیا بوو، نە تەجاوز بوو بە ئەمنییەت...
کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچوو؛
درایە بەر شەقەی شەستیر ڕجا و ئامالی میللییەت!

شەقەی شەستیر و قرچەی دەستڕێژ و هەڵمەتی سونگی
بە خوێنی کوردی بێتاوان شەپۆلی خستە سەر جادە:
نەما جوانێ کە سونگی نەیسیبێ سەدکەڕەت سنگی،
نەما پیرێ لە ڕیزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە!

هەڵۆ بە گ گوللەیی ئەووەڵ لە ڕانی دا، دووەم دەستی:
کە خۆی و قەومە کەی وا دی، بە چەشنی شێر نرکانی،
پەلاماری کە دا بۆ زابتێ: یە ک زلله خپ خستی،
دەمانچەی سەنگ لە دەستی و ئاگری دا ئاوە کوو توانی...

بەڵام فیشەک نەما، هەر زابت و یەک دوو نەفەر کەوتن...
لەپاشا عەسکەریش دەستڕێژی لێ کرد و بە لادا هات؛
لەسەر دەریایی خوێن بوو کەشتیی عومری بەرەو مردن
ئەچوو، ئەیوت: خوا حافیز، ئەوا ئەمرم وەتەن! هەیهات،

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی،
هەتا مردن زرپەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما،
ژیانم عار و زیللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنما،
بە خوێن بێ و گڵ هەڵیلوشێ، کەوابێ، هەیکەلی هەستی!...

خوا کەی بولبولی باغی سەرا! هەرچەندە پاییزە،
بە خوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بۆم بلاوێنە!
لە گەڵ ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ڕیزە
لە خوێنا وێنەشێواوین، بە دایکمان بناسێنە!

بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لەپێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم:
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا!

ئەگەر خوای گەورە بەخشیی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ: ڕۆڵە
لە من فرمێسکی وێست باوکت، لەتۆش داوا ئەکا تۆڵە!

هەڵەبجە. ئەیلوولی ۱۹۳۲

زیندانی ئەژدەهاک[1]

بۆ بتەکانی فاشیزم

ئـــەژدەهاک! زیـــندانت قـەڵاقەڵایە؛ دیـــواری کـــۆنکرێت، دەرگـای پـۆڵایە.
ئەژدەهاک! کونبڕە، ســەختە زیـندانت، نـــاڕووشێ بـــە بـــڕبەن بـــەندی گـرانت!
هـــێزی لەشمسرێنە کـۆت و زنـجیرت؛ کـــاریە لە دەمـــار نـــاپاکـــیی بـــیرت.
دڵـــرەقیت هـــەر تـــاوە چـەشنە سـزایە بـــۆ بـەندیی خـاوەنهۆش ئـەخاتە کـایە.
هـــێند چـەشن ســەربڕ و زیـندانـەوانت، سەرخۆشن بە خوێنی گشت بەندیەکـانت!
ئەژدەهاک! ئەی دێوی لە «بیر» زراوچوو، ئەی ناشتای مارانت بـە مـێشک کـردوو!
ئـەو مـێشکتازانـەی زنـجیرت کـردوون، لە لێـــوی پـــێچاڵی مـەرگا ڕاتگـرتوون،
چـــاوەڕێ فـــەرمانن بـــە ڕێـــی نـەهاتا بـــبڕێنە بـــەر تـــەناف لە نـــۆرە وکـاتا،
مـــێشکیان، ئـامانجیان، هـیوا وەتـاسەیان لە پـــــەتا بـــــتاسێ وەک هـــەناسەیان!
ئـــــەمانە گشت ئـــەڕۆن، ئـــەیانڕەوێنی، هـــــیچ نـــەبێ لە بـــەندا ئـــەیانڕزێنی...
بەڵام تۆ، ئەژدەهاک، لە هەڵپەی خۆراکـــ نـــاتوانـــی بکـــەوی بـۆ مـاری نـاپاک؛
هەر ئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لە گەردن، مێشک دەرخوارد ئەدەی بـە مـاری نـەوسن...
تا ڕۆژێک ئەو خوێنەی بە ناحەق ڕشتت، ئەو بیرەی واتزانی ئێجگاری کـوشتت،
تـــاو ئـــەدەن تـەنووری دەمـاری کـاوە، ئـــەو چـە کـوشوەشێنەی ڕۆڵـە کـوژراوە
ئەخرۆشێ و ئەجۆشێ وکۆمەڵ یەک ئەخا، هەر هـەڵـسا و ئـەبینی زیـندانت ڕووخـا!
ئـەو حـەلە هـەر لاوێ لە زیـندانتا مـرد ئـەبێتە مـایەی بـەخ بـۆ نـەتەوەی کـورد؛
لە بـــنکەی پـــەیکەریا ئـەنووسرێ نـاوی لە گـەڵ گشت کـردەوەی پـەسەندکراوی!

سلێمانی ــ ۱۹۵۳

---

۱) ئەژدەهاک: زوحاک. سووککراوی «ئەژیدەهاک»ە.

بەستەی نەبەز

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا
هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا بەرچاوم؛
بە ناو هەزار حەڵقەی داوی باریکا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!

من ئەو دیلەم لە پشت شووڕای پۆڵاوە
ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم؛
لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نووسراوە
بەندە بەندەی ئایینامەی بڕواکەم!
من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە؛
با سامدار بێ و پڕدڕک بێ ڕێی ڕاستم،
مادام هێزی زوربەی گەلم لە پشتە:
دڕک گوڵە و ترس ئارامە بۆ خواستم!

من ئەو دیلەم کە سرنجی بێباکم،
سڵ لە چاوی پڕ لە قینی زەق ناکا؛
دانەچیڕەی گورگی هاری سەر لاکم
زاتی گیانی نەلەرزیوم لەق ناکا!

من ئەو دیلەم کە دیلکەری زۆردارم.
دڵی لەبەر گوڕی نااڵم ئەلەرزێ؛
تا شڕتر کا کەڵبەی لەشی زامارم،
خۆی خراپتر لەناو خوێنا ئەگەوزێ!

من سەربازی ئامانجێکم: پیرۆزە،
فیداکاری ڕێگایەکم: بێگەردە،
ڕەنجێک ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە،
لە ڕێیە کا بێباک ئەمرم: ڕێی مەردە!

سلێمانی ــ ۱۹۵۳

له بنی بیرا

وەک قرژانگ و وەک مشک و مار
بەم کونەدا هاتوومە خوار

بە چنگ، بە پێ، بە پاچ، بە دان...
هەڵکە کەنم بۆ خۆم زیندان!

تا هەڵکەنم ڕۆتر ئەچم
هەی قوڕ بە سەر کوڕ و کچم!

بەو ڕەنجەی من بۆیان ئەدەم
تیکەی وشکیان ناگاتە دەم!

خۆیشم، لە بنی بێ ئەرزم،
بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم،

تەقە و ڕەقەی پارچە ئاسن،
کە دێ و دەچێ بۆ سەرو بن،

پڕ ئەشکەوتێک سام و گومان
ئەخاتە دڵ بۆ داخوڕپان!

هەوای نەفەس گەرووگیرە،
قەنارەم قوواڵایی بیرە!

هاکات زانی بە (گاز) خنکام!
یان ئاستێک لە کەللەی دام

یان بساقەنەی نەوتی لەپڕ
بۆ ئاسمانی هەڵدام بە گوڕ!

کە من مردم، کێ و کوڕم
ئەخۆن لە کام کاسەی پڕم؟

کێ نانی وشک، کێ بەرگی شڕ،
پەیدا ئەکات بۆ کێ و کوڕ؟

بەری ڕەنجی عومری درێژ
گشت کەونە لای ئارەقنەڕێژ

کردەم بردەی کۆمپانی بوو:
هەم ڕەنجم چوو، هەم نەوتم چوو!

بڵێن دەرچووم لەبنی بیر:
بێهێز، پشتکۆم، ڕیشپی، پیر!

ئەوسایش پەنا بۆ پەککەوتوو
هەر مردنە و، مردنی زوو!

تا گەل کاری ناوخۆی وا بێ،
کوڕیش ژینی چاتر نابێ!

ئەویش وەک باوک، ڕێی کۆڵۆڵی
ئەبڕێ و، ئەبێ بە نەوت خۆڵی،

ئەو نەوتەی مام کۆمپانیمان
پوختەی سوودی خەتە گیرفان!

ئێمەیش لە گەنجی ڕەنج و نەوت
ئاخمان بەرکەوت، داخمان بەرکەوت!...

سلێمانی ــ ۱۹۵۳

بۆ مایکڵ

ئەی ڕۆڵەی «ئەسیل»و «جۆلیۆس»، ئەی «مایکل»!
ئەوەی تۆی هەتیو خست: جەورێکە زۆر زل،
جەورێکە کراوە لە باوەڕ بە داد،
لە سەربەستیی زانست، لە بیری ئازاد.
کێردێکە بە دەستی خوێناویی تاوان
دراوە لە جەرگی هۆزی فەخری ئینسان
ئەسیل و جۆلیۆسی دایک و باوکی تۆ
بۆ ئاشتی ئەیاندا لە یەک هەشت و نۆ...
ئەیانویست زانستیان، بەری مێشکیان،
بێتە هۆی ڕووناکیی بەرچاو بۆ ژیان.
نەک دەزگای دۆزەخی قەڵاچۆکاری
دروست کا بۆ دەستی سەرمایەداری،
تاگۆشتی گیانداری ڕووی بە یەک ژەم
دەرخواردی دێوێک بەن دایپچڕیوە دەم.
ئەم پاکیو پیرۆزی و بەرزیی نیازە
بە تاوان دانرا لە دنیای تازە...
هەر لەبەر پەیکەری سەربەستیی بەرزا،
وەک قۆچی قوربانی دران بە ئەرزا!
پەیکەری سەربەستی بە چاوی خۆی دی
وڵاتیی: دوو زانای مردن، لەسەر چی؟
لە پەڕەی تەئویخا سەرەک لەنکۆڵن
سەرشۆڕە لە شەرمی زانا واکوشتن!
کۆژران دایک و باوکت، بەڵێ، لەناو چوون
لە ڕێی باوەڕیانا بەقوربانی بوون!
تۆ و ڕۆبەرت ئێستاکە جووتێک هەتیون
خەمخواردن ئەو بزەی لە لێو بڕیون
کە تا مرد بۆ دایکت هۆی گەشیی دڵ بوو
دوا نامەی بۆ بزەی لێوتان بەکوڵ بوو؟

* * *

ئەی مایکل! ئەی ڕۆبەرت! ئەی نازدارەکان
وناتان کرد باوەشی گەرمی دایکتان!
لێتانی شاردەوە هەوری ڕەشی مەرگ
پرشنگی باوکێتیی جۆلیۆس ڕۆزەنبەرگ
گرانە، ئەزانم، بێ دایک و باوک مان
بۆ کۆرپەی وەک ئێوەی ئێکوورک و جوان،
بەڵام، گەر ئەسیل و جۆلیۆسی زانا
نەبوورن لە خۆیان لە ڕێی ئینسانا،
ژمارەی هەتیوی ئینسانی هەژار
دوو نابێ... ئەگاتە سەدهەزار هەزار!
دوایی، بەرخەکانی نەوەی ڕۆزەنبەرگ
ئێستاکە لای گشت کەس بوون بەکزەی جەرگ
لەجیاتیی دایکێک و باوکێک، یەک ملیار
دایک و باوک دایناون بە ڕۆڵەی نازدار!
باوەشی کەم تایە ئەم ڕووی جیهانە
بەگەرمی بۆ ئێوە نەبێ بە لانە!

سلێمانی ــ ۱۹۵۳

بانگێک...
بۆ پۆڵ ڕۆپسن...

ئەی بولبولی ئاشتیخوازی، پۆڵ ڕۆپسن!
ئەو شێتانەی لە خوێندنت ئەترسن

دەمیان گرتی، نیازیان هەبوو ئاوازە
قەدەغە کەن لە گوێچکەی دنیای تازە.

بەر نەگیرا بۆیان لە ڕۆژ، ناچار بوون
ڕێی فڕینت لێ ببەستن بۆ دەرچوون!

ئەو شێتانەی ساز و کەمان ئەشکێنن،
بولبول ئەگرن، پەڕی باڵی دەردێنن،

نایەڵن بستێ، بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات
بەستە بڵێی، تیژکەی ئاگری خەبات!

ڕۆژهەڵاتمان: لای ڕووناکی ئاشاتە،
لای شەویشی بێدارە، دڵی لاتە،

چاوەنواڕین قەفەسی کۆن بشکێنی،
پەساپۆرتی دەنگ لە سنوور بنوێنی،

(جۆلیۆ نەیوت: ڕاستی و گۆرانیی ڕۆپسن
بێ پەساپۆرت سنوور ببڕن، نەترسن؟)

بمانگەیێنێ و بە ئاوازەی وەک هەنگوین
لە ناومانا بخوێنی بۆ: ئاشتی و ژین!

وا بخوێنی کە سپی و زەرد لەگەڵ ڕەش
گوێت بۆ شل کەن وەک بەک دڵ و وەک بەک لەش!

سپی و زەرد و ڕەشی ڕێگای یەکگرتن
تێنووی گیانی گۆرانێن، پۆڵ ڕۆپسن!

پۆڵ ڕۆپسن! ئەی پۆڵ ڕۆپسن! ئەی پۆڵ ڕۆپسن!
پاڵەوانی ئاشتی! بولبولی وتن!

تا ناو دۆڵی دوور و کڵای کوردستان،
ناو و دەنگت ئاشنان بە گوێچکەی ئێسان.

کۆڕی ساوای حەوتساڵانم ئەناسێ،
ناوت ئەبا، وەک هی مامی دراوسێ!

سلێمانی ــ ۱۹۵۴

لە زیندانا چواردەی تەموز

دەنگێکی دوور،
دوور... ئێجگار دوور...
بە ئاستەمێک ئەگاتە ژوور!
ئەی دەنگی دوور،
بە ئاستەمێک ئەگەیتە ژوور!
ئاخۆ سپیت یان ڕەش یان سوور؟
وەرە پێشتر...
چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر،
لە ڕێی گوێوە، بڕژێرە گیان،
زیندانم پڕ کە لە کۆڵدان!
زنجیری پێ،
کپ بە ئاوێ، وەک لۆکەی گوێ!
هەوای شڵەقاوی زیندان،
بنوو، وەک بەرمەمکان ئەنوێ!
با دەستڕێژی ئەم دەنگەی دەر
گوللەی مانای، گوێم پێکێ
بەڵکوو گڕەی تینوێتیی سەر
وەک تۆپ ناڵەی بێ و بەفێ!

* * *

لە لێشاوی غەڵبەغەڵبا
بانگێکی دا لە گوێچکەم «با»:
«...ڕژێمی جەمهووری بژی!»
خەو ئەبینم! جەمهووریی چی؟
ــ نە، خەو نییە...
شایلۆغانی جەمهووریە:
ئەم دەنگ و مژدەی دووریە!

سا لەشی زیندانی مردوو:
بیرە سەما!
ئەی لە بستێ گۆڕا زیندوو:
مردن نەما!

بەندیخانەی بەعقوبە ــ ۱۹۵۸

بت، بته‌وان

ڕابوواردوو:

هه‌بوو، نه‌بوو
سه‌رده‌می زوو
بت، بته‌وان،
پیره شه‌یتان
بتدروستکه‌ر
بته‌وان گۆشده‌ر
بتپه‌رستی به‌ئایینکه‌ر
ڕه گداکه‌وتووی ئیمپریالیست
خوێنمژی ئاسایش نه‌ویست!
بت، بته‌وان
پیره شه‌یتان

بتپه‌رستیان دابووه به‌ر
تێیان ئه‌خوڕی، وه‌ک گا، وه‌ک که‌ر
ــ ده‌ی! له‌شی بت بگره‌ره زێڕ
شه‌یتان تێر که به خێر و بێر
جێگا خۆش که بۆ بته‌وان
له‌سه‌ر سه‌ر، گلێنه‌ی چاوان!
شه‌یتان و بته‌وان و بت،
به‌رامبه‌ریان که‌چ که ملت؟
هه‌ر بت خوایه!
هه‌ر بت خوایه!
هه‌ر بتپه‌رستی بڕوایه!
هه‌ر شه‌یتان، بت، هه‌ر بته‌وان!
بڕواکانی‌تر هه‌موو بان
ڕوو له خاکی به‌رێنی بت سوو
یه‌ک به‌ری ڕه‌نج بکه به دوو،

بیهاوەرە جانتای شەیتان،
بۆ بتەوان!
زمان لاڵ کە، گوێچکە کەڕ کە
کوێر بە، وەک کەر زەڕە زەڕ کە!
بۆ بتەوان
بۆ بت، شەیتان،
بۆ نۆ کەریان!
ئارەق ڕەش و شین بڕێژە،
هەزار دەردی سەر بچێژە،
کۆشک دروستکە و باغ بنێژە،
بۆ بت، بتەوان و شەیتان...
هەر ئەپەیە مانای ژیان،
ڕاست و دروست
بۆ بتپەرست!

ــ بتپەرست نیم،
نابم و نیم،
کابرایەکی ڕووت و برسیم،
ناساخ، گیرۆدەی نەزانیم
بۆ بەرگ و ناومااڵ پەڕپووتم
بۆ خۆم ئەوێ بەری جووتم،
بڕوای من بە سبەینێیە
مژدەی ڕزگاریمی پێیە،
لە برسێتی و لە هەژاری
لە نەزانی و دەردەداری
لە ستەم و جەور و بێگار
لە قەدەغە و ئەشکەنجە و دار
ئازاد ئەبم،
پاش دڵتەنگی دڵشاد ئەبم!
بتپەرست نیم،
نابم و نیم...

کابرایه کی ڕووت و برسیم
به هیوای پاشەڕۆژ ئەژیم!
هێزی باڵ تک تک ئەڕێژم!
ئەمامی دواڕۆژ ئەنێژم!
خوار و ژووری ئەم عیراقە،
شین ئەکەم وەک کەوای تاقە!

ــ هەی کفرکەر...
هەی ڕووخێنەر...
هەی تاوانی...
هەی نانبڕی بتەوانی...
نەموت کەڕ بە؟ نەموت کوێر بە؟
نەموت عیلمی لاڵی فێر بە؟
بیری نوێی پیس لە سەر دەرکە،
هەزار دەق خۆت گەوج و کەر کە؟
تێرە خاکی بتپەرستە،
تەنیا بە چپە دروستە،
ڕاپۆرتی ڕاست بدەی بە من،
بەڵام درۆ:
«گیانم: درۆ!
ژینم درۆ!
دەستمایەی ئایینم، درۆ!»
بتپەرستێک پێی ڕەوایە
جارێ دا، پڕ بەم دنیایە!
لە تۆم ئەوێ بیر بگۆڕی
ڕەنگ بگۆڕی
دەنگ بگۆڕی
بڕوای پیاوی ژیر بگۆڕی!

ــ بتپەرست نیم،
نابم و نیم،

ئاواتەخوازی سەربەستیم
خەبات ئەکەم بۆ ئازادیم...
تێستا شەوە،
گەرچی شەوە،
چاو بە خەوە،
بەڵام کاروان لەسەر ڕەوە
بەرەو قۆناغ ڕەو بە دەوە...
ئەو کاتە دێ کە ڕۆژ هەڵدێ
گوێ تێر ئەبیە و چاو ئەبینێ!
بێ ترس و لەرز،
لە چیای بەرز،
لە چەم و دۆڵ،
دێگەلێ چۆڵ
لە نوێ یەک یەک ئاوا ئەکەم،
ئەخۆم، ئەنووم، ئەژیم بێ خەم!

ـ بتپەرست نیم،
نابم و نیم،
تینووی سەربەستی و ئازادیم!...
ـ ئەم کابرایە!
بێحەیایە...
بێبڕوایە...
بێ شەیتان و بت و خوایە...
دەی! یاساوڵ، دۆزەخەوان،
کێشی کەنەکونی زیندان!
زمانەکەی لە بن ببڕن،
گاز لە قوڕقوڕاگەی بگرن،
لە قوڕاوا بیگەوزێنن،
نینۆکی لە بن دەربێنن،
مووی سەر بە چەرمەوە بگرڕوون،
برۆ و سمێڵ پاکتاو بدرووون،

سەربەرەوخوار هەڵیواسن،
داخی کەن بە شیشی ئاسن
دەی، یاساوڵ! دوو چاوی زەق
دوو کاسەی خوێن،
ببڕە چاوی و دەم پڕ لە جوێن،
تێی بەربە بە زللەو شەق
گورز و مەتڕەق
یا ئەوەتا، ئیمان بێنێ،
یا ئەوەتا...
هەتا... هەتا...
گۆڕی زیندانی تەنگ جێی بێ،
زنجیر بەندی دەست و پێی و بێ!

* * *

ــ ئێستا شەوە.
گەرچی شەوە...
چاو بێ خەوە...
سەرم گێژە...
شەو درێژە...
ئەی چاوی زام
زووخ بڕێژە!
ئەی شوێن ئەشکەنجەی مۆر و شین
با ئازارت پڵ دا چین چین!
تا وەک من، دیلی کولانە
کەڵەشێر جارِ دا: بەیانە،
نانووم لە تاو ئێش و ئازار
ڕاهەژەنم لەشی زامار!
چاوی هیوام ئەبڕمە دوور،
سرنج ئەدەم لە ئاسۆی سوور!.
شەو درێژە،
ئازار سەختە،

دیزەی دڵ لە خوێن لێورێژە.
لافاوی ڕق نەختە نەختە،
گوڕ ئەخاتە هێزی زاتم
جۆش ئەداگەرمیی خەباتم!
لێکدانەوەی دوور و درێژ،
وەک کەشتی ئەمخاتە ناو گێژ
تاوێک ئەڵێم:
من چیم؟ من کێم؟
کابرایە کی بێدەستەڵات!
ئەی بت؟ ئەی بتەوان؟ شەیتان؟
خاوەندانی دەزگا و دووکان؟
خاوەندانی هێزی وڵات!
کەوابێتە، با مل کەچ کەم؟
لەپ لە ناو دەمی خۆم ئەدەم:
هەی ترسنۆک، هەی بێورە
پیاو بە! دان بە خۆتا بگرە!
لێو بکرۆژە،
پاش شەو ڕۆژە،
لەسەر خەبات
تازایی و زات
بڕۆی تا سەر، ئەنجامی کار،
ئەبی لە دەستەی بت ڕزگار!
بت ورد ئەکەی، ئەیکەی بە خۆڵ
بتەوان ئەکوتی وەک دەهۆڵ
شەیتان ئەکەی بە پەڕۆی پەن،
ئەیهاوێتە دوور لە وەتەن
دەزگای بۆگەن ئەڕووخێنی،
ژینی تازە دائەهێنی!

۱۴ی تەموز:

ــ کوانێ بتم؟
ــ کوشتم! کوشتم!
ــ کێ کوشتی کێ؟ بتم کوانێ؟
ــ من کوشتم، من... کێ نازانێ؟
بت زێڕ نەبوو، موقەبا بوو،
خولم پێدا تەنیا بە فوو!
موقەبا بوو، موقەبا بوو،
چەن گەوج بووم ڕۆژانی زوو؟
وام ئەزانی پێچکەی تەختی
دامەزراوە لەسەر سەختی...
کەچی بە یەک دەستڕێژی توپ
تەخت وەرگەڕا، بەخت ونی: هۆپ!
ــ من بتم دایە دەست خاڵی...
پاسەوانی وەک گەماڵی
سەری خۆیشی و ئەویشی خوارد
ئەویش تێسقانی بوو بە ئارد!
ــ ئاخ بتم ڕۆ! داخ بتم ڕۆ!
هەزاران وردە شتم ڕۆ!
ئەی بتەوان کوا؟ بتەوان؟
نابوومە ناو عەبای ژنان...
ئاخ بتەوان! داخ بتەوان!
عەباکەم لەسەر داماڵی،
لێی نەئەهات! دایکی ئاڵی!
گرتم خستم وەک دەڵەدێو،
تفم لێ کرد، پێمدا جنێو،
بە لەقە چوومە سەر ورگی،
کوتام تا مرد، مەرگی گورگی!

* * *

ــ سا مەرگ شەیتان!

بت، بتەوان،
خوێنیان بڕژێ،
گەلی عیراق بیانکوژێ...
دەزگای گشت نەیرەنگ و فێڵم
لەم ڕۆژەڵاتە جێ‌یێڵم
کەچی لە ترسی دەنگی دوور،
نالەی تۆپی سنووری سوور،
لە تاو قیڕەی ئاشتیخوازان،
بۆ قەدەغەی شەڕ لە ئینسان،
ناچار بم، سەری خۆم شۆڕ کەم،
بو کۆچ ناومالّم لە هۆڕ کەم،
هەی داخە کەم!
هەی داخە کەم!

* * *

بتم شکان،
دوو بتەوان،
کوژران، نەمان،
چنگ لەسەر شان!
لە نیشتمان!
ئێستا بە ڕاست بتپەرست نیم،
سەربەست، ئازاد، ئازا ئەژیم...
بەڵام هێشتا بۆ ڕزگاریم
لە دوژمن، برسێتی، ڕووتی،
نەزانی و دەرد و نابووتی،
ڕێم لەبەرە... نابێ کول بم،
دیلی بەنە و فیزی زل بم.
ئەبێ وەک پیاو، وەک پالەوان،
بە ڕەنجی شان،
کۆشکی وڵات بنیات بنێم،
وێنەی بەهەشت خۆش بکەم جێم!

دوژمنم: شەیتانی نەگریس،
ئەمریکا بێ، یان ئینگلیس
تا ماوە چاوی لێم زیتە...
«ئەمە خووی ئیمپریالیستە!»
بێت و سنیم لێ ببینێ،
کۆنەپەرست ئەوروووژێنێ!
دەرەبەگ، کلک، کرێگرتە
هانئەدا بۆ بۆڵە و خوتە،
بۆ کەڵەک و بۆ فڕ و فێڵ،
تەنانەت بۆ بە پاچ و بێڵ
خاپوور کردن...
ئەبێ وریا بم، وریا من!
من گەلم، گەلی عیراقم
عەرەب ئەم لاق، کورد ئەو لاقم
ڕێی کاروانم ناهێمن بوو،
شوێنبۆسەی هێزی دوژمن بوو،
مۆڵم دابوو لە شوێنی خۆم،
نەمئەوێرا بار کەم، بڕۆم...
وا ئێستا ڕێمێ بەرەڵلایە
خواستنی کۆچم لە دڵایە،
هێند گەرمە کە لکەڵەی سەرم
وەک گوللە تیژ تێپەڕم!
بەسەر ڕێگای پێشکەوتنا،
ڕێی خۆبەختیارکردنا!

بەعقووبە. تەموزی ۱۹۵۸

شۆڕشگێڕ

بەبۆنەی ١٤ی تەموزەوە

بۆ تێجگاری سارد بووەوە و دای‌دا چۆک،
کەڵبە کەوتووی بێ‌نیۆک

لە کاتێکا لەناو خوێنا ئەگەوزا،
خزمەکانی لە تاریکیی ژێر ئەرزا

دەستیان کرد بە چپەچپ:
«ئاغا» ئەیوت: گاجووت قووتدان کردی‌خپ!
بە دەم بینی لەرزینەوە سەر جاسووس،
دای لە ڕان دەستی ئەفسووس،

وتی: ئەوەی کوشتی ــ یاران! ــ نوستن بوو،
بێتاگایی لە خشەی پێی دوژمن بوو!

کەللەیەکی ژێر مێزەر،
بزنە ڕیشەی سابڕێنانە مرقێنەر،
وتی: ئەوەی کوشتی حەرامخواردن بوو،
بۆ خوا خێر نەکردن بوو!

ورگێبکی کۆنە حاکم هاتە ڕوو،
وتی: «گەورە» دز بوو، بۆیە زوو تیاچوو!
سەرەک پۆلیس، بە سرکە،
پێشانی‌دا کە چاو بۆ کوێر بەکەڵکە...

کوێر نەبوایە نەئەمرد!
بازرگان دەستی پێ کرد،

وتی: گەورەم، هەر ئەماعی زۆر کوشتی،
ئەماع دای لە ئەرز پشتی!

سەرپزیشکی تایەبەتیش هاتە دەنگ،

وتی: به ڕاست، هۆی مردنی پەنگ بوو پەنگ:

کێمی سفلیس گەیشتبووە ناو جەرگی
دەرمان نەما ڕۆژێک دواتر خا مەرگی!

ــ شەل نەبوایە ڕای ئەکرد،
بە قەڵا پەنای ئەبرد!

ــ پۆ کەر کوشتی!
ــ ڕایــس کوشتی!
نە ء، وێــکی:
بوو بە گڕی ئاگر و چووە تیــکی!

لەپشتەوە شەپقەزلێک وەستابوو،
«ئەو چاوزەقە دزی نەوت و خورما بوو!»

ڕووی هاوخەمیی گێڕا بە خزمانا گشت،
وتی: هەی داخ! نازانن کێ گەورەی کوشت؟

یاساوڵە کەتە کەی ژێر ئاڵای سوور
کە چەقیوە وەک میل لەسەر ئاسۆی دوور

ئەو تەقەی کرد و کوشتی،
ئەم خوێنە هەر ئەو ڕشتی!

کەڵبە کەوتوو کە درابوو بە ئەرزا،
لە ناو خوێنا تڵێکی تریش گەوزا.

بە هەناسەی سارەوە ئەیوت: مردم...
زۆر بایی بووم، بایبوون وای لێ کردم!

* * *

لە لێشاوی کۆبوونەوەی گەل، یەک دەنگ
وتی: سەرباز ــ بژی! ــ کوشتی بە تفەنگ

سەربازی لاو، ڕۆڵەی دڵسۆز و ئازا
بەرەو ڕووی گەل بەگوڕ پەنجەی ڕاکێشا:

ــ من نیم، ئەوە، هەر خۆیەتی کۆڵنەدەر،
کۆنەڕووخێن، بنیاتی تازە دانەر!

بە عەقووبە. تەمووزی ١٩٥٨

تاسەی دیدار

بە زمان دایکی کوردستانەوە بۆ برا فەیلیەکان

ڕۆژەی دووری ئاوارە بووم
کەللەی پڕ بوو لە ئارەزووم
سەودای سەری، تاسەی دڵی
خۆزگە و ئاواتی بە کوڵی
هەر ئەوە بوو: کە باڵ بگرێ
وە ک مەل، تا باوەشم بفرێ!
دەم بێتە دەمی کانیم،
دەست بکانە ملی لووتکەم،
گوێچکە شل کا بۆ گۆرانیم،
بۆم پێکەنێ وە ک خورەی چەم!
بەڵام سااڵن،
سااڵنی زوو،
کوندەبەبوو
کوندەبەبووی شووم ئەبقڕان:
قەدەغە بوو لە منااڵن
بۆ گۆی مەمک بەرن دەمیان،
قەدەغە بوو دەستی دایک
بێتە دەم ساوا مەمک!
سەردەمێک بوو،
کوندەبەبوو،
قەل ئەبقڕان،
گورگ ئەیلووران،
پڵنگی دوو پێی دارستان
شارستانیەتیی ئەلەرزان!
ڕۆژ تاریک بوو، ڕێگا ترس بوو،

«جوولّه» پەڵپی هەزار پرس بوو...
ڕۆژەی دووری دەشتنشینم
ئەبوو، هەرگیز، تێر نەبینم!
ڕۆژەم لە گەڵ ڕۆژەی دیجلە،
لە گەڵ ڕۆژەی دیجلە و فورات:
لە خوێناوا ئەیکرد مەلە،
بە خوێنی جەرگ ئەیکرد قیات!
ڕۆژەم دیل بوو،
دیل زەلیل بوو،
ڕۆژی شەو بوو،
شەو بێخەو بوو،
پۆلیس وا بە سەریا زاڵ بوو
وەک کۆتر تێچیری داڵ بوو!
سەرەڕای هاوەردیی دیجلە،
ترس هەبوو، شەق و زللە،
وشەی کوردیی سەر زمانی
باتە فەڵەم بە تاوانی!
بەڵام ڕۆژەی من و فورات
ڕۆژی پیرۆزیان لێ هەڵهات،
چواردەی تەموز پچڕی زنجیر:
لەسەر مل لاچوو دەمی شیر،
پرشنگی ڕۆژی ئازادی
وێرانەی پر کرد لە شادی،
بای فێنکی زەردەخەنە
بەسەر کوڵماکەوتە شنە،
چاو وەکوو گوڵ مەستی ڕەنگ بوو
زمان بەستەی خەستی دەنگ بوو،
کوڕ کۆشی دایکی کەوتە بیر،

دایک مەمکی پڕ بوو لە شیر...
ئەوا، ئێستا: خوشک و برا،
برا و برا،
لە یەکتری بوون ئاشکرا.
هەر دەستە، هەر دەستە گوشرا،
تینوو تینوو! لە مل کرا...
هەر ڕۆڵەی دوور کوردستانە
لە کۆشی دایکا میوانە!

سلێمانی. ئابی ۱۹۵۸

بۆ سەربازی جومهووریمان

ئەی لاوەکان!
باوکان، دایکان، برا و خوشکان،
دەزگیرانە چاوجوانەکان،
تیر تیر دەستیان کردە ملتان،
ماچیان کردن،
بە پەلەپەل... بە پەلەپەل...
بڕۆن بۆ ژێر بەیاخی گەل!
چەک هەڵگرن،
بەرگ بپۆشن،
وا بوروژێن، وا بخرۆشن:
دابەرزێ دڵی دوژمن!

ئەی لاوەکان!
تێستا دایکان
لە سنگ نادەن،
شیوەن ناکەن،
کە کوڕیان ئەچێتە ژێر چەک!
شوکری خوا ئەکەن هەزار لەک،
کە کوڕیان بۆتە شێر بۆ گەل،
دوژمنی گەل ئەکا پەل پەل!
باوکان دەستەئەژنۆ و خەمبار
دانانیشن وەک پار، پێرار،
چونکە کوڕیان بوو بە سەرباز،
کز و بێناز،
بێگار ئەکا بۆ ناپاکان!
تێستە خوشکان،
خەم سبس ناکا گوڵی ڕوویان
بۆ دەزگیرانیان، بۆ کاکیان،
تێستا کچان،

گشت ئافرەتان،
گوڵبارانی سەرباز ئەکەن،
خۆیشیان وەک پیاو سەرباز ئەدەن!
چونکە دەزگای تازەی وڵات
بە بێ خەبات،
بێ پاس و بێ پارێزگاری!
سەقام ناخوا هەرگیز کاری!
تێری، پۆشتەیی و شادیمان،
سەرفرازی و ئازادیمان،
بەیاخە کەی «جومهووری»مان:
هۆی شانازی و ڕووسووربمان،
گشت لەسەر خەبات وەستاوە،
ئەویش پشەی ڕۆڵەی لاوە!
ئەی لاوی کورد!
ئەو ڕۆژە مرد:
کە من و تۆ و درشت و ورد
لە سەربازی سڵمان ئەکرد!
ئەو ڕۆژە چوو
کە ئەوەندەی شەو تاریک بوو!
تێستا ڕۆژی جومهووریە،
ڕۆژی مەردی و ڕووسووریە!

بڕۆ ئەی لاو،
وەک کوڕی پیاو،
بەرگی خاکی بکەرەبەر،
لە قوبەی ئاسمان بسوو سەر!
وێنەی شێری چەش بنوێنە،
دڵی دوژمن داخورێنە،
دوژمنی گەل،
هیی گشت جیهان،
کە ئەگێڕێ چاوی بۆ هەل،

ئاگر هەڵسێنێ لە خەرمان،
تاگشت ئینسان
بێـەر کا وەک قوچی قوربان!
تا ساوای ناو بێشکەی سووتاو
لە شیش دا وەک جەرگی برژاو...
ئەی ڕۆڵەی کورد!
ئیمپریالیـست ئەو باوکەی مرد
کە برای عەرەب لە گەڵ تۆ
وەک جاران بکا ڕەنجەڕۆ!
بێت تەقە بێ لە تفەنگی
بە ملیۆنان مەردی جەنگی
پشت ئەگرن،
وەک ڤەشکەی کا ورگی ئەدڕن!
پتر لە ملیار ئاشتیخواز
پشتیوانتن، ڕۆڵەی سەرباز!

سلێمانی. ئەیلوولی ۱۹۵۸

مۆسکۆی جوان

ئەی مۆسکۆ! ئەی ژنی جوانی سپیۆش! ناو دەمی ئاڵ پڕ لە گۆرانیی خۆش خۆش!
بە ئاوازەی «ئۆرکستراەت وا مەستم، هەر شەپۆلی شیعرە و ئەدا لە هەستم!
لە هەنگوینی ئەفسانەی دانی «بالێ»ت، بە هەردوو چنگ ئەخۆم وێنەی برسیی شێت!
لەرەی دەنگی «ئۆپێرا» کەت کە تک تک، لە ناو گوێوە نەشتەر ئەدا لە گورچک،
خونچەی تەڕی چیرۆکی بەستەکانی بۆم ئەپشکوێت وەک گوڵی بەربەیانی!
ئەی مۆسکۆی جوان، گەورەکچی ئوکتۆبەر! حەوت ئەستێرەی یاقووت کە داوتن لە سەر،
لە ناو زیوی تەماگەش ئەجریوێنن، هەزار زوهرەی ئاسمانی شین ئەهێنن!
«مەترۆ»ت ئەڵێی نوێنەگای نیگارە، «مەیدانی سوور» جێی هەزاران هەزارە!
تاقەگوڵی سووری جەفەی دانشگات، عەتری شەپۆل ئەدا ولات بە ولات!
ڕۆژ لەنینە و لەسەر سەرت وەستاوە، ڕێگات ڕووناک وەک بەفری بەر هەتاوە!
مناڵەکەی ڕوومەتئاڵی تێرشیرت گوڵی پارکی «گۆرکی» دێنێتە بیرت،
بۆیە کۆتری سپی و نەرمی باوەشت مل هەڵئەسوێ، بێ سڵ لە گەرمیی لەشت!
لە ناو بەفری بەرێتا واق وڕماوم، لە کام جوانیت نازانم، بدرووم چاوم؟!

* * *

ئەی مۆسکۆ! ئەی ژنی جوانی سپیۆش هەروەک: مەنێک زینێک ناکا فەرامۆش
هەتا ئەمرێ، منیش، هەتا هەتایە دڵگیریی تۆم هەرگیز لە دڵ دەرنایە!
بە شەو چەمی گەوهەربەندی پشتێنت لێم ئەبێتە ئاوێنەی بااڵنوێنت،
لە ناو ئاوا مۆسکۆیەکی نازدارتر، لەنجەی دانی گیان پڕ ئەکا لە ئاگر!
جادەی شۆراو بریقەی دێ وەک بلوور، تیا ئەلەرزێ «وێنە»ی گڕی سەوز و سوور،
تاکەسیم ئەکشێ بە شەقامی بێگەردا بە سەر عەکسی وەنەوشەیی، یان زەردا
ئەم ڕەنگانە و ئەو پرشنگەی ئاوازە ئەیدا لە ڕووی پەنجەرەی کۆشکی تازە،
یی هەست ئەمکەن بە زاوای بەردەمی بووک، دەم بو ماچت ئەبەم مۆسکۆی ئیکووک!

مۆسکۆ. کانوونی یەکەمی ۱۹۵۸

ڕێگای لەنین

لە گەڵ کۆتر شوێن ڕووناکیی ڕۆژ کەوتم
نـــــە ڕۆژ، نـــە شـــەو، نـــەخەوتم

چیا و چیا، دەشتاودەشت، دەریا و دەریا
پێوانەم کرد بەرەو باکوور ڕووی دنیا

فـــڕیم بـەناو هـەوری بـەرزی ئـاسمانا
بـەسەر هـەزار هـەزار دیـمەنی جـوانـا...

تـــا گـەیشتمە بـەر دەروازەی کـرەملین
ژێـر سـێبەری پـەیکەری بـەرزی لەنین!

ڕووی سـرنجم کـردە هـەرکوێ لەنین بـوو،
هەر خۆی باوک، سەرۆک، مامۆستای چین بوو...

دیم: نە بە ڕەنگ، دیم: نە بە دەنگ، نە بە بیر
لە کـیس چـووە، بـۆ ئـینسان، لەنینی ژیـر!

ئێستایش دەستی درێژ ئەکا و بـە ئـەموست
شـەقامی ڕاست پێشان ئـەدا بـت بـە بست،

لە تـاریکیی دنـیای پـڕ ئـارەق و خـوێن،
دنیای شەڕ و دنیای جـەور و دنیای جـوێن

پـەلکێش ئـەکـا ئـینـان بـۆ دنـیای تـازە،
ئـەو دنـیایەی هـەر خـۆشییە و هـەر نـازە!.

لەو گەلانەی کە شوێن بڕوای ڕاست کـەوتن،
وەک گـەلانی دواکـەوتووی تـر نـەخەوتن!

«ئـازەری» بـوو، ئـازەربایجان ولاتـی،
ڕێگـای لەنـین کـەوتە فـریای نـەجاتی!

دۆینێ کەڵەی گورگی قـەبـەر ئـەیکرۆشت،
وەک تـاڵانی بـە تێڵا و شـەق ئـەیفرۆشت،

شـاری وێـران وەک شـاری تـۆ و دێـهاتی
ژاوەی ئـــەهات لە نـەخۆشی و لە قـاتی،

لە نـەزانـی و ڕووتـی و قـووتی و هـەژاری،
تـرس و لەرزی مـاڵوێرانـی و بێکاری...

بـــەڵام ئـەمڕۆ خـاکـی ئـازەربایجانی،
کە دوو ڕۆژە هاتووین بـووین بـە مـیوانـی،

وا لە تـــێژگی ڕۆژی لەنـــینا نـــوقمە،
ئـەڵێی لە بـەر خـۆرا گـوڵی ئـاوریشمە!

«باکۆ»ی کچی لەسـەر دەریاچەی قـەزوێن،
شـــانە ئـــەدا لە قـــژی زەردی خـاوێن

لە گـــەڵ شـــانە کـردنی بـەر ئـاوێنە،
سـەری گـەرمە بـە گـۆرانـیی بـێوێنە.

غەزەڵ غەزەڵ عەشقی «فزوولی»و «مەجنوون»
بە دەنگی سـۆز ئـەخاتە بـەستەی مـەحزوون

تـــا هـــونەری ڕۆژهـــەڵاتی ئـیـسلامی
گـەشە بکـا و بـڕی دیـــان «نـیزامی»!.

باکۆ. کانوونی دووەمی ۱۹۵۹

نەورۆز

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەفبڕ!
رۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان، درا!

گەرمی و ژین و شادیی هێنا بە دیاری،
کوردی خستە جەژنی تازەی بەهاری

پووش بوو بە گیا، چیلکەی باخ بوو بە دارگوڵ،
لە وشکەسی کانی کەوتە قوڵە قوڵ.

گوڵاڵەی دەشت، نێرگزی مەست، وەنەوشە،
وەک پێشەنگی بەهار کەوتوونە گەشە،

ئەڵێی پەلەی پەرداختی نەورۆزیانە،
بۆ جەژنی کورد ئەو گوڵاڵەش سۆزیانە

هەروەک سروشت ئاگادار بێ: کە کاوە
چ رەنجێکی بۆ ئازادیی گەل داوە!

هەروەک مەلان بە حەواوە بزانن:
کە بە ساردی چەن دای چەکوش لە ئاسن!

تا زنجیری ئەژدەهاکی لەگەردن
نەتەوەیەک دامالّی پێکی ئاسن!

شەوی دیلی بوو بە رۆژ، خەم بە شادی،
زستان گەڕا بە بەهاری ئازادی...

ئەی هاوچین و هاونەتەوەی کاوەی مەرد!
تۆپش بە بازووی خەباتی سەختی وەک بەرد،

شەرفرۆش و ئیمپریالیست و ناپاک،
وا داپڵۆسە کە یەکان بن لەگەڵ خاک؛

ئیتر هەرگیز سەر هەڵنەبڕن وێنەی مار
هەنگوبنی ژین لە مرۆڤ پڕ کەن لە ژار!

سلێمانی. مارتی ۱۹۶۰

بە ڕێگادا... بەرەو کۆنفرانس[1]

بە هەنگاوی گورج و دڕێژ،
ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ...
بەدەم سەرگەرمیی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین،
لە شەقڵاوەی خانزادنشین
«دڵە زۆر تەڕە کەی سەفین!»
دووەم کۆنفرانس ئەبەستین...

مامۆستایان ئەیانەوێ:
هەتاوی کورد زوو دەرکەوێ،
ڕێی بیەو بۆ مێشکمان خۆش کەن،
زمانمان بە کوردی گۆش کەن...
تێمەیش شوێنکەوتووی کاروانین:
هەم خانەخوێین، هەم میوانین!
بە هەنگاوی گورج و دڕێژ،
ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ
بەدەم سەرگەرمیی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین،
کۆنفرانسی دووەم ئەگرین!

بە پیرەما تێئەپەڕین
دار بەڕووی زۆر دێتە ڕێمان...
پیرەداربەڕووی لاڕێمان،
ڕۆژێ لە ڕۆژانی زۆر زوو،
جۆلانەی لێ هەڵبەسترابوو،
ساوای ناو جۆلانەی ژێردار
ئەپرخان وەک بەرخی بەهار!
دایکی ساوا،
لە گەڵ هاژەی دووری ئاوا،
بە لایەلایەی شیرینی

خەوی خێری پێ ئەبینی،
شیری پاکی ئەنایە دەم:
گەشەی پێ ئەکرد ژەم بە ژەم...
باوکی وریای بە نووکی تیر
بۆی ڕاو ئەکرد، کەڵ کەڵ، نێچیر،
بە «ڕەم» پلنگی ئەتاران
لە جۆلانەی کۆرپەلەی جوان!
ئەو ساوایەی ژێر داربەڕوو
کام شێر؟ کام شێربەزین دەرچوو؟

ــ نەوەی شێرکۆ، سەلاحەدین،
پاڵەوانی غەزای ڕێی دین!
ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس
وەک بەردی ڕووی شووڕا، بێ ترس،
لەبەر شیر و تیرا وەستا،
تا دەنگی: «هەی ئامان!» هەستا:
لە گرۆی خاچ
کە خاچیان کردبوو بە پاچ
بۆ ڕووخاندن،
بۆ: ئاسیا پڕ لە مردن،
پڕ لە کەلاوەی شار کردن...

بە هەنگاوی گورج و درێژ،
ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ،
بەدەم سەرگەرمیی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین،
پیرمەم جێ دێڵین لە دواوە:
بەرەو لوونکەی چیای سەفین...
ڕیزی تۆتۆمۆبیل ئەکشێ،
پێچ پێچ، هەتا داوێنی کێو،
لەوێ کاروان هەڵئەلوشێ:

ورگی باغچه‌ی هەڵووژە و سێو...
لە شەقڵاوا،

دوێنێ، ساوا
کە لە بێشکەی نازا شاد بوو،
میر کچ بوو، بە ناو خانزاد بوو!
خانزادی جوان،
مامزی ناز، پڵنگی لان،
تۆڵەسێنی میر سڵێمان،
شۆخی سەر زمانی حەیران،
خانزادی جوان...

بە هەنگاوی گورج و درێژ،
ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ،
بە دەم سەرگەرمیی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین،
لەسەر لووتکەی بەرزی سەفین
ماوەی خولدان لە داڵ ئەگرین.

چیاکانمان،
چیاکانی کوردستانمان،
هەموو سەرپۆش سپی و بەرزن،
بەرپێ بەفراو، داوێن سەوزن.
سەرانسەری ئەم کێوانە:
درەختە و بێشکە و جۆلانە...
لەناو بێشکەی ڕاژەنراوا
دەنگی گڕوگاڵی ساوا،
کچ بێ، کوڕ بێ، دێتێتە یاد:
شکۆی سەلاحەدین، خانزاد!
بەڵام دوێنێ،
نە ئەمڕۆیە، نە سبەینێ...

سەلاحەدین یەک سوڵتان بوو،
خانزاد یەک پڵنگی جوان بوو...
ئەمڕۆ بازووی بە کار بۆ کورد،
«ژنی بەرز وەک مانگی دەستکرد»،
چەکوش بە دەست، داس بە دەستە،
ڕۆشنبیر و خاوەنهەستە
«هەستی دڵسۆزیی نیشتمان،
هەستی خۆشەویستیی ئینسان!»
ڕەنجی بە ملیۆن لەمانە
هێزی باڵی کوردستانە!

ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان
یەک سوڵتانیان پێ ئەگەیان،
ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد
دانیشێ و بە ڕاوێژی ورد
ڕێگای پێگەیاندن دانێ،
بۆ ملیۆنان، نەک سوڵتانێ!
لە بێشکەی بن هەر سێبەرێ
سبەی ئەگەر بێتە دەرێ:
خانزادێ، سەلاحەدینێ،
کاکەمەمێ، خاتوو زینێ...
ئەوسا بەستەی بێخەمیمان
چ هیی پێنووس، چ دەمیمان،
بە تاقە یەک زاری شیرین
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین!
ئەوسا: «خانی»، خانیی سەردەم
بە زمانێک ئەنووسێ «مەم»
کە پێی ئەدوون «نالی»و «مەحوی»
وەک «فوبادی»، وەک «مەولەوی»!

* * *

ئا بۆ گەیشتن بەو کاتە،

بەو ئاواتە،
لە کورتترین ڕێی ڕووناوە
مامۆستایان کۆبوونەوە،
بە دڵسۆزی و بە لێبووری،
بە ڕەنجێک مایەی ڕووسووری،
دەریای مێشک ئەشڵەقێنن،
دانەی گەوهەر و مرواری
لە بن بنی ئاو دەردێنن...

کام گەوهەر گرانبەها بێ،
بە زانستی کورد ڕەوا بێ،
لێی پڕ ئەکەن کیسەی دیاری،
ئەیبەنجۆ دەزگای زانیاری!...

شەقڵاوە ــ ۱۹۶۰

---

۱) مەبەست کۆنفرانسی دووهەمی مامۆستایانی کوردە کە لە هاوینی ساڵی ۱۹۶۰دا لە شەقڵاوە گیرا و لە گیرو گرفتەکانی خوێندن و نووسینی کوردی کۆڵیەوە و نوێنەرانی مامۆستایانی هەموو شارستانەکانی کوردستانی عیراق و هەموو بیروباوەڕە نیشتمانیەکانی ناو مامۆستایانی کوردی عیراقی تیا بەشدار بوو. کۆنگرەی بەکەمیش لە هاوینی ۱۹۵۹دا هەر لە شەقڵاوە گیرا. م.م.ک.

نەورۆزی ٦١

وەنەوشەی بن دڕک خزاو
چاوی ڕەشی کردەوە، دیی،
نێرگسەجارِ بە هەزار چاو
پێتە کەنێ: زەرد و سپی!
نێرگسی بەر هەتاوی گەرم
مژدەی پێ بوو بۆ وەنەوشە،
وتی: «خوشکێ،
خوشکی جوانی چاو پڕ لە شەرم
خڕ داخراو دەرگای حەوشە،
فرمێسک لە چاوت بۆ ئەتکێ؟
وا، بەهارە،
لەسەر لووتکەی سپی دیارە
ورشە و پرشەی یاقووتی ئاڵ،
گڕی جەژنی سەرەتای ساڵ!...»
وەنەوشەی چاوڕەشی شەرمن
دەستی کرد بە بەستە وتن!
بێ سڵ کردن
لە نووکی خەنجەری دوژمن،
خۆی هاوێشتە باوەش چەپک
گوڵی وەنەوشەی ناو دڕک
کە گەیشتە دەستی تاسەم،
پڕ لە بۆنی بوو هەناسەم؛
عەتری چپەی تکاندە گوێم،
مژدەی: «هات نەورۆزەی دا پێم

* * *

ئەی ئەو جەژنەی هاتیت و چوو
لە دەم، تاڵیی پاری مردوو!
ئەی ئەو جەژنەی هەزاران ساڵ
لە ڕابوردووی کوردی زۆر تاڵ،

تاقه بزەی یادگاریان
هەر تۆ بووی: جەژن و بەهاریان!
لە خەمی کۆن، ئازاری کۆن،
زووخاوی دەست زۆرداری کۆن،
بە کک ساڵی تر دوورت خستین؛
لەولاشەوە، جەژنی شیرین،
بە هاتنت بە کک ساڵی دەق
کاروان پێش‌کەوت، بەرەو شەبەق
واتا: ڕێگا ببڕین بە دەو،
ساڵێک زووتر دوایی دێ شەو؛
ئەو شەوەی مەشخەڵی گەلان،
ئاگری بەرئەدا لە گیان
لە هەرچوار لای جیهانەوە،
تا بە دەم بای سووتانەوە،
تۆزی لە ڕووی پەڕەی مێژوو
ئەنیشێ وەک خاکەی ڕێژوو!
ئەوسا، نەورۆز،
جەژنی پیرۆز!
دڕک ئەڕزێ و داخی دڵی،
ئەبێ بە بۆ گەن بۆ گڵی
تۆیش ئاهەنگی بەهارەکەت
نەخشی لووتکە و نزارەکەت،
لە باخچەی گوڵی گەلانا
گوڵێک ئەبێ لە مەیدانا...
هەر مرۆڤێ دی و بۆنی کرد
ئەڵێ: بژی نەورۆزی کورد!...

بەغدا. مارتی ۱۹۶۱

چیرۆکێکی برایەتی

برای عەرەب!
چەخماخەی شمشێری زۆردار
تا لەو خوێنەدا ئاوا بوو
کە لە ملی باوکت، باوکم
ڕژایە سەر لمی مێژوو!
بە جووت هەردوو باوکەکوژراو،
تک تک خەممان تکا لە چاو،
دەست لە مل، بەسەر یەکترا
گریان کردینی بە برا.
بەڵام زۆردار
کەللەی پڕ بوو بۆمان لە مار:
پەلی گرتین، کێشی کردین
بۆ بن داری ئێش و ئازار،
زنجیری خستینە گەردن،
دایە دەستمان سەر و زەنگن،
قەمچیی هەڕەشەی خستە کار:
بیری پێ لێداین بە بێگار!
لەژێر دەرەختی ئازارا
ئەوەندەی تر بووین بە برا؛
بۆیە لە ناو هەردووکمانا
بە چپەی ورد،
ئەم داری دڕکەمان ناو نا:
برایەتیی عەرەب و کورد!
ئێستر زرمە، زرمەی زەنگن،
ناڵەی ڕەنجی تۆ بوو، هیی من،
بە رۆژ، بە شەو، ساڵەهای ساڵ،
تاگەنجی زۆر دەرچوو لە چاڵ،
بۆ گیرفانی باوکەکوژمان،
شیلەی ڕەنجی شیرینمژمان.

* * *

برای عەرەب!
ئای... لە بێگاری زۆردارا،
عەبا و فەرەنجیمان دڕی!
ئای... لەژێر قورسایی بارا
ئارەقی ناوچاومان سڕی!
بهاتایە پشتی ماندووی کوورِ هەڵبڕین،
زۆردار لێمان ڕائەپەڕی و تێی ئەخوڕین...
ئێمەیش ناچار، بەم شان، بەو شان،
بێ پشوو پاچمان ئەوەشان.
لە نووکی پاچ ئەهاتەدەر:
کۆمەڵ کۆمەڵ زێڕ و گەوهەر
زۆردار ئەیبرد و من و تۆ،
بۆ بەرگی جاو، بۆ نان و دۆ،
دەستی دەرۆزەمان پان بوو،
چاومان زەق زەق چاوەڕوان بوو!

* * *

برای عەرەبی چاوڕەشم
تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم!
لە یەک کاسە «تاڵی» نۆشین
برایی کردین بە هەنگوین.
هەردوو برا، عەرەب وکورد،
سەرمان بۆ بناگوێی یەک برد،
تا تیرمان خوارد چپەمان کرد
«پەی»مان برد بە ڕاوێژی ورد...

دیسان بەم شان، دیسان بەو شان،
بێ پشوودان پاچمان وەشان
بەڵام پاچێک لە بنی بیر،
پاچەی تر لە قەفی زنجیر...
لەپڕ زنجیر قەف قەف پسا،

دیلی نەما لە قەفەسا...
ئێستا هەردوو برای ئازاد،
ڕاستە بە سەربەستین دڵشاد،
بەڵام ئاسۆی ڕێمان لێڵە،
ڕێگای ئاسۆی لێڵیش وێڵە
وێڵ بین «بەد» لە کەمینایە
«بەد» ڕێگری بێ‌ڕێگایە...

* * *

برای عەرەب!
بمانەوێ برایمان
میوەی شیرین بچنێ لە دار،
بمانەوێ ئازادیمان
گوڵ بگرێ وەک باخچەی بەهار،
بمانەوێ هەموو کاتێ
ئەسڵمان چاتر بێ لە پار،
ئیتر هەرگیز نەمانگاتێ
دەستی تاوانباری زۆردار
ئەبێ بەرەو ئاسۆی ڕووناک،
ڕێی ڕاست بگرێ نیازی پاک!
ئەبێ وەکوو گەلانی تر
گڕی سپیی باڵی کۆتر
بۆ کامڵا ئەبڕێ ئاسۆی شین،
سواری بە کێبڵی وشە بین،
شوێنی کەوین،
بە دەو بچین،
تا ئەگەینە دوا ئامانجی هەرە شیرین!

بەغدا. تەشرینی یەکەمی ۱۹۶۱

مۆسکۆی ئەیار

بیرەوەریی ڕاوەستانێک لە خۆپێشاندانی جەژنی یەکی ئەیاردا لە مەیدانی سوور- مۆسکۆ، ساڵی ١٩٦٢

کە پێکەنی جەژنی ئەیار
بەفری زستان کردی ئارەق،
مۆسکۆی پێشڕۆی دنیای ڕزگار
جوواڵەی تێ کەوت لە گەڵ شەبەق.

لە کۆشکە بەرزەکانی شار
مرۆڤ دایدا وەکوو باران،
لافاوی ناو شەقامەکان،
بە گرمەی وەک هەوری بەهار،
بەرەو مەیدانی سوور کشا؛
دەریای مەیدان تێکخرۆشا!

شەپۆل ئاڵای سوور بوو، گوڵ بوو،
ڕەنگاوڕەنگ ئەشەکایەوە؛
لە گەڵ هەر جوواڵە و هەر ڕەنگێک
جۆرە دەنگێک ئەزڕایەوە.
تێجگار شەش وشەی پرشنگدار
زوو زوو دەنگی ئەدایەوە،

وشەی هەرە پڕ بە دەمیان:
ئاشتی، ئاشتی، ئاشتی، ئاشتی...
دوو ڕەنگیش بوو، وەرزشکەران
وەک پەردە ئەچوونە پشتی:
ئاڵ: وەک کوڵمێک گەرمی خەبات،

سەوز: وەک ژینێک پڕ لە ئاشتی!

دوایی، شەپۆل چوو، شەپۆل هات
لە خەڵکی مۆسکۆی بەهەشتی،
ئەو خەڵکەی بەهەشت ئەخوازن
بۆ ژیانی مرۆڤ گشتی!

جۆشی دەنگ و ڕەنگ و جوواڵە
گیانی منی خستە سەر باڵ،
لە ئاسۆی دووری وڵاتم
وردە وردگێڕام چاوی خەیاڵ:
بۆ ڕەنگی سەوز، پاش ڕەنگی ئاڵ،
بۆ ڕزگاری لە ژینی تاڵ!

۱۹۶۲/۵/۳

بێشکەی منالّ

دایک دای ڕەنج، بۆ منالّ دای؛
بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام،
بۆ شیرینیی گڕوگالّ دای...

باوک هەچ ئارەقێکی ڕشت
بۆ ئەوەی ڕشت ــ من دڵنیام ــ
نەمری کات: بڕبڕەی پشت...

ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە:
کە دایکو باوک لای بێشکەدا،
گوێیان لە مشەی ساوایە!

ئای ئەو ماڵە چەن بێباکە:
کە لە باروتو لە بۆمبا
ژێر بێشکەی منالّیان پاکە!

ئای چەن خۆشە: ماڵێک بێ وا
ڕووی دنیا، ئەمبەڕ تا ئەوبەڕ،
دڵنیا بین بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ!

بەرئیخە: ۱۹۶۲/۶/۱۲

تیر و کەوان

پێشکەشە بۆ کۆنگرێسی ئاشتی و چەکفڕێدانی
گشتی لە مۆسکۆ، مانگی تەموز
٩ ــ ١٤/ساڵی ١٩٦٢

ئەو ئاسمانە شینەی ژوور سەر
کۆتری سپیی تیا خول ئەدا
بەبێ خەتەر،
مژدەی گوڵ بە بولبول ئەدا.

لەو ئاسمانە،
گڕی سپیی ئەو باڵانە:
ئاوێنەی ئارامیی ژینە،
کۆشی وەنەوزی شیرینە؛
ڕوونی ئەخاتە شەبەقمان؛
سێبەر ئەکا بۆ ئارەقمان،
بەری ڕەنجی ئاڵمان بە لێو
ئەکا بە هەنگوینی بێمێو.

ئەگەر مەلی ئاسمانی شین
باڵی بەیاخ نەبێ بۆ ژین،
لە هیچ باغچە و بەهارێکا
لە جێی درکگوڵ نابینین،
گوڵ نابینین!

ئەو تاوانبارەی بۆ کۆتر
لە ژێی کەوان تیر گیر ئەکا،
پارچەی جەرگی ناو بێشکەی خۆی،
پێش هینی من نێچیر ئەکا!

لەگەڵ ئەوەش دەستی چەپەڵ،
ئابڕووتکاو،

هەرخەریکە، تە کەڵ تە کەڵ،
بۆ ئاسمانی پڕ لە هەتاو
تەپەدووکەڵ هەڵگەسێنێ،
گڕی سپی ئەخکێنێ!

پیاوخۆرێک وا
بە گۆشتی ڕۆڵەی خۆی چەش بێ،
ڕۆژهەڵات بۆی، وەک ڕۆژئاوا
دەبۆی تیر بێ، هیی تەرکەش بێ،
دیارە هەرگیز لە پەلامار
واز ناهێنێ وەک گورگی هار!

با هەزار جار،
گیرفانم پڕ لە بەڵێن کا،
جووتبەقێی بەڵێن بە سوێن کا:
کە هەڵگە گرێ
دەست لە گەزەن هەتا ئەمرێ.
من تەجرەبەی پار و پێرار
نایەڵێ چاو بێترس لێک نێم،
لە گازی مار!

ئەگەر دنیا ئاشنیی ئەوێ،
بۆ ژێرسەری خەوی ئارام
لە تووکی قوو پشتیی ئەوێ،
ڕاوێژ هەر ئەوەیە لەلام:
هەتا زووە،
تا خەڵک گشت بە قڕ نەچووە،
دان لە دەمی مار دەربێنێ! —
چەک نەمێنێ،
ئەوسا، بێترس، تیر ئەنوێ چاو،
ئەچێتە ئیش دوو دەستی پیاو!
ئەوسا باخچەی ژیانی نوێ،

جوانترین گوڵ تیا ئەپشکوێ!
ئەوسا ئینسان،
بە دەستی بێ تیر و کەوان،
زووتر تۆوی گوڵی زەوی
بۆ ئەبرێ تا ئەستێرە کان!...

بەرڤیخە: ١٩٦٢/٦/١٧

بۆ لاوان

بەبۆنەی میهرەجانی هەشتەمی لاوانی جیهانەوە
بۆ ئاشتی و برایەتی لە هەلسینکی، فینلەندە،
هاوینی ساڵی ١٩٦٢

ئەی لاوانی گشت دنیا!
هەلسینکی،
باخچەی زەمەقی سپی،
کە لە گەرمەی هاوینیا
ناسکیی بەهار دیارە،
ئەمجارە
جێگای مێهرەجانتانە!

وەک درێژی و ڕووناکیی
شەبەقی،
مێشکتان پڕە لە بیر،
وێنەی گوڵی زەمەقی
دڵتان پڕە لە پاکی،
پاکیی ڕەنگی سپیی شیر...

ئەی لاوان،
کچان، کوڕانی ڕووی ئەزرا!
باگۆرانیتان ئاسمان
کەڕکات بە شەپۆلی بەرزا!
بە سەد زمانی جیا جیا،
وەکوو هەور بگرمێنن
بە کێەتیی لاوانی دنیا
بە هەموکەس بنوێنن!
با ئەوانەی لە شەڕا،

تا خەڵک بمرێ، گۆشت ئە گرن،
بزانن،
چە ک هەڵناگرێ لە برا
هیچ لاوێ!
هیچ لاوێ شەڕی ناوێ!

ئەی لاوان!
هەر ئێوەن:
بەهاری ژینی ئینسان،
هەر ئێوەن:
ئاغای سبەینێی ژیان!
ئاغای «ئەمڕۆ ـ داگیرکەر»
ئەبێ زۆر باش بزانێ،
ناتوانێ:
بۆ شەڕ ئێوە باتە بەر!
برا، برا ناکوژێ،
خوێنی دایک نامژێ
ـ خۆشەویستیی خۆی تیابێ ـ
هەتا دنیا دنیا بێ!

درندەی شەڕ لەشی ژین،
بە برین،
وا شڕ ئە کات، سبەینێ،
کاسەی شکاوتان، هەنگوین،
تک لە بنیا نەمێنێ!

ئەی لاوان!
میهرەجان،
وێنەی هاوژیانیە،
هەرکاتێکی ژیانی

عومرێک خۆشی و جوانیە!

خوشکان و برایانی
دنیای زۆرنزیک، زۆر دوور،
هێزی ئاشتی و برایی
بەکیخستوون لە باکوور
وەک چەپکە گوڵی شایی،
سپی و ڕەش و زەرد و سوور،
تێکەڵ بوون...
بە ڕۆژ، بە شەو تا ئەنوون
بە ستەتان وا لە دەما،
یاری ئەکەن و سەما...
بێ کۆڵدان، بێ ماندوو بوون،
لە ئاشتیی جیهان ئەدوون!

ئەی لاوان!
مشتی وەک پۆڵای ڕقتان
ڕاست کەنەوە لەوانەی
تەم ئەخەنە شەبەقتان،
نایانەوێ کە سبەی
سەرانسەری ژیانتان:
هەر جەژن و میهرەجان بێ!
وەک فینلەندە جیهانتان
شەوی لەسەر بەیان بێ!
تێیان خوڕن ــ لەوانە ــ
شێرانە!
با ئەو چەکەی پێیانە،
فڕێی دەنە بن دەریا،
تا دنیا

داخه‌که‌ی هیرۆشیما
سارێژ ببێ له دڵیا!
تا ئێستان،
له سێبه‌ری ئاشتیدا،
ده‌ستی بچێته فرمان،
لمی ده‌شت، به‌ردی چیا،
پرکات له گوڵ و له نان!.

ئه‌ی لاوان!
ئه‌وسا چواروه‌رزه‌ی ژیان،
بۆ گه‌لان
گشت، جه‌ژن ئه‌بێ و میهره‌جان!

به‌رڤیخه: ۱۹۶۲/۶/۲۵

دلۆپی مرواری

ئاوابوونێک

بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە

ئەی سەیوانگای ئارامگای ڕابوردوومان،
پێت سپێررا کۆستی تازەی کەوتوومان!

لەو کۆشەتا کە خاکی نیشتمانە،
گۆشەی سنگی نازداری کوردستانە

با تیر بنوێ ئەو ئەستێرەی کە بە شەو،
بە شەوی کورد، نەچووە چاوی یەک تک خەو!

هەر ئەبنووسی لەسەر تەختەی ئاسۆی ڕەش،
وشەی «هیوا»ی کوردی بە پیتی گەش گەش

ئەو ڕەنجەی دای بە دەرس و نامە و هەڵبەست
شوێنی دیارە: لەو گڕەدا کڵپەی بەست

لە بن هەموو بەردێکی چیای کوردا،
لە قوڵایی دڵی درشت و وردا

ئێستا کە ڕوونا کیی ئاسۆی ڕۆژهەڵات
مژدەی پێیە کورد نزیکە لە ئاوات

دڵنیا بوو لە ئەنجام و بە بێ دەنگ،
کێشایەوە بۆ سێبەری خەوی مەنگ.

لەپاش ماندووبوونی مەردانەی مەیدان،
با لە کۆشی دایکا بنوێ پاڵەوان!

بەڵام ئێمەی گیرۆدەی ئەستێرەی گەش،
تا ئەو ڕۆژەی گڵ ئەمانخاتە باوەش،

چاوی تاسەی بە شوێنا هەر ئەگێڕین،
لە ئاسمانا، چونکە جێی چۆڵ ئەبینین.

سلێمانی. ئابی ۱۹۶۰

یادی «بێکەس»

هـــەڵدانـــەوەی لاپـــەڕەی کـــۆنی عـــومرە
بـــۆیە فـــرمێسک لە چـــاویایە ئـــەم شـــیعرە!

کـــوردستانی ئـــەو ســـەردەمە وا تـــار بـــوو،
بـــەفری زســـتان گـــوڵی بـــاغچەی بـــەهار بـــوو.

بـــوڵبوڵەکـــان لە قـــەفەسا قـــەتیس بـــوون
لە ســەرمانا ئەلەرزین، وەک گوڵ سیس بـــوون

ئـــەو مـــەلانەی دانـــدەیەکـــی گـــەرمیان بـــوو،
دانـــەوێڵەی چـــینە مـــایەی شـــەرمیان بـــوو

پەڕەی گوڵیان بە ڕەنگی «ڕوو» ســوور ئەکرد،
وا هەڵبەستیان پێشکەش بەرەوژوور ئەکرد.

جـــار جـــار لەپـــاڵ مـــەتحی درۆی زۆردارا،
چـــەن گـــوڵێکیش ئـــەکرا بـــە قـــژی یـــارا...

یاری هەڵبەست یـان هـیی تـێری بـێدڵ بـوو،
یان هـیی لاتـی نـاپەسەندی لای گـوڵ بـوو...

بـــەڵێ هـــەبوو بـــوڵبوڵی وایش، بـــرسی بـــێ،
تـــەماع هـــەرگیز شـــیعری پـــێ نـــەنووسیێ

هـــەرە بـــرسی و هـــەرە لێـــبووردووی دەســـتە
«بـــێکەس» زیـــاتر، خـــەباتی خـــستە بـــەستە،

لە بـــاغێکا فـــرمێکی «خـــانی» ئـــەڕژا،
دڵـــی «حـــاجی» لە ئـــاگـــرا ئـــەبرژا،

«بـــێکەس»ەدڵی بـــڕوای نـــەدا خـــامۆش بـــێ،
لە بـــەستەیا نـــیشتمان فـــەرامـــۆش بـــێ!

لە ڕووی شـــیری ڕووتـــا وەســـتا و نـــەڕانـــی،
ئـــازادیـــی ویست بـــۆ گـــەل و نـــیشتمانی!

زمـــانبڕین ســـزای قـــەی نـــەستەق بـــوو،
توانجی «بێکەس» بۆ دوژمن بـەردی ڕەق بوو

کـــزی چـــاو بـــوو، بـە چـاوی هـۆشمەندی
لە ئـــاسۆی دوور بـــرایـــەتیی کـــرد بـە دی،

لەنـــاو هـــەردوو نـەتەوەی عـەرەبا و کـوردا،
بە بـانگی بـەرز ئـەمەی خـستە شـیعری وردا.

لە کـــاتێکا دەســـتی دوژمـــنی نـــامەرد
تـۆوی کـینەی چاندبوو وەک گـەرای دەرد،

بـــەو نـــیازەی بکـــەوێتە خـــۆ خـــۆری:
کـــورد و عـــەرەب، تـورکمان و ئاسۆری!

* * *

ئەمویست «بێکەس» تێـنا بە سەر بژیایە،
ئـــەم گـــەرمیەی بـــرایـــەتیی بـــدیایە.

بـــیزانـــیایە بـــراگـــەورەی عـــەرەبمان،
چـــەن دڵـــۆزە بـــۆ خـــزمەتی ئـــەدەبمان.

بـیزانـیایە گـەوهەری نـرخـی «بێکەس»،
بـــراکـــانی چـــۆن ئـەیگـێرن دەســـاودەس!

«بـــێکەس»! لەشت بـــا لە خـــاکـا ڕزیـبێ،
بـا مـرۆڤیت بـە یـاسای مـەرگ ڕازی بـێ،

بـــەڵام بـــوڵبوڵ کـــە ئـــامانجی لەم ژیـــنە:
بەس خـوێندنی بـەستەی شـیرین شـیرینە،

تاکـوو دەنگـی چـریکەی بـێ لەســەر دار،
هەر زیندووە و هەر بوڵبوڵە و هەر باڵدار،

کە وا بێ تـۆیش تـاکـوو «داری ئـازادی»
بەستەی کـوردە، ئەژیت، نـەمری یـادی!

بەغدا. کانوونی یەکەمی ۱۹۶۰

یادی پیرەمێردی بۆێژ

ئەم بەهارە
لەسەر گردی مامەیارە،
بۆ یانزە جار،
نۆێ گوڵاڵەی سووری بەهار
خوێنی ڕژاوە سەر گیای سەوز،
خوێن پەنگی خواردەوە وەک حەوز...
بۆ یانزە جار،
سەوزە گیاکەی گردی یارە
مووی سپی کرد وەک چۆڕی شیر،
تووکی کەللەی بۆ یانزە جار
با ڕشتیە بەر پێی ڕێبوار!

پووشی دە ساڵ تێستە خۆڵە
لە و ڕۆژەوە جێی پیرەمێرد
ــ قۆچی تینوو بۆ دەمی کێرد[1] ــ
لە باخچەی هەڵبەستا چۆڵە.

باغچەی هەڵبەست،
هەزار و یەک جۆر گوڵ ئەگرێ،
تیایا هەیە زووڕەس، بۆنمەست،
بەڵام، ئاخ، زوو هەڵئەوەرێ

لە ناو هەزار و یەک گوڵا،
من هێڕۆم زۆر چۆ بە دڵا؛
کە پاش ئەوەی بەهار پیر بوو،
بە دڕک و پووش هەرد داگیر بوو،
گوڵی هێرۆ،
گورج لەسەر بنجی سەربەخۆ،
سپی و سوور هەڵئە کا بەیاخ،
دڕک و داڵ ئەگێڕێ بە باخ!

پاش بەهارێ،
کاتێک: ڕۆژی لای نیوەڕۆ
دەرزیی داخی لێ ئەبارێ،
ڕێبوار تک تک ئەتوێتەوە...
لەوکاتەدا گوڵی هێرۆ
لەناکاو ئەشە کێتەوە،
سرنجێک ئەگرێتە ڕێ و بان:
قێنک وەک ئاو، وەک بای کوێستان!
هێرۆم بۆیە لا پەسەندە:
لەسەر ڕەگێکی قوڵ بەندە
بەسەر درکی ژینا زاڵە،
تا ئەمرێ، سەر لقی ئاڵە.

بەغدا. حوزەیرانی ۱۹۶۱

---

۱) ئیشارەتە بۆ ئەم شیعرەی پیرەمێرد لە قەسیدەی «هاتن شەهیدەکان»دا:
من وام ئەوێ کە حەشر ئەکرێم خوێن بە بەگەروە
بەو عەشقی بیللیەوە، بە کزەی سۆزی جەرگەوە م.م.ک.

کۆمەڵەی شەشەم

ئۆپەرێت

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

ئەنجامی یاران

شوێن:سەرچاوەیەک لە بن سێبەری کۆمەڵە درەختێکا، لە دێیەکی بنار شاخ.
پلووسکێکی دارین لە کەڵەکە بەردێکی بەرزەوە ئاوێکی زۆری لێ دێتە خوار.

برزوو:
ئەی دایەی سەرکانیی ژێر سوورە چنار،
داپیرەی نوورانی؛
کوا فەڕی ئەم کاتەی ئەم جێگایەی پار؟
کوا شەوقی جارانی؟

وەنەوش:
کوڕی خۆم، ڕێبواری جوان و هەرزەکار،
جیاوازیی چیت دیوە
لەکانی و پلووسکی ژێر سێبەری دارْ،
کە زیخی مرواری و ئاوی وەک زیوە؟

برزوو:
دایە، ئاو ئەو ئاوە، جێگە ئەو جێیە
هیچ نەگۆڕاوە،
بەڵام سوورەگوڵێک هەیە لەم دێیە
مەنیجی ناوە،
نابینم وەکوو پارلە بەر پلووسکا
ئاو بدا بەکوڵمی نەرم و ناسکا!

وەنەوش:
ئەی جوانی سەر ڕێگا، زۆر هەنگی برسی
بە باڵ هات لە دوور
لای دایە ئەم شوێنە و ئەم پرسەی پرسی
دەرحەق گوڵی سوور!
پێم ناڵێی چکارەی؟ ڕۆڵەم، چ کەسی؟
سەر سەودای چی کەوتووی، مەنیج ئەپرسی؟

برزوو:
دایه، پار چەتە بووم، چەتەی نیشتمان
لە شاخ هاتمە خوار
لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاوجوان
تووش بووم یەکەمجار
بۆم ڕوانی... بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش
سەرکوڵمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش!

وەنەوش [لە بە رخۆیەوە]:
ڕووخۆشی و شەرم و ناز تێکەڵ پێشاندان
هەر شیاوی خۆتە ئەی مەنیجی جوان!

برزوو [لەسەر گۆرانیی خۆی ئەڕوا]:
بەو دڵە کوتێوە کە چوومە پێشتر،
داوای ئاوم کرد
بۆی ڕوانیم بە نیگای ڕیشەی دڵکێشتر
دەستی بۆ جام برد
بینم نا بە جامی «ئەناهیتا»وە،
(خوا ژنی نازداری کانی و سەرچاوە)
ئاوم خوارد، سرنجم دا لە باسکی ڕووت؛
پووزی هەڵکراو
لەسەر وردە زیخی مرواری و زمڕووت
وەک مەڕمەڕ تاشراو
ڕوانیمە باڵای ڕێك، سەر و پێچی شل
ئەگریجەی وەک شەوەی سەر بەفری لامل.

وەنەوش [لەبەرخۆیەوە]:
شیرینە سەرتاپای ئەندامی مەنیج
شیرینتر: ڕەوشت و خوو و فامی مەنیج!
برزوو [لەسەر ئەواوکردنی گۆرانیی خۆی ئەڕوا]:

به قسەی لە رزۆکی لەگەروو گیراو
لە گەڵی دوام
لاوانسی بە دەم و لەبزی وەک شەکراو
پرسیار و وەڵام—
گەیشتە: ناونیشان، ناو، دۆست، دەزگیران
تا دەستمان بۆ یەکتر نایە سەر قورعان:
کە هەرگا پێویستی نیشتمانم دی،
لە چەک بەردرام
مانگی زۆر هەڵگرم، بێمە خوازبێنی
گوڵغونچەی هیوام!
وا تێستا چیم هەبوو کردوومە بە نەخت
وەک عەودانی کەوتوومە شوێن تروسکەی بەخت

وەنەوش:
ئەی ڕۆڵەی لاوچاکم، چەتەی نیشتمان!
داخی گرانم!
زمانم ناچەرخێ بە قسەی ڕەوان
ئەوەی ئەیزانم—
لەبارەی مەنیج و ئەستێرەی بەختی،
بۆ تۆی بگێڕمەوە بە ساردی و سەختی!

برزوو:
هەی داپیر! دەخیلم، چیبە خەبەرت؟
ئارامت بردم!

وەنەوش:
ڕۆڵە کەم، کەڵکەڵەی مەنیج لە سەرت
دەربکە...

برزوو:
— مردم!
بێگومان مەنیجی نازدار مردووە؟

وەنەوش:

نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردووە؛
بۆ ماڵ و ژن بە ژن باوکی چروکی
لە دێیە کی دوور
لە بەندی پیرێکی توند کرد بە بووکی،
ژاکاگوڵی سوور
وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنی خەم
فرمێسک ئەبارێنێ: کەی کەم ئێستە کەم!
[لە هەمان جێگا، لەپاش هەفتەیەک، لەسەر گڵکۆی برزوو]

کۆرسی کوڕان:
لێرەدا دڵدارێك ئەنوێ کش و مات
نەوجوانێک بوو؛
نەربتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات
یاری لە کێس‌چوو!
یەکەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمان
هەر لێرەیش خۆی پێ کوشت دەردی بێدەرمان
[لەسەر گڵکۆ کەی تەنشتی ئەو]

کۆرسی کچان:
ئەمەیە قیبلەگای تەوافی کچان:
گڵکۆی مەنیج جوان
بۆ دۆستی جوانەمەرگ وەفای خۆی نوان
ئەویش خۆی خنکان
خۆی کردە قۆچی عەشق، قۆچی سەربەستی
پچڕانی زنجیری کۆنەپەرستی!
[لە هەمان جێگا]

هەردوو کۆرس [بە تێکەڵی]:
بێن کچان، بێن کوڕان، پەیمان ببەستین:
بۆ هێزی زۆداری ملکەچ نەوەستین؛
شە هیدانی عەشق

بکەین بە سەرمەشق
دڵداریی ڕاست و پاک ئامانجمان بێ گشت
یان بژیین سەرفراز، یان بچین بە کوشت!

سلێمانی. مارتی ۱۹۵۳

ئەنجامی ئەژدەهاک

یەک دوو هەفتە پێش جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ (۱۹۵۹) لە گەڵ هونەرمەندی بەهرەدار کاک قادر دیلان بڕیارمان دا کە پێکەوە تەقەلا بدەین بۆ بەرهەمهێنانی پارچەیەکی هونەری بۆ ئەوەی لە جەژنی باسکراوا پێشکەشی گەلی شارە خۆشەویستە کەمانی بکەین.

بەری تەقەلای من لەم پێناوەدا بیرکردنەوە بوو لە دانانی ئۆپێرایەک کە ئەمەی لای خوارەوە یەکەم پەردەیەتی.

لەبەر کەم و کوورپی ئەو کاتەی بە دەستمانەوە بوو، بڕیارمان دابوو کە ئەو بۆ ئەم پەردەیە دەست بکات بە دانانی ئاوازە و پراوە کردن لە گەڵ تیپی ئاوازە و تیپی تەمسیل تا من لە دانانی پەردەی دووەم ئەبمەوە، وە بەم جۆرە بڕۆین تا ئۆپێرا کە ئەگاتە ئەنجام.

بەڵام داخەکەم کاک قادر بۆی نەکرا بەڵێنەکەی بێنێتە جێ. ئەمە بوو بە هۆی ساردبوونەوەی منیش، وە بەم ڕەنگە دەستم لە پرۆژە هەڵگرت.

ئێستا کە پەردەی یەکەم لە ئۆپێرای ناتەواو ئەخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی «بەیان»[1]، ئەگەر لە هونەرمەندە کانمان ــ بە مۆسیقار و ئاکتۆرە کانەوە ــ هاندان و بەڵێنێک ببینم بۆ پشتگرتن و هاوکاری لە سەرپێگرتنی پرۆژەکەدا، ئەوا ئامادەبوونم پێشان ئەدەم بۆ تێهەڵچوونەوە و تەواوکردنی پەردە کانی تر.

«گۆران»

---

۱) مامۆستا گۆران ئەم ئۆپەرێتەی لە ژمارە «۴»ی بەرگی «۲»ی ئایاری ۱۹۵۹ی گۆڤاری «بەیان»دا بڵاو کردووەتەوە کە بە سەرپەرشتیی خۆی لە سلێمانی دەرئەچوو. من خۆم دانەیەکی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەم لابوو مامۆستا گۆران بە دەستی خۆی گەڵێ دەسکاریی ئۆپەرێتەکەی تیا کردبوو، بەداخەوە لە بار و دۆخێکی سەختدا لە دەستم دەرچوو. م. م. ک.

پەردەی یەک

بازاڕی ئاسنگەران

جارچی [بەدەم زەنگ لێدانەوە]:
بە فەرمانی شای بێباک،
خاوەنشکۆ ئەژدەهاک،
ورتەتان لە دەم دەرێ،
بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!

یاساوڵان: [شیر هەڵگەکێشن]:
ورتەتان لە دەم دەرێ،
بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!

جارچی:
مارانی شا بێقەرارن،
ناشتای مێشکی هەرزەکارن.
هەر ماڵەتان سەر وکوڕ،
کاسەی سەر لە مێشک پڕ
ئامادەکەن،
با یاساوڵان بیانبەن
بۆ چێشتخانەی شا، تا جووت جووت
مێشکیان بۆ مار ببێ بە قووت
بە دەستی وەزیر: کرمایلی ژیر!

سەرکردەی یاساوڵان:
سەر هیی شایە، ماڵ هیی شایە،
هەر ماڵەکوڕێک... چیی تیایە؟!

جارچی:
یەڵڵا! دەسا خاوەنکوڕان! هەریەکتان کوڕێ...
هەر ئێستا کە لەگەڵ ئێمە بیانخەنە ڕێ!

سەرکردە:
پەلە نەکرێ،
وەڵڵا! بیللا! ئاگر لەماڵتان بەر ئەدرێ،
خاوخێزانتان ئەسووتێنرێ!
با گشت نەڕوا، یەک کوڕ ببرێ!

جارچی [لێستەیەک دەرئەهێنێ، دەستئەکا بە خوێندنەوەی]:
ڕۆستەم کوڕی کاوە، کوڕی یانزەمین...

کاوە [بەدەم ئاسنکوتانەوە، لە بەر خۆیەوە]:
دەربەستی دە و یانزە نین،
وەستای پۆڵا و ئاسنین،
ڕۆژێک ئەبێ تۆڵەی گەلمان بسێنین!

جارچی [لەسەر خوێندنەوە ئەڕوا]:
برزووی ئوسرەو، کوڕی هەشتەمی خوسرەو،
نەوزاد کوڕی قوباد، بێژەنگی پرتەو...
دەرچن لە ڕیز، بێن لێرەدا بوەستن...

یاساوڵی یەکەم:
باوکی سەگتان بۆتان ئەگرین وەکوو ژن!

کاوە [لەبەر خۆیەوە]:
هۆی ژیانی گەل ژنە،
خەنجەر بێچووی ئاسنە،
زامی جەرگی ژن و پیاو
هیی دەستی یەک دوژمنە!
[دوو لاو بە پاڵەپەستۆ نۆرەبڕی لە یەکتری ئەکەن]

یاساوڵی دووەم:
کێشمەکێشی ئەم دوو سەگە
گلاراوی سەرەمەرگە!

لاوی یەکەم:
منم بێژەنگ، کوڕی خوسرەو!

لاوی دووەم:
منم! منم! خوشکمە ئەو!
[یاساوڵێک شیرین لە نیشانەی تێری ڕووت ئەکا]

سەرکردە [بە تووڕەیی سەر با ئەدا]:
غەش لە شای ئەژدەهاک ئەکا؟!

کچان [لە ڕیزی پشتەوە دەرئەپەڕنە دەرەوە]:
زۆر چاک ئەکا! زۆر چاک ئەکا!
کچ بۆ نابەن لەباتیی کوڕ، خوشک لە جێی برا؟
کچ بۆ بژی، لە کاتێکا کوڕ تۆوبڕ چرا؟
[نیوەی یاساوڵان لاوەکان ئەدەنە بەر و ئەیانبەن]
مێشکی کوڕ و کچ لای مار،
لای ئەژدەهاکی زۆردار
هەر یەکە، هەر یەک بێگومان!
تێتر بۆچ بێبەش بن کچان
لە خەبات و قوربانی دان
بۆ نیشتمان، بۆ کوردستان؟

سەرکردە:
یاساوڵان، ئەم کچانەش هەموو بگرن،
تا لە بەندیخانەی شاژن ئەیانکوژن!
[بەستەی کچان]
بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نیە،
بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نیە،
ئەی قژی زەرد، وەکوو پووش دەسکەنە بە!
ئەی لێوی ئاڵ، بە بێ زەردەخەنە بە!
چاوی ڕێژراو پێمە کەنە وەکوو گوڵ
بۆ ڕۆژی ڕەش بڕژێنە فرمێسک بە کوڵ!

لەنجە مە کە بەژنوبالّای نەمامی،
رەشپۆشی جوانەمەرگیی چەند برامی؟
بە کەساسی کەچ بە، گەردنی بێگەرد!
سەرکولّمە کان، بگرن ڕەنگی لیمۆی زەرد!
بۆ خۆشەویستی لێمەدە ئیتر، دڵ!
لە ناو گۆڕی تەنگا بابیی بە گڵ!
کە ئازادی و باوک و برا لە کیس چوو،
کچە کوردێک چ زیندوو بێ، چ مردوو!
[کرمابیلی وەزیر کە تێتەپەڕێ، گوێ لە گۆرانیی کچان ئەگرێ کە تەواو ئەبێ. دوایی کچان ئەبەن]

[ئاسنگەرەکان لەناو خۆیانداکەوتنە مقۆ مقۆ]

یەکەم:
داوەشینە! دارزینە!
خەڵکینە کەی ئەمە ژینە؟

زۆربە:
خەڵکینە کەی ئەمە ژینە؟

شاگردێک:
وەستا هەلی ڕاپەڕینە!

هەندێک:
ڕاستە، هەلی ڕاپەڕینە!

کرمابیل:
[ئەگاتە بازاڕی ئاسنگەران، سڵاو لەکاوە ئەکا]:
خاوەنشکۆ بێدەماخە.
دڵمان هەموو پڕ لە داخە!
چاوی ماری ناچێتە خەو
نەکاتی ڕۆژ، نەکاتی شەو!
لە خۆراکی مێشکی کوڕیش

سەر با ئەدەن بە فیشە فیش!
ئیستا ئەڵێم چۆپیی کچان
بکەم بە هۆی ڕەشمار لاسدان،
ماری دڵتەڕ، کج هەڵپەڕێ
خەویشی دێ و ئەشلەوەڕێ!
[سەر ئەنێتە گوێی کاوە]
هەر لاوێکم لە مەرگ بۆ لا دراوە،
لە نهێنگا ئامادە ڕاوەستاوە،
لە گەڵ یەکەم جووڵەی شۆڕش ئەوان زوو
داگیر ئەکەن لە کۆشکا برج و بارەوو

کاوە:
جووڵە بە زستان ئەتەزێ
سەرما وەکوو مار ئەگەزێ!
تا گوڵاڵە دەشت سوور نەکا،
پیاو ئاسان خوار و ژوور نەکا،
دەستدانە شۆڕش گرانە،
لەم وڵاتی کوردستانە!

کرمایيل:
ئەی کە پێمان نایە بەهار؟

کاوە:
زۆر زۆر بەجێیە پەلامار!
هات و پەلامار سەرنەکەوت،
مل ئەنێین بۆ شاخ و ئەشکەوت.

کرمایيل [هەر بە چپە]:
ئەم کچانەی ئەمڕۆ گیران،
پەڵپ و بیانووی چۆپیی ماران،
دەربازبان ئەکا وەک باران!

کاوە:

هەر بژیت سەرباشقەی ژیران!
[کرمایيل ملی ڕێ ئەگرێ. دوور ئەکەوێتەوە]

کاوە: [بە ئاسنگەرە هەڵچووەکان]:
براکانم! ئەمڕۆ ڕۆژی دان بە خۆداگرتنە
ڕاپەڕینێک بێوادە بێ هۆی ئێجگاری مردنە
لەم کاتەدا خزمەت تەنیا بێوچان ئیشکردنە،
بۆ ڕۆژی خۆی چەکی زۆر و ئەفاقی زۆر خستنە.
ئەگەر دڵسۆزی ڕاستین،
ئەبێ هەرگیز نەوەستین،
ئاسن بکوتین بە ئاسن،
داس دروست کەین و گاسن،
شمشێر و تیر و خەنجەر
فریا خەین بۆ شۆڕشکەر!
[ئاسنگەرەکان سارد بوونەوە و دەستیان دایەوە کەرەستە کانیان و کەوتنەوە کارکردن]

ــ پەردە داکشا ــ

کۆمەڵەی حەوتەم

پەیس لە یەک پەردەی کورتا

دوشمنمان مێشوولە

ـ پەردە هەڵکشا ـ

[کۆشکێکی گەورە دەرئە کەوێ، بە خەتی درشت لەسەر دەرگاکەی نووسراوە: «پرۆژەی لە ناو بردنی مەلاریا». لە کۆریدۆر چوار پێنج پسپۆڕ و ناپسپۆڕی بێگانە دەوری مێزێکیان داوە بە میکرۆسکۆپ تەماشای گەرا و کرمی مێشوولە ئە کەن. ئەمانە گشتیان نیشانەی پسپۆڕی: چاویلکەی زەق زەق و کەللەسەری زل زلی ڕووتاوەیان هەیە... لە پشت سەریانەوە تابلۆیەک بە دیوارا هەڵواسراوە، هی وێنەی هەزار جار گەورە کراوی مێشوولەیەکە بە هەزار ڕەنگ بۆیە کراوە، ڕەنگی وا جوان کە مێشوولەی قەحبەباب هەرگیز بە پەپوولەی بەهاریشەوە نەیدیوە... پۆلێک کرێکاری نیشتمانییش، پەڵاسی شڕ و چڵکن لەبەرا، سێپا و لوولەی خەریتە و سەتڵ و ترومپا و پاچ و خاکەنازیان هەڵگرتووە چاوەنواڕی ئە کەن... پیرۆتە سیس کە نەخۆشێکی سیلاویی بێدەرمان و بێخۆراکە، لەوبەری شەقامەوە پاڵی لێداوە بە دیوارەوە، تەماشای ئەم دەزگا و دووکانە ئە کات.]

پیرۆتە سیس [بە گۆرانییەکەلەگێزەی مێشوولە ئەچێ]:

ئەم زانا و دوکتۆرە گەورانەی دوور وڵات،
تێڕاون: بگەنە هاواری تێمەی لات
دوو فلسێک هەمانە و تیا نایێ نرخی نان
بیدەنە تفاق و ترومپا و داودەرمان
تا ڕەگی مێشوولەی دوشمنمان دەربێنن
وا تۆڵەی لەبرسا مردنمان بسێنن!

ـ پەردە داکشا ـ

تەموزی ۱۹۵۳

شیوەنی دارستان

ـ پەردە هەڵکشا ـ

[لادێیی چۆغەشڕ بەرامبەر بە کۆشکێکی گەورە وەستاوە، بە ئینگلیزی و بە عەرەبی لەسەر دەرگاکەی نووسراوە: «دائیرەی دارستان»].

لادێیی چۆغەشڕ:

ئەم کۆشک و دەزگایە کە پێشتەی تفاقە — بێگانە ئەیگێڕێ و بە ناو هیی عیراقە...
کەس نەبوو عیراقی کە هێندە دانا بێ: — بزانێ شاخ نابێ دارستانی تیا بێ!
ناچار بووین هێنامان پسپۆڕی بێگانە، — بە زانست سووتاندی ئەم دارستانانە،
هەمووی کرد بە خەڵووز، پێشکەشی ئاغای کرد — ئاغاشان بە دیاری بۆ پاشای بەغای برد...
تێستاکە تیمەین و شاخێکی وەک کەچەڵ، — با هەر بەین بە سەرا قوڕی خەست بە تۆپەڵ!

ـ پەردە داکشا ـ

تەموزی ۱۹۵۳

ماستاو...

ـ پەردە هەڵکشا ـ

ئا: تەلەفۆنی ئەمسەر: ئاغا لە هاوینە هەواری کوێستان
ب: تەلەفۆنی ئەوسەر: کاربەدەستێک لە بانکێ زخانەیەک

ئا:
هەلاو... هەلاو... گەورەم! سێرم!
هۆی گیرفان و سکی تێرم
هەلاو... هەلاو...
ڕووناکیی چاو!

ب:
ئەلۆ... ئەلۆ... «شێک»م! «ئاگا»م!
لەناو گەلتا پشتم، پەنام!
ئەلۆ... ئەلۆ...
«کۆت» براقۆ!

ئا:
جێگام بەرزە و سەیرانگایە،
نزیک بەوپەڕی دنیایە...
بۆچ بچووکت گەورە ناکەی؟
چاوەڕوانیی من هەتاکەی؟
هەلاو... هەلاو...
ڕووناکیی چاو!

ب:
زۆر «موشتاک»م، زۆر پەرۆشم:
بێم ماستاوی سارد بنۆشم،
بەڵام «ئاک!» لە «داک»ی ڕووتە
نۆشی گیان لام «زەکەبووت»ە!
هەرچەند من دێم ڕائەپەڕن
لە منیش و لە تۆیش پڕن!
ئەلۆ... ئەلۆ...

«کۆم» برای تۆ!.

ئا:

هەلاو... هەلاو... ڕووناکیی چاو!
لە گەڵ خۆت زۆر بێنە دراو،
بە مانگانە پیاو ڕاگە گرم،
ورتەیان کرد سەریان ئەبڕم!
دوایی: نەیەی، ئەودیو سنوور
لێسان ئەکرێ بە ئاگری سوور!
هەلاو... هەلاو...
خاوەندراو!

ب:

هەر تۆ و دراو؟ بە بانی چاو!
بەرخ سەر بڕە و سارد کە ماستاو
ئەڵۆ... ئەڵۆ...
«کۆت» برافۆ!

ئا:

هەرتۆ و کەباب؟ هەرتۆ و ماستاو؟
هەی بەسەر چاو! هەی بەسەر چاو!

[ئاغا هستیریای کامەرانی ئەیگرێ، لە گەڵ ئەوەی خەت داخراوە، گوێدانی تەلەفۆنە کەی هەر بەدەستەوەیە، بەدەوری خۆیا ئەسوورێتەوە و سەما ئەکا]

میوان؟ دراو؟
کەباب؟ ماستاو؟
هەلاو...! هەلاو...!
هەلاو...! هەلاو...!

ـ پەردەداکشا ـ

سلێمانی. ئابی ۱۹۵۳

---

۱) ئەو وشانەی کە لە ناو کەوانە کەدان، ئیملایان بەپێی دەم و زمانی یێگانە کە نووسراوە کە بە ئاغا ئەڵێ «ئاگا»، وە بە خۆم ئەڵێ «کۆم».

ولّاتی ئاوا

ـ پەردە هەڵکشا ـ

[دەستەیەک شاریی بێکار و بێدەرەتان لە بەر دەرگای کۆشکێک وەستاون کە ئەوەندەی قشڵەیەک گەورەیە، لەسەر دەرگاکەی نووسراوە: «لاتخانەی شار» لەناو ئەم دەستەیەدا «ناڵە یەک‌لنگ» خۆی داوە بەسەر دارشەقە کەیا، هۆرە بۆ مەجلیسی ئیعمار ئەکا کە ئەم کۆشکە جوانەی بنیات‌ناوە] :

بـــڕوانـــن لاتـــخانەی ئـــیعمار چ زلە: چل ژووڕە و هەر ژووری جێی نوێنی چلە!
بـــەم‌جۆرە، هـەر شـارە سـەر و لاتـخانە دروست کا، کێ ئەڵێ: عـیراق وێـرانـە؟
هەر بـڕی ولّاتـێک: دەزگـای ئـیعماری، لاتخانەی پـڕ نـاکـا دانـیشتووی شـاری!

ـ پەردە داکشا ـ

سلێمانی. ئابی ۱۹۵۳

جۆقی یۆنسکۆ

شوێن: دێیه‌کی ناوشاخ.

که‌سه‌کان: ۱) ئه‌ندامانی جۆق: پرۆفیسۆر، دومبه‌کچی، که‌مانه‌ژه‌ن، کچه مامۆستای گۆرانییێژ، کچه مامۆستای سه‌ماکه‌ره. ۲) دانیشتوانی دێ به ورد و درشته‌وه.

نیاز له هاتنی جۆق: قێرکردنی خوێنده‌واری و مالّداری و دروومان و کشتوکالّ و مۆسیقا و دانس تاد، به دوو هه‌فته له چوار پێنج دێدا.

ـ پەردە هەڵکشا ـ

پرۆفیسۆر:
هاتووینه دێی به‌رد و کوچک
خرِ بیژه‌نه وه‌ستای دومبک!
خرِ بیژه‌نه که‌مانه‌ژه‌ن!
کچان، ئێوه‌ش ئه‌ما بکه‌ن!
[ساز و سه‌ما ده‌ستپێ ئه‌کا]

کچه مامۆستای گۆرانییێژ:
من زانای ده‌رسی ئه‌لفبام
دوو جار بڵێن: ته‌رلای لای لام!

هه‌موو:
ته‌رلای لای لام...
ته‌رلای لای لام...

کچه مامۆستای گۆرانییێژ:
«نوون» بۆ نانه، نانی گه‌نم.
ته‌رلای... پێتان پێئه که‌نم!

هه‌موو:
ته‌ر لای لای لام...
ته‌ر لای لای لام...

کچه مامۆستای گۆرانییێژ:

«گاف» بۆ گۆشتە و «پێ» بۆ پلاو
نەک نایخۆن، نایبینن بە چاو
تەرلای لای لام، تەرلای لای لام
دوایی هات دەرسی ئەلفبام!

هەموو:
تەرلای لای لام...
تەرلای لای لام...

دومبەکچی:
تەپ تەپ... تەپ تەپ...
بە هەردوو دەست: سێ راست، یەک چەپ!
تەپ وەک زرمەی دەستڕێژ وایە
بێ شەڕ نابێ ئەم دنیایە!
تا ئەتوانن تەپ تەپ فێر بن
سێ سک برسی، یەک سک تێر بن!

هەموو:
تەپ تەپ... تەپ تەپ...
سێ راست، یەک چەپ!

کچە مامۆستای سەماکەرە:
دەی دانیشتووی بەرد و کوچک
لەسەر هەوای پیرە دومبک
چەپڵە لێدەن، سەما بکەن
[چەقەنە لێ ئەدا]
ئاوا بکەن!
[سمت باڵەدا]
ئاوا بکەن!
[گشتیان ئاوا و ئاوا ئەکەن]
ئا وا نەکەن چۆن تێنە گەن؟
ئا تێنە گەن چۆن پێنە گەن؟

پرۆفیسۆر:

دانیشتووی دێ، درشت و وردا!
هەموو تانمان زۆر باش فێر کردا!
«تە رلای لای لام»تان لەبەرە
گشتتان بوون بە سەما کەرە.
[چەقەنە لێ ئەدا و گشت بە شوێنیا لێی ئەدەن]
ئاوا ئە کەن!
[سمت باڵەدا و گشت بەشوێنیا بای ئەدەن]
ئاوا ئە کەن!
لە من باشتر سەما ئە کەن!
ئیتر کارمان نەما لاتان
ئەتانسپێرین بە خواتان!
[بە دەم گۆرانی و چەقەنە و سووڕدانەوە، شانۆ دەست ئە کا بە چۆڵبوون]

هەموو:
تەرلای لای لا... تەرلای لای لا...
یۆنسکۆ جوان دەرس داڵەدا!

ــ پەردە داکشا ــ

سلێمانی. ئەیلوولی ۱۹۵۳

موحاکەمەی مام چەوەندەر

[پەردە هەڵکشا و سالۆنی موحاکەمە بە دەستەی تەواوەوە، کەوتە بەرچاو...]

١ ــ موحاکەمە:
ــ ناوت چییە؟
ــ مام چەوەندەر!
ــ لە کوێوە دێی؟
ــ لە دەشت و دەر.
ــ بە چی هاتی؟
ــ بە پشتی کەر.
ــ کێ هانیتی؟
ــ لالە ڕەنجدەر.
ــ چۆنی هانیت؟
ــ بە دەردی سەر.
ــ بۆ کێی هانیت؟
ــ ئاغای سێبەر.
ــ ئاغا چیی وت؟
ئێللا گێزەر!
کەڵکی نە گرت
تکای ڕنجدەر،
بەر شەقیان دا
دەستەی نۆ کەر:
«ئێللا گێزەر...
ئێللا گێزەر...»

٢ ــ بڕیار:
بەڵێ، مادام لالە ڕەنجدەر
بۆی نە گونجا لە چەوەندەر
بارە گێزەر بێنێتە بەر؛
وا دامانا بە تاوانکەر!

یەڵڵا، پۆلیس، بیدەنە بەر،
لشەشی کوت کوت کەن بە خەنجەر!

[پەردە داکشا و ئیتر کەس نەیزانی مام چەوەندەریش چیی بەسەر هات؟]

سلێمانی. ئەیلوولی ۱۹۵۳

نق و جق

دیمەن: ژووری دائیرەیەک... لای ڕاست کورسی و مێزی نق... لای چەپ کورسی‌و مێزی جق. جێگای تەلەفۆن لە ناوەڕاستی هەردووکیانا، بە دیوارە کەی پشتیانەوە... دەرگای مەعبێن لە گەڵ ژووری سەرەک لە بەری لای نقەوە... ئاد.

ــ پەردە هەڵدکشا ــ

هەژار [سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی نق]:

ــ قوربان کارم؟

نق [بێ سەرهەڵبڕین]:

ــ بە دەست جقە.

هەژار [سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی جق]:

ــ قوربان کارم؟

جق [بێ سەرهەڵبڕین]:

ــ بە دەست نقە.

هەژار:

ــ قوربان، مەئموری نق، کارم،
عەرزوحاڵە کەی پێرارم؟

نق [سەر هەڵبڕێ... قەڵەمە کەی دائەنێ... جگەرەیەک دائە گیرسێنێ... پاڵی لێ ئەداتەوە]:

ــ کوڕە، کابرا، نەموت بڕۆ
لای جقە عەرزوحاڵی تۆ؟!

هەژار:

ــ مەئموری جق عەرزوحاڵم؟
هێند پرسیم کاول بوو ماڵم!

جق [هەمان دەستووری نق پاڵی لێ ئەداتەوە]:

ــ کوڕە. کابرای بێ سەر و پێ،
نەموت لای نق بۆی بگەڕێ؟

هەژار [لە بەر خۆیەوە]:

ــ تەقیم... ورگم پڕ بوو لە ڕق
[بە دەنگی بەرز] :
داد، گەورەی نق! داد، گەورەی جق!
[دەرگای مەعبەد کرایەوە، سەرەک بە دەموچاوێکی تووڕەوە سەری کێشا، نق و جق هەڵسانە سەر پێ]

سەرەک:
چیە کابرای قڕە قڕکەر؟

جق:
گەورەم، لێمان تێک‌ئەدا سەر!

هەژار:
قوربان! عەرزوحاڵی پێرار!

سەرەک:
هەی قو ـزەڵقورت! هەی زەهری مار!
پەلە لە کاربەدەست ئە کەی؟
لە نق و جق سەر تێک‌ئەدەی؟

هەژار:
قوربان، پەلەم نە کردووە!

سەرەک:
بۆ عەرزوحاڵ دوو ساڵ زووە!
بۆچی تێرە خومخانەیە؟
یا جقخانەی شاهانەیە؟!

نق:
کاری ئاغا چوار ساڵی بردا

جق:
هی بە گمان بە پێنج تەواو کرد!

سەرەک: [لە بەر خۆیەوە بە تەوس و تووڕەیی] :
پێرێ، عەرزو حاڵی داوە،

ئەمڕۆ کەوتۆتە ئاژاوە...
[ڕوو ئە کاتە نق]
تەلەفۆن کە، تەوقیف بکرێ.
با بەس بێت بەرۆکمان بگرێ!
نق: [دەم ئەنێ بە گوێچکەدانی تەلەفۆنەوە]:
ئەلۆ... پۆلیس! مەوقووف هەیە.

سەرەک:
با تێبگات دەنگ کەیە!
[ئەوەندەی نەخایاند، پۆلیس پەیدا بوو... دەس کرا بە کەلەپچە کردنی هەژار...]

هەژار: [بە واقوڕماوی چاوی گێڕا بە گشتیانا. لە بەر خۆیەوە]:
حەی لە نق و جقی کارم
چەند گورج دەرچوون بۆ ئازارم!؟
[هەژار درایە بەر بۆ بەندیخانە و ئیتر پەردە داکشا]

سلێمانی. ئەیلوولی ۱۹۵۳

خۆزگەی هەژار

ـ پەردە هەڵکشا ـ

[بارامە گول بە پەڕۆی خامی چڵکن برینەکانی دەست و قاچ و ملی پێچاوە. لە تاو ئازار لە بن سێبەری درەختی شەقامدا چیچکەی کردووە... لەنگەری لەشی خستووەتە سەر گۆچانە لار و گێڕەکەی... بەرامبەری ئەو دەروازەی بەیتاڵخانەیە... ئەسپێکی ژانکردوو بە دەست نۆکەری ئاغاوەیە، بەیتاڵ خەریکە تەرمۆمیتر (گەرمپێو) لە کۆمی وڵاخەکە دەرئەهێنێ و ئەیداتە بەر شووشەی چاویلکەکانی بۆ خوێندنەوە... مادامێکی تەڕپیریش خۆی لە پۆدرەیەکی خەستا گەوزاندووە، بە لچ و لێوێکی خوێناوییەوە تووڵەیەکی نەخۆشی گرتووەتە باوەشی، لایانا وەستاوە... مادام تووڵەکەی وەکوو منداڵ ڕاپەڕێنێ بۆ سووککردنی ئازاری...]

بارامەگول [بەدەم گڕی ئاوە، بە گۆرانی]:

ئەم کۆشکە، کۆشکی چوارپێی نەخۆشە، بـۆیە وا بـەرزە و گـەورەیە و خـۆشە!
تـفاقی و دەرزی و دەوا و دەسـتووری، پڕفەرشی و پـاکـی تـەویلە و ژووری
مـایەی حـەسرەتی دووپـێی هـەژارە کـە دوکـتۆر دەوای نـاکـا بـێ پـارە!
سا خۆزگەی هەژار: بەگاجووتی بەگ، بە ئەسپی ئـاغا، بـە تـانجی، بـە سـەگ!

ـ پەردە داکشا ـ

سلێمانی. ئەیلوولی ۱۹۵۳

کۆمەڵەی هەشتەم

شیعری گەپ

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

عەرزوحاڵ

بـــنووسە بـۆ پـاشای مـەزنی «بـەغا»[1] نـــیشانەی دڵـــۆزیی بـێگەردی ئـاغا:
دوو لۆری دیـــاریمان ئـەوا خـــتە ڕێ هـــیوایـــە بـەڵێنی خـۆی بـێنێتە جـێ!
ڕاســـپێرێت کـــە لێـرە جـەنابی مـدیر لە نـــایب دانـــانا بـــمخانەوە بـــبر،
نـەهێڵێ ڕووڕەش بـم وەک جـاری پێشوو کـــە درام بـۆ ئـاغای ئـامۆزام بـە شـوو!
دیـاریی مـن لە دیـاریی ئـەو چـەورترە، بـــەرتیلم لە هـــیی ئـــەو جـێگاگـــرترە
ڕاســتە ئـــەو نـــاو بـــە نـاو، لە بـاڵۆێزخـانە سەرئەدا و وەرئە گرێ یـەک دوو مـانگانە...
ئـــەمەیە کـــە فـــەڕی خـســتۆتە بـــەختی، پـاشاکـان نـاچار بـوون بگـرن حـورمەتی!
خـۆ مـنیش دووراودوور هـەر فـەرمانبەرم، بـــۆ بـــاڵۆێزخـانە کـان خـــەفاوە ســـەرم،
بە دوو چاوی تێژ و جووتێ گوێچکەی سووک هـــەمیشە هـــەڵپەمە و خـــزمەتی بـــچووک
پـێشکەشی بـارەگـای بـەرزیان ئـەکـەم، ڕاپۆرتی دەنگوباس مانگ بە مـانگ ئـەدەم!
هـــەر ئـــەوەم تـــاوانـــە کـــە لە شـار دوورم تا تۆزی دەرگایان زەرد کـا ڕووی سـوورم،
وەک ئاغای ئـامۆزام، وەکـوو پـاشا خۆی کە کـۆشک و کـارخـانە و بـانق لواوە بـۆی!
دە ڕێم بەن، یەک دوو ساڵ منیش بێمە شـار دەســتی قـــرپ بـــێمە خـــەرمانی دیـــنار!
چـــیم وەر گـرت لە مـیری، لە بـاڵۆێزخـانە، چـــیم دزی لە ڕووتـــەی ئـــەم نـــیشتمانە
دوا فـــلسی بـــهاومە بـــنی ئـــاوی حـــەوز: لەسەر جێی شەوی سوور، لەسەر مێزی سەوز...
بـــزانـــن ئـــەو حـــەلە مـــن یـــا ئـــامۆزا: قـــەڵاتر ئـــەنوێنین گـــەردنی ڕەزا؟!
بـــزانـــن مـــن یـــا ئـــەو، لە حـەق پـارلەمان ئـــەبینە هـــۆی لوتـــفی بـــاڵۆێزخـانە کـان:
بـە دەنگـدان، مـۆرکردن، هـەڵبژینی دەسـت، هـەر پـاشا بـنوێنێ گـۆشەی چـاوی مـەسـت!
بـــزانـــن مـــن یـــا ئـــەو، کـەڵکی کـۆمپانی بـــاش ئـەگـرین بـە خـەسـتی بـەستەزمانی؟
بـــزانـــن مـــن یـــا ئـــەو، وەکـوو کـەڕ و لاڵ بـــەرامـــبەر بـە تـانە و تـــوانـجی تـاڵ تـاڵ،
کونی گـوێ بـە لۆکـەی بـێعاری ئـەگـرین، «نە ەە» ناڵێین بـە مـیری هـەرگیز تـا ئـەمرین؟
بـــزانـــن مـــن یـــا ئـــەو، بـــماندەنێ تـێغ، بـــۆ پـاکـۆی سـەری گـەل نـامانبێ دڕێغ؟

* * *

ئەی پاشای خـاوەندی کـۆشک و کـادیلاک! بـــۆ بـــاڵۆێزخـانەکـان بـە دڵـــۆزیی پـاک
سـوێن ئـەخـۆم کـە بـوومە نـوێنەری کـورد تـــێکۆشم مـلی کـورد چـاکـتر بکـەم وردا!
ئـــێتر چـــاوەڕوانـــم جـــەنابی مـــدیر، ڕاســـپێری، ئـــەمجارە دەرنـــەچم لە بـــیر!

ئیمزا سلێمانی مۆری ئاغا ــ ۱۹۵۴

---

۱) بە بۆنەی بار و دۆخی ڕۆژی بڵاوکردنەوەی یەکەمجاری ئەم پارچە شیعرەوە لە ڕۆژنامەی «ژین»دا ــ ۱۹۵۴ ــ مامۆستا گۆران لە جیاتیی «بەغا» نووسیبووی «غەوغا». بەڵام من خۆم ئاگادارم ڕاستەکەی «بەغا» بوو. م. م. ک.

دەنگی مردوو

لیستەی هەڵبژاردن، لە زۆر شوێن، ژمارەیەکی نەک کەم، ناوی مردووی لە گۆڕا ڕزیوی تیا بوو... ئاگادارببوون لەم ناوانە بوو بە هۆی دانانی ئەم هەڵبەستە.

نـــــوێنەری هـــــەڵبژاردەم!
هەرچەن مردووی یەک دوو سەدەم،

بـــەپێی لیـــستەی میری و موختار
وەک تـــووتی هـــاتوومە گـــوفتار،

خـــۆت و هـــاوڕێت هـــەڵەبژێرم
بـــــۆ پـــــارلەمانتان ئـــــەتێرم...

مـــــادام مـــــنم هـــــەڵبژێرتان،
هـــۆی مـــانگانە و خـــێر و بـــێرتان،

ئـــێوەش نـــوێنەری چـــا بـــن
کـــوتومت چـــەشنی خـــۆم وا بـــن!

نـــاڵێم: مـــەخۆن، چش لە خـــواردن،
چش لە ورگـــــیش پـــەتی کـــردن

بـــــەڵام، ڕۆیـــــنهار، پـــارلەمانتان
بـــــێتە چـــــەشنی گـــــۆڕستانتان.

بـــەرد بـــێتە گـــۆ، ئـــێوە وس بـــن،
دوورن لە یـەک: مـردوو و وتـن!

دوایـی مـەبزوون، بـە مـوو چـییە؟
جـــووڵان بـــەڵگەی ژیـــاوییە!

لە ڕووناکی بـەرچـاو ڕەش کـەن،
گـــوێتان لە بـــیستن بـــێبەش کـەن،

ئـاسۆتان تـەنگ بـێ وەک گـۆڕم،
هـــیچ مـە گـۆڕن، وەک نـاگـۆڕم!

تا دنیا کۆن بـێ هـەر وەک خـۆی،
هـــەوای تـــازە هـــەڵە کـــا بـــۆی!

دەزگاتان وەک ئێـک ڕزیـو بـێ،
وڵاتـــــتان گـــڵکۆی تـــەپیو بـــێ،

ڕۆزی و ڕزقی بـە سـەر زیـندووی
زیـــاتر نـــەبێ لە هـــی مـردووی...

دوایـــــی: ڕاســـــتیی بـــێزمانیم،
دەرئـــــەخاکـــوردی نـــەزانـــیم،

لەبـــەرئەوە: کـــورد نـیم، نـەکـەن
دەمـتان لە حـەق بـۆ کـورد بـدەن!

بـــەرگم نـــاوێ، هـــەرزانـــیی جـل
بـــۆ گـــەل هـــەرگیز نـەگـرنە مـل!

بـــــەڵام کـــــفنی زۆر داواکـــەن،
گـــۆڕستان پـــۆشتە و ئـــاواکـەن!

بـــۆ تـــابووت و بـــۆ تـــاتەشۆر
وەستای هونەر تـەرخـان کـەن زۆر!

تـــەڵقین خـــوێندن ئـــیجباری بـێ!
گـــۆڕ هـــەڵکەندن مـــیماری بـێ!

حـــــەڵوای ســـــێ ڕۆژگانە لێـــنان
بـە کـج فێر کـەن، نـەک چێشت و نان!

بـــەڵام، ئـــەی هـــەڵبژاردەی مـــن!
دەسـت نـــەدەنە دەســـتی دوشـــمن!

هەرچەن کۆن و کۆنپەرستم، | لە ناپاکی کردن پەستم.
پێم شەرمە وڵات بفرۆشن، | یان بۆ دەزگای شەڕ تێکۆشن!
چونکە نوێنەری من، | لایەنگری ڕێی مردن،
وا ئەزانن هەڵبژاردەن | بۆ ئەوەی میللەت بە قڕ دەن!
دڵنیا بن کە دەستخەڕۆن، | لە ئەنجاما هەر ڕەنجەڕۆن!
ڕۆژێک ئەبێ گۆڕبەگۆڕ بن | خواش خۆش نەبێ لێتان وەک من.
منیش کردەی نوێنەرم، | خراپە کەی دێتە بەرم،
ئەبینم ڕۆژێک لە ڕۆژان: | دنیا بوو بە ئاگرباران!
بۆمباگۆڕی هەڵەکانم | با بردی گەردی ئێقانم!!
ئەوسا وەک زیندوو تێگەم: | چشوومێک بوو هەڵبژاردەم؟!

سلێمانی ــ ۱۹۵۴

جاسووس...

بـــێ خشـپه و زبـاندار، ئـه‌کشـێم چـه‌شنی مـار:
بـــه پـــێچ و بـه پـه‌نا، بـــێ هـــه‌را و بـــێ زه‌نـــا،
ئـه‌گـه‌ڕێم، ئـه‌گـه‌ڕێم، تـــا تـــووشی نـێچیر دێـم!
نـــــێچیری هـــه‌ژارم، بـــــێخه‌به‌ر له کـــارم،
وه‌ســـــناوه بـــێگومان له مـــــاری بـــێئامان!
ئـــه‌وه‌نده ئـــه‌زانـــێ شـــه‌فه‌به‌ک دێ و دانـــێ
له زامـــی ئـــه چـه‌قێ، ژان وه‌ک تـــۆپ ئـه‌ته‌قێ
نـــــێچیری گـــلاوم ئـــه‌ینم بـــه چـــاوم،
چـــۆن ئـه‌کـا تـه‌پاوتل له عـــه‌زره‌ت ژان و گـــل
بـــه‌ڵام مـــن بـــێهه‌ستم، ئـــێستر چـــۆن ده‌ربـه‌ستم؟
ژان چـــیه و زیـــان چـی؟ بـه‌زه‌یی و وێـجدان چـی؟
ئـــه‌وه‌نده ئـــه‌زانـــم: دوژمـــــنی ئـــێنسانم
دره‌نگ، زوو، ڕۆژێک دێ: کام ئـێنسان، له کـام جـێ؟
قـــۆنده‌ره‌ی بـــمگاتێ، حـــه‌قی خـــۆم ئـه‌دانـــێ!

سلێمانی ــ ۱۹۵۴

چەقەڵ

ئەلوورێنێ...
چەقەڵی پیر ئەلوورێنێ...
بڵێسەی دوو چرای چاوی
بەرەو ئاوایی ئەکشێنێ:
لەناو تاریکاییی شەوا،
کاتێک چاوان وان لە خەوا،
کاتێک سەران لەسەر سەرین
بۆ خەو ئەژین! بۆ خەو ئەژین!

چەقەڵ! چەقەڵ! چەقەڵی پیر!
بە لووڕە لوور
هاتووی لە ئاوور،
لە کام کەتناکول ئەکەی بیر؟
دانت لە گۆشت مریشک جیرە،
یان کەڵەشێر...؟
یان خەریکی ئەکەی زیرە
بۆ کولێنی پڕ خێرو بێر؟
یان قەپۆز ئامادەی قەپی
بۆ قۆزتنەوەی کۆتری سپی؟
چەقەڵی پیر! چەقەڵی گەڕ!
بیری پووچی ناو میشکی لەڕ
لە سەر دەرکە،
خۆت بەس کەرکە!

وا خەریکە: شەبەق ئەدا،
کەڵەشێر بانگی حەق ئەدا،
خاوەنکولێن، وریا و بێدار،
باڵی هەڵماڵیوە بۆ کار،
کۆتر ئەفڕێ و مژدەی ئاشتی
جارِ ئەدا بە دڕێژیی گەشتی!

ئیتر چەقەڵ!
تاک یان کۆمەڵ:
شۆڕ کەنەوە کلک بۆ ناوگەڵ،
بکشێنەوە بەرەو شەخەڵ،
بڕۆن، خوای شەیتانتان لەگەڵ!

سلێمانی ــ ۱۹۵۴

سه‌گوه‌ڕ

بۆ ئه‌وانه‌ی خۆیشیان ئه‌زانن که له ناحه‌ق ئه‌گه‌فن!

تووله‌ی ده‌رگای ئاغایان گشت،
کلکی نایه سه‌ر نه‌ڕه‌ی پشت!
سه‌ری کێشا، دی: بنی ئاو
تووله‌ی تیایه، سه‌رداکێشاو!
گوێچکه‌ی قوت کرد... گوێچکه قوت بوو.
که بۆی مڕان... بۆی مڕان زوو

ــ حه‌پ، حه‌پ... حه‌پ، حه‌پ، حه‌پ...
ــ حه‌پ، حه‌پ... حه‌پ، حه‌پ، حه‌پ...
ــ بتنێمه ژێر به‌گاز، به قه‌پ؟
ــ بتنێمه ژێر به‌گاز، به قه‌پ؟

ــ حه‌پ، حه‌پ... حه‌پ، حه‌پ، حه‌پ...
ــ حه‌پ، حه‌پ... حه‌پ، حه‌پ، حه‌پ...

ــ تووله‌ی بن ئاو، سه‌گی خوێڕی!
وات لێ هات له من بوه‌ڕی؟
ــ تووله‌ی سه‌ر ئاو، سه‌گی خوێڕی!
وات لێ هات له من بوه‌ڕی؟
ــ حه‌پ، حه‌پ... حه‌پ، حه‌پ، حه‌پ...
ــ حه‌پ، حه‌پ... حه‌پ، حه‌پ، حه‌پ...

تووله‌ی ده‌رگای ئاغایان گشت،
وه‌ک که‌ڵه‌شێر کلک له‌سه‌ر پشت،

ئه‌وه‌ن وه‌ڕی... ئه‌وه‌ن وه‌ڕی
تا له‌کاسه چاو ده‌رپه‌ڕی...

* * *

منیش هەندێ کەس، پاشملە،
لێم کەوتوونە تەقەی زلە،

بەڵام، من وەک جەوزێکی مەنگ،
هەرگیز لێیان نایەمە دەنگ!

با بۆ خۆیان هەر بگەڕن؛
هەر خۆیان هەردوو تەرەڤن!

سلێمانی ــ ۱۹۵۴

ماکارتی

سەناتۆر ماکارتی، کۆنەپەرستی گەیاندبە ڕادەی کتێب سووتاندن. جارێکیان لە شاڵاوێکیاکە بردی، ژمارەی چەند سەدێک کتێبی وەک پیری مشکان داپاچی...

پیرە مشکی دێرینەیە ماکارتی،
عەقڵی شڕ، پینە پینەیە ماکارتی،
چەورپلێسی مەکینەیە ماکارتی،
دەرگای کونی گەنجینەیە ماکارتی،
لە بیری نوێ بەکینەیە ماکارتی،
کتێب لای ئەو پەڵپێنەیە ماکارتی،
ئینسانی مشک: ماکارتی!
مشکی بێ کلک: ماکارتی!
مشکی دوو قاچ: ماکارتی!
کتێبداپاچ: ماکارتی!
مشکی چەپەڵ: ماکارتی!
میکرۆب لەگەڵ: ماکارتی!
ماکارتی... هۆ ماکارتی!
هۆی شەرمی ئەمریکاتی!

ڕازی... ناڕازی

ڕازی... ناڕازی...
عەلی حیجازی[1]
وتە بازی و بازی
بە ڕیشی قازی!»[2]

ئەی ساڵح جەبر[3]
پڵنگ بی و بەبر
نەتماوە زەبر
بەس بگرە سەبر
ڕاکە بۆ قەبر

ئینگلیزە هەردوو
بە ئینسان کردوو
گەر دار، گەر پەردوو
لەعنەتی کورد و
عەرەب لە هەردوو

ڕازی... ناڕازی...
عەلی حیجازی
ئە بازی و بازی
بە ڕیشی قازی
ئەم عیراقە
دوڕگەی واق واقە!
سەری ساباقە،
بنی وڕاقە!
هەم جێی نیفاقە،
هەم بێتفاقە!
پایەی وەک فاقە!

بۆ واقه واقه!
کام گەورەی تاقه
کەری دوو لاقه!

---

۱) عەلی حیجازی لە سالی ۱۹۵۰ دا بەرپرسی گشتی پۆلیس بوو، وێستی کوودەتایەک بکا، گوایە مەبەستی دەرکردنی سالح جەبر بوو لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام بۆی نەچووە سەر، گرتیان و خستیانە بەندیخانە. کەچی پاش نۆ مانگێک لە وەزارەتی نووری سەعیدا بە فەرمانێکی شاهانە بەرەڵڵایان کرد. م. م. ک. ۲) فۆلکلۆر: وەزی.. بازی.. بە ڕیشی قازی».

۳) سالح جەبر: یەکێک بوو لە سەرەک وەزیرە هەرە کۆنەپەرستە کانی چەرخی پاشایەتی. ناوی بە پەیمانی پۆرتسماوسەوە بەندە. م.م.ک.

دانه دانه

دانه دانه نووری! دانه دانه
مام سام چاوەڕێی پەیمانە

مام سام ئەڵێ بە جۆن پۆڵ
بە جەمالو نووریی زۆڵ[1]
هەردوکمان ئەکەنە کۆڵ
ئەمانبەن بۆ چیاوچۆڵ
بۆ شەڕ لێ ئەدەین دەهۆڵ

جەمال لای کالیسکە[2]
وەک گا ئەگلێنێ تیکە
ئەوەن کەرە بە فیکە
چین ئەخاتە زریکە
فیکەکەی بای ئالیکە
ئەم وڵاتە بەپیتە
هۆی شوومی و نەگبەتیتە
هەی کرمی قوڕەلیتە!
هەی کرمی قوڕەلیتە!

---

۱) جەمال: جەمال بابان. نووری: نووری سەعید، دوان بوون لەبەرپرسە گەورەکانی چەرخی پاشایەتیی سەر بە ئیمپریالیزم. م. ک.
۲) کالیسک: عەرەبانە. وشەکە لە کوردیدا (گالیسکە)یە، لە بنەڕەتدا لە (کۆلیاسک)ی رووسی یەوە هاتووە. م. ک.

کۆمەڵەی نۆیەم

سروود

کوردستان

کوردستان؛ کوردستان!
نیشتمانی جوان!
هەر بژی بە شادی
سەربەستی و ئازادی
هەر بژی! هەر بژی! هەر بژی!

لووتکەی بەرزی گەردنکەشت
نزاری سپی، بەرخۆری ڕەشت
دۆڵی کپ و چەمی خوڕت
دارستانی زەبەند و چڕت
بەهەشتی سەرزەمینن،
هێلانەی خۆشی ژینن،
جێگەی نۆشن،
ئاگر تیژکەری ئیلهام و هۆشن.

کوردستان کوردستان!
نیشتمانی جوان!
هەر بژی بە شادی
سەربەستی و ئازادی
هەر بژی! هەر بژی! هەر بژی!

بەری بەیانە

بـــەری بـــەیانە، ڕووناکـە ئـاسۆ: ئـاسۆی هـیوای کـورد، مـژدە بـێ لە تـۆ!
دەنگـی بـانگ هـەڵـا لە مـز گـەوتی دێ، بـاڵدار هـێـلانەی خـەو بـە جـێدێڵێ،
قـــاسپە قـاسپی کـەو ئـاشکرا ئـەڵێ: کـاتی فـرمان هـات، کـورد نـابێ بـنوێ.
بـــەری بـــەیانە، ڕووناکـە ئـاسۆ: ئـاسۆی هـیوای کـورد، مـژدە بـێ لە تـۆ!
هـەڵـە ئـەی لاوی نـیشتمانیی کـورد! سەردەمی هەڵسان هەرکەسێ نوست، مـرد!
پـێویستی پـیرۆز؛ بـەڵام سـەخت و ورد چـــاوەڕوانـــتە، هـەڵـە دەســتوبرد!
بـــەری بـــەیانە، ڕووناکـە ئـاسۆ: ئـاسۆی هـیوای کـورد، مـژدە بـێ لە تـۆ!

بـۆ بـەختیاری و سـەربەخویی گـەل، لە گـــەڵ هـاوڕێتا پـەل بـدەرە پـەل!
کەی دەرچوو تیشکی هـەتاو لە دەم کـەل، وریـا بـی، زۆر چـاک بـە کـارێنی هـەل
بـــەری بـــەیانە، ڕووناکـە ئـاسۆ، ئـاسۆی هـیوای کـورد، مـژدە بـێ لە تـۆ!

دەمی ڕاپەڕینە

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژیین؟
پەلامار دە، ئەی کورد، عەرەقڕشتنێ!
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!
بە یەکبوونە گشت:
پتەوبوونی پشت!
بە یەکبوون ئەبێ:
گەلت پێش کەوێ!

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژیین؟
بە لادا بکە چاکی مەردایەتی،
دڕێغی مەکەگیان لە کوردایەتی،
بگرمێنە وەک شێر، بچۆ ناوی بەرد[1]،
بڵێ: کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد؟
درشت تاکو ورد،
نەکەین دەستوبرد،
بە هەق چۆن ئەگەین؟
پشوو چۆن ئەدەین؟
دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژیین؟

۱۹۴۳

---

۱) بچۆ ناوی بەرد: ئەوەی لەناو خەڵکا باوە «بچۆرە نەبەرد». م. م. ک.

نەورۆز ئەکەم

نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

نەورۆزی من بەهارییە،
زەردەخەنەی ڕووی سروشتە؛
لە دەشتی ڕەنگین دیارییە:
هەر هیی من نا، جەژنی گشتە:
ڕۆژی ژیانەوەی گەلە،
هیی گڕ و گیایە، هی مەلە!

نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!
بەفری چیا کشایەوە،
سەرمای زۆردار سوپای شکا؛
هێزی ژیان بە دوایەوە
ئەڕوا و گەڵا و گیا سەوز ئەکا؛
دەست لە پشتی گیاندار ئەسوێ
ئەیخانەوە سکوزای نوێ!

نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

بولبول ئەڵێ: ئاواتی گوڵ
لەم جەژنەوە بۆم دێتە دی.
هەنگی لە ناو کونا خجڵ،
لەم ڕۆژەوە ڕێی ئازادی
ئەگرێتەوە بەر بۆ مژین:
لە دەمی گوڵ شیلەی هەنگوین!

نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

کۆنەپەرست لێم ناگرێ:
ڕێی وریایی نیشتمانی،
کێ ئەتوانێ: بگرێ لە زێ
ڕێی هەڵان، کاتی هەڵسانی؟
یا تەنانەت بەری گەشە
بگرێ لە چڵی وەنەوشە؟

نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!
نەورۆزێکی بە سۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛

وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

کۆنەپەرستی چاوقووچاو!
لە جەژنی گەل بۆ ئەترسی؟
لە گەل دزی کۆشک و دراو!
بۆ ناتەوێ جەژنی برسی؟
بۆ ناتەوێ گیانی چڵکن!
جەژنی پاکی نەورۆزی من؟

نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم:
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم!
نەورۆز ئەکەم! نەورۆز ئەکەم!

ئەی لاوی کورد

ئــەی لاوی کـورد! کـوڕی ئـازا:
دانـــــانەوێنێ بـــۆ قـــەزا،
بـــۆ زوڵـم و زۆر، مـلی ڕەزا!
نـــە بـــە نـیاز، نـە بـە نـزا:
نـــیشتمانت ڕز گـــار ئـەبێ،
کـــۆمەڵت بـــەختیار ئـەبێ!
هـێز پـێویـستە بـۆ حـەقـەندن:
هـێزی پێکهاتووی یـە کگـرتن،
هـــێزی بـاوەڕ، هـــێزی وتـــن،
هـێزی کـردن. وەی دوشـــمن
هـەر هـــێز بـنچینەی دەردێـنێ
قـــەڵای ســەختی ئـەڵەرزێنێ!
ڕێگـای ئـامانج بـا سـامدار بـێ،
بـا پـڕ لە تـرس و ئـازار بـێ،
دڵسـۆز ڕابـەر، هـێز ڕێـبوار بـێ،
کۆمەڵ یەک گیان، یەک بڕیار بێ:
کاروانی چـۆن پـێش نـاکـەوێ؟
دوشـــمن لە بـەریا نـاڕەوێ؟
ئەی لاوی کورد، ئەی ڕۆڵەی ژیر،
ئـەی نـیشتمان دیـلی زنـجیر،
ئەی کۆمەڵ یـەک چینی فـەقیر،
نابێ هـەر گـیز دەر کـەی لە بـیر:
ئـــەو ئـــیستیعمارە خـوێنمژە
کـە کـوردکوژە، هـەژارکـوژە!
ئـــەو ئـــەژدیها ژارپـــژێنە،
پـــاروو لە نـــاودەم فـــڕێنە،
ڕەنـــجدەر لە بـــرسا مـــردنە
وەک پـڵنگ شـڕ کـە، بـدڕێنە!
بـا کـوردستان سـەرفراز بـێ،
بـەهەشتی نـیعمەت و نـاز بـێ!
ئـەی لاوی کـورد! پـڵنگی لان!
کـوڕانـە بـاز دەرە مـەیدان؛
حـەق بـێنە بـە ڕەنـجی شـان
بۆ گشت هەژار، بۆ گشت ئینسان!
لە کـێ؟ یـە کـەم لە ئـیستیعمار،
ئـــەمجا داگـیرکەر و زۆردار!

گۆرانیی قوتابیان

بەسەر دنیای فراوانا
دەنگدانەوەی گۆرانیمان
بە لاوانی گشت ڕووی زەوی
ئەگەیەنێت برایمان،

ئیتر هەرگیز ڕووی ڕۆژی ڕوون
داناپۆشێ هەوری چڵکن،
ترسی تاڵ و تاریکی شەڕ
ڕوونا کیمان لێ ناکا ون!

ئەی قوتابیی ولاتان گشت،
بە یەکتری ببەستن پشت!
بە یەکیەتیی ورد و درشت
حەقی ئاشتی ئەخەینە مشت!
بۆمبای ئەتۆم نایترسێنێ
هێزی لاوان خۆی بنوێنێ،
ڕاوەستاوین وەک پاڵەوان
ئەجەنگین تا شەڕ نامێنێ،
تا مەشخەڵی ئازادیی گشت
گڕ لە گشت لا هەڵئەسێنێ!

ئەی قوتابی بۆ یەکگرتن
لە خەباتا بۆ پێشکەوتن،
بۆ پێشەوە بەرەو ئاشتی،
بەرەو بەختیاری چەشتن!

سلێمانی. ئەشرینی دووەمی ۱۹۵۳

جەژنە پیرۆزەی ئاشتیخوازان[1]

ئاشتیخواز! ئاشتیخواز! ئاشتیخوازی کورد! — بە ئاشتی سەرئە گرێ گشت نیازی کورد!
ئەی برا، جەژنە کەت پڕ نان و گوڵ بێ! — نان بۆ تێریی سک، گوڵ نەشەی دڵ بێ!
ئەی برا و خوشکە کان! ئەی ورد و درشت! — ئاشتییە ئازاد و بەختیار کا گشت!

---

١) ئاشتیخوازانی سلێمانی، لە جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٥٤ دا چەند عەرەبانەیەکیان رازاندەوە و منداڵی جوانکیلەی جلوبەرگی جوان و خاوێن لەبەریان سوار کردن و بە ناو شەقام و کۆڵانە کانی شاراگیرانیان. منداڵ کان ئەم سروودەیان ئەوت کە مامۆستا گوران بۆی دانابوون، تا لەسەر ئاوازی «هەی بە لار و بە لار...» بیڵێن. مامۆستا گوران خۆی لە بارەگای رۆژنامەی ژیندا سروودە کەی بە منداڵ کان لەبەرئە کرد و بە ئاوازەوە لە گەڵی ئەوتنەوە. م. م. ک.

چواردەی تەموز

تـۆ ئـاسۆی ئـاواتـی گـەلی! تـۆ خـۆشترین کـاتی گـەلی!
نـــۆبەرەی خـــەباتی گـــەلی! ســەرەتا و هـۆی هـاتی گـەلی!
چواردەی تەموز! چواردەی تەموز!
تۆ هەڵهاتی، شەو دوایـی هـات ڕۆژی گـەلی عـیراق هـەڵهات
ڕووناکی کـەوتە ڕووی وڵات بـۆی شـۆڕش! بـۆی خـەبات!
چواردەی تەموز! چواردەی تەموز!
دەزگـای دەرەبـەگـی شکـا ئـیمپریالیست ئـابڕووی تکـا
بـــێت و شـــەڕفرۆشی بکـا، ســـەر ئـەماڵێ بـە کـوچکا!
چواردەی تەموز! چواردەی تەموز!
وڵات یـــە کـــەر پـێکەنینە، بـــەم شـــۆڕش و ڕاپـــەڕینە
کـــۆترە سـپی و ئـاسمان شـینە ئـاشتی هـۆی شـیرینیی ژیـنە
چواردەی تەموز! چواردەی تەموز!

۱۹۵۹

مارشی ئاشتیخواز

ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە،
کۆتری سپیی ئاڵامان ناونیشانە:
ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە،
ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە!

باوەڕمان وایە:
ناکۆکی شەڕی لە دوایە،
شەڕ هۆی وێرانیی دنیایە
هەر دۆستیی گەلان،
ئەپارێزێ ئاشتیی جیهان،
فەڕ ئەخاتە ژینی ئینسان!

خوێنڕشتنی یەکتری لاوان بەسە!
بە کەلاوەکردنی شاران بەسە!
بێشکەی مناڵ ئاگر تێبەردان بەسە!
ئەتۆم کڕین بە دراوی نان بەسە!
ئەی شەڕفرۆشان!
قاسەپڕ و کەللەبڕۆشان!
بەس بێ، بەس: بۆ شەڕ تێکۆشان!
شەڕ هەڵبگیرسێ،
ئەوەی لە مەرگ زۆر ئەترسێ
ــ خاوەن ملیار ــ ناخەلەسێ!

پاسی ئاشتی ئامانجی خەباتمانە.
ئاشتی ڕێگای ڕزگاریی ولاتمانە.
کاتی ئاشتی، کاتی خۆشی و هاتمانە.
هۆی تێر بوون و پۆشتەبوونی لاتمانە!

ڕێی کامەرانی،
ڕێی پێشکەوتنی ئاوەدانی،
ئاشتیی گشتیە و جیهانی.
سا ئەی ئاشتیخواز!
بە دڵسۆزی و بەرزیی نیاز،
گوێی زەوی کەڕ کە بە ئاواز!

ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە،
کۆتری سپیی ئاڵامان ناونیشانە:
ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە،
ناکۆکی و شەڕنەهێشتن ئامانجمانە!
باوەڕمان وایە:
ناکۆکی شەڕی لە دوایە،
شەڕ هۆی وێرانیی دنیایە
هەر دۆستیی گەلان،
ئەپارێزی ئاشتیی جیهان،
فەڕ ئەخاتە ژینی ئینسان!

۱۹۵۹

یادی لەنین

بە سەرکردەیی بەرزی هاوڕێ لەنین،
کشا لەشکری شۆڕشی سووری چین[1]،

بە زانست و بیر و بە خوێن و عەرەق،
شەوی ئادەمیزادی خستە شەبەق.
برادەر لەنین،
بە عەزم ئاسنین،
کە پێی نایە ژین،
سەری بەرزە چین.

بژی یادی پیرۆز و بەرزی لەنین!
بژی داس و چەکوش! بژی حیزبی چین!
بژی شۆڕشی بە کەرەی گشت گەلان[2]،

---

۱) چین: تەبەقە. م. م. ک.
۲) ئەم سرووڕە تەواو نییە، پاشماوەکەی فەوتاوە. م. م. ک.

جەژنی ئایار

یـــادی پـــیرۆزە بـــە کـــەمی ئـــایار　　جـــەژنی جـــیهانە بـــۆ گشت کـــرێکار
کـــرێکار بـــەندی ســـەرمایەدار بـــوو　　ڕووت بوو، برسی بوو، کز بوو، هەژار بوو
ئـــــەیچەوسانەوە خـــــاوەنـــەرمایە　　بـــە مـــەمرە و مـــەژی کـــرێی ئـەدایـە
لە دنـــیای تـــازە شـــاری شـــیکاغۆ　　هـــۆشی کـــرێکار هـــاتەوە بـــەر خـــۆ
هـــێرشیان بـــردە ســـەر شـــەقامە کـــان　　بـــۆ حـەقیان چـەشنی شـێر ئـەیانـنرکان[1]

---

۱) وادیارە ئەم سروودەش نانەواوە. م. م. ک.

کۆمەڵەی دەیەم

شیعر بۆ منالان

ساوای ئاشتیخواز

منالێکم کۆرپەی ناز
وەک باوکی خۆم ئاشتیخواز
کۆتری سپیی تەقلەباز
لە چەقەڵ ئەکەم دەرباز
منالێکم، منالێکم، ئاشتیخواز

نامەوێ گرمەی بۆمبا
بەکوتەک لە کەللەم با
نامەوێ چەپۆکی شەڕ
مالّی باوکم با بە با
منالێکم، منالێکم، ئاشتیخواز

باوکم نابێ بێکار بێ
ڕووت و قووت و هەژار بێ
دایکم فرمێسکی خەمی
وەک دڵۆپی بەهار بێ
منالێکم، منالێکم، ئاشتیخواز

نامەوێ هەتیو کەوم
کەلاوە بێ جێی خەوم
لەبەر ئەوە، مایەی شەڕ
کێ بێ، دوژمنی ئەوم
منالێکم، منالێکم، ئاشتیخواز

ئەمجا مەرجە تا ماوم
بە زمانی پاراوم
گۆرانیی ئاشتی بڵێم
ئاشتیی ڕوونا کیی چاوم
منالێکم، منالێکم، ئاشتیخواز

جگەرتانین

بە زمانی منالی ساواوە

جگـــەرتانین، ســـاواتـــانین، گـــولّی بـاخچەی هـیواتـانین،
بزەی ناو بێشکەین بـۆ دایکـان، ڕووناکیی چاوین بـۆ بـاوکان،
هـــێزی دوارۆژی ئـــێـــانین بەکەڵک ئەبین هەروەک جوانین
مـــاوە مـەدەن شـەپانی شـەڕ، دەزگـــای کـینەی بـخانە گـەڕ،
بە چـەخماخەی تـیشکی ئـەتۆم ئـێـقانمانتان بـۆ بکـا بـە مـۆم!
مـــاوە مـــەدەن بـێشکەی مـنالّ گڕ تێبەربێ وەک کۆی زوخالّ
ماوە مەدەن ڕووی ئەرز هەموو بـــێتە هـــێلانەی بـــێبێچوو!

ساگۆرانیی کەو

قەقە، قەقە، قەقە، قەق!
شاخی بەرز و بەردی رەق،
جێگای چێلە و جێگای بەق
قەقە، قەقە، قەقە، قەق!

بەفری تازە و بەفری پار،
نابڕێ لە لووتکە و نزار:
نە پاییز و نە بەهار،
قەقە، قەقە، قەقە، قەق!

بەربەڕۆچکەی ئەشکەوتم،
زستان جێگای سرەوتم،
مەڵبەندی چینە و ڕەوتم،
قەقە، قەقە، قەقە، قەق!

ڕائەپەڕم بەربەیان،
هەڵئە کشێم بۆ لووتکەی جوان،
ئەخوێنم ڕوو لە ئاسمان:
قەقە، قەقە، قەقە، قەق!

مەهی هەزار بە هەزار،
بە یەک گڤەی بەرەوخوار
ئەبڕم لە ترسی زۆردار
قەقە، قەقە، قەقە، قەق!

«فجووق...» لە دالّی چاوزەق،
«قغ...» لە ڕاوکەری دڵڕەق،
لە تفەنگ و تەقە تەق

قەقبە، قەقبە، قەقبە، قەق!

گشت تیوارە وگشت شەبەق،
شاخ پرئە کەین چڕڵ و بەق،
لە جیرکە، جیر، قەق، قەق، قەق،
قەقبە، قەقبە، قەقبە، قەق!

بەرخەکەم

ئەی بەرخۆلەکە!
نەرمونۆلەکە!
سپی و خرپنی،
وەک کولووی لۆکە!

دەستەمۆ و چەشی،
فێرە باوەشی،
دەنگی بارە خۆش،
جوان و چاوڕەشی!

بۆ هەرکوێیەک چووم،
تۆپش وەوە لە دووم،
ئەتلەوەڕێنم،
هەر وەکوو بێچووم.
وەرە خلەخل!
بچۆ نەرموشل!
بباڕێنە: باع...
بەرخی چاو بەکل!

گۆرانیی دەنکە گەنم

ناوی خوای لێ ئەهێنم
دەرکی عەمار ئەشکێنم
بە بارگەنم دەردێنم
لە ناو وەردا ئەیچێنم
وەک ئاڵتوون زەردە
پاک و بێگەردە
دەنکە گەنمم...

پۆلە چۆلەکەی سەر چڵ!
مشکی ناوکون! کرمی گڵ!
وردە مەلی سرک و سڵ!
تۆوم وەشاند پڕ بە دڵ!
ئەیگرێ خوا
هەرکەسێ بیخوا:
دەنکە گەنمم...

تێستا وشکە، بێگیانە
ئەم دەنکە گەنمە جوانە
دوو ڕۆژی تر بڕوانە
تەلیسمێکی ژیانە
خوا ئەفەرموێ
ئەویش ئەڕوێ
دەنکە گەنمم...
ئەبێ بە قەرسیلی شین
بەرز ئەبێتەوە چین چین
دیمەنێکی چەند شیرین
ئەبەخشێ بە سەرزەمین

خوا دای گیانی
خوا نەخشانی
دەنکە گەنمم...

گا و گوێرە کەی سەرەڕۆ
ئاژاڵی زیانەخرۆ
بەرازی شەخەڵی کۆ
دوژمن نەیخواگەنم و جۆ
نەفرینی خوا
لەوەی بیخوا
دەنکە گەنمم...

بەهاری قەف دەرئەکا
گوڵ تا بەر سنگ سەرئەکا
قەلاس نووک نەشتەر ئەکا
دڕک پاسی بەر ئەکا
بە شنەی با
شەپۆل ئەدا
دەنکە گەنمم...

ئەی خوای گەردوونە بەرزە!
دەغڵەکەم بپارێزە
لە سن وکوللە و تەرزە
ئەی خوای گەردوونە بەرزە!
هی تۆیە و من
نەک هی دوژمن
دەنکە گەنمم...
دەغڵم وەک ئاڵتون زەردە
وەرزێر! داس لە هەسان دە!

خۆت ئاسایی تەکان دە
مەڵۆم بۆ لە خەرمان دە
خەرمانی سوور
وەک کۆگای نوور
دەنکە گەنمم...

هەر دەنکە بوو بە هەزار
سوپاس بۆ تۆ کردگار!
بەشی تۆو بەشی عەمار
بەشی دەسکورت و هەژار
هاتە بەرهەم
سوپاس ئەکەم
دەنکە گەنمم...

پشیلەکەم

میاو میاو! میاو میاو! ورد ورد ڕاکە، پشە خەرپنەی دەم و لووت پاکە!
کلووە ئاوریشمی گیاندارم، چاو پیرۆزە، کلک کوڵەمارم!
ڕاکە، ڕاکە، وەرە باوەشم، لا مەڵسوو تێر لە لەشم!
کلکی تیسکن لوول کە و ڕەپ کە، نەرمەی دەستم گاڵتەقەپ کە.
نینۆکی تیژ دەرپەڕێنە، قەی نەکا! بڕنە، بدڕێنە:
دەست و دەموچاو و جلم پشە، هەردوو دەست بکەرە ملم!
موویی سپێڵی شاش، لووتی سوور بگرە بۆ ماچماچێنی دوور!
کە مانوو بووی لە دەستبازی، پشە، ڕاهاتووی کۆشی نازی.
خۆت پەپکە دە لەسەر ڕانم، بە پرخە پرخ، پشەکەی جوانم،
لێک نێ چاوی مەیلەو شێنت؛ وردە جووڵەی خەوبینینت،
ئەگەرچی ڕامئەچڵەکێنێ، بەڵام نەختە دڕێنێ
پرخە پرخی یەکتاهەنگت، شێوەی کشومات و مەنگت،
بۆ چاوی منیش وەنەوزێک، چاو لێک ئەتم منیش تۆزێک.

کەرۆیشک

کـــەرۆیشک لەنـــاو لانـــا　　گـــوێی لەســـەر پشت دانـــا
چـــاوی نـــووقاند پـــرخەپرخ　　نوست تا ڕاوکـەر وتـی: پـخ!
ئەمجا هـەردوو گـوێی لەقـان　　شـــانی پـــیا کـرد بـە بـازدان
کەرۆیشک، نـزیکە دوژمـن!　　کەرۆیشک، ڕا کە قونەقون!

بەفر[1]

ئای بابە گیان! بەفر ئەباریّ، ئەماشا: جێگا نەما پێیەک دانێی لە حەوشا
کلوو کلوو دێتە خوارێ: سپی و جوان دەنکە دەنکەش با ئەیهێنێ بۆ هەیوان
ئەڵێی ورده پەڕی سپیی دەعبایە یا لێشاوی پەپوولەی ناو هەوایە
ئەها بابە! ئەو ڕیشۆڵە هەژارە کز کز نیشتۆتەوە لەو بن پاسارە
ئێستا مشتێ گەنم دێنم ڕۆی ئەکەم با بێ بیخوا و نەجاتی بێ لە ماتەم

---

١) ئەم پارچە شیعرە لەلایەن کاک ئەحمەد سالح عەلیەوە هاتووە بۆ ئەو لێژنەیەی لە ١٩٧٨ دا بۆ کۆ کردنەوەی شیعری مامۆستا گۆران پێکهات. ئەمە تاقە پارچە شیعرێکی ئەم دیوانەی مامۆستا گۆرانە کە لای من نەبوو. م. م. ک.

کۆمەڵەی یازدەیەم

وەرگێڕاو

گۆران[1]

گۆڕاوم؟ بەڵێ! ئەبێ پێی لێ تێم
که من گۆڕاوم!
عەشقت وەک جاران تەسیر ناکا تێم،
ئەی نووری چاوم!

لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر یاری؛
چەرخی بێ‌پشوو
بە بای نەداوە: یادی دڵداریی
ئەو ڕۆژانەی زوو!

بەڵام ئارەزوو و ئاواتی جاران
تەوژم و مەستی نادا بە ژیان؟
چەشنی شیرین‌خەو
نوستووی بە جێ‌هێشت بۆ تاریکیی شەو!
ئەگەرچی تێستاش
چۆن ڕۆیشت، ون بوو؟ هیچ نازانم باش!

بۆچ تێم‌ئەڕوانی خۆشەویستە کەم
بە چاوی تانە؟
نازانی دڵێش بە بێ زیاد وکەم،
وەک ئەو شتانە
کەکەوتوونە ژێر شینایی ئاسمان،
ملکەچ وەستاوە بەرامبەر گۆڕان؟

باڵداران، گوڵان، گەڵای دەختان،
ئەو ئەستێرانە
کە ئەجریوێنن، بەرز وگەش و جوان،
ئەم گشت هەردانە،
دەریاگەورەکان، هەموو شت، کەم، زۆر
ئەگۆڕێن لە گەڵ چەرخی دائیم‌گۆڕ ...

گیانه، ئاوێنەش پێشانمان نادا،
ئیمڕۆ بەیانی
ڕووی خۆمان لە یەک شێوە و وێنەدا؛
ئەبێ بزانی
هەرچیمان هەیە: ئارەزوو، ئاوات،
تاسە، خەوبینین،
هیوا، ترس، هەموو، هەمووی پێی ئەگات
دەستووری گۆڕین
پێم بڵێ: ئاخر، چلۆن ئەتوانین
وەرک بگرین لە دڵ
کە قنیات بکات بە یادی دێرین؟
نابینی پێش گوڵ
چەن خۆشەویستە وەنەوشەی مللار
لای دنیای بەهار؟

ژینیش، داخەکەم، لەم خۆشویستنە
هەڵناگرێ زیاتر:
کە لێو لێک‌ئەنێ پاش زەردەخەنە،
بێدەنگ، سارد و سڕ!
ئاخ! منیش عەشقم ڕوو لە گۆڕانە،
لە گەڵ زەمانە،
منیش وەنەوشەم ئەژاکێ، ئەمرێ
تاگوڵ بەر ئەگرێ!

---

۱) لە هاوینی ساڵی ۱۹۳۲ دا لەسەر وەستی حامید فەرەج، بۆئەوەی لە «دیاریی لاوان»ی ۱۹۳۴ دا بڵاوبکرێتەوە، لە ئینگلیزییەوە کردم بە کوردی بەهۆی بەراوردی نەسیی ئینگلیزی و عەرەبیە کەوە لە مەجەللەیەکی میسریدا. لە پاشانا هەڵبەستە کەی خۆمم لە گەڵ نەرجومە عەرەبیە کەیا نارد بۆ «بێکەس»ی ڕەحمەتی، کە ئەوحەلە لە بازیان مامۆستای قوتابخانە بوو، ئەویش هەڵبەستێکی لەسەر دانا.
«گوران»

گەڕانەوە لە زیندان

ـ لە عەرەبییەوە ـ[1]

دەرچووم، دەرچووم، بەندم پسان — لە گەڵ هاوڕێ و برادەران
هاتینەوە دەر لە زیندان — دڵ پڕ لە کینەی زۆرداران
وەک دەمی بورکان خرۆشاین — لە تاریکیدا درەوشاین
گرتمانە دەس «مەشخەڵ» بۆ ڕێ — لەو نرکەی تۆپانەی کە دێ
لە بەند، لە زنجیر، ناترسین، — «لە گیانبووردووەی ڕێگای ئاشتین!
بە دوشمنی ئاشتیی گەلان — چەشین وەکوو پڵنگی لان!
ئەیخنکێنین، خوێنی ئەژین — دائەڕێژین بناغەی ژین!
ئەفیرێنین: بڕۆی خەبات! — ڕۆیشت دیلی، ئازادی هات!
ئەی گەلانی ئازا و بەزات، — هەنگاو بنێن بەرەو ئاوات!

---

۱) مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی پاش دەرچوونی لە زیندانی بەکەمجاری، لە ژمارە، ۱۱۲۴ی ۱۹۵۲/۱۱/۲۰ ڕۆژنامەی «ژین»، دا بڵاو کردۆتەوە. هەرچەند لەسەری نووسیوە «لە عەرەبییەوە»، من لاموایە هیی خۆیەتی و لەبەر ناچاری بەهۆی تازە لە زیندان دەرچوون و پێویستیی زوو خۆ دەرنەخستەوە بە وەرگێڕراوی داناوە. م.م.ک.

دوێنێ...

لە عەرەبیی جەبران خەلیل جەبرانەوە

دڵێک تا دوێنێ هەمبوو، کوا؟ نەما
دنیای بێزاری لە دەست ڕزگار بوو،
عومرێک بوو لە ژین ڕەنجی چوو بە با
بەو ئاخ و ناڵەی کە بۆ نازدار بوو!

دڵداری چیە؟ ئەستێرەی ئاسمان!
لە گەڵ شەبەقی ڕۆژا ون ئەبێ،
نەشئەی: وەهمێکە گیرۆدەی نەمان
جوانیە کەی چەشنی سێبەر لاڕەچێ،
پەیمانەکانی: درۆی خەوی جوان
گشت هیچن کاتێک هۆش بێدار ئەبێ

چەند لە گەڵ تاسە شەوم بردە سەر؟
چاودێریی تاسەم ئەکرد تا نەنووم!
ناو جێگەم داخ بوو بە یادی دولبەر
ئەیوت: «هۆ نەنووی عاشقی مەحروم!»
ئازار بە چپەی زوو زوو لە گوێ دەر
ئەیوت: «بۆ عاشق هەر وەهایە خووم»

چوو ئەو ڕۆژانە، بە سەر چوو، مژدە!
ئەی چاو ئەوا دێ وەنەوزی شیرین
ئەی گیان وریایی لە دەست بەرمەدە
لە بیرت نەچێ ئاڵاوی دێرین!

هەرچەن ئەکەوتە شنە بای بەیان:

خۆشی خۆشیم بوو، سەمام ئەکرد من
هەرچەن دایئەدا لە هەورێک باران
وەک شەراب ئاویم لە جام ئەکرد من!
مانگ لە ئاسۆوە بێکێشایە سەر:
یارم لادا بوو، هەرام ئەکرد من!

ئەمە گشت دونیێ، دونیێی تیژگوزەر
تەمێ بوو ڕۆیشت، لاچوو لەسەر چاو!
تەسکینی «مێژوو» بێسەر و شوێنکەر
هەروەک فوو خۆی دا لە بڵقی سەر ئاو!

سا ئەی براکان! هەرکە «سوعاد» هات
پرسیی: «کواکوڕێک دڵبرێندار بوو؟»
بڵێن: «ڕۆژانی دووریە کەی باڵات
دایمراندەوە گڕێک لێی دیار بوو؛
پشکۆ کەوتوەتە ژێر خۆڵەمێش، مات
ساڕێژە زامێک کە هۆی هاوار بوو»

ئەگەر تووڕە بوو، توخوا لێی مەگرن،
گریا: دڵسۆز بن، فرمێسکی بسڕن
هات و پێکەنی، باش دڵنیا بن!
کە هەر وەهایە عەشقی پیاو و ژن!

ئەگەڕێتەوە ئاخۆ ئەوەی چوو؟
ئەو خۆشەویستەی کە نازدار بوو زوو؟
دێتەوە هۆش خۆی گیانی خەوالوو
تا بمترسێنێ بە ڕۆی ڕابووردوو؟
یان بەستەی بەهار ئەگاتە ئەیلوول
کە کونە گوێچکەی بە گەڵا پڕ بوو؟

نەء، ئیتر زیندوو نابێتەوە دڵ،

ئەیێ بە چیلکە کە وشک بوو چڵ!
دەستی درەوکەر ژین نادا بە گوڵ
پاش ئەوەی بڕی لە بنجی ناو گڵ!

گیانی ناو لەشم پیری لێداوە،
بە حەسرەت نیگای بۆ دوا چەرخاوە،
لە سنگما مەیلێک جوواڵەی گەر ماوە
لەسەر دار عاستای سەبر وەستاوە،
هیوام تێکشکاو، باڵای کۆماوە
گەرچی خۆم لە چل هێشتا نەداوە!

ئەمەیە حاڵم ئەگەر لێی پرسین:
«ئەی چی بە سەر هات؟» پێیبڵێن: «شێت بوو»
هات وتی: «خوایە، ڕزگار بێ، ئامین»
بڵێن: «ڕزگارە بە مەرگێکی زوو!»

سلێمانی. کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲

ئامۆژگاریی ئیمپریالیزم

ئیمپریالیزم ئەخوازێ کوتومت وامان ئامۆژگاری بکا کە شاعیری گەورە مەعرووف ڕەسافی هۆنیویەتەوە. بە لاّم تێمە ئەگەرئەم ئامۆژگاریانە لە گوێ بگرین دیارە کە تا بینەقاقا کەمترمان ناچەقێ! ئەگەر بەتەواوی پێچەوانەش بڕۆین بە ڕێوە، ئەوا ئەو خۆی هەتا نووکی گوێچکەی کەرەکانی لە ناو قوڕا نقوم ئەبێ!

هـۆ خـەڵکینە! ورتـە مـەکـەن — دەم لە قـــە هـــەر گـــیز مـەدەن
بـــنوون و هـــیچ بـێدار مـــەبن — هـــەر نـــوستووانـــن پـێتە گـەن
ڕوو وەرگـــێڕن لەو شـــتانەی — کە ئـێنج چـیە، پـێشتان ئـەخەن!
بـــە لەعـــنەت کـــەن ئـێگەیشتن — چەند بـەکـەڵکە هـیچ ئـێنە گـەن
لەنـــاو دەلیـــای نـــەزانـــینا — بـــا هـــەر مـەلەی خـۆتان بکـەن
خـــۆ ســیاسەت، لێـــی بکـــەون — پـــاشان پـــەشیمانی ئـــەبەن!
گـەر دووی‌کـەون ئـەو جادووە — خـــۆتان لە نـاو ئـەلبـم ئـەخەن!
هـــات و بـــۆ قـــەی عـادەتیش — دەمـــتان جـوولاّ، ئـەبن بـە پـەن!
ڕووگـــرژ مـەبن لە زوڵـم و زۆر — بۆ عـەدڵ و دادگـوێ هـەڵمەخەن
کـــامتان ئـــەتانەوێ بـــژین — بە خۆشی و حورمەت، شاد و شەن
گـوێتان بگـرن لەگـەڵ چـاوتان — لەوس و لچـتان لەواشـە کـــەن
چـونکە هـــەر بـــەکـــەڕ و لاّلە — حورمەت ئـەدەن، بـایەخ ئـەدەن!
هـــیوای قـــەڵبی بـــەختیاری — لەم ژیـــنەدا ئـــەچێ بـــە چـــەن!
ژین هەر ژینە: تـێر بـی و بـرسی — ڕزق هەر ڕزقە: عەمار بێ و مەن
ملکەچ بـن بـۆ حـوکـمی قـەدەر — با هەمووشی هەرگەن بێ وگـەن!
ستەمتان دی پـێ خـۆشحاڵ بـن — بـــڵێن: هـــەر ســتەمە پـــەسەن!
تـــێ‌هەڵدران ســوپاسکەر بـــن، — زللـــە، بـــڵێن «چـــل تـــا بـزەن!»
وتـــرا پـــێتان: هـــەنگوین تـــاڵە — بڵێن: تاڵێک، جـۆری دەگـمەن!
وتـــرا بـــە ڕۆژ: ئـــەمە شـــەوە — بـــڵێن: ئـەوە گشت ئـە ستێرەن!
وتـــرا: کـــوێرەکـــانی، زێـــیە — بـــڵێن: هـــەر لافـــاوە دیـــمەن
ئـــەگـــەر وتـــرا: ئـەی خـەڵکینە — پەلپەل ئـەکـەین دایکـی وەتـەن!
بـۆ شـــوکرانـــە ســـوجدە بـەرن — ســـەما بکـــەن، هـەتاکـوو هـەن!

سلێمانی. کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲

ڕاست بنەوە!

لە شیعری «جەمیل سیدقی زەهاوی»یەوە

بـۆ نـاخەنە سـەر زمـانی ئـاگـردار:
هـەنگاو بـنێن بـەرەو ئـامانج بـەبێ تـرس،
ڕاست بـــنەوە بـــە قـینەوە لە ڕەوشت،
تێکڕا گشتتان، خـۆتان خـێوی خـۆتان بـن،
بـە قـەڵەمباز هـەنگاو بـنێن بـەرەو پـێش
بـێت و ســـتی پـێشان بـدەن لە گـوڕا
ژیـان چـیـیە؟ کـۆڕی شـەڕی سـەرومڕ،
کـێ زاڵ ئـەبێ؟ کـۆڵنەدەری دڵ پـڕ زات
با، پیر خـۆیان لادەن، کـۆڕی مـەیدان نـین
کۆن فـڕێدەن، نـوێ بـپۆشن، هـەتاکـەی:
خۆ ڕزگار کـەن لە بـەندی گشت بـاوەڕێک
بـە ئـاشکرا، بـانگی ڕاسـتی بـۆ خـەڵکی
جـوانـە ڕاســتی وەک دیـمـەنی بـەیانی

لە کـــەللەدا چـــیتان هـــەیە لە ئـەفکار
هاژەتان بێ، وەک ڕەشەبا، وەک ڕووبـار!
سـەر شۆڕ مەکەن، تـا تـەنانەت بـۆ ئـەقدار!
وەک سەردەمتان بـۆ سـەردەمانە سـەردار!
بـــا بگـــەنە پـێشکەوتووان لە ڕێـبوار!
هۆی شەرم ئەبن بۆ «ەعروب»و بۆ «نـەزار»
وەی بـە حـاڵی بێهێز لە دەسـتی زۆردار!
کـێ ئـەبەزێ؟ تـرسـۆکـی بـێبڕیار!
سـا لاوینـە، دەی ڕۆژتـانە، دەی زیـنهار!
کـەشوفشی درۆی نـاو بـەرگـی پـیرار؟
کـە تـاریکن، ڕێ وونـئـەکـەن بـە ڕێـبوار!
جارِ بدەن و بۆیان دەرخـەن گشت ئـەسرار!
وەک ئە ستێرە ڕووتە و ڕوونە و پرشنگدار!

سـلێمانی. کـانوونی یـەکـەمی
۱۹۵۲

قەیسی شەهید

قەیس ئالووسی پاڵەوانە بچکۆلەیەکی ئەم نیشتمانە بوو، لە هەرای سەرپردی قەڵەمبازی نیشتمانیی عێراقدا ــ ٢٧ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ــ شەهیدکرا. لە کاتی خوێدا مامۆستا مەهدی جەواهیری شاعیری بە ناوبانگی عەرەب ئەم شیوەنە بەسۆزەی بۆ هەڵبەستبوو، واکردمان بە کوردی.

ئەی قەیس، ئەی نەشئەی بەهار
ئەی بریقەی ڕەونەقە کەی!

ئەی قەیس، ئەی چپەی نازدار،
نەرمێک لە گوێی دڵدار ئەدەی
ئەی قەیس، ئەی گۆرانیی شوان
هەوای مێرگ سەر شەپۆل ئەخەی،

ئەی قەیس، ئەی دەنگی بولبول،
چڵ ئەخەیتە لەرەی هەی هەی!

ئەی قەیس، ئەی خەوێک، پەری
بۆ ناوجێی بێقەرار ئەبەی!

ئەی قەیس، ئەی شیلەی جوانی،
ئەتکێینە ناو فنجانی مەی!

ئەی قەیس، ئەی ئاوازەی ژین!
لەرەی هیوای ناو دەنگی نەی!

ئەی قەیس، ئەی پرشنگی گەش!
ئەی بۆنێک هۆی مەستیی کەللەی!

ئەی قەیس، پاش کۆچکردنت
چیت بەجێهێشت؟ گەر تێبگەی

ماڵ لەکۆشی ئارام دەرچوو
پڕ بوو لە شیوەن و وەی وەی!

ئەم ڕۆڵە کوڕاو ئەناڵێ

ئەویان ئەڵێ: «دەی، بگری دەی!»

ئەم دوانە ئەو دایک و باوکەن
نازاریانی و هەر تۆیان هەی!

هەرچەن ڕۆژ هەڵدێ و ئەنیشێ:
چاوەڕوانن تۆ سەر هەڵدەی

بە خەو باڵات کە ئەبینن
ئەڵێن: «قەیسی نازدار، تۆخەی!»
دواییش گومان دایانتە گرێ
ئێستر جەرگە و کزە و کسپەی

بۆ یەکتری سکاڵایان
هەڵتەڕێژن هەتا سبەی!

* * *

دایکت، ئەی قەیس! ئەژی و ناژی
بە هیوایەک بێبنە و پەی

لە دەرگا بەن ڕائەچەنێ،
ئەڵێ: «تۆی لە دەرگا ئەدەی؟»

هەر ئەگەڕێ و پرسیار ئەکا:
«نەهاتەوە... دێتەوە... کەی؟»

* * *

ئەی قەیس، ئەی ڕۆڵەی شەهید،
بە خوێنی گەش پڕ بەرامەی!

ئەو کفنە ئاڵەت هۆی بەخە
بۆ نیشتمانێک تۆی نەوەی!

خۆڵێک، لە ڕووت نیشتووە، خۆی
هاوار ئەکات: تۆی ئەوکەسەی

کە نیشتمان لەسەر خاکی
ئەچەقێنێ پەیکەرەکەی!

ئه‌کلیلی تۆ و هاوچه‌شنی تۆ
له‌ ڕیشووی دڵ ئه‌چنن په‌لکه‌ی!

ئه‌ی قه‌یس، بۆ خه‌باتی گه‌ل
جوانه‌مه‌رگترین نیشانه‌ی!

تۆڵه‌ی خوێنت له‌ ستەمکار
گه‌ل ئه‌یسێنێ، ئه‌مڕۆ، سبه‌ی!

سلێمانی. کانوونی دووه‌می ۱۹۵۳

گۆرانیی لاوانی جیهان

(۱)

به‌کمان‌ئه‌خا یه‌ک هیوا،
له‌مپه‌ر هه‌تا ئه‌وپه‌ڕی دنیا.
ڕێمان پێ بگرێ دوژمن،
بێگومان سه‌ر ئه‌دا له ئاسن!
لاوان گه‌ر ده‌نگ هه‌ڵبڕن،
گه‌لان گشت ڕائه‌په‌ڕن،
گۆرانیی لاوان،
پرشه‌کا ژیان،
له شادی بۆ هه‌موو

(دەور)

به‌سته بۆ شادی ئه‌ڵێن گشت لاوه‌کان
لاوه‌کان... لاوه‌کان...
چۆن له به‌رمانا ئه‌وه‌ستن دوژمنان؟
دوژمنان؟
له گه‌ڵ لاوان،
ئه‌ڵێن گشت جیهان،
به یه‌ک زمان:
چۆن له به‌رمانا ئه‌وه‌ستن دوژمنان؟
دوژمنان؟ دوژمنان؟

(۲)

له بیرمانه‌کۆڕی جه‌نگ:
چۆن پڕ بوو له مه‌یتی شه‌هیدان
ئه‌و خوێنه‌ی خاکی کرد ڕه‌نگ،
بوو به مۆری برایی گه‌لان.
ده‌سا ئه‌ی تێکۆشه‌ران!
بۆ داد و ئاشتیی جیهان،
بگرن ڕێی خه‌بات؛

بگەنە ئاوات؛
بگەنە ئارەزوو.

(٣)
دەنگی زوڵاڵمان، بە سوێن،
ئامانجێکی پاک ئەدا بەڵێن
سەربەرزی بڕوامانین
بە ڕاستی دڵسۆزی ئینسانین
بەڵام هێزە گومڕاکان،
بوون بە هۆی تاڵیی ژیان!
با بمرێ خوێنمژ!
شەڕفرۆشی پیاوکوژ
سەرگەوێ ئاشتی، زوو!

وێنە لەئەدەبی تورکی

هەروەک کەرەم[1]

لە کتێبی «من شعر ناظم حکمت» وەرگیراوە

هەوا قورسە هەروەک گوللە
هاوار ئەکەم
هاوار ئەکەم
هاوار ئەکەم

ڕاکەن، وەرن،
منم ئەدەم
ئێزنی دەستڕێژ
ئێزنی گوللە!

وتی بە من:
تۆ ئەسووتێی
بە ئاگری دەنگە کەی خۆت،
ئەبی بە خۆڵ،
هەروەک کەرەم
گڕی عەشقی خۆی بەربوو تێی!
کڵۆڵی زۆر
بە لاڵم هاوڕێ تا بڵێی کەم!
گوێی دڵانیش
لەعاستت کەڕ
هەوایش قورسە هەروەک گوللە
منیش ئەڵێم:
با بسووتێم
ببم بە خۆڵ!
هەروەک کەرەم

من نەسووتێم

تۆ نەسووتیی
کەس نەسووتێ
ئەی چۆن دەیجوور
ئەبێ بە نوور!
هەوا وڕاق، وەکوو زەوی
هەوا قورسە وەکوو گوللە
منیش هاوار
هاوار ئەکەم
هاوار ئەکەم
هاوار ئەکەم

ڕاکەن؛ وەرن،
منم ئەدەم
ئیزنی دەستڕێژ،
ئیزنی گوللە!

---

١) کەرەم و ئەسڵی وەکوو مەجنوون و لەیلای عەرەبی و وەلیی دێوانە و شەمی کوردی وان.

وێنە لە شیعری تورکی:

لە بارەی شیعرەکەمەوە

لە کتێبی «من شعر ناظم حکمت» وەرگیراوە

ئەسپم نییە، زینی زیو بێ،
یا سامانم کەسنەدیو بێ!

مااڵم نییە و موڵکم نییە
ئەوەی هەمە، یەک تەشپییە:

پڕ لە هەنگوین، هەنگوینی جوان
ئەڵێی گڕە چۆتە ناو «شان»!

هەنگوین بەر و دوای ماڵمە،
بەرهەمی ڕەنجی باڵمە!

ئەخەمە کار هەموو هێزم
تا لە «مە گەس» بپارێزم

ملک‌و ماڵم: هەنگوینە کەم
ئەمجا، برا شیرینە کەم
«هەر پڕ بێ تەشتت لە هەنگوین
هەنگ ئەنگاتێ لەوپەڕی چین!»

نایەڵن بڵێین

لە کتێبی «من شعر ناظم حکمت» وەرگیراوە

دەمان ئەگرن لە گۆرانی، ئەی ڕۆپسن!
ئەی بولبولم، ئەی بولبولی هەڵۆباڵ،
ئەی برای ڕەش، خاوەن دانی مرواری،
لێ‌ناگەڕێن گەروو پڕ کەین لە وتن،
ترسیان زۆرە وەک ئەیزانی، ئەی ڕۆپسن!
لە بەربەیان ئەترسن و لە بیستن
لە بینین و لە لێ کەوتن ئەترسن!
ئەترسن، ئای ئەترسن لە خۆشویستن
ئەترسن وەک فەرهاد پەیمان ببەستن،
(ئەشێ ئێوەش فەرهادێکی خۆتان بێ،
براکانی زەنگیم، وا نییە ڕۆپسن؟)
لە دەنک و لە تۆو و گڵ ئەترسن
لە گشت شتێک، لەخوڕەی ئاو، ئەترسن!
چونکە دەستیان نەگوشراوە ئەمانە
لە دەستێکی دۆستا، وەک چۆلە کەی گەرم،
بێ‌نیازی کرێ، تەنزیل، یاخود مۆڵەت،
لە ئاواتمان دانەچڵەکن، ئەی ڕۆپسن!
لە ئامانج و لە هیوامان ئەترسن
لەگۆرانیی سەر زمانمان، ئەی ڕۆپسن،
ئەی بولبولی هەڵۆباڵم، ئەترسن!

داخی دڵ

شیوەن بۆ نامیق کەمال

لە تورکیی دیوانی هەڵبەستی کۆچکردوو ئەمین
فەیزی‌بەگ «شعاعات»ەوە کراوە بە کوردی.

ئەی مرووەت‌پیشە، ئەی ساحیب هیممەم!
خادیمی ئامالی میللەت بووی بە دڵ،
فەیلەسووفی ڕۆژهەڵاتی عەسر بووی،
لەفزی پەخشانت هەموو سیحری حەڵاڵ،
کۆششی تۆ بوو پەسەندی لای خودا
هەوڵی تۆ بوو پاسی ناموسی گەلت
چەن بە فیڕۆ چووی لە دەست دۆستی گوزین
بوو بە داغی دڵ گڕی هیجرانە کەت،
داخەکەم، سەد داخەکەم، حوکمی قەزا
ئەی فەلەک! بۆچ ئەهلی غیرەت پەست ئەکەی؟
بۆیە ئەهلی فەزڵ و هیممەت، خاس و عام،
داخەکەم ئەمما کە دێنە سەر خەبات،
دوژمنی ئەم سەردەمەی ئەم عالەمەم،
قەدری فەزڵی تۆ ئەزانن گشت ئومەم.
ساحیبی بێباکی هیممەت بووی بە دڵ.
ڕاست لە عیلما تۆ فەریدی دەهر بووی.
نەزمی شیعرت ڕشتەیی یاقووتی ئاڵ.
تۆ بە یارانی نەبیت کرد ئیقتیدا...
مەرگی تۆیە باری مەئیووسیی گەلت
خەڵکی پاش تۆ بەشیەتی گریان و شین...
باقیيە بۆ ڕابەری ویجدانەکەت.
مەرجی هەر یەک مەرجە: تەسلیم و ڕەزا!
جەهل و بیدعەت بۆچ هەتا دێ خەست ئەکەی؟
مەتڵەبی زلیان: لە چەرخە ئینتیقام!
هەر یەکەی زوو ئەبنە قۆچێکی وڵات!
تف لە چەرخی و تف لە ئەحکامی ئەکەم!

بەغدا. تەشرینی یەکەمی ۱۹۶۱

لەو گرانەی سارد نابنەوە:

فەقێ تەیران[1]

بەس بگری و خەم بخۆ، ئەی فەقێ تەیران!
هەژاران ڕۆژێ دێ هەڵسنە سەر پێ،
لە گەڵ خاک یەکسان کەن کۆشکی زۆرداران،
خوێنمژین نەمێنێ و ئاغا تۆوبڕ بێ...
تا دنیا بمێنێ تیایا شا و خوونکار
لە سنگما ئاگری تۆڵەکز نابێ،
سەری من نانەوێ بۆ ئاغا و زۆردار
جارێدەری ئازادی لا نادا لە ڕێ!

تا ڕۆژێ مژدەی دێ بەهارێکی خۆش
ئەبێ چەخماخە بات بڕووسکەی وتەم،
نابڕێ لە زارم، نیشتمان، خرۆش،
تا ئاغای مفتەخۆر لە قیرە نەخەم!

ناترسم لە زنجیر، لە کۆت، لە لێدان،
لە زیندانی تاریک، قەفەزی ئاسن...
لە دڵماگرێکە هەستی نیشتمان،
ناتوانێ کزی کات تەنانەت مردن!

ئەمەوێ پێش ئەوەی بمێنە ناو گڵ
تەموورەی عەشقی پاک بۆ گەلم لێدەم،
پاش خۆیشم بێتە دی خۆشە خۆزگەی دڵ:
ئازادی ببێتە بەستەی هەموو دەم!.

---

۱) مامۆستا گوران ئەم پارچە شیعرە وەرگێڕاوە و پارچەی پاشەوەی لە ژمارە ۵۴ی ساڵی دووەمی ڕۆژنامەی «ئازادی»دا بڵاو کردەوە. پارچەی پاشترینی لە ژمارەی پاشتری هەمان ڕۆژنامەدا. ئەم سەرەتایەشی بۆ پارچەی یەکەم و دووەەم نووسیوو: «لێرەدا دوو پارچە هەڵبەستی شۆرشیی نایاب بڵاوئەکەینەوە کە لە کەشکۆڵی وێژەی کوردی «کورد ئەدەبیاتی ئاڵماناخی»، وەرمانگرتووە. کێبی باسکراو لە لایەن ئێکۆشەری ڕۆشنبیر دوکتۆر ڕەحیم قازیەوە کۆکراوەتەوە. ئەم هەڵبەستانە وەرگێڕان بە زمانی ئازەری (تورکمانی) ش، عەسکەرۆفە. لە ژمارەی جارێکی ترا بەکوردیکراوی هەڵبەستێکی تری فەقێ تەیران و وتارێکی وێژەیی پێشکەش ئەکرێ بەم ناونیشانە «تەرمۆکی و تەیران». م.م.ک.

دڵەکەم...

ئــەوەندەی دەریــایەکە پــڕە دڵــەکــەم،
ئـــەڵێی هــێلانەیە بــۆ خــەفەت و خــەم!

هــەوار گــەم دوورووڵات، دەشــتە و بــیابان
دڵـــەکــەم بــەدبەختە و حــاڵم پــەرێشان!

مــن خــۆیشم نــازانــم چــیم و چیکەرم،
بـــە ئەمەی بـــیابانا مـــەرگە ڕابــەرم!

لە دەســتی ســتەمکار، لە دەســتی حــاکــم
پێشێلم، وەک ڕێگــا، بــوو بــە تــۆز خــاکــم!

بـــرووسکە نـــەیداوە لە کــۆتەرەی لەشی،
دەردی گــەل کــردوویە بــە خــەڵووزی ڕەش!

ئــاخۆ کــەی ســەردەمی ئازادی ئــە گــات!
ئــەم گــەلە کــەی دەســتی ئــە گــاتە ئــاوات؟

ئاخ، خــۆزگە ئــەم زامــەم ئــەدی ســارێژ بــێ،
پــێش ئــەوەی بــمرم و گــۆڕم بــێ بــە جــێ!

لە ڕێــدا کــە بــوومە هــاوڕێی دەروێشــێ،
نااڵنم، لێی پــرسیم: هــاوڕێ، کــوێت دێشــێ؟

وتــم: تــا بــڵند بــێ قــوللەی دیــوەخان،
لە دڵـــمــا نــاسرەوێ هــەرگیز پــێچی ژان!

نەکەن قــەت بــە ئــاغا و بــە شــا لاس بــخۆن:
کــینەی خــەست ڕەوایــە بــە دوژمــنی کــۆن!

ئــەم ئــێش و ئــازارەم تــا کــەی ئــەمێنێ،
لە دەســتما وەک ســونگی قــەڵەم ئــەنوێنێ!

ســنگیشم تــوێتوێ بــێ و هــەڵکشێم لە خــوێن،
بـــۆ ســوڵتان و شــاهان نــابم ســەرنەوێن!

دڵــنیام ئــەو کــۆشک و ســەرا خــوێنینە،
ڕۆژێک دێ نـــــەمێنێ لەم ســـــەرزەمینە.

پــێم وتــن: لە مــردن مــن بــاکــم نــیە،
هــەرکەسێ بــاکــی بــێ لە خــاکــم نــیە!

لە هــەڵدێر فــڕێمدەن، پــارە پــارەم کــەن،
بـــــمگرن، گـــــەردنم لە ســـێدارە دەن،

بـــا زۆردار بـــزانـــێ: هــەتا بــمێنم،
لە ڕێـــی ئــازادیــدا خــەبات ئــەنوێنم!

«فــەقێ» بــۆ هــەژاران تــەموورەت لێ دە،
لە نـــووکی قــەڵەمت گــەوهەر فــڕێ دە!

دێ بــە دێ جــار بــدە هــەر لە ئــێستاوە:
مـــژدە بـــێ، ئـــازادی دێــتە دنــیاوە!

دەربەدەر

گۆرانیی «قین» ئەڵێم، با ڕقم هەڵسێ!
ئاغایەک بمێنێ مەیدان بەرنادەم.
ئەوکەسەم: دەردی خۆی لە بەرد ئەنووسێ،
مزگەوتێک جێی «میر»یێ من لێی سەر نادەم!

لە گەل و نیشتمان هەرچەند دوور کەوتووم
دەنگە کەم زوڵاڵە، برا، هەی برا!
با برسی و ڕووتیش بم، چونکە نەمردووم،
لێم ترسی قایمە «زۆرداری سەرا».
دڵنیام ئەم ڕۆژە ڕەشانەی ئەڕۆن،
ڕۆژێک دێ کە ناوی بەختیاریە!
ئەو گەلەی‌مەنج نەدا و نەنوێنێ هونەر،
تەنیا ئەو، ئەنجامی خزمەتکاریە!

بۆ گەلە گشت بیر و سەرانسەر بڕوام،
کە ڕۆژێک ڕووناکی دای لە نیشتمان
ئەزانم دێتە دی لای گەلم هیوام:
هەڵبەستم ئەبێتە بەستەی سەر زمان!

بەهارم ئێجگاری ئەڕوێ و ئەکاگوڵ،
با ئەبا بۆی مێرگم لەم هەرد بۆ ئەو هەرد،
کانیاوم گەرم ئەکا بەزمی قوڵە قوڵ
کە وا بێ نەمردووم، بوویشم بە گەرد!

جێت‌دێڵم ئەی لاوی، ئەی چرای هیوا،
بە هێز بە و ڕێ مەدە بە بێهیوایی،
ژیانت خۆش بوێ و هاتە دنیا؛
بۆ زۆردار شل مەکە ڕەگی ئازایی!

پرسیارێکی ناسرخوسرەو

ناسرخوسرەو شاعیرو خاوەنبیرێکی گەورەی ئێرانە. لە سەرەتای سەدەی چواردەمی پاش‌ڕەو (هیجرەت)دا ژیاوە. یەکێک بووە لە دوانزە بابەکانی پەیڕەوی «ئیسماعیلیە» و حوججەتی ناوچەی خوراسان بوو لە لایەن خەلیفەکانی فاتیمییەوە.

لە سەردەمی ژیانیا ناچار بووە زۆرانبازیی لەگەڵ سێ تەوژمی بە هێزی بیروباوەڕ بکا: ١ - حەکیم و فەیلەسووفەکان. ٢ - پاشماوەی ئایینی زەردەشتی لە ئێراندا کە لەو کاتەدا لە ناوچەی بەڵخ شوێنەزای ناسر خوسرەو، ژمارەیان زۆر و پایەی زانستیی موغەکانیان بەرز بووە. ٣ - زانا ئەشعەرییەکانی ئیسلام.

دیوانەکەی کە ئاوێنەی ئەم زۆرانبازییە سەختەیەتی، ٢٠ ساڵێک لەمەوپێش لە تاران چاپکرا. ئەم شیعرانەی لای خوارەوە وێنەی هەوای شۆڕشگێڕییەتی بەرامبەر بە دەستوورە قوبوولکراوەکانی کۆمەڵی و ئایینیی سەردەم.

ئەی خوای گەورە! ئەگەر بە حوکمی خوایی — گەوهەری ئادەمزادت گشت جوان دارشت
حیکمەت چییە پێستی ڕۆمی و حەبەشی — ئەمیان سپی، ئەویان ڕەنگی قیر لێی نیشت؟
یان فەسالّی هیندی لەگەڵ تورک بۆچی — ئەم وەک گوناح ڕەش بێ، ئەو گوڵی بەهیشت؟
بۆچی بێ ئەم بەختیار، ئەو کوڵۆڵ، — زاهیدی میحراب و کەشیشی کەنشت؟
چی بێ ئەبێ هۆی ئیختیلافی عالەم — که تۆ هەر خۆت مامۆستا بی و وەستای گشت؟
بڵێین دنیات لەبەر بێجێیی دنیا — لەسەر گڕی ئاڵۆز و نەگریس هەڵڕشت.
بەڵام مونعیم بۆچ لە دەریای نیعمەتا — مەلە بکا و موفلیس بگرێتەوە مشت؟

سلێمانی. کانوونی یەکەمی ١٩٥٢

ئاهەنگی موغان

لە ناو ناقیدەکانی ئەدەبیاتی ئێراندا، ئەم غەزەلەی لای خوارەوە بە یەکێک دائەنرێ لە شاغەزەلەکانی «حافز» خۆی و گشت ئەدەبیاتی کۆنی زمانی فارسی.

لە باری سەرنجی واقیعییەوە وەسفی کۆڕێکی ئاهەنگی ئایینی ئەکات لە ئاتەشگای زەردەشتییەکاندا بۆ خواردنەوەی شەرابی «هوومە»، کە هوومە لە لایەکەوە، شەرابەکە خۆیەتی و لە لایەکی ترەوە وەک «باخۆس»ی یۆنانییەکانی کۆن، خوای مەستی بووە لە ناو نەتەوە ئاریاییەکاندا. دوایی لە سەردەمی مەزدیسنایی (ئایینی زەردەشتی)دا پایەی بچووک کراوەتەوە و دانراوە بە فریشتە.

بە لاّم، لە زمانی تەسەووفدا، کە ئەوتریّ و لە گەلێک شوێن سەرنجیشدا ماوەی گومان نادۆزرێتەوە بۆ ئەوەکە حافز و هاوجۆرەکانی قسەیان پێ کردووە، ئەم مەعنا واقیعی و ڕەپ و ڕەوانانە لەژێر نیقابی ڕەمز و ئیشارەتی سۆفیانەدا فەسالّ و دەم و چاوێکی ترمان پیشان ئەدەن. بە وێنە، بەو پێیەی خاوەنڕایەکان تا ئێستا وتوویانە نیازی حافز لە پیری موغان: پیری ئیرشادی پوخت (کامیل)، ڕابەری ڕێگای خوا دۆزینەوە بووە. لە سەرای موغان: نیازی کۆڕی کۆبوونەوەی پیاوچاکانی خوا بووە. لەگەبر: شارەزا (عاریف)ی خواناس. لە موغ: یەکپەرست (ئەهلی تەوحید). لە بەچکەموغ: ئەو تەجەللییاتە خراپانەی کە بۆ ڕێبوار (سالیک) دەرئەکەون. نیازی لە شەرابی موغان: ئەو جۆشە بووەکە ڕووناکیی ڕاستی ئەخاتە دلّی ڕێبوار (سالیک). لە ئاگری زەردەشت: مەبەستی خۆشەویستیی خوای تەنیا (عیشقی ئیلاهی) بووە.

دەوروبەری کۆشکی موغان ماڵرابوو، ئاوڕشێنکراو
دانیشتبوو پیرێکی پاک، کۆڕێکی گەرم دابوویە ناو
مەیخۆشەکان هەموو جوان، لە خزمەتا بەستووکەمەر
گەرچی لە هەوریان ئەسوو بە فەخرەوە نووکی کڵاو
پرشنگی جام و پیاڵەیان مانگی پڕی مات کردبوو
سەرکوڵمی ئاڵی بەچکە موغ ڕێی بەستبوو لە خۆرەتاو
نوێبووکی بەخت لەو حیجلەدا بە سەدهەزار هەزار ناز
پەڕەی گوڵی گوڵاو ئەکرد بە جووتە زوڵفی حەڵقەداو
جامی تەرەب بەدەستەوە فریشتەکەی ڕەحمەت و خێر
لەو جامەوە لە ڕووی پەری و حۆریی ئەدا نمی گوڵاو
لە شۆری عەشقو نەشئەدا شیرینەکاری شاعیران
شەکر شکا، سەمەن ڕژا، دەنگی ڕوباب بردی زراو

لە گـەڵ سـڵاوی مـن وتـی بـە لوتـف و پێکەنینەوە:
«ئەی کۆنەعارەقخۆرە کە، ئەی‌لاتە کـەی‌شەراب پـێکاو!
کێ کردی ئەو کارەی کە تۆ کردت بە بێ هیممەت و ڕا،
ئەی بەشبڕاو لە گەنجی ماڵ، لە وێرانە و لە چـۆڵەڵداو؟
تـرسم هـەیە دەسـتی تـەمات نـە گـاتە گـەردنی هـیوا،
بێدارە ئەو هەمیشە، تۆش لە کۆشی بەختا خەو بـە چـاو!»
«حـافز» وەرە لە «مـەیکەدە» پـیشانی تـۆ بـدەم بـە ڕێـز:
هەزار و یەک جۆرە نیازی یەک بە یەک قوبوڵ کراو!

سلێمانی. کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲

تەرجیعبەندێکی بەناوبانگ

«هاتیف»ی ئیسفەهانی لە سەدەی دوانزدەهەما ژیاوە. لەوانەیە کە بە شیعری سۆفییانەی جوان لە تەئریخی ئەدەبی فارسیدا ناویان دەرکردووە. بە تایبەتی تەرجیعبەندێکی بە ناوبانگی کە ئەم پارچەی لای خوارەوە بەندی یەکەمیەتی، لەناو ناقیدەکانا بە هاوشانی غەزەلەکەی حافزی شیرازی دانراوە کە ناوی «ئاهەنگی موغان»ە و وەرمانگێرایە سەر کوردی.

ئەی بە سەرگەردی تۆ بین دڵ و گیان!
وەی بە شاباشی ڕێت بچن دڵ و گیان!

دڵ بە سەرگەردی تۆ، کە تۆی دوڵبەر!
گیان بە شاباشی تۆ، کە هەر تۆی گیان!

دڵفڕاندن لە چەنگی تۆ چ گران
گیان فڕێدانە ژێری پێت ئاسان!

ڕێی وسالت شەقامەڕێی بێ ترس
دەردی عەشقت پەتایی بێ دەرمان!

تۆ کەرین، گیان و دڵ لەسەر دەستین
چاوەڕێی حوکم و گۆێشلی فەرمان!

گەر دڵت سۆڵحی ئەوێ، هانێ دڵ!
بیری جەنگت ئەگەر هەیە، هاگیان!

دوێشەوێ من لە تاوی سۆزی عەشق
هەر خولم خوارد و هەر گەڕام حەیران!

تا لەئەنجامی کارما شەوقم
کێشی کردم هەتاکو دەیری موغان!

دیم ــ بە دوور بێ لە چاوی پیس ــ خەڵوەت
پڕ لە شەوقە بە ئاگری یەزدان

لە هەموو لایەکا گڕێکم دی
وەک گڕێ دی لە تووری کوڕی عیمران!

پیرەکەی دەیر خەریکی ئاگر بوو
کۆڕی دەوری ئەویش کوڕانی موغان

هەموو ڕوومەت لە زیو و گوڵڕوخسار
هەمور شیرین زوبان، دەم و لێو جوان!

«عوود و چەنگ و نەی و دەف و بەربەت
شەمع و نوقڵ و گوڵ و مول و ڕەیحان»

ساقی وەک مانگ بە ڕوو، بە موو موشکین
موتربیش خۆشبوێژ و نەغمەڕەوان

«موغ و موغزادە، مووبەز و دەستوور»[1]
خزمەتی پیر بوو ئارەزووی هەمورویان!

منی شەرمن لەبەر موسوڵمانی
چووم و خۆم خستە گۆشەیەک پەنهان

پیر وتی: «کێیە، کێ نییە؟» وترا:
«عاشقێکە گەڕۆک و سەرگەردان!»

وتی: «پێی دەن شەرابی ناب، گەرچی
خوڵکی نەکراوە هاتووە میوان!»

ساقیی ئاگرپەرست و ئاگردەست
جامی پڕ کرد لە ئاگری سۆزان

وەک فڕم کرد نە عەقڵ ما و نە دین
کەوتبووم مەست بەڵام دەمی مەستی:

کەوتە سەر گڕ چ باوەڕ و چ گومان!
بە زمانێ کە دووڕە زۆر لە بەیان

ئـەم قـەم هـاتە گـوێ لە گشت ئە نـدام، تـا ئـە گـاتە وەریـد لە گـەڵ شـەرەیان:

کـە یـە کێکە و هـەیە و ئەبێ و هـەر بـوو

«وحـــــدە لا الـــــە الا هـــو»

سلێمانی. شوباتی ۱۹۵۳

---

۱) عیبارەتە کانی ناو دوو کەوان لە فارسیی «هاتیف» وەرگیراون.

داستانی هەیاسی وکاکە عابیدین

«عیشقی» شاعیرێکی بەهرەدار و نیشتمانپەروەری ئێران بوو، لە تازە کردنەوەی شیعر و ئەدەبی ئێراندا دەستێکی بەرزی بوو، بەتایبەتی هەڵبەستە سیاسییە کانی ئەوەندە گەزنەدە و کاریگەر بوو کاربەدەستانی سەردەم بۆیان قووت نەئەدرا، بە ڕادەیەک کە شاهەنشاهی پێشوو ڕەزا شای پەهلەوی کەڵە کێکی نهێنیی ڕێکخست بۆ کوشتنی و لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا کوژرا.

عیشقی کوللییاتی شیعر و پەخشانی چاپکراوی لە سەراسەری ئێراندا بڕەوێکی نەمری هەیە، بەمبۆنەیەوە بێجێ نییە بخەینەوە بیر کە ئەو گۆرانییەی بە هاوکاریی خوالێخوشبوو مەحمود جەودەت و شاعیری تەڕ و پاراو «م. نوری»ی سلێمانی پێکهات:

«ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین»

ئاوازە کەی لەسەر پارچەیەک لە ئۆپەرای «رستاخیز شهریاران ایران» دانراوە کە هیی خاوەندی تەرجومە عیشقییە. پارچە کە ئەمەیە:

دیشب که مرا وضع وطن در نظر آمد
دیدم که زنی با کفن از قبر در آمد
تاد...

ئەم هەڵبەستەی لای خوارەوە وێنەیە کە لە شیعرە سیاسییە کانی عیشقی، بە هەندێک دەسکاری و بواردنی هەندێ ناو و کارەسات کە پەیوەندی بە وڵاتی ئێمەوە نییە، کردمان بە کوردی، هیوامان وایە جێگای کەڵک و پەند بێ بۆ هاونیشتمانە خۆشەویستە کانمان:

لە کوردستانا، لە قاسم ئاوا
کاکە عابیدین ناوێک بوو کوێخا،
پیاوێک بوو، دڵ و دەروونی پاک بوو
لە گەڵ گشت کەسی ناودێدا چاک بوو
یەک ژووری هەبوو دەرگا شەقوڕ
لە گەڵ یەک کووپەی لە دۆشاو پڕ پڕ
کابرایەکی دز بە ناو هەیاسی
دێ گشت بێزار بوو لە دەنگ و باسی
دراوسێی کوێخای خاوەن دۆشاو بوو
بۆ دزیی دۆشاو کەمەربەسراو بوو
هەرچەند عابیدین لە مااڵ دەرئەچوو
ئەو خۆی بە کووپە ئەگەیان زوو زوو
دۆشاو هەڵەقوڕا بە چنگ و کەوچک
ئەڕژایە بەر پێ چۆڕ چۆڕ و تک تک!
تا ڕۆژێک کوێخا، ڕوانیە دۆشاو
لەچاو جارانا کەم هاتە بەرچاو

دی: شوێنێ لەسەر دۆشاوی ڕژاو — چووە تا ماڵی هەیاسی بەدناو
بانگی کرد ئەرێ برای هەیاسی! — نابێ تۆ نەختێ خودا بناسی؟
بەری ڕەنجم بوو کووپەی دۆشاوم — بزانم ڕەنجت بۆچ بە با داوم؟
هەیاسی نیازی ڕێگای حاشای بوو — بەڵام عابیدین بەرپەرچی دا زوو
وتی: بڕوانە بۆ زەوی و شوێنێت — کێیە دز: دیارە، تەنانەت لای شێت
هەیاسی کە دیی بێبوودە ئینکار — ڕێی پارانەوەی گرتە بەر ناچار
وتی: ئەمجارەم ببەخشە، سوێن بێ — ئیتر نەێمە ئەودیو ماڵت پێ
کاکە عابیدین، کوێخای دڵبێگەرد — بوورد لە گوناهی هەیاسی نامەرد
لەپاش چەند ڕۆژێک نەوس و چڵێسی — هەیاسی هاندا بۆ کووپەلێسی
گەڕا بۆ فێڵێک هەم سوێن نەشکێنێ — هەم کووپەی دۆشاو لە بن دەربێنێ
کەرێکی هێنا سواری پشتی بوو — بۆ خزمەت کووپەی دۆشاو ئاوا چوو
بەسەر سواریوە خۆی درێژ کێشا — دۆشاوی نۆش کرد تا ورگی ئێشا
دوایی کە کاکە گەڕایەوە ماڵ — دیی پیرە کووپەی بەتاڵ و حەتاڵ
کە سەرنجی دا ئایەی واق وڕمان — شوێنسم دیار بوو، نەک شوێنێی ئینسان
سەری برد، ناوی کووپەی ڕوانی — ئەقڵی پەنجەی دی، هیی کێیش بوو؟ زانیی!
بە سەرسووڕماوی ڕێگای دووری گرت — هەڵێە کێشا هەناسە و ئەیوت:
کەر بێ دز، پەنجەی لە کوێ هەیە کەر؟ — هەیاسی سمی کوا، دز بێ ئەگەر
پەنجە: پەنجەی ئەو، شوێنێ: شوێنێی کەر — بە کێ بڵێم دز؟ هەی خاکم بە سەر[1] ؟!

* * *

لەم سەرگروشتە نیازم پەندە — بۆ نەتەوەیەک گیرۆدەی بەندە
زۆردار بەیەوێ، شوێنێ بکاگوم — پێ تۆپەڵ ئەکا و لێت ئەکا بە سم
مادەم خاوەندی کووپەی دۆشاوی — لێت ناترووکێنێ هەیاسی چاوی
هەیاسی ئێمە، ئەی دۆستی گیانی! — ڕەجۆنپۆڵەو ئەبێ زۆر باش بزانی
هەر ئەوە سواری کەری ناوخۆیە — کەر تاوان ئەکا، بەڵام ئەو هۆیە
هەر ئەوە لێمان بۆتە هەیاسی — کڵ لە چاو ئەدزێ بە دیپلۆماسی
بە ڕواڵەت بێ، کەرگەلی خۆمان — بەر بوونەگیانی دایکی نیشتمان
بەڵام کەر جووتە ناهاوێ، کەرسوار — سووژن لە ملی نەدا جار و بار

سلێمانی ـ ۱۹۵۳

---

۱) لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە ئەڵێ:
چنگ چنگی خەرە و سم سمی باسی — سەرم لەم کارە ئەماسی — م. ک. ک.

هێزی گەل

ئەم شیعرانە لە «ئەبووتورابی جەلی»یەوە کراوە بە کوردی، بەو نیازەی تا ئەتوانرێ وەرگێڕراو لە ئەسڵ بچێ، وشە لاوەکیەکان بەتایبەتی هێنەکانی قافیە، هەندێکیان هەر وەکوو خۆیان هێڵراونەتەوە.

تـوانـست و هـێز هـەرچـی هـەیە گشتی هـی گـەلە
وەک ئـێشتیقافی فـیعل لە یـەک بـنجی مـەسدەرە!
ئەمرۆ گەلێ کە کەوتە هەوای کـەڵک و سـوودی خـۆی
لەو رێـیـەوە کـە خـۆی ئـەیەوێ بـۆی مـویەسـەرە!
ئـەمرۆ گـەلە کـە پشت و پـەنای ڕاسـتەقینە بـێ،
ئەی ئەوکەسەی کە پشت و پەنات فـەوجی عـەسکە رە!
نـانی گـەلە کـە لەشکـری سـەربازی پـێ ئـەژی!
تـیغی گـەلە بـەهێزکەری دەسـتی ئـەفسەرە!
نـازانـی کـێیە ئـەو کەسە دەستی پـڕە لە چەک؟
دیـسارە ئـەویش لە بـڕیڕە کـەی پشـتی رەنـجبەرە!
شـمشێری قـینی چـۆن هـەڵە کـێشێ لە کـاکـی خـۆی
ئـەو پـاڵەوانـە مـەردە سـروشتی لە گـەوهەرە!
پـەند وەرگـرە لە کـار و لە قـەوماوی ڕۆژگـار
تـەئریخە هـەر بـە حـوکمی دروست تـاقە داوەرە!
دوێنێ ئەوەی کە ئـاگر و خـوێن بـوو لەسـەر دەمـی
بـڕوانـە: چـاوەکـانی بـە فـرمێـک چـەن تـەڕە؟
تـوانـیی ئـەگـەر شـپرزە بکـا ئـاشتی دەمـێ
ئـێستاکـە کـاری خـۆیەتی وەک زوڵفی دولبـەرە
لەو ڕۆژەدا بـوو جـەور و سـتەم گـرتبووی جـیهان،
ئـێستاکـە داد و عـەدلە لە گشت لا مـوزەففەرە!
دنـیایی نـوێ ئـەیەوێ ڕاپـەڕینی نـوێ
ئـەم ڕاسـتیـیە لە تـێشکی هـەتاو ئـاشکراتـرە!

لافـاوی ڕاپـەرینە، گـوڕی، هـەرچـی هـاتە بـەر
کـــێوی لە لا لە گـــەڵ پـەڕی کـادا بـەرابـەرە!
بـــــیرکردنەوە لە بـــابەتی کـــۆن و ڕزیـــو و پـــووچ
هـــــەر تـــایبەتی بـە ســـەردەمی دارا و سکـەندەرە
شـــــمشێر نـــــیە کـــە ئـاوی دەمـــی کپ بکـاتەوە
ئـەو ئـاگـرەی لە جـۆشی دڵ و شـۆڕی نـاو سـەرە!
پـــرشنگی ڕۆژی بـــەختی گـــەلان کـەوتەدەر لە کـەڵ
بـــڕوانـــە کـــۆشکی گـــێتیی نـوێ چـەند مـونەووەرە!

سلێمانی - ۱۹۵۳

خەباتی گەل

ئەبوو تورابی جەلی[1]

لەش گـە لّای دار بـوو ڕژایـە سـەر شـەقامی پـانی شـار
خـوێنی لێ ئـەڕژا وەکـوو لافـاوی بـارانـی بـەهار
مێشک و کەللەی زۆر پژابوو، سـنگ و گـەردن تێکشکاو!
مـێشکە کـانی پـڕ هـیوا و سـنگە کـانی پـڕەشـەرار،
گەرچی خوڕڕەم دای‌ئەکـرد بـارانـە کـەی کـوشتاری گـەل،
گەل، بەڵام وەستابوو مـەحکەم چـەشنی کێوی ئێستیوار،
ڕیـــزی پـــێشی گـــرتبوو پـــاڵەی دەس ومشت ئـاسنین
شـانبەشانی ئـەو ئـەچوو ڕەنـجبەر لەگـەڵ دەسـتەی هـەژار
یـێبەری سەرگشتی کۆمەڵ باڵی مـەرگ بـوو، بـاڵی مـەرگ!
خەڵک بە لّام بێباک ئەڕۆیشتن بەرەو ڕووی چـاڵی مـەرگ!

* * *

دوایـی مشـتی ئـاسنینی خـەڵک تـانکی تـێکشکان،
دەستی هێزی گەل لە خاکـا تـۆپەکـانی گشت خـەوان!
قـاچی تـاوانکـەر لە پـیسیدا هـەتا بـن‌دەست چـەقی،
دەسـتی نـاپاکـان کشـایە دوا، نـیشانەی داوەشـان!
گیان‌سپێریی گەل لە ناوچاوانی پاکـا بـوو بـە فـەڕ
داخـی عـاری نـایە سـەر نـاوچاوی تـاوانـپێشەکـان!
خۆی خزانە کـون لەترسانا وەکـوو ڕێـوی‌و دەڵـەک:
گورگی خوێنخوارێک لە میللەت کەڵەکانی دەرپەڕان!
تک‌تکی خوێنی شەهیدان بوونە مـەشخەڵ بـۆ زەفـەر،
لەشکری پرشنگ، شکستەی هـەوری تـاری دایـە بـەر!

* * *

یەکـبەتیی گـەلمانە وا زنـجیری جـەوری پـارەکـرد
نـەعرەتەی ئـێنسانە وا ڕێـویی دزی ئـاوارەکـرد
پایەیی کۆشکی ستەم لەق بوو، بـەڵام پـێویـستە ڕەنـج
تا بەجارێک سەرنگوون کەین ئەو سەرایە دەستوبرد

هەر لە سایەی یەکیەتیدا بێگومان تـوانـست ئـەبێ
خەم نەهێڵین و بڵێین وا دەردی خـۆمان چـارە کـرد
دوشـمنی بـەدکاری ئـێمە پـیـشە کـەی نـاپاکـیە
سەد شوکر ڕۆژی بە سەر چوو، سەد شـوکباوکی‌مرد!
با ئێستر کون کون نەکا سـونگی لەشـی پـیر و جـوان،
با ئێستر خوێن ڕووی زەویمان لێ نەکاتە ئـەرخـەوان!

سلێمانی ـ ۱۹۵۳

---

۱) گوربنی سێ بەندی دوایی لە هەڵبەستێکی درێژە کە لە ئەنجامی ڕاپەڕینکانووسراوە. وشە کانی ناو دووکەوان هی دانەری فارسین.

بت

له فارسی وەرگیراوە

ــ کێ شکانی سەری بت؟
ــ سەری بت ئێمە شکانمان ئێمە!
ــ چوارپەلی ئەسپەکەیی کێ پەی کرد؟
ــ ئێمەیی داس بە دەست بووین، ئێمە!
ــ ورگی بت کێ بوو درێی؟
ــ نەدڕاوە، سکی بت
نەدڕاوە،
ــ کێ دیی؟
بدڕە ئەی دەستی بەهێزی هاوڕێ:
ڕێی سبەینێیی مەزن
بدڕە ڕووپۆشی فەسڵی بتی شووم
تا ببینین کە لەسەر ناوچاوی
ناوی کێ نووسراوە؟
ناوی ئەو پیاوکوژە وا «ئازەر»و «تیر»
خوێنی گەلمانی ڕژان...
ناوی سەرکردەیی هێزێک: یانکی
تیا سەری گەورەیی سەرکردە کەین،
ناوی ئەو خێوە کە ئارامی نییە،
ڕۆژ و شەو هاوسەری بیری سەفەرە!
بدڕە ڕووپۆشی فڕوفێڵی فەسڵ،
بدڕە ئەی دەستی بەهێزی هاوڕێ!
تا بخوێنینەوە گشت
تا بکۆڵینەوە گشت
کە لەژێر پەردەیی فێڵاچ کەسە؟
کەس نییە، گەرچی لە لای ئێمە کەسە!
کێیە؟ زەححاکی زەمان،
دز و جەردەی سامان؟!
بدڕە پەردەی فڕو فێڵی سەر ڕووی

بدڕه ئەی دەستی بەهێزی هاوڕێ!
با تەواو دەربکەوێ،
سەر و گوێلاک و فەسڵی دێوی،
تۆیش نەپرسی دەمی هەڵهاتنی ڕۆژ،
بە زمان خەڵقەوە گشت،
ورگی بت کێ بوو درێی؟
کێ بتی کوشت؟

سلێمانی - ١٩٥٣

خەیام بە کوردی

ئەم گۆزە وەک من دڵداریێ بووە، گێرۆدەی زوڵفی نیگاریێ بووە؛
ئەو دەسکەی ئێتا قوڵفە لە ملیا سەردەمێک دەستی مل یاریێ بووە!

*

بەر لە من و تۆ ڕۆژگاریێ بووە، خولخواردنی چەرخ بۆ کاریێ بووە؛
ها سووک پێ دانێ لەسەر خاکی ڕەش، ڕەشێیەی چاوی نیگاریێ بووە!

*

ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە لەسەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە،
بەزمێکە لە سەد جەمشید جێماوە، سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە!

*

ئەو کۆشکەی بەزمی تیا گێڕا بارام بۆ ئاسک و ڕێوی بوو بە جێی ئارام
بارام کە گۆڕی ئە گرت تا مابوو نەتدی گۆڕ ئەوی چۆن گرت سەرئەنجام؟

*

لەهەر دەشتێکا کە گوڵزارێکە ڕەنگی گوڵ خوێنی شەهریارێکە،
وەنەوشەی مۆری لە گڵ دەرهاتوو خاڵێکی جوانی ڕووی نیگارێکە!

*

هەی داخ دەستمایە لە چنگمان دەرچوو، لە دەست مەرگ گەلێ جگەر کون کون بوو،
خۆ کەس لەو دنیا نایە لێی پرسم ئەنجامی کاری زووتر کۆچکردوو!

*

ئەفووس! تۆماری جوانیمان تەی بوو، بەهاری تازەی شادیمان «دەی» بوو؛
ئەو مەلە مەستەی جوانی بوو ناوی، هەی داد، نەمزانی کەی هات و کەی چوو!

*

یارانی هاودەم هەموو لە دەست چوون، لەژێر پێی مەرگا یەک یەک پێشێل بوون؛
لە بەزمی عومرا یەک مەیمان نۆشی ئەوانی زووتر خست جامی گەردوون!

*

ئەڵێن لە بەهەشت حۆریی جوان هەیە، مەی و هەنگوینی سپی شان هەیە،
بۆچ یارپەرستی و مەینۆشی نەکەم مادام ئەنجامی کار هەمان هەیە؟

*

گەردوون هیچ گوڵێک لە گڵ دەرناکا تا نەیرزێنێ دیان لە خاکا؛
لە جێی ئاو خاکی هەڵگرتایە هەور: هەر خوێن ئەباری بەسەر خاشاکا!

*

هەور دیان هات گیای شت بە گریان، بێ مەیی گوڵرەنگ چۆن بژین یاران؟
ئێستا سەیرانگای ئێمەیە سەوزە، ئەی سەوزەی خاکمان کێی دێتە سەیران؟

*

هەر گیایەک لە گوێ ئاوێک ڕواوە، ئەڵێی مووی لێوی تازە خەت داوە؛
نەکەی گیا هەرگیز بێباک بشێلی: لە گڵی لەشی وەک گوڵ خەملاوە!

*

هوشیار بم نەشتم لێ پەنهانیە، کە مەست بم عەقڵم لە نوقانیە؛
حاڵەتێک هەیە بەینی ئەم و ئەو بسە بەندەی ئەبم زیندەگانیە!

*

ئەی دڵ زەمانە پیشەی خەمدانە، هەرکاتێکت دی بۆی مردی، گیانە!
سا پێش ڕوانی سەوزە لە خاکت خۆش بژی لە دیار ئەم سەوزە جوانە!

*

کە هەوری نەورۆز ڕووی گوڵی تەڕ کرد، بە عەزمی بادە هەڵسە دەستوبرد؛
ئەم سەوزەگیایەی سەیرانگای تۆیە، سبەی لە خاکی تۆ ئەڕوێ ورد وردا!

*

ئەڵێن دۆزەخە جێی پیاوی سەرخۆش، هەی قسەی بێجێی دوور لە عەقڵ و هۆش!
گەر عاشق و مەست گشت بچنە دۆزەخ، بەهەشت ئەبێتە ناو لەپێکی بۆش!

*

مەی بخۆ، لەژێر گڵا ئەنووی زۆر بێکەس، بێهاوڕێ، بێ هاودەنگی گۆڕ؛
با ئەم ڕازەشت لا نەهێنی بێ: گوڵ سبس بێ، گەشە ناکا لە بەر خۆڕ!

*

ئەوانەی دەریای فەزڵ و هونەر بوون، لەکۆڕی عیلما چرا و ڕابەر بوون،
لەم شەوەزەنگە ڕێیان دەرنەکرد، ئەفانەیژی خەو لەخۆخەر بوون!

*

هەندێ دەستخەڕۆ، دووی غوروور کەوتن، هەندێک شوێن کۆشکی پڕ لە حوور کەوتن؛
کە پەردە لاچوو ئاشکرا ئەبێ ئەمانە لە تۆ ئێجگار دوور کەوتن!

*

هەندێک لە بیردان بۆ مەزهەبو دین،
هەندێک دوودڵی گومان و یەقین؛
لە لابەلاوە لەپڕ دەنگێ دێ
ئەڵێ: کام گومان؟ کام بڕوا و ئایین؟

*

لە هاتنمان و چوونمان سوو کوانێ؟
بۆ تەونی هیوا تای دەزوو کوانێ؟
لەناو چەمبەری چەرخا هەزاران
گیان سووتا و خۆڵی بە با چوو، کوانێ؟

*

مەڵێکم بینی لەسەر قەڵای تووس
لەبەر دەمیا بوو کەللەی کەبکاووس،
ئەیوت بە کەلله: ئەفووس، سەد ئەفووس!
کوانێ دەنگی زەنگ؟ کوانێ نااڵەی کووس؟

*

نەکەی تۆبە کەی لە مەی تا هەیە،
تۆبە سەد تۆبەی بەدوادا هەیە؛
گوڵ کراس بدڕێ و بولبول بخوێنێ،
لە کاتی وادا تۆبە کوا هەیە؟

*

گوڵ بەربەیاتێک ژاکا و هەڵوەڕێ،
ڕازی خۆی هەڵڕشت بۆ با و هەڵوەری؛
کەمشەرتیی چەرخە کە گوڵ بە دە ڕۆژ:
ڕوا و پشکووت و ژیا و هەڵوەری!

*

بڕوانە دڕی با پەردەی ڕووی گوڵ،
سەرگەرمی عەشقە بولبولی سەر چڵ؛
لە بن گوڵباخا دانیشە، گوڵباخ
زۆر جار ڕواوە و بۆتەوە بە گڵ

*

ئێستر بەیاخی نیفاق پەی ئەکەم،
بە مووی سپیوە ڕوو لە مەی ئەکەم؛
ژمارەی پێکی عومرم حەفتایە
ئێستا بەدەستی نەکەم، کەی ئەکەم!

*

چەندێک مناڵ بووین قوتابیی زانا،
چەندێکیش خۆمان بووین بە مامۆستا،
ئەنجام بڕوانە چیمان بەسەر هات:
وەک ئاو هاتین و بۆی دەرچووین وەک با!

*

چ دەستەی تازە، چ پیرانی کۆن
هەموو یەک بە یەک، وەک هاتوون ئەڕۆن؛
دنیا نامێنێ تا سەر بۆ کەسیان،
چۆن هاتن و چوون، ئەبێ: بێن، بڕۆن!

*

ڕەندێکم بینی دانیشتووی ڕووی خاک،
مەگەر هەر ئەوم دیبێ وا بێباک:
بەرامبەر بە: کوفر، ئیسلام، دنیا، دین،
حەق، گومان، یەقین، ڕێی خراپ و چاک!

*

گەردوون جامێکە سەرنگوون کەوتوو، ژیران لەناویا گشت زەبوون کەوتوو؛
سەرنج لە دۆستیی شووشە و پیالە بەن دەم لە دەمان و خوێنی یەک خواردوو!

*

کفر و دین بەینیان یەک هەناسەیە، یەقین تا گومان یەک هەناسەیە،
ئەم هەناسەیە بە خۆشی بژی، مادام خۆی ژیان یەک هەناسەیە!

*

ئەی دڵ لە دنیا ئیحسانت ئەوێ؟ لە چەرخی گەردوون سامانت ئەوێ؟
دەرمان داواکەی دەرد گران ئەبێ، لە گەڵ دەرد هەڵکە و دەرمانت نەوێ!

*

گایەک لە ئاسمان ناوی پەروینە، گایەکیش ئەڵێن لەژێر زەمینە،
سا چاو بگێڕە ئەی خاوەندی هۆش لەناو دووگادا کەرگەل ببینە!

*

وەک گوڵ پیالە بەرمەدە لە دەست؛ لە گەڵ گوڵڕەنگی چاو و برۆ مەست
شەراب بنۆشە، ئەم چەرخە شینە هاکا ئۆیشی کرد بە وێنەی گڵ پەست!

*

دڵ نابێ داری خەمی تیا بڕوێ، خۆش کێبێکە لە خۆشی بدوێ؛
مەبنۆشین باشە و کام هێنانەدی، خۆ دیارە ژیانت چەن کەم بۆ ئەلوێ!

*

شووشەم ئەشکێنی بە قەستی، خوایە! ڕێی نەشە و بەزمم ئەبەستی، خوایە!
شەرابی ئاڵم ئەڕێژیتە خاک، هەی خاکم بە دەم بۆچ مەستی، خوایە!

*

کێیە بێگونای ڕووی دنیا، بڵێ؟ بێ گوناکردن چۆن ژیا، بڵێ؟
کە من بەد بکەم، سزای تۆیش بەد بێ تۆ و من جیاوازین لە چیا، بڵێ؟

*

ئای کە زۆر گەڕاین بە دەر و دەشتا، دنیامان بێژا لە گێڵ و گەشتا،
لەم ڕێگای چوون و نەهاتنەوەدا کەسێک تووش نەبووین لە بازگەشتا!

*

پیالەی ئەجزا جۆشخواردووی بێگەرد مەست دڵی نایە قەت بیدا لە بەرد؛
ئەی سەر و مل و ساق و دەستی جوان کێ لێکیان ئەدا و ئەیانکا بە گەرد؟

*

هـەرچـەن بـە ڕەنگ و بـۆی جـوان ڕازاوم وەک گـوڵ، بـە بـاڵایش سـەروی سـەراوم،
بـــەڵام نـــەمزانـــی وەســـتای نـــیگارکێش لە گـــاڵتەخانەی خـــاک بـــۆ دایـــناوم؟

*

لەپـــێشا چـــەرخـــی شـــین خـــستنە کـــار، دوایـــــی تـــێکدانـــی بـــنچینە و دیـــوار،
نـــاکـــێشرێ هـــەرگیز بـە تـەرازووی عـەقڵ پـــێوانـــەی نـــایە بـــە مـــەتر و پـــەرگار!

*

شـــاد بـــژی مـــایەی عـــومرت دەمـــێکە، هەر گەردێک لە خاک «کەی»و «جەم»ێکە،
چـــۆنیەتیی دنـــیا و ئـــەسڵی ئـــەم عـــومرە، خـــــەوە و خـــەیاڵە و تـــەفرە و تـــەمێکە!

*

ســـاقی! قـــەدەحێک، ژیـــان یـەک دەمـە، هـەر بـە خـۆشی بـێ ئـەو دەمـەش بـەسمە؛
چـــــۆنت بـــــۆ لوا بـــــازە، چـــەپگەرد ســـووڕانـــی بـــەپێی دڵـــخواز زۆر کـــەمە!

*

بەر لەوەی گـەردوون تـووشمان کـا بـە وەی وەرە! بـا خـۆمان تـێراو کـەین لە مـەی،
چـــونکە چـــەرخـــی کـــۆن کـاتی ڕۆیشـتن مـــاوەی ئـــاو نـــادا لێـــوی پـێ تـەڕ کـەی!

*

هـەر بـەربەیانێک ڕووی ئـاسمان شـین بـێ، ئـــەبێ لەســـەر دەست پـیاڵەی ڕەنگین بـێ،
ئـــەڵێن لە دەمـــا تـــامی مـــەی تـــاڵە، مەی حەقە وکێ دی کـە حـەق شـیرین بـێ؟

*

ئـەم کـۆشکەی لووتـی لە ئـاسمان بـوو، شـــاهان ئـەیاننا بـۆ بـەردەرگـای ڕوو،
دیـــمان کـــۆترێک لێـــوی دیـــواری گرتبوو کـز کـز ئـەیوت: کـوو کـوو کـوو!

*

ئـەوانـەی زووتـر بـۆی دەرچـوون، سـاقی! خـاکـی غـوروورە تـیا نـووستوون، سـاقی!
مـەی بـخۆ و ڕاسـتی هـەر لە مـن ببیە: بـا بـوو لە هـەرچـی دوابـوون، سـاقی!

*

بـــێ مـــەی گـــوزەران کـــردن نـــاتوانـــم، بـــێ جـــام بـــاری لەش بـــردن نـــاتوانـــم،
بـەندەی ئـەو دەمـەم سـاقی ئـەڵێ: هـا جـــام و مـــن ئـــێتر گـــرتن نـــاتوانـــم!

*

ئـــەو کـــەسەی زەوی و ئـاسمانی دانـا، بـــەشی دڵ داغـــی گـــرانـــی دانـا،
زۆر لەعـلی لێـو و مـیکی ئـەگریجەی، نـــایە چـــاڵ، خـاکـی لە بـانی دانـا!

*

سەردەستەی دنیای مەعانی عەشقە، شابەیتی شیعری جوانی عەشقە،
ئەی بێتاگایی لە عالەمی عەشق ژیان خۆی ئەبێ بزانی عەشقە!

*

وەک خەمم عومری درێژ بێ نازدار، ئەمرۆیش دڵنەرمیی خۆی خستەوە کار،
چاوێکی لوتفی بڕیە چاوم: چاکەی هاوێشتە ناو ئاوی ڕووبار!

*

یەک قوم مەی مولکی کەیکاووس دێنێ، تەختی قوباد و بەختی تووس دێنێ،
لە بەربەیانا ئاخێکی سەرخۆش سەد نوێژی سۆفیی زمانلووس دێنێ!

*

من کە ڕەمەزان ڕۆژووم ئەشکان لە بێخەبەریم نەبوو، بێگومان؛
ڕۆژوو بەرچاوی تاریک کردبووم، لای خۆم بۆ پارشێو تێکەم ئەگلان!

*

کە مردم خاکەم بە با بێژن، بۆ عیبرەت نەکەن لاشەم بێژن،
لە گڵم قوڕێک بە مەی بشێلن، خشتی سەر کووپەی لێ دابڕێژن!

*

با سەر پڕ سەودای بتی وەک حوور بێ، جامی دەست کەیلی شەرابی سوور بێ؛
خەڵق ئەڵێن تۆبەت قوبوڵ ئەکا خوا، ئەو نەیکا و منیش تۆبەم لێ دوور بێ!

*

ئەی هاوەمەکان مەیم کەن بە قووت، ڕووی کارەبایم بکەن بە یاقووت؛
کە مردم لاشەم بە شەراب بشۆن، لە مێو هەڵبەستن بۆم ئەختەی تابووت!

*

نووستبووم، ژیرێک لە خەوما فەرمووی: کێ بە خەو پشکووت غونچەی ئارەزووی؟
خەو برای مەرگە، تا زیندووی مەمرە، کە مردی لەژێر خاکا تێر ئەنووی!

*

چەرخی ئاسمانی بێبنی پڕهەور جامێک لە بەزمیا چەرخ ئەدا بە دەور،
نۆرەت هاتە سەر، بێ ئاخهەڵکێشان بینی پێوەنێ، دەورە، نەوەک جەور!

*

ئەم یەک دوو ڕۆژەی عومر چوو بە سەر وەک ئاوی ناوچەم، وەک بای دەشت و دەر،
لە ڕۆژان هەرگیز خەم ناخۆم بۆ دوو: ئەوەی تێپەڕی و ئەوەی دێتەدەر!

*

لە گشت ڕۆیشـــتووی ئـــەم شـەقامەڕێ کـــێ گـــەڕایـــەوە، ڕاســـتی وت بـــە کـێ!
لەم دووڕێـــیانەی هـــەڵبە و هـــبوادا، نـــاگـــەڕێیتەوە، هـــیچ مـــەبڵە جـــێ!

*

یـــاران بـــە ڕێکـەوت کـە کـۆمەڵتان بـەست، بـــیرتان بـــێ دۆســـتی لە نـــاو گـڵا پـەست.
لە کـــۆڕی بـــەزما نـــۆرە پـــیاڵەی ئـــەو قـــڵپکەنەوە و گـــڵە کـــەی کـــەن مـــەست!

شیعری بەخشان وەرگێڕراو

پیەرلۆتی

لە کتێبی «من شعر ناظم حکمت» وەرگێڕاوە

نازفرۆشی، تەلیسم، قەدەر
قەفەس، کاروان، کۆشک و سەرا
تاڤگە،...
بڕۆن میرکچان
پەریزادە کان
ئەی سەماکەران لەسەر سینیی زیو،
ڕاجە، شا، سوڵتان
هەتا هەزار ساڵ
وەک لە منارە بووبێ ئاوێزان
ڕەسمگەلی شیلان
ئافرەتانی پێ و دەس بە خەنەش
ڕیس‌و چنینیان بە نووکی پێ لا ئەدەن
لە دوور دوورەوە
لە گەڵ گۆمەی با
ئەخوێنن بە ڕیشی دووکەڵاوییەوە
کۆمەڵی مەلا
لە ناو بەرگی ڕەشی زلا...
تا ئەمەیە، هەر ئەمەیە ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتێک کە شاعیری فەرەنسی دیی
ڕۆژهەڵاتی بێگەرد و خام
وەک ئەو کتێبانە ئەنووسن
کە دەقیقەی ملیۆنێکیان لێ چاپ ئەبێ
بەڵام نە دوێنێ، نە ئەمڕۆ، نە سبەینێ
هەبوو، هەیە، ئەبێ
ڕۆژهەڵاتی وا!
ڕۆژهەڵات، جێی هەڵهاتنی ڕۆژ،

زەویی بورکانە کان
کە دیل و بەندە، بەندەی ڕووت و قووت،
لە برسانا تیا ئەمرێ
وڵاتی کڵۆڵی
مۆڵکی هەموو، ڕۆژهەڵاتی خۆی نەبێ
ئاخ ئەی ئاسیا... ئەی بالۆرەی دەمی ئەوروپا!
ئەی بالۆرەی پڕ لە هەموو شت
ئەی بالۆرەی پڕ لە گەنم
ئەی ئاس ،یا،
چینییە کانت
چینییە سوانکەرە کانت
خۆیان بە پرچ هەڵئەواسن،
بە دەست خۆیانڵ بەند ئەکەن وەک مۆمی زەرد
بە دیرەکی کەشتییە کانی ئەمەریکاوە
لە پۆپەی هەرە بەرزی شاخی هیمالایا
لە پۆپەی هەرە سەخت
زابتە کانی بەریتانیا مۆسیقای «جاز» لێ ئەدەن،
قاچە زلە کانیان بە نینۆکی ڕەشەوە نوقم ئەکەن
لەو نەهری غانژەدا کە بێزراوە کان[1]
مردوویانی تێهەاون
ئەو مردووانەی بێهیوایی لە ژێر پێدا
پلیشانوونی
وە ئەنادۆڵی
لە لووتکەیەوە تا دۆڵی
لەو زەویە بەولاوە نییە
کە ئارمسترۆنگ گۆرانیی شێتیی تیا بڵاوئەکاتەوە
ئاسیا ئیتر بێزار بووە،
بێزار بووە لەمانە گشتی
ئیتر ڕۆژهەڵات نایەوێ
ئەم شۆربایە قووتدا

تەنانەت ئەگەر یەکێکتان توانیی سەینێ
ئەو مانگایەمان بۆ زیندوو کاتەوە کە برسیەتی کوشتی
با دوورەوە کەوێ، هەر ئەوەندە بۆرجوازی بێ
تەنانەت تۆ، ئەی پیەر لۆتی
بە تایبەتی تۆ
ئەی ئەوەی ئەسپێی تیفۆس لە لەشیا شاراوەتەوە
ئەو ئەسپێیە کە لە ڕێی کووتاڵی مێو کراوەوە تێمەیان پێ کوتا، تۆیش هەر دوورەوە کەوە
دوورتر کەوە لە زابتی فەرەنسی!
تۆ، ئەی زابتی فەرەنسی
پارە کەی خۆتت لە بیر چوو
وئەزیادەی چاو هێشوویی
ئەوەندە زوو کە ژنە بازاڕیە کان
بەو گورجییە لە بیر ناچن
درۆزن دەرچووی، ئەی لۆتی
درۆزن دەرچووی
گۆڕی وئەزیادەت بۆمباباران کرد
ئەو گۆڕەی لە تێمەدا ناشتبووت
لە منا ناشتبووت
هەر وەکوو کۆلکەدارێک بێت بۆ نیشانە دانرابێ
باگشت لایەک بزانن
کە تۆ، ئەی لۆتی، لە جادووباز زیاتر نییت
جادووباز... پیەر لۆتی
ئەوەی کە بە ڕۆژهەڵات ئەفرۆشێ
هەرچی کاڵای فەرەنسی هەیە،
هەرچی کاڵای چاوەڕاو هەیە،
سەدی پێنج سەد ئەخاتە سەر نرخەکەشی بۆ قازانج
ئەی پیەر لۆتی، ئەگەر باوەڕم بیوایە
بەگیانی جیاواز لە بیرەوەری،
گیانی تۆم ئەگرت
لەو ڕۆژەداکە ڕۆژهەڵات ڕزگار ئەبێ

به پایەی پردێکا هەڵمەتەواسی
ئەمجا جگەرەیەکم ئەنا بە دەمەوە، ئەمکێشا
بەرامبەر بەو گیانە درۆزنە!
دەستم بۆ ئێوە درێژ کردووە،
دەستمان بۆ ئێوە درێژ کردووە
دەستمان بگوشن
ئەی ڕووت و قووتەکانی ئەوروپا
غار دەین لە گەڵ یەکتر
بەسەر ئەسپی شێتی ڕەنگسوورەوە
ئامانج بەرامبەرمانە، ئەوەتا زۆر نزیکە
زۆر نزیکە بنواڕن
بنواڕن چەن کەم ماوە
بۆ ئەو ڕۆژانەی[1] بڕیان داوین لە سەربەستی
بڕوانن ژیانەوەی ڕۆژهەڵات
چۆن لە دوور ملی ناوە دێت
دەستەسڕی خوێناویمان بۆ هەڵئەتەکێنێ!
بڕوانن، دوایی، چۆن ئەسپی شێتی ئێمە
بە چوارپەل سەما ئەکات
بەسەر لاکی ئیستیعماردا!

سلێمانی. نیسانی ۱۹۵۳

---

۱) بڕزاوەکان: مەبووزەکان.

هەورەکان تێشەپەڕن[1]

هەورەکان تێشەپەڕن[2]
مەمبەن بەرەو جەنووب
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو باکوور
مەمبەن بەرەو ڕۆژهەڵات
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەمبەن بەرەو ڕۆژئاوا
لەم شوێنە بەجێمهێڵن
بمبەن بۆ شوێنانی تر
نامەوێ بمرم
نامەوێ بمرم

---

١) ئەم پارچەیە و پارچەی پاشەوەی، لە هەڵبەستی «ناظم حکمت»ەن کراون بە کوردی. م.م.ک.
٢) مەبەست: ئاکۆکی ئەروا... مەمبەن بۆ شەڕ. لە باری ئێستادا مەهێڵنەوە، بمبەن بە ڕێگای پێشکەوتنا.

ئینسانی گەورە

ئینسانی گەورە لە کەشتیدا ڕێبواری سەربانە،
لە شەمەندەفەرا پلەی سێیەم
لە شەقاما سواری قاچی خۆیەتی
ئینسانی گەورە.

ئینسانی گەورە لە هەشت ساڵانە ئەچێ بۆ ئیش، لە بیستا ژن ئەهێنێ،
لە چلا ئەمرێ
ئینسانی گەورە.
نان جگە لە ئینسانی گەورە بەشی هەموکەس ئەکات، برنجیش هەروەها
شەکریش هەروەها
قوماشیش هەروەها
کتێبیش هەروەها
جگە لە ئینسانی گەورە بەشی هەموکەس ئەکات.

لە زەویی ئینسانی گەورەدا سێبەر نییە
لە کۆڵانی شەویا چرا نییە
لە پەنجەرەیا شووشە نییە
بەڵام هیوای هەیە ئینسانی گەورە
بێ هیوا هەرگیز ناژی.

تاشقەند. ١٩٥٨

وێنە لە هەڵبەستی سۆڤیاتی:

باوەڕەکەمان...

دانەر: یەڤگینی یەفتۆشینکۆ

باوەڕەکەمان فەرمان نییە بەسەرمانا داسەپێ،
لە قوواڵاییی دڵمانا ڕەگەکانی داچەقیوە.
ئەگەرچی لە ئازار زاوە و لەگوشاری پێویست،
بەاڵم ئێستا: ئەبەخشێ هێز، ئەبەخشێ بەری شیرین.
باوەڕەکەمان لە ڕۆژی هەرە تاریکا گەیشتە فریامان.
لەکاتێکا کە باری سەرشانی گەل ئێجگار قورس بوو.
بە بڵێسەی گڕی لەنین ڕووناکیی تێ کەوت،
ئینتر... ئێمەی خستە سەر تاقە ڕێگای ڕاست.
ڕووبەڕووی مەرگ لەبەر بارانی گوللەی دوژمنا وەستاین،
لەبەر هەر دەرەختێکا پارچەیەکیان لە لەشمان پچڕی،
دەمی داپچڕاوی برینەکانیان پڕکردین لە لم.
نیشانەی داخەکانیان هێشتا بە سنگمانەوە دیارە.
نە تفەنگمان هەبوو، نە کەرەمان چنگ ئەکەوت،
«گرانی» بە خوار و ژووری گوێچەمی«قۆڵگا»دا دزەلۆقەی ئەکرد.
لەکاتێکا کاربەدەستانی «نیپ» فیزیان ئەفرۆشت.
بە بەرگی پۆشتە و دەستی ئەموستیلەداری ناو دەستکێشەوە.
بەڕامبەری تەوس و توانجیان لە ئێمەوە بینینیان بوو بە چاوی سووک.
بە زەبری ڕەنج هەر خۆمان نزیک ئەخستەوە لە ئامانجمان.
بەپێچەوانەی گێرەشێوێنی، پرۆژەکانمان هاتنە بەر:
کەڵە کە بوو گەنمی زۆر، ئاسن و پۆاڵی زۆر، خەڵووزی زۆر!
لە پاشترا بێگانە هات بۆ هەڵلووشینی خاکەکەمان،
وە بۆ بینینی هەرەسهێنانی کوتوپڕمان،
لەکاتێکا کە دەرزییە هەر زوو تێڕکراوەکەی هێنلەر
بە ناوی «مۆسکۆ»دا ئەچەقی لەسەر خەریتە!
کوڕانە وەستاین لە ڕووی دەستەی تەقەکەرا،

پڕ بە ورگیان پێمان نۆشین ژاراوی «تۆڵە».
ڕاستە پۆستاڵە کانیان بەسەرماندا قوتەی کرد،
بەڵام پۆڵای خواستمان هەرگیز نەنوشتایەوە بۆیان.
لە ناوچەرگەی خۆڵەمێشو تەپوتۆزی شەڕدا
باوەڕە کەمان بە هێزی پترەوە سەری بەرزکردەوە.
هەموو لایەکی دنیا دەنگی دایەوە،
لە کاتێکدا ئێمە هەڵمانکوتا بۆ سەرکەوتنی ئێجگاری
فڕوفێڵە خشکێیی پیاوکوژە کانمان دایە بەر نووکە شەق،
نەمانهێشت دەستی چڵکنیان ڕەژیمی سۆڤیەتی گڵاوکات.
ئەم باوەڕەی کە توانیی بەرامبەر بە لافاو و بڵێسە بوەستێ،
کە ڕاستیی خۆی دەرخست هەم لە شەڕدا و هەم لە ئاشتیدا،
لە ئێمەوە بە جێ ئەمێنێ بە میرات
کە ڕابەر بێ و ئیلهامدەر بێ
بۆ پشتاوپشتی لاوانی وڵات!

لەگۆڤاری «سۆڤیەت لیتریچەر» وەرگێڕراوە.
بەغدا، تەشرینی یەکەمی ۱۹۶۰

کۆمەڵەی دوازدەهەم

بۆزاخاوی ئیشک

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردى - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

مامۆستا گۆران که له ژماره ۱۱۲۲ی ۱۹۵۲/۱۱/۶ وەوە سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی «ژین»ی گرتە دەست، وەک ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتووی خاوەن بیروباوەڕ کەوتە کار بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی. لە گەڵ دەرەتانی تەسکی ڕۆژنامە کەشدا گەلێ گۆڕانی دیاری بەسەردا هێنا. یەکێ لەو کارانەی بەم مەبەستە کردنی، کردنەوەی گۆشەی «بۆ زاخاوی مێشک» بوو کە جۆرە مەتەڵێکی بە شیعر لە هەر ژمارەیەکدا بڵاو ئەکردەوە و لە ژماری پاشەوەشدا هەڵهێنانەکەی ئەخستە ڕوو. زۆربەی ئەو مەتەڵانەی بڵاوی ئەکردنەوە ناوەڕۆکێکی سیاسیان هەبوو، لە گەڵ مەبەستی خستنەکاری بیردا هۆشیارکردنەوەی خوێنەرەوانیشی لە بارەی سیاسیەوە مەبەست بوو. لە سەرەتادا مامۆستا گۆران خۆی ئەم مەتەڵانەی دانەنا، بەڵام پاشان وردە وردە خوێندەوارانیش کەوتنە بەشداریکردن. لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆربەی مەتەڵەکان هەر هیی مامۆستا گۆران بوون. هەر مەتەڵێک لە ژینی سەردەمی مامۆستا گۆراندا بڵاو کرابێتەوە و ناوی کەسی لە بنەوە نەبێ، هیی خودی مامۆستا گۆرانە.

ئێمە کە لەم بەرگەی تێکڕای بەرهەمی گۆراندا ئەم مەتەڵە شیعرییانەی بڵاو ئەکەینەوە، بەتەماین لە بەرگی دووەمیشدا کارەهونەری و ئەدەبییە پەخشانەکانیتری بڵاو بکەینەوە کە وەختی خۆی لە ژینەدا بڵاوی کردوونەتەوە. م.م.ک.

(۱)

ژوورێکی زل وەک مزگەوت — ئەچنە ناوی شەش و حەوت،
کۆڵانی تەنگ ئەبڕن — تا جێی خۆیان ئەگرن
جێی دانیشتنی گیاندار — تاریکە و نەخشی دیوار
ئەژی لەبەر ڕ ووناکی — ئای خوایە چەن بێباکی![1]

(۲)

ئەوەندەی چنگێ لۆکەی نەرم و شل — بە ناو ئاسمانی شینا ئەدا خول
موورووڵەی چاوی پڕ لە نیگای نەرم — ئەگیڕێ بۆ جێی هێلانەیەک گەرم!
بۆ جێیەک ئارام، ئاسایش، شادی، — سێبەر بن تیایا بۆ سەر ئازادی!

لەوێ بە دوو پێی سووری وەک شێلان سەوزاییی چیمەن بشێلێ جوان جوان
ئاقیقی دەنووک بەرێ بۆ چینە: بێ ترس، بێ دوشمن، بێ رق و کینە!
ئەم مەلە جوانەی لە شەڕ بێزارە هەرکەس بیناسێ زیرەکە، دیارە![2]

(۳)

بیستم سنووقی نەختە ئەیوت: سیحر ئەمەتە!
ڕێم بدە وگوێم بۆ شل کە، «پەح» لە دەنگی بولبول کە!
بە هەزار دەنگ و زمان ئەڵێم، ئەخوێنم جوان جوان![3]

(۴)

پیرۆزە، نیازگای وردو درشتە تیایا بەکام ئەگات پەری و فریشتە
چاوی دایک و باوک و نەنک و باپیران: لە دەرگای چەقیوە، سەرپاکی ژیران
هیوایان ومهایە کە لەو دەروازە دەرئەچێ بەیداخی ژیانی تازە
ئەو کۆشکە هەڵبێنن ئەی لاوی وڵات لە پەنای سێبەریا ئەگەنە ئاوات[4]

(۵)

ماری درێژ و باریک سەری لە کونی تاریک
دەرئەهێنێ و بە زمان هێڵ ئەخاتە ڕووی مەیدان
ڕووی مەیدانی بەفرینە هێڵ یان سوورە، یان شینە!
هەر هێڵێ تەماشا کەی چیی کێڵابێت تێی ئەگەی!
ئەم ماری سک پڕ ئاوە ئاخ ئەتزانی چیی ناوە![5]

(۶)

تیغی تیژی بەبڕشتە حوکمی سەری تۆی بە مشتە
لە بەر چاوت بە هەزاران زەرد و ڕەش و سپیی ئینسان
ئەداتە بەر داسی درەو تاوێ بە ڕۆژ، تاوێ بە شەو!
سزای پاکژی ئەم گشت لەشە: لەکیسەی خۆت پارەی بەشە[6]

(۷)

دوو مەقتەعە مەتەڵەکەم دووەم ئەخوا بڕوا یەکەم
ناو و سیفەت لێکیاندەوە وشەی مەتەڵیان لێ زاوە
لامان باو بوو جاری جاران دوایی باوی کەوتە شاران[7]

(۸)

سێ پیتە مەتەڵی ئەم جارەی ژینت　　بیزانی ژین ئەگا زۆر ئاڤەرینت
یەکەمیان وەکوو مێرد لایەکە لە ژن　　دووەمیان لە «جێ» دا ئەکشێ بەرەو بن
سێیەمیان بەر و دوای فووتی ئینسانە　　بێ هەرسێ ئەم کۆشکەی لەشمان وێرانە[8]

(۹)

مەیکێشە بۆکەم نەگا　　زۆرە لە ناوی یەگا
جووتی پاڵ کەوتووی ناو تاق　　بیست دانەیە لە عێراق[9]

(۱۰)

حەوتە مەتەڵم ژمارەی پیتی،　　مژینی مانگای خەڵقە نەریتی،
پیتی سێ و پێنجی لەگەڵ شەشەمی　　بۆتە هۆ لیمان داچڕێ دەمی
حەوت و شەش و دوو لەگەڵ سێ بە ڕێز　　شێوەک نین چوویی بەلایا هەرگیز!
زیاندارە وەک پێنج و شەش و حەوت　　دەریالووشێکە بۆ چاڵاوی نەوت
گوێچکەی ئاقکەوتووی وەک هیی کەر درێژ،　　کلکی کوتومت مارێکی ژارڕێژ
چیە ئەم دەعبا درندە و پیسە؟　　پێنج بوایە پیتی ئەتوت ئیبلیسە![10]

(۱۱)

وەک کەر لەسەر چوار پێ وەستاو،　　هەیەتی ڕوو، هەیەتی چاو!
پشتی پانە و باری سووکە،　　دەعبایەکی لەش بێتووکە!
چی بێ ناوی ئەم دەعبایە　　کە نزیکی کورسیی شایە![11]

(۱۲)

وشەی مەتەڵ پێنجە پیتی　　هەڵبێنی زرنگ و زیتی!
لە یەک و دووی لەسەر دوانی　　لە سێ تا پێنج تۆ بی، جوانی!
بێ دوو، وشە، شای چێشتانە،　　بێ سێ گەورەی ناو خێزانە
باتا واتا مەتەڵزان بە　　خاوەندی قۆندەرەی جوان بە[12]

(۱۳)

لە «هەمان ژوورەدا بۆ دوا وەرگەڕام　　کە گەیشتمە بەر «ژین»یان پێشانداام
سەرنجم ورد دا لە پیتی هەشتەم　　دیم دەنگی لای کورد دەرناچێ لە دەم
بۆ کردنەوەی تەلیسمی مەتەڵ　　حەوت بەسە، هەشت با نەبێ لەگەڵ[13]

(۱۴)

دیم له گۆیه‌کی زەردی سووریاوا — ده پانزه ژووری هێلکه له ناوا
له ژووری سێسووج دەریای شەربەتاو — له هێلکەی وەک زیخ بووبوو به گۆماو
دەریالووش به کێرد ورگی گۆی دڕی — ژوور ژوور شەکراوی له دەریا بڕی
هێلکەی فڕێ دا و گۆی پان کردەوە — گۆی هونەری خۆی ناوا بردەوە[۱۴]

(۱۵)

مەتەڵەکەمان چوار پێنی ساغە: — دروست کراوە لەسەر بناغە،
له یەک تاکوو سێ ئاوریشمدڕە — یاخۆ شوێنێکی له وڵاغ پڕە،
یەک و دوان و چوار زوڵفی نازدارە — یەک و چوار خراپ هەر شەرمەزارە
هەیەتی گشت شت سیان و دوان و چوار — بیزانە و بڵێم بژیت هەزار جارا![۱۵]

(۱۶)

شارێکی گەورە هاوناوی گۆمە — سەر سنوور کەوتووی عەجەم و ڕۆمە
سێ پیتەی وشەی له پێوە بۆ سەر — چیت بوێ له دەم پێی دێنیتەدەر
ناونجیی لا خەی پیتی یەک و دوو — لێت نادیارە وەک ناوی مردوو
بەڵام چەواشە بڕوانی بۆیان — ژمارەی مانگن بۆ ژنی دوو گیان[۱۶]

(۱۷)

مەتەڵ حەوت پیتە «نووسین بە کوردی» — گەر هەڵیبێنی ئەڵێم زۆر وردی
پیتی یەکەم و دووەم لەگەڵ سێ — بەو سەرەوانێ ئەمسەر ئەبەستێ
پیتی سێ و شەشی لەگەڵ یەکەم بێت — لای بایی لووتکەی «کاژاو» ئەکێڵێت
بەڵام حەوت و دوو شەش و یەک هەر چوار — زێڕێکە لیمان ئەدزێ ئیستیعمار[۱۷]

(۱۸)

مەتەڵی ئەمجارە له نۆ پێت پێکهات: — مانەی پێشکەوتنە بۆ گەل و وڵات،
سێیەم و چوارەمی، یەکەمیش لەسەر — له هیچ کوێ نابینرێ له خانوو بەدەر
یەکەم و دووەم و شەشەم بە ڕیزە — میوەیەک پێکدێنن میوەی پایزە
پێنی پێنج و حەوت و هەشت و نۆ ئاسان — ئەبێ بە شارێکی سنووری ئێران[۱۸]

(۱۹)

ناپاکێکی پێنج پێتیە، — زیاندارێ نەریتیە
سیان و دوو و یەک وەک ڕووی ڕەشە — بە بڕ ڕاندن ئێجگار چەشە

لەگەڵ دەرکەوت «چوار، پێنج» ئەڵێن بە یەکتر و بەو ئەدەن جوێن
بەو کێردەی خۆی دای سێ و دوو و چوار ور گی ئەدڕن وەک گورگی هار
لە «یەک، دوو، چوارە» هەڵێنەدروون ئەڵێن تۆپی شێری مەلعوون[19]

(٢٠)

مەتەڵ نۆ پیتە و کورتەباڵایە یەک و سێ و چواری ناپاکیی تیایە
وەک پێنج و شەش و هەشت بە وەزەن بوو لە پێنج تا حەوتی لەسەر شەڕ بەن بوو
ئێستا کە مانگی فێتنەی وێرانە سێ و شەش و حەوتی ڕوو لە بڕانە[20]

(٢١)

پێنجە ژمارەی پیتگەلی مەتەڵ بێ سێ شیرەکەی ئەکەنە مەنجەڵ
یەک و دوو خڕە و یەک و دوان و سێ بەشیش ئەبرژێ و ئەیخواگشت کەسێ
لە دوو هەتا پێنج پشووی پاش کارە سێ و چوار لەگەڵ دوو ئەبینێ دیارە!
ئەوەندە سووک و ئاسانە مەتەڵ یاریی پێنەکا شوانی لای ئاژەڵ[21]

(٢٢)

لە چوار پیت دێتە بەرهەم ئەی بڕا ئەم مەتەڵەم:
بە یەکەم و سێ و چواری دیلکەری زۆر گیانداری
جگە لە یەک، دوو، سێ، چوار شادیی تۆ و خەمی بااڵدارا![22]

(٢٣)

مەتەڵەکەم چل پێی هەیە، هەر پێیەکی یەک ڕێی هەیە،
ڕێگای باریک ئەگرێ و ئەڕوا هەتا لەوپەڕ سەر هەڵێدا
ناو ڕێگا هێند بۆنی خۆشە تیغی سەرتاش بۆی پەرۆشە
زیرەک بەو بزانە چییە ئەم مەتەڵە چوار پیتییە؟[23]

(٢٤)

مەتەڵەکەم پیتی چوارە بێقاچە و کلک و پەڕ دارە
ئەڕوا بێ پێ، ئەخوا بێ دان هەوا بمژێ گورج ئەداگیان
بۆ هەژاری گوێناو گۆشتە پارەی باشی پێ ئەدا پۆشتە
گەر بتەوێ مەتەڵ ڕاوکەی ئەبێ خۆت نوقمی قوڕاوکەی[24]

(۲۵)

مەتەڵم پێنج پیتی ڕێکە — خۆشویستراوی گشت کەسێکە
پیتی سیان و چوار و دوانی — وەک سەدەف وایە ئیسقانی
بەڵام دوانی و چواری و پێنجەم — لە چوارپەلی ئەسپم ئەدەم
یەکەم پیت و دووەم پیتی — هەر لە بوێژە بڕیتی[۲۵]

(۲۶)

مەتەڵی حەوت‌پیت شاعیری مەزن — بولبولی کورد بوو بۆ شیرین خوێندن
ئاوازەی چەشنی هیی یەک، دوو، چوار بوو — مەعنای ڕەنگینی ورد وەک یەک و دوو
یەک و دوو و چوار و پێنجیشی لەسەر — پیشەی بوو لەسەر ڕووی دەریای هونەر
بە شیلەی جوولەی چوار و حەوت و شەش — بە کورد زمانان شەکری ئەدا بەش
بەدۆزیتەوە کێیە مەتەڵم — ئەڵێی هەر بۆی یاری لەگەڵم[۲۶]

(۲۷)

مەتەڵ شەش پیتی کوردی و ئاسانە — حەقێکە لەسەر خوێندەوارانە
سێ یەک و دوان و پێنجەم و شەشەم — بۆ «ژین» ئەیێتە نرخی هەفتانە
چنۆک ڕانەکا بۆ سێ، دوو، پێنج، شەش — پێی بڵێم هی سڵ بکە ڕەوانە
بڵێم هی‌شەش‌مانگ، ئەڵێ: سێ، پێنج، چوار — با بێتە خەوت نیوەی ساڵانە
ئەگەر بۆ پارە هەڵکوتمە سەرت، — ئەبینی مەتەڵ لەسەر زمانە![۲۷]

(۲۸)

حەوت پیتە مەتەڵ شاخ لێ ڕواوە — پەنجە گەزیوە و فرمێسک بە چاوە
لە یەک تاکوو پێنج بێ چوار ئەیڕێن — ئەیکەن بە بەڕە و بەرماڵ پیڕێژن
پێنج و شەش و سێ بۆ چێشتی هەژار — لە ڕەش، لە سپی دێتە ناو بازار
ئەگەر حەوت‌و شەش لەگەڵ سێ‌و چوار بێ — ڕەنگە بۆ ناوی مەتەڵ لەبار بێ![۲۸]

(۲۹)

کفرە مەتەڵ، لامەوابە، — لای هەندێک ناوی خوایە
خوایەک کە لە ڕووی ئەرزا — وەکیلیەتی سەرمایە
خاوەنسەرمایەی ناپاک — ئاشووب ئەخاتە کایە،
بۆ سوودی خۆی، بۆ شادیی — دڵی ئەو خوای بەدخوایە!
بە ئیملای کوردی مەتەڵ — تەنیا لە چوار پیتایە![۲۹]

(۳۰)

یەکەم شاعیرمان هەر بە ناو بیستراو — حەوت پیتی کوردی بۆی ئەبێ بە ناو
یەک و پێنج داری گەورەی شیرین بەر — لە یەک هەتا چوار تابووت دێتەدەر
یەکەم و حەوتەم لەگەڵ شەش و دوو — گشت کەس هی چەوری ئەکا ئارەزوو
زۆردار خستوویە گێژەو کەشمەکەش — لەشی ڕووت کردووین لە یەک پێنج و شەش
ئەگەر شاعیری دێرینی گەلت — ناسی، هەر بۆی قەڵەم و پەلت[۳۰]

(۳۱)

هۆی حەسانەوەی سەرە — لەگەڵ سەر سوار و کەرە
بەڵام کەر هەر لە ژێرە — هێندە بێخێر و بێرە
ئەو نەبێ کورد بییەوێ — هەم ژێر، هەم سەر ئەکەوێ
زیرەکیی خۆت بنوێنە — ئەم مەتەڵە هەڵێنە[۳۱]

(۳۲)

وێنەی مەتەڵم لە نۆ پێت پێکهات — شێعری چۆنە ناو گۆرانیی وڵات
نەخوێندەوار بوو، بەڵام داستانی — خوێندەوارانیش نرخبان ئەزانی
لە یەک تاکوو سێ لە ڕواو دەردێ — لە یەک هەتا چوار سەری پێ ئەشکێ
لە شەش تاکوو هەشت پێنجیشی لەسەر — چل زمان ئەدا لە زوڵفی دولبەر
سیان و دوو لەگەڵ شەش و پێنج، یەک، حەوت — لەم شارەی ئێمەی بڕیوە سەروت
مەتەڵ هەڵێنی و بزانی کێیە — ناوت بە زیرەک دانێن بەجێیە[۳۲]

(۳۳)

مەتەڵی بەدکار لە حەوت پێت پێکدێ — ناژی وەک ئەسپێ خوێنی خەڵک نەمژێ
یەک و دوو دەستە، پێنج و شەش و حەوت — باوەشێن ئەکرێ هاوینان کە خەوت
پێنج و شەش، سێ و حەوت لە ئاوریشم ئەدڕێ — لە خەرمان حەوت، سێ، یەکی پێ ئەبڕێ
پێنج و چسوار و سێی ڕەنجۆبا وەک با — وەک پێنج و دوو سێ و یەک لە سەر ئەدا
ئەگەر هەڵێنی مەتەڵی ناساز — نازات بۆ ئەکەم بەی سەرفەراز[۳۳]

(۳۴)

مەتەڵ بڕبڕەی پشتی ولا نە — سەربەرزە گەرچی پەڕپووت و لاتە
لە شەش پێت پێکدێ و شەش هەتا چواری — لەناو ڕ ەنگانا ڕ ەنگێکە دیاری
شەش و دوان و یەک دەنگی لێوە دێ — سیان و دوان و چوار دەعبای تیا ئەنوێ

یەک و چوار لەگەڵ دووەم و پێنجەم ئاوێکە لە ژار تاڵترە بە دەم
یەک تا چوار بێ سێ دەمە و هەنگوینی هەنگوینێک بە گوێ ئەدا شیرینی
بزانی مەتەڵ کام چیای بەرزە هەزار «نامەخوا»ت لەسەر ژین فەرزە[۳۴]

(۳۵)

مەتەڵ شوێنەزای شاعیرێکە زل شاعیر خۆی گڵی ناو ئەبا بە کل
لە حەوت پیت پێکدێ و دووی دووبارەیە هەموو قۆناغێک دوور لەم شارەیە
لە یەک تا سیانی وەک پێنجە تا حەوت چوارەم سەر زلی خاوەنکلکی چەوت
پێتی یەکەم و دووهەم و حەوتەم کوتانی باو بوو بەڵام ئێستا کەم
پێنج و دوان و چوار زوڵفی نازدارە سیان و دوان و شەش لە دوور دیارە
وەڵام هەڵێنی دەرئەخەی ژیری مەتەڵزانێکی بەهۆش و بیری[۳۵]

(۳۶)

چوار پیت وەک یەک تاق و جووت قەڵای باو باپیری زووت
دەورەیان دا کڵاوسوور قەڵایان کردیت خاپوور
ئەم مەتەڵە بزانی وەستای بەیت و داستانی[۳۶]

(۳۷)

پەنجە بەرە بەی هەڵگرە لە خانوودا ڕوو لە دەرە
ئەوەی ئەیکا بە ڕەنجی شان هاودووکانی ئاسنگەرە
ئەگەر زانیت مەتەڵ چییە «نامەخوا»کەت لەسەر سەرە[۳۷]

(۳۸)

لە نۆ پیت پێکهات مەتەڵی ئەشکەوت کانی زوو ئینسان لەناویا ئەخەوت
تێستاش ئێسقانی کەلە سەری کۆن تیا پێشان ئەدا ئینسان ئەژیا چۆن!
بە بێ ناونیشان هەڵێدێنێ کورد سرنج لە مەعنای ئەم شیعرە با ورد:
سەد دەستە پیاوی ئازا و خێزاندار بۆ یادیان کردیان تا سەر بە هەوار[۳۸]

(۳۹)

مەتەڵێکە سەر لێ تێکدەر کێواوکێو دەشت ئەدانە بەر
دوو جار بێت و ناوی بەری باوکی مناڵ هەڵێدا سەر[۳۹]

(۴۰)

به هێڵەک نارد ئەیژن — شستێکی لێ ئەرێژن
سەری پێیە و پێی سەرە — بە پێنج پێت ناوی بەرە
پێنج پێتی ئیملای کوردی — ئەگەر زوو زانیت وردی[۴۰]

(۴۱)

شوێنەزای پیری شیعری گۆرانی — لە حەوت پێت پێکدێ وشەی دوولانی
لە یەک تاکوو سێ بارانی شەستە — یەک و پێنج و شەش ڕێی ڕوانین بەستە
منا حەزنەکا لە سێ، دوو، شەش، حەوت — کێ کردی شەش، دوولە گەڵ یەک هەڵکەوت
بە بێ چوار، شەش، حەوت مەتەڵ هەڵبێنی — «زین» پێی لێ ئەنێ هونەر ئەنوێنی[۴۱]

(۴۲)

مەتەڵی شەش پێت لە دەشتی بەپێت — گردە و منارەی ڕاوەستاوی قێت
پێنی یەک و دوو و سێیەم و شەشەم — ڕووی کردە نزمی ناوئەبرێ بە تەم
چوارەم و پێنجەم سێی بچێتە سەر — تا نەکرێتەوە دەنگ نایەتەدەر
یەکەم و پێنجەم لە گەڵ شەش و سێ — گوڵە و لە دێم و لە بەراو نەڕوێ
کە چوێتە شاری دێرینی مەتەڵ — لە گەنم پڕ کە گیرفانو باخەڵ[۴۲]

(۴۳)

مەتەڵ بۆ کوردێک بە شەش پێت پێکدێ — چوار و پێنج و یەک بەهار زۆر نەبێ
چوار و دوان و شەش بکێڵە بەهار — پاییز مێوژت نەبی شەش، پێنج، چوار
لەسەرتە یەک و دوان و شەش و چوار — گشت سێ و دوو و چوار وشەشێکی بەهار[۴۳]

(۴۴)

وەرە دروستکەین لە نۆ پێت مەتەڵ — داخ بەرنە سک خوای شەڕی چەپەڵ
ئەگەر لەباتیی پێتی پێنج و چوار — واوێک وەربگری لە کۆتری نازدار
ئەمجا پێتەکان پاش و پێشتر خەی — دوایی بە وردی لە گشت سرنج دەی
نەبێتە بەهەشت، بەهەشتی نیاز — چۆلەکەی بۆتە مەلی «خۆش ئاوازە»[۴۴]

(۴۵)

حەوت پێتە ئەمجارە، نەگریسە مەتەڵم — لە دەستی زۆری چەشت ڕۆژی خۆی کۆمەڵم
لە یەکەم تا شەشەم خشۆکی ژاردارە — حەوت و شەش لە گەڵ دوو کراسی ڕمشمارە

حەوت و چوار لە گەڵ دوو بڵندە و سیان و چوار　　دەستەیە و یەک، شەش، پێنج هاوارە لە ئازار
هەرکەسێ تێنوێتی بۆ نەورۆز بنوێنێ　　بێگومان هەوڵەدا مەتەڵم هەڵبێنێ[۴۵]

(۴۶)

مەتەڵم پێتی حەوتەو ئاسانە　　گەشە و بۆنخۆشە و بە ڕەنگ زۆر جوانە
یەک و دوان و سێ سەرجەمی زۆری　　پێنج و شەش و حەوت مەڵبەندی زۆری
یەک و چوار و دوو لە گەڵ سێیەمین　　ئەدرێ، بە شانا چەرمێکە پەشمین
حەوت و شەش و سێ لەسەر کوڵمی ناڵ　　وەک داخی پەڕەی گوڵ دێتە خەیاڵ
بزانە چییە مەتەڵی بەهار　　با ئافەرینت بکەن هەزار جار[۴۶]

(۴۷)

مەتەڵەکەم شەش پێتییە　　ئاواتەخوازی بەرسییە
بەڵام زیخی وەک یەک و سێ　　یەک، دوو، چوار، پێتجیش ئەیناسێ
وەکبەردی یەک، شەش، سێ ڕەقە　　دان لە ترسی گازی لەقە
بەڵام ڕەق بێ یان ئاسان بێ　　زوو بۆت هەڵدێ مەبەست نان بێ[۴۷]

(۴۸)

لە یەک تا سێ سااڵی پێشوو　　لە حەوت تا نۆ حاڵی پێشوو
یەک، دوو، سێ، پێنجی لەسەر بێ　　ور گی خاوەنتەماع ئەدرێ
لە شەش بۆ چوارەم بااڵدارە　　بێ هەشتەم پێت پەلامارە
جێگایەکە ئەم مەتەڵە　　لای ئێمە پڕلە تەمەڵە
لە زۆر جێگای ئەم دنیایە　　دڵسۆزانی گەلی تایە
بە ژمارە هەشتە پێتی　　هەڵبێنی زرنگ و زیرەکی[۴۸]

(۴۹)

لە شەش پیتەکەی جووتی پێش و پاش　　فسەی منااڵن بۆ شت جوان بێ و باش
لە سێیەو بۆ پێنج کزی و بێدەنگی　　یەک تا سێ زستان مایەی دڵتەنگی
هەرکەس لە بەکەم تا چواری زۆر بێ　　دەزگا و دووکانی یاخوا هەر مۆر بێ
تا ئێستا نرخی ئێجگار گرانە　　تاوانیش دیارە هیی شارەوانە
بزانی مەتەڵ سەوزەی ڕووسوورە　　ئەڵێی لە وزەی کرین ئای دوورە![۴۹]

(۵۰)

مەتەڵ لە چوار پیت پێکدێ — دووکەڵ ئەکا و ئەسووتێ
یەک، دووی شیرین وەک هەنگوین — یەک، دوو چوار مایەی پژمین
بۆمان ئەبووە هۆی سامان — سەربەست بوایە بازارمان
هونەری خۆت بنوێنە — ئەم مەتەڵەش هەڵبێنە[۵۰]

(۵۱)

مەتەڵی حەوت پیت زەنگیی کڵاوسەوز — ئاو ناخوا بەربێی تا نەکەن بە حەوز
مڵهەڵواسراوی بن لقی بەرزە — پاش ئیعدام پێنج، چوار، سێ و حەوتی فەرزە
یەک، دووی تۆز نەکا، یەک، دوو، چوار لای ژوور — چوار و پێنج، سێ و یەک سەرۆکێکی دوور
ئەمیش هەر بەری ڕەنجی جووتیارە — کێ ئەیکا وکێی‌تر بۆی ئەخوا؟ دیارە![۵۱]

(۵۲)

حەوت پەمێتیە مەتەڵی خۆش — چەرخ‌و فەلەک دێنێتە جۆش
لە یەک تا چوار ڕۆژی شادی — سکێتری و گەردنئازادی
لە سێ تا حەوت بابەتی ژن — سێ و چوار نیوەی کۆمەڵی من
لە چوار تا شەش زادی خوابە — چوار، پێنج هەروەک شەش، حەوت وایە
سێ و پێنج و شەش هۆی هاوارە — سرنج بدەی مەتەڵ دیارە[۵۲]

(۵۳)

مەتەڵەکەم پێنج پەیتە — لە ئاردایە و بێ‌پیتە
پاش و پێشی وەک یەک — سێ پیتی دواییی یەکە
ئەم مەتەڵە هەڵبێنی — دیارە هونەر ئەنوێنی[۵۳]

---

۱) سێمما. ۲) کۆتری ئاشتی. ۳) رادیۆ. ملۆستا گوران پاشان جارێکی کەش ئەم مەتەڵەی بڵاو کردوەتەوە و لەم جاری دووهەمدا دوا نیوە بەیتی بەم جۆرە گۆڕیوە:

ئەخوێنم بەستەی جوان جوان

۴) فوتابخانە. ۵) پاندان. ۶) سەرتاش.
۷) مارێچ. ۸) ژین. ۹) جگەرەی پاکەتی عیراق.
۱۰) استمار (بە ئیملای عەرەبی). ۱۱) مێز. ۱۲) پێڵاو.
۱۳) ڕۆژنامە. [بۆ دەرهێنانی وشەی «ڕۆژنامە» لە هەمان ژووری ئێمە ڕێنووسی کۆن بگرینەبەر. م.م.ک.]
۱۴) پرتەقاڵ. ۱۵) خانو (خانوو). ۱۶) وان.
۱۷) تەلەفۆن ۱۸) فوتابخانە. ۱۹) جاسوس (جاسووس).

۲۰) سینگمان ری. ۲۱) گوچان. ۲۲) دراو.
۲۳) شانه. ۲۴) ماسی. ۲۵) منداڵ. ۲۶) مەولەوی.
۲۷) تابونە (تابوونە). ۲۸) پەشیمان. ۲۹) مارس.
۳۰) تەرمۆکی (عەلی تەرمۆکی.) ۳۱) سەرین. ۳۲) بەردەشانی.
۳۳) دەرمەگ.
۳۴) زاغرۆس.

کە مامۆستا گوران یا هەر مەتەڵدانەرێکی تر مەتەڵێکی دانەناو لە ژینا بڵاو نەکرابەوە، خوێندەواران وەڵامیان نەدایەوە و مەتەڵەکەیان هەڵهێنا و وەڵامەکانی نەوانیش لە ژمارە داهاتووە کاندا بڵاو نەکراونەوە. ئەمانە زۆربەیان بە شیعر وەڵامیان نەدایەوە. لە وەڵامی ئەم مەتەڵەدا سەلاحی برام چەند بەیتێکی نووسیوو مامۆستا گوران لە ژمارە ۱۱۸۳ی ژیندا بڵاوی کردنەوە. سەلاح نەیزانیوو مەتەڵەکە مامۆستا گوران خۆی داناوە، لەو بەیتانەیدا ڕەخنەی لەوە گرتبوو کە بۆچی خاوەنمەتەڵ لەجیاتیی «زاگرۆس» نووسیوە «زاغرۆس» و نووسیبووی:

بەڵام مەتەڵنووس فەرز بوو لەسەری
«گاف» دانێ لە جێی «خەین»ی جێگری
وا دیارە کوردیی لا نادیارییە
کوردی نووسینی بە بێگارییە

مامۆستا گورانیش ئەم بەیتەی بۆ وەڵام خستبوە سەر وەڵامەکەی:

مەلا بچکۆلەی پێ لە «گاف» نەنەرا
لەبەر تۆ «خەین»ی نووسیوە نووسەر

م.م.ک.

۳۵) خاک و خۆڵ. ۳۶) دەدم، قەڵای دەدم کە خانی لەپێڕینی تیا کوژرا.
۳۷) پەنجەرە. ۳۸) هەزار مێرد، ئەشکەوتە تەئریخییەکەی پشتی جێشانە لە ڕۆژئاوای سلێمانی.
۳۹) با. ۴۰) کەپەک. ۴۱) تاوگوزی، شوێنەزای مەولەوی و عەشیرەتەکەی.
۴۲) هەولێر. ۴۳) نەورۆز. ۴۴) ئاشتیخواز.
۴۵) ازدەهاک [ئەژدەهاک]. ۴۶) [گوڵباخ. بەڵام لەجیاتیی (گوڵباخ)، (کوڵباخ)ی لێ دەرئەچێ. م.م.ک.] ۴۷) کولێرە.

۴۸) پارلمان. مەتەڵەکە لە «ژین»دا بەم جۆرە نووسراوەتەوە، بەڵام نیوەیە بە یەنی دووهەمی هەڵەیەکی تیایە چونکە ئەڵێ: «لە حەوت تا تۆ حاڵی پێشوو». هەڵەکە لەوەوەیە کە مەتەڵەکە هەشت پێتە و تۆ پێت نیە و مەبەست لە نیوە بەیتەکە دەرناکەوێ تەنانەت ئەگەر «حاڵی»یەش بە «ماڵی» بخوێنێتەوە. م.م.ک.

۴۹) تەماتە. ۵۰) توتن (تووتن). ۵۱) بابنجان.
۵۲) جەژنانە. ۵۳) کەپەک.

کۆمەڵەی سیازدەهەم

هەمەجۆرە

(۱)

له ئـــاوی فـــیرقەتی یـارم دڵـم‌دائـم‌پەرێشانە وەکوومەجنوونی حەی، وێڵی کەڕ و دەشت و بیابانم[۱]

(۲)

زارۆڵە و مەعسووم بێ گوناهێنمێ ئیسلام‌زادێنمێ، ئیسلام‌خواهێنمێ
عەزمما جەزما، پەی وەنە و عیرفان عیرفانا وەحشی کەرۆ بە ئینسان[۲]

(۳)

ئەی کاکە کەمال! شاعیری خۆشخوانی هـونەرمەند بولبول نـیە، تـۆی تـەیری تـەرمنوم لە سـەحەردا
دەک خۆش بێ دەم و پەنجە و نووکی قەڵەمی تۆ بۆ دادێ کە دات کاکە لە مەیدانـی هـونەردا[۳]

(۴)

بـە دڵـخۆشی و بـە تـارەک حـاجی حـەجتان مـوبارەک!
چـوونە سـەر بیری زەمـزەم، جوان جوان شتتان دەست و دەم!
چـــوونە کـێوی عـەرەفات، تـێر تێر کـردتان مـوناجات...
بـە دڵـخوشی و بـە تـارەک، حـاجی حـەجتان مـوبارەک!
لە ســەفاوە بـــۆ مـــەروە، یەک یـەک گـوڕتان بـەستەوە!
حـــاجی حـەجتان کـردەوە، گـــۆی هـونەرتان بـردەوە![۴]

(۵)

گـەنم گـەنم لە پێنجەی بـێ دەستی دز لە خۆی پەنجەی بێ
گـەنم نـابێ لە پێنجەی بـێ گەل بێ‌هیوا لەم ڕەنجەی بـێ[۵]

(۶)

لە بەغدای تەموز، لە مـووسڵی ئـازار خوێنمان کرد بە ڕەنگ، بۆ گوڵی بەهار
تـا جـەژنی گـەلمان گـوڵی ئـازادی بـــۆن بکـا و دڵـی پـڕ بـێ لە شـادی[۶]

(۷)

شۆڕشی تەموز نەورۆز بـاس‌نەکـا دیجلەمان ڕووی دەم لە ئاراس نەکا
بۆیە هـەلهەلەی جـەژنی ئـەمسڵمان گوێی دوژمنانی گەلمان کاس نەکـا

(۸)

ڕووی دنـیا سـەوزە و نـاوبەناو ڕەنگـین　　لووتکەی شاخ سپی و ڕەنگی ئاسمان شین
لە دنـیای جـوانـی جـەژنی نـەورۆزا　　بـە خۆشی و شـادی و سـەربەستی بـژین

(۹)

جـەژنی گـەلە و جـەژنەپیرۆزەی لاوان　　شـادی و هـیوای لەگشت دڵـێکا بـزوان!
ئەی جەژنی گەل وەک دواڕۆژی گەل خۆش بی!　　سەرانسەر هەر ئاشتی و ئازادی و نۆش بی!
لە ئـاهەنگی بـرایـەتیی گـەلانا،　　مـەشخەڵێک بـی تـۆش لەنـاو مـەشخەڵانا![7]

---

۱) ئەم بەیتە بەپێی بەکەمی بەزملی مامۆستا گۆرانە کە لە سەردەمی مـاڵیدا وتوویەتی. بڕوانە: ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەەم، ل ۱۵۱، بەغدا، ۱۹۵۶ م.م.ک.

۲) مامۆستا گۆران ئەم چوارینە هەورامیانەی لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ۱۹۲۷-۱۹۲۸ دا کە قوتابخانەی سەرەتایی لە تـەوێلە کراوەتەوە، بۆ منداڵە قوتابیـەکان داناوە و پێی لە بەرکردوون. لەم چوارینەوە بەئاشکرا دیارە کە گۆرانی مامۆستا بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو کۆنەپەرستانەی داناوە کە خوێندنی نوێی قوتابخانەیان بە کافری و بێدینی ئەدایە قەڵەم. ئەم چوارینەمان لە ڕێگای مامۆستا ڕەشید هەورامیـەوە دەستگیر بووە. م.م.ک.

۳) کە ئەحمەد موختار جاف لە ساڵی ۱۹۳۴ دا لە گوێ ئاوی سیروان ئەکوژرێ، عەلی کەمال باپیر ئاغا بە پارچە شیعرێکی پرسۆز ئەبلاوێنێتەوە. کە مامۆستا گۆرانیش ئەو پارچە شیعرە ئەبینێ، بەم چوارینەیە سوپاسی عەلی باپیر ئاغای لەسەر ئەکا.

شایانی وتنە لێرە بەر لە وەی ئەم چوارینەیە لە گەڵ پارچە شیعرەکەی عەلی کەمال خۆیدا لە دیوانی «دیاریی شارەزوور»دا ببینین، بە دەستووس دەستمانکەوتبوو، دوو وشەی «خۆشخوانی هونەرمەندەی» تیا نەبوو لەجیاتی ئەوانە وشەیەکی «شیرین»ەو بۆشایـیەک هەبوو، بۆیە بە بۆچوونی خۆمان وامان بڕیاردا کە ئەیێ «شیرین نەغمی نۆە» بێ. ئێـستاش کە بەپێی ئەوەی لە «دیاریی شارەزوور»ا نووسراوە، ئەیبووسینەوە، هەر لەسەر ڕاکەی خۆمانین و لامان وایە ئەو وشەی «شیرین»ە لەخۆڕایی نەهاتووە و ئەسڵەکەی «شیرین نەغمی تۆ»یـە و مامۆستا عەلی کەمال کە شیعرەکانی خۆی چاپ کردووە، چوارینەکەی مامۆستا گۆرانی بە باشی لەبەرنەبووە و خۆی بـە نـیمچە ڕستەی «خۆشخوانی هونەرمەند» پڕیکردۆتەوە. بەڵگەشمان: یەکەم بوونی وشەی «شیرین»ـ و دووەەم هاوسەنگیی «شیرین نەغمی تۆ»ـ و «نووکی قەڵەمی تۆ»ی نیوە بەپێی سێیەەم و سێیەمیش گونجانی «نەغەم»ـە لە گەڵ «بولبول»ـ و «نەرمنۆم»ـو صـەحـەرای نیوە بەپێی دووەەمدا. م.م.ک.

۴) مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی کاتێ داناوە کە لە عەبابەیڵی مامۆستا بووە. دیارە بە مەبەستی وتنەوەی لە پێشوازی لێ کردنی حاجیاندا داناوە. م.م.ک.

۵) لە سەرەتای ساڵی ۱۹۵۴ دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی بە دەستەوە بوو. میری پێنج کەسی بۆ خۆی دەستنیشان کردبوو. میللەتیش پێنج کاندیدای هەبوو، دیارە ئەبوو لەو هەڵبژاردنەدا حا نۆێنەزەکانی میری بیـنەوە. گۆران ئەم چوارینەی لە بەشی «بۆ پێکەنین»ی ژینی ڕۆژی ۱۸ /۲/ ۱۹۵۴ دا بەو بۆنەیەوە بڵاوکردەوە. م.م.ک.

۶) مامۆستا گۆران ئەم چوارینە و دوو چوارینی پاشەوەی بۆ چاپکردنیان لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزەی نە ورۆزی ساڵی ۱۹۵۹ داناوە. م.م.ک.

۷) مامۆستا گۆران ئەم سێ بەیتەی لە ۱۹۶۰ دا بە داوای لاوانی دێموکراتی سلێمانی داناوە و ئەوانیش لەسەر کارتی جەژنەپیرۆزە لە چاپیاندەوە. م.م.ک.